

لەسایەی

قورئانی پیرۆزدا



بەندەی خودا

حاجی نەوزاد حاجی عوسمان کەڵەکنی

((نەوزادی موهەندیس))

چاپی یەکەم

سلێمانی ٢٠٢٥

سورة الفاتحة



حەوت ئایەت

مافی لە چاپدان و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر

پێناسی کتێب:

- ناوی کتێب : لەسایەی قوئانی پیرۆزدا
- نووسەر : نەوزادی موهەندیس
- بابەت : زانیاری
- پیتچنین و هەڵەبڕی : نەوزادی موهەندیس
- نەخشەسازی بەرگ : ڕێبین حەمە غەریب
- تیراژ : ٥٠٠ دانە
- شوێنی چاپ : چاپخانەی زانا / سلێمانی
- نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم / ٢٠٢٥

لەبەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (١٣٠٢)
ساڵی ٢٠٢٥ی پێدراوە

ناوەڕۆك

==========

بابەت	لاپەڕە
پێشکەشە	١٣
پێشەکی	١٤
بەشی یەکەم : قورئانی پیرۆز	٢٠
قورئانی پیرۆز	٢١
پێناسی قورئان	٢٥
هۆکاری دابەزینی سورەت	٢٧
گەورەیی دابەزینی قورئان و خێروبەرەکەتی و کاریگەری لەسەر دڵ و دەروون	٣٠
ئەو ئایەتانەی کە وشەی ((قورئان)) یان تیادا هاتووە	٣٧
ئەو ئایەتانەی کە ناسخ و مەنسوخن	٤٤
ئەو ئایەتانەی کە گلەیی یان سەرزەنشتیان لە پەیامبەر کردوە	٤٨
موعجیزە ((پەڕچوو)) ی زانستی لە قورئاندا	٥٢
ئاماژێکی قورئانی	٧٢
چیرۆکەکانی ناو قورئانی پیرۆز	٩٠
ناوی پەیامبەران لە قورئانی پیرۆزدا	٩٧
ئەو سورەتانەی کە بە پیتە پچڕپچڕەکان دەستپێدەکەن	١٠٤

ئەو سورەت و ئایەتانەی کە سوجدەی خوێندنی قورئانیان تیادایە ١٠٨
ناو و نازناوەکانی تری سورەتەکانی قورئان ١١٠
ژمارە ((٧)) ئەو ژمارەیەی لە قورئاندا کە زانایانی سەرسام کردوە ١١٥

بەشی دووەم :پێناسی سورەتەکانی قورئانی پیرۆز ١١٦
پێناسی سورەتەکانی قورئانی پیرۆز ١١٩

١.سورة الفاتحة ((کردنەوە،دەستپێک،دەروازە)) ١٢١
٢.سورة البقرة ((مانگا)) ١٢٣
٣.سورة ئال عمران ((بنەماڵەی عیمران)) ١٢٥
٤.سورة النساء ((ژنان)) ١٢٦
٥.سورة المائدة ((خوان)) ١٢٨
٦.سورة الأنعام ((مەڕومالأت)) ١٣٠
٧.سورة الأعراف ((دیواری نێوان بەهەشت و جەهەنەم)) ١٣٢
٨.سورة الأنفال ((دەسکەوتی جەنگ)) ١٣٤
٩.سورة التوبة ((پەشیمانی)) ١٣٥
١٠.سورة یونس ((یونس پەیامبەر)) ١٣٧
١١.سورة هود ((هود پەیامبەر)) ١٣٩
١٢.سورة یوسف ((یوسف پەیامبەر)) ١٤٠
١٣.سورة الرعد ((هەورەبروسکە)) ١٤٢
١٤.سورة إبراهیم ((ئیبراهیم پەیامبەر)) ١٤٤
١٥.سورة الحِجْر ((بەرد)) ١٤٦
١٦.سورة النحل ((هەنگ)) ١٤٨
١٧.سورة الإسراء ((شەوڕەوی)) ١٥٠

١٨.سورة الكهف ((ئەشكەوت)) ١٥٢
١٩.سورة مريم ((مريەم)) ١٥٤
٢٠.سورة طه ((پیتەکانی ط+ھ)) ١٥٦
٢١.سورة الأنبياء ((پەیامبەران)) ١٥٨
٢٢.سورة الحج ((حەج)) ١٦٠
٢٣.سورة المؤمنون ((باوەڕداران)) ١٦١
٢٤.سورة النور ((ڕوناکی)) ١٦٣
٢٥.سورة الفرقان ((جیاکەرەوەی هەق و ناڕەوا)) ١٦٥
٢٦.سورة الشعراء ((شاعیران)) ١٦٧
٢٧.سورة النمل ((مێروله)) ١٦٩
٢٨.سورة القصص ((چیرۆکەکان)) ١٧١
٢٩.سورة العنكبوت ((جاڵجاڵۆکه)) ١٧٣
٣٠.سورة الروم ((ڕۆمەکان)) ١٧٥
٣١.سورة لقمان ((لوقمانی حەکیم)) ١٧٧
٣٢.سورة السجدة ((کڕنۆش)) ١٧٩
٣٣.سورة الأحزاب ((حیزبەکان،بەش بەش)) ١٨١
٣٤.سورة سبأ ((شاری سەبەئی یەمەن)) ١٨٢
٣٥.سورة فاطر ((بەدیهێنەر ، دروستکەر)) ١٨٥
٣٦.سورة يس ((پیتەکانی ی+س)) ١٨٧
٣٧.سورة الصافات ((ڕیزبوونی فریشتەکان)) ١٩٠
٣٨.سورة ص ((پیتی ص)) ١٩٢
٣٩.سورة الزمر ((کۆمەڵ و دەستە)) ١٩٤
٤٠.سورة غافر ((لێبوورده)) ١٩٦

٤١.سورة فصلت ((لەیەك جیاكردنەوە)) ١٩٨
٤٢.سورة الشورى ((ڕاوێژكردن)) ٢٠٠
٤٣.سورة الزخرف ((جوانكارى،نەخشونیگار)) ٢٠٢
٤٤.سورة الدخان ((دوكەڵ)) ٢٠٤
٤٥.سورة الجاثية ((لەسەر ئەژنۆ)) ٢٠٦
٤٦.سورة الأحقاف ((دانیشتوانى حەزرەمەوت لە یەمەن)) ٢٠٨
٤٧.سورة محمد ((موحەمەد پەیامبەر)) ٢١٠
٤٨.سورة الفتح ((ڕزگاركردن،كردنەوە)) ٢١٢
٤٩.سورة الحجرات ((ژوورەكان،ماڵەكانى ژنەكانى پەیامبەر)) ٢١٤
٥٠.سورة ق ((پیتى ق)) ٢١٦
٥١.سورة الذاريات ((ڕەشەبا)) ٢١٨
٥٢.سورة الطور ((كێوى طور لە فەلەستین)) ٢٢٠
٥٣.سورة النجم ((ئەستێرە)) ٢٢٢
٥٤.سورة القمر ((مانگ)) ٢٢٣
٥٥.سورة الرحمن ((بە بەزەیى فراوان)) ٢٢٤
٥٦.سورة الواقعة ((ڕووداوى ڕاست،ناوێكە لەناوەكانى قیامەت)) ٢٢٥
٥٧.سورة الحديد ((ئاسن)) ٢٢٧
٥٨.سورة المجادلة ((گفتوگۆكردن)) ٢٢٩
٥٩.سورة الحشر ((كۆكردنەوەى خەڵك لە قیامەت)) ٢٣٢
٦٠.سورة المُمتَحِنة((تاقیكراوە،تاقیكردنەوەى ژنانى مسوڵمان)) ٢٣٥
٦١.سورة الصف ((ڕیزى شەڕ)) ٢٣٦
٦٢.سورة الجمعة ((هەینى)) ٢٤٠
٦٣.سورة المنافقون ((دووڕووان)) ٢٤٢

٦٤.سورة التَّغَابُنِ ((زیانلێکەوتن،فێڵکردن لەکڕین و فرۆشتندا)) ٢٤٤
٦٥.سورة الطلاق ((تەلاقدان،جیابونەوە،ئازادبوون)) ٢٤٦
٦٦.سورة التحريم ((قەدەغەکردن)) ٢٤٨
٦٧.سورة الملك ((دەسەلات)) ٢٥٠
٦٨.سورة القلم ((قەڵەم،خامە)) ٢٥٢
٦٩.سورة الحاقة ((چەسپاندنی ڕاستی ،ناوێکە لەناوەکانی قیامەت)) ٢٥٤
٧٠.سورة المعارج ((پلیکانە،بەرزبونەوە)) ٢٥٦
٧١.سورة نوح ((نوح پەیامبەر)) ٢٥٨
٧٢.سورة الجن ((جنۆکە)) ٢٥٩
٧٣.سورة المزمل ((داپۆشراو)) ٢٦١
٧٤.سورة المدثر ((پێچراو)) ٢٦٢
٧٥.سورة القيامة ((ڕۆژی دوایی)) ٢٦٤
٧٦.سورة الإنسان ((مرۆڤ)) ٢٦٦
٧٧.سورة ٱلمُرسَلَاتِ ((ڕەشەبای بەهێز)) ٢٦٧
٧٨.سورة النبأ ((هەواڵ)) ٢٦٩
٧٩.سورة النازعات ((ڕاکێشان و دەرهێنان،گیانکێشان)) ٢٧١
٨٠.سورة عبس ((ڕووگرژ ومۆن و پشتتێکردن)) ٢٧٢
٨١.سورة التكوير ((پێچانەوە)) ٢٧٤
٨٢.سورة الإنفطار ((شەقبوون،درزبردن)) ٢٧٥
٨٣.سورة المطففين ((ساختەکاری لە کێشان،سووك کێشان)) ٢٧٧
٨٤.سورة الانشقاق ((لەتکردن، شەقکردن)) ٢٧٨
٨٥.سورة البروج ((کۆشکەکان)) ٢٨٠
٨٦.سورة الطارق ((ئەستێرەی دەرکەوتوو،گەشاوە)) ٢٨٢

٨٧.سورة الأعلى ((بەرز و بڵند،بەرزترین)) ٢٨٤
٨٨.سورة الغاشية ((داپۆشەر،ناوێکە لەناوەکانی قیامەت)) ٢٨٥
٨٩.سورة الفجر ((بەرەبەیان)) ٢٨٦
٩٠.سورة البلد ((شار)) ٢٨٨
٩١.سورة الشمس ((خۆر)) ٢٨٩
٩٢.سورة الليل ((شەو)) ٢٩١
٩٣.سورة الضحى ((چێشتەنگاو)) ٢٩٣
٩٤.سورة الشرح ((سنگفراوان)) ٢٩٥
٩٥.سورة التين ((هەنجیر)) ٢٩٧
٩٦.سورة العلق ((خوێنی هەڵواسراو)) ٢٩٩
٩٧.سورة القدر ((قەدرگران،پیرۆز)) ٣٠١
٩٨.سورة البَيِّنَة ((بەڵگەی ڕوون)) ٣٠٢
٩٩.سورة الزلزلة ((بوومەلەرزە)) ٣٠٤
١٠٠.سورة العاديات ((ڕەمەی ئەسپ،ئەسپی تیژڕەو)) ٣٠٥
١٠١.سورة القارعة ((بەڵا،ناوێکە لەناوەکانی قیامەت)) ٣٠٦
١٠٢.سورة التكاثر ((شانازیکردن بەنەوەی زۆر)) ٣٠٧
١٠٣.سورة العصر ((کاتی عەسر،سەردەم،سەدە)) ٣٠٩
١٠٤.سورة الهمزة ((گاڵتەکردن بە خەڵکی)) ٣١٠
١٠٥.سورة الفيل ((فیل)) ٣١٢
١٠٦.سورة قريش ((هۆزی قوڕەیش)) ٣١٣
١٠٧.سورة الماعون ((گرتنەوەی چاکە)) ٣١٥
١٠٨.سورة الكوثر ((ڕووباری گەورەی بەهەشت)) ٣١٧
١٠٩.سورة الكافرون ((بێ باوەڕان)) ٣١٩

١١٠.سورة النصر ((سەرکەوتن)) ٣٢٠

١١١.سورة المسد ((گوریسی بادراو)) ٣٢١

١١٢.سورة الإخلاص ((پاکی و دڵسۆزی)) ٣٢٢

١١٣.سورة الفلق ((بەرەبەیان)) ٣٢٣

١١٤.سورة الناس ((خەڵك)) ٣٢٥

سەرچاوەکان ٣٢٦

عن عثمان بن عفان ﴿ رضي الله عنه ﴾ أن رسول الله ﷺ قال :

خَيرُكُم

من تَعلَّمَ القُرآنَ

وعَلَّمَهُ

رواه البُخاري

Bassam A. Kouso

پێشکەشە :-

- بە گیانی پاکی پەیامبەری ئازیز و قەدرگران ((د.خ)) کە گران بەهاترین دیاری بۆ نێردراوە لەلایەن خودای گەورە و میهرەبانەوە کە ئەویش قورئانی پیرۆزە وەك پەیامێك بۆ سەر هەموو مرۆڤایەتی .

- بەگیانی ئەو موجاهیدانەی کە لەپێناوی ڕێگای خودا و بلاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام و شەریعەتەکانی قورئان و پەیامەکەی پەیامبەر و ڕزگاری و پارێزگاری لەنیشتیمانەکەیان،بونەتە قوربانی وچراهەڵگری ڕۆشنکەرەوەی ڕێگای جیهانی تاریکی و گومڕایی و نەزانی و بتپەرستی و جاهیلەیەت تاکو ئێستا.

- بە نەتەوەی کوردی دڵسۆز بۆ ئاین و بەرنامە و قورئانەکەی خودا و پەیامبەری خودا کە بەو پەڕی دڵگەرمی و لەخۆبوردووییەوە تاکو ئێستا پارێزگاری لە ئاین و ڕچە و ڕێبازی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەکەن و گەلێك بیرمەند و زانا و دانا و تێکۆشەری پێشکەش بە ئیسلام کردوە.

- بە گیانی پاکی باوکی کۆچکردوی خۆشەویستم و دایکی میهرەبانم کە هەر لە منداڵیەوە لەسەر خۆشەویستی و پابەندی بە بنەماکانی ئیسلام و خوێندنی قورئانی پیرۆزەوە پەروەردەیان کردووم و تائێستاش بەردەوامم.

پێشەکی

- خوێنەری هێژا و ئازیز...

بیرۆکەی نوسینی ئەم کتێبەی لەبەردەستدایە لەمێژە لەخەون و خەیاڵمدایە و ئاواتم دەخواست کە ڕۆژگارێك بێت و بتوانم وەدیبێنم، سوپاس بۆ خوادی مەزن و دلۆڤان کە لە جەژنی قوربانی ساڵی ١٤٤٥ کۆچی و ٢٠٢٤ز دا بڕیارمدا کە دەستپێبکەم و ناوی خودای لێبێنم و کاری بەردەوام و گەرموگوڕی لەسەربکەم.

ئەم بەندەی خودایە لەساڵی ٢٠٠٦وە یەکەم کتێبی چاپکراوی خۆمم بە چاپگەیاندوە و پێش ئەوەش لەساڵی ١٩٩٦وە دەستم داوەتە خامە و نوسینی وتاری سیاسی و ئابوری و ئیداری و ئەندازیاری و وەرگێڕانی چەند کتێبێکیش بۆ سەر زمانی کوردی شیرین،پێش ئەوەش بە چەندین ساڵ و هەر لەساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩وە هێواش هێواش دەستمکردوە بە خوێندنەوەی کتێب و گۆڤاری منداڵانەی ئەو تەمەنەی خۆم لەدەرەوەی کتێبەکانی قوتابخانە. یەکەم نامیلەکەم کەچیرۆکی فۆلکلۆری منالآن بوو بەناونیشانی ((مریشکە سورە)) /کۆکردنەوەی هیوا عمر احمد کە لە چاپخانەی ڕاپەڕین-سلێمانی-شەقامی کاوە-ساڵی ١٩٧٨چاپکراوە خوێندۆتەوە.دووەم نامیلەکەی شیعریشم بەناونیشانی (چرۆی باوەڕ) لە نوسینی عوسمان حەمە امین احمد(جوتیار)- چاپخانەی کامەرانی-سلێمانی-لەساڵی ١٩٨٠ دا خوێندۆتەوە.

ئیدی لەو سەردەمانەوە و لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن و بەرزبونەوەی ئاستی هوشیاری وخوێندەواریشم ساڵ بەساڵ زیاتر حەزی خوێندنەوەم لاگەورەتر دەبوو، هەربۆیەش بەردەوام بووم و لە قۆناغی پێش زانکۆ و لەزانکۆشدا لە شاری بەغداد بەشداریمکرد لەڕۆژنامەی ((العراق))بەزمانی کوردی وعەرەبی و

گۆڤارەکانی ((لەندن و الدستور و ئەلف با و...هتد.)) و دەمخوێندنەوە. ڕۆژانەش ڕۆژنامە عەرەبی و کوردیەکانم بەسەردەکردەوە.

بەم شێوەیە تەمەنێکم لەگەڵ خوێندنەوەدا بردۆتە سەر کە لە ئێستادا زیاد لە ٤٠سالّ دەبێت و ئەزموونی نوسینیشم ١٨ساڵە و لەو ماوەیەدا بە پشتیوانی یەزدانی مەزن ٢٨ کتێبم بە چاپگەیاندوە،هەربۆیە حەزمکرد لە یادی ٢٠سالّ تێپەڕبوون بەسەر حەجکردن و بەجێهێنانی فەریزە و ڕوکنی پێنجەمی ئیسلامدا ئەم کتێبە ئاینیە بخەمە بەردەستی خوێنەرانی کورد و بەو زانیاریانەی کە کۆمکردونەتەوە و ڕێکمخستوون بتوانم کە خوێنەرانی کورد و نەوەکانمان بەرچاوڕۆشنبکەم بەو هەموو زانیاری و زانست و دەریا بێ بنەی زانست و زانیاریەکانی ناو قورئانی پیرۆز کە تەژییە لە مرواری و دوڕ و گەوهەری گرانبەها بۆ ژیانمان کە ئەویش سایە و سێبەری قورئانی پیرۆزە و گەورەترین دیاری خودایە بۆ سەر پەیامبەری ئازیزمان ((د.خ) و ناسنامە و شوناسی مسوڵمانان و کۆکەرەوە و پایەی بەهێزی ئاینی ئیسلامیشەو، دەستوری هەمیشەیی ژیان وچاوگی هیدایەت وناسینی خودای گەورەیە. بەو هیوایەی ئەم هەوڵ و هیمەتەشم وەك کارێکی خێر و صەدەقەیەکی جاری بێت بۆ ژیانی ئەودنیام و بەڵکو خزمەتێکی زۆر بچوکیش بێت بە ڕێبازی پیرۆزی ئیسلام و گەشە و بلاوکردنەوەی قورئان و وەك جیهادێکی قەڵەمیش بێت لە پێناو ڕێگای خودادا.

مرۆی مسوڵمان گەر هەموو تەمەنی هەوڵدان و ماندووبون و ڕاکردن بێت بۆ وەدیهێنانی ئاوات و ئامانج و خواستە دونیاییەکانی بە حەلاڵ و حەرامەوە، گرنگە کە کارێك یان چەند کارێکیش بکات بۆ ئەو دنیای و بە تێشووی پڕەوە بگەڕێتەوە بەردەم پەروەردگار و بتوانێت بەسەربەرزی و ڕووسوریەوە بڵێت ئەی پەروەردگارا ئەوەندەی شاخەکان وخەرمانێك توانا و وزە و زانستت پێبەخشیوم ئەوا منیش مەڵوێەکی زۆربچووکم لێ هەڵهێنجاوە و لەگەڵ خۆم هێناومەتەوە

بەڵکو ببنە شەفاعەتکارێك بۆم و بمپارێزن لە خەشم و تورەیی خۆت و ببنە فریادڕەسم بۆ دەربازبوون لەسەر پردی سیرات وپرس و جوابکردنی پۆژی دوایی ودەربازبوونم بەرەو بەهەشتە پان و بەرینەکەی خۆت.

ئەم بەندەی خودایە سوپاسگوزارم کە خودای گەورە پاراستومی و هیدایەتی داوم و باوك و دایکێکی نەخوێندەوار بەڵام میهرەبان و دڵسۆز و خەمخۆری پێبەخشیوم کە هەر لەمندااڵیەوە پەروەردەیان کردوم لەسەر ڕچە و ڕێبازی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و خوێندنی قورئانی پیرۆز کە تائێستاش تەمەنم بۆتە ٥٤ ساڵ بونەتە بەشێکی دانەبڕاو لەژیانم وهەربەردەوامم لەسەر ئەنجامدان و جێبەجێ کردنیان گەر بە ناتەواوی و ناکاملێیش بێت،بەتایبەت باوکی ئازیزم کە لە ٢٠١٦/١١/١٥دا کۆچی دوایی کردوە زۆر خەمخۆرم بوە بۆ فێربوونی خوێندنی قورئانی پیرۆز و هەر لە تەمەنی ٨-٩ ساڵیەوە لە پشوەکانی هاویندا دەیخستمە بەر مەلای گوندەکەمان ((کەڵەکن)) بۆ خوێندنی قورئان و زانستەکانی تر و ئیدی ئەم کارەی بەردەوام بوە تا پۆلی چوارهەمی گشتیم و لەلایەن مامۆستا و مەلا بەڕێزکانی ((مەلا ڕەحیم و مەلا محەمەد و مەلا سالّح و مەلا عەلی)) قورئان و فەتح القریب و تەفسیری نامی مامۆستا عبدالکریمی مودەڕیسم خوێندوە.بۆیە تێکەاڵوی و خۆشەویستی ئیسلام و ئیمان و قورئان و پەیامبەر و بڕوابوونی کۆنکرێتیم بە تاك و تەنهایی خودای مەزن بۆمن کارێکی نامۆ نەبوە و نیە ،بەڵکو وەك دەڵێن سوپاس بۆخودای مەزن فیترەتە پاکەکەی نەشێواندوم و هەر لەمندااڵیمەوە بە پاکی و خاوێنی و دوور لە هەموو کار و کردەوە حەرام و قەدەغەکراوەکان ژیانم گوزەراندوە، لەگەڵ ئەوەی لە قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی و زانکۆشم دووربووم لە ماڵ و خێزانی خۆم چونکە بۆ خوێندن هاتومەتە سلێمانی و بەغداد. لەو سەردەمانە و لە بوونی هەموو هۆکارەکانی ئیغراکردن وحەرامکراوەکان زۆر بەئاسانی بەردەستبوون،بەاڵم خۆشبەختانە خۆمپاراستوە

و بڕوا و باوەڕم ڕێگەی نەداوم دەستدرێژبکەم بۆیان ،هەرچەندە وەك گەنجێك و مرۆڤێکیش کە خاوەن غەریزە وحەز و ویستە شەیتانیەکانیشە گەلێك جاران ڕەنگە بیر و دڵم بۆیان چووبێت، بەڵام هەرزوو پێم ناوە بەسەر ئەو حەز و ویستە شەیتانیانەدا و خۆم پاراستوە ئەویش بە فەزڵی خودای گەورەوە بوە.

سوپاس بۆ خوای گەورە هەموو ڕوکنە سەرەکیەکانی ئیسلامم بە شەهادە و نوێژ و ڕۆژوو و زەکات بەپێی توانا و حەج جێبەجێکردوە لەو پەڕی تەمەنی گەنجێتیمدا کە تەنها ٣٥ ساڵ بووم چوومە سەردانی ماڵی خودا لە ١/٨ تا ٢٠٠٥/٢/٣ لەڕێگەی فڕۆکەخانەی هەولێرەوە.سوپاس بۆخوای گەورە لە ئێستاشدا و تائێستاش بەردەوامم و مانگانە خەتمێکی قورئانی پیرۆز دەکەم کە لە ئێستا ٢٤٠ خەتمی قورئانی پیرۆزم کردوە.

بۆیە هۆگریەکی سەیرم لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا هەیە و هەربۆیەش خەیاڵ و بیرۆکەی نوسین و ئامادەکردنی ئەم کتێبەم لەلاپەیدابوو بۆ ئەوەی ئەو زانیاری و زانستەی لەماوەی ڕابووردوودا خوێندومەتەوە و فێربیوم و پیادەم کردوە و بونەتە چرای ژیانم وەك ئەرکێکی ئیمانی و ئیسلامی ئەم کتێبە بخەمە بەردەم خوێنەری کوردی دڵساف و سینە خاوێن و خەمخۆری ئەم ئاین و ئیسلامە پاك و خاوێنە.

بەهیوای ئەوەی کەلێنێکی بچووك پڕبکاتەوە لەناو کتێبخانەی کوردیدا و خودای گەورەش بە عیبادەت و پەرستنێکی خۆی بۆم حساب بکات و بیکاتە مایەی لێخۆشبونی تاوان و گوناهەکان و سەرفرازی دین و دنیام و وەك خێرێکی بەردەوام و نەبڕاوەش بۆم ئەژمار بکات.ئەم کارەشم تەنها لە پێناو ڕەزامەندی خودای گەورەدا کردوە نەك بۆخۆدەرخستن و ڕیایی،دڵنیاشم خودای گەورە نیەتی دڵەکان و هەموو نهێنیەکان باش دەزانێت وەکو لە سورەتی التوبة و ئایەتی ١٠٥دا دەفەرموێت : ((**وَقُلِ اعْمَلُوا فَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ وَالْمُؤْمِنُونَ وَسَتُرَدُّونَ إِلَى عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ**)).

دەخوازم لە خوێنەرانی ئازیزیش کە لەهەڵە و کەموکوڕیەکانم ببوورن،چونکە تەنها ((زاتی پاکی پەروەردگار بێ هەڵە وکەموکوڕیە و لە خانەی کەماڵ و پێگەیشتوویدایە / الکمال لله)).

لەگەڵ ڕێزی...

حاجی نەوزاد حاجی عوسمان کەڵەکنی

((نەوزادی موهەندیس))

سلێمانی

١٦/ ٦ /٢٠٢٤ز

١٠ ی ذی الحجة ١٤٤٥ ك

یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانی ١٤٤٥ ك

Nawzad_mohandis@yahoo.com



بەشی یەکەم

قورئانی پیرۆز

قورئانی پیرۆز

خودای گەورە لە سورەتی ((ص) و ئایەتی ((٢٩))دا دەفەرموێت :
((كتاب أنزلناه إليك مبارك ليدبروا آياته وليتذكر أولوا الألباب))

ئەبی ئومامەی باهلی خودای لێ ڕازیبێت دەڵێت : گوێم لە پەیامبەر بوو دەیگوت: قورئان بخوێنن چونکە لە ڕۆژی کۆتادا دێت و شەفاعەت دەکات بۆ هاوەڵانی(خاوەنەکەی)،دوو هەورەکەی قورئان بخوێنن کە بریتین لەهەردوو سورەتی((البقرة و ال عمران)) ((سێبەر دەکەن)) ،ئەو دووانە ڕۆژی کۆتا دێن وەکو دوو هەور یان وەکو هەرشتێك کە سێبەر بکات یان وەکو دوو تیم لە باڵندەی سەواف و بەرگریدەکەن لە هاوەڵانی (خاوەنەکەی)، سورەتی(البقرة) بخوێنن چونکە وەرگرتنی بەرەکەت و نیعمەتە و پشتگوێخستنیشی حەسرەت و پەشیمانیە و کەسی ئازا ئەو کارە ناکات ... موسلیم گێڕاویەتیەوە.

قورئانی پیرۆز قسەی خودای گەورەیە و دابەزیوەتە سەر پەیامبەری گەورەمان موحەمەد (د.خ) لەڕێگەی وەحی(سروشەوە) کە فریشتە جوبرائیل هێناویەتی،وبەشێوەی پچڕپچڕ پێمانگەیشتوە،قورئانیش کۆتا کتێبی ئاسمانیە کەدابەزیوە، دوور وپارێزراوە لەدەستکاریکردن و ونبوون و لەناوچوون، پارێزراویشە لەسنگ ودێرەکاندا،بەخوێندنەوەشی عیبادەت دەکرێت،کە لەماوەی زەمەنی ٢٣ساڵدا دابەزیوە،کە ماوەی ناردنی پەیامبەری ئازیزە،بەشێوەیەك ١٣ ساڵ لە شاری مەککە و ١٠ ساڵیش لە شاری مەدینە دابەزیوە، کە بە سورەتی (الفاتحة) دەستپێدەکات و بە سورەتی (الناس) کۆتایی دێت.

قورئان موعجیزەیەکی ((پەڕجوو)) هەرە گەورە ونەمری پەیامبەر موحەمەدە (د.خ) تا ڕۆژی کۆتا و زیندووبونەوە،جا هەندێك لە موعجیزەکانی

پەیامبەرانی تر بەمردنی خۆیان موعجیزەکانیشیان نەماون یان دەستکاریکراون وەکو تەورات و ئینجیل،جا کاتێك قوڕەیشیەکان نەیانتوانی وێنەیەکی وەکو قورئان بێنن، دەیانوت کە موحەمەد خۆی قورئانی داناوە و دروستکردوە ،هەربۆیە خودای گەورە وەك تەحەدایەك پێی وتن کە گەر دەتوانن نموونەیەکی وەکو ئەو قورئانە دابنێن و لە ئایەتی ٣٣ و ٣٤ سورەتی (الطور)دا دەفەرموێت :

أَمْ يَقُولُونَ تَقَوَّلَهُ بَل لَّا يُؤْمِنُونَ (٣٣) فليأتوا بحديث مثله إن كانوا صادقين(٣٤).

جا قورئان موعجیزەیە لەڕووی زاراوەکانی و ماناکانیەوە،لەبەرئەوەی ڕەوانبێژی (فەصاحەت) وبەلاغەتەکەی کارێکی لەتوانا بەدەری ئاساییە چونکە هیچ قسەیەك نیە لەسەر ئەو شێوازە.لەڕووی دانان و ڕێکخستنەوە زۆر نایابە، لەهەموو شێوازەکانی عەرەبی ئەو کات جیاوازە،گەورەیی قورئان لەوەدایە کە هیچ دروستکراوێك ناتوانێت دایبنێت،هەروەها بەهۆی گێڕانەوە و باسکردنی ڕووداوگەلێك کە لە ڕابووردوودا ڕوویانداوە یان مێژووی ئومەتەکانی پێشووتر کە لە توانا و زانیاری کەسێکی نەخوێندەواردا نیە، هەروەها بەجێگەیاندنی هەموو ئەو بەڵێنانەی لە قورئاندا هاتوە،وەکو مژدەی سەرکەوتنی مسوڵمانان، هەواڵدانی ڕووداو وکارە نادیارەکانی ئایندە،قورئان باسی لە زانستەکان کردوە و زۆرێك لە حوکمەکانی ژیانی لەخۆگرتوە،گونجاندنی هەموو ئەوانەی کەلەخۆی گرتوە بە نهێنی و ئاشکراکانیەوە بەبێ جیاوازی،حوکمی زۆر کە تەنها لەکەسێکەوە دەردەچێت کە لەتوانای مرۆڤدا نیە.

جێگەی ئاماژە بۆکردنە ئەو کەسەی کە بۆ یەکەمجار هەموو قورئانی پیرۆزی کۆکردوە لە دووتوێکەیدا بریتیە لە جێنشینی پەیامبەر ئەبوبەکری صدیق.

لە ئێستادا پێڕستی سورەتەکانی قورئانی پیرۆز بەتەواوەتی بەشێوەی کێشانی عوسمانی زنجیرە و ڕێکخراوە بە ڕیوایەتی حفص لە عاصم وە، بەخەتی پەڕاوی پیرۆزی حفص کە چاپکراوە لەلایەن کۆمەڵگەی شا فەهد لە مەدینەی منەوەرەوە.

قورئانی پیرۆز بریتیە لە بەرنامە و دەستووری هەموو مسوڵمانێك و پێویستە لەسەرمان کە پارێزگاری لە خوێندنەوەی بکەین و پابەندی فەرمانەکانیشی بین،ئەرکیشمانە کە دیراسەتی بکەین و فێریشی ببین و لە حوکمەکان و ماناکانیشی بگەین.قورئانی پیرۆز ٥٥ ناوی هەیە.

ژمارەی سورەتەکانی قورئان ١١٤ سورەتن و دابەشکراونەتە سەر ٣٠ بەش(جزء) و ٦٠ حیزب و ١٢٠ نیوحیزب و ١٨٠ سێ چارەکە حیزب و ٢٤٠چارەکە حیزب کە سەرەتاکەی سورەتی (الفاتحة)یە وکۆتاکەشی سورەتی (الناس)ە،درێژترین سورەتی(البقرة)یە وکورترینیشی سورەتی(الکوثر) ، ئەو سورەتانەش دابەش دەبنە سەر سورەتە مەکیەکان ئەوانەی کە لەپێش کۆچی پەیامبەر دابەزیون و ژمارەیان ٨٦ سورەتن و سورەتە مەدەنیەکانیش ئەوانەی لەشاری مەدینە و لەدوای کۆچدا دابەزیون و ژمارەیان ٢٨ سورەتن،سورەتە مەکییەکان لەڕووی بابەتەکانیان و ئەو کەسانەی کە ئاڕاستەیان دەکرێت و لەڕووی درێژی و کورتیانەوە جیاوازن لە سورەتە مەدەنیەکان.

ژمارەی ئایەتەکانی قورئانیش بریتیە لە ٦٢٣٦ ئایەت بەبێ حسابکردنی ((بسمیلاکان)) ی سەرەتای هەموو سورەتەکان،کە ڕێکخراوە وەکو ئەوەی هاتووە بۆ پەیامبەر،گەورەترین ئایەت لە قورئاندا وەکو ئەوەی پەیامبەر هەواڵی پێداوین بریتیە لە ((ئایەتەل کورسی)) کە ژمارەکەی ٢٥٥ لە سورەتی (البقرة)،کەخودای گەورە دەفەرموێت :

(اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لَا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ ۚ لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ ۗ مَن ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِندَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِّنْ عِلْمِهِ إِلَّا بِمَا شَاءَ ۚ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ ۖ وَلَا يَئُودُهُ حِفْظُهُمَا ۚ وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ) [٢٥٥: البقرة].

دریژترین ئایەتیش لە قورئاندا ئایەتی ژمارە ٢٨٢ لە سورەتی (البقرة)دا و بە ئایەتی (قەرز)ناسراوە.

ژمارەی وشەکانی قورئانیش کە زانایان لەسەری کۆکن بریتیە لە ٧٧٤٣٧ وشە، و بەبێ دووبارەبونەوەش بریتیە لە ١٧٤٥٨ وشە.

ژمارەی پیتەکانی قورئانیش کە زانایان لەسەری کۆکن بریتیە لە ٣٤٠٧٤٠ پیتە، هەشە دەڵێن ٣٢١٢٥٠ پیتن و ناوەڕاستی پیتەکانی قورئانیش بریتیە لەپیتی (ف) لە فەرموودەی خودای گەورە کە لە سورەتی (الكهف)دا دەفەرموێت (وَلْيَتَلَطَّفْ).

دریژترین وشە لە قورئاندا بریتیە لە وشەی ((فاسقيناكموه))

****

****

******

***

*

پێناسی قورئان:

دانەری قورئان : خودای پەروەردگار و لەسەر شێوەی وەحی و پچڕ پچڕ لە ڕێگەی فریشتە جوبرائیلەوە دایبەزاندۆتە سەر پەیامبەر محمد(د.خ)) و لەڕێگەی پەیامبەریشەوە نێردراوە بۆ سەر هەموو مرۆڤایەتی.

ژمارەی سورەت: ١١٤

ژمارەی ئایەت :٦٢٣٦ لەگەڵ ١١٣ بسمیلادا دەبێتە ٦٣٤٨

ژمارەی بسمیلا: ١١٣ لەسەرەتای سورەتاکاندا و ((١)) بسمیلاش لەناو سورەتی ((النمل)) دایە

ژمارەی بەش: ٣٠

ژمارەی حیزب : ٦٠

ژمارەی چارەك: ٢٤٠ چارەك

ژمارەی هەشتیەك : ٤٨٠ هەشتیەك

سورەت ((مەکی یان مەدەنی)) :٨٦ مەکی و ٢٨ مەدەنی

ژمارەی لاپەڕە: ٦٠٤

ژمارەی وشە: ٧٧٤٣٩

ژمارەی پیتەکان : ڕاوبۆچونی جیاواز هەیە : دەڵێن ٣٢١٢٥٠ پیتە یان ٣٢٣٦٧٦ پیتە یان (٣٢٢٦٠٤) بەبێ هەمزەکان ٣٢٦١٥٩ بە هەمزەکانەوە

ژمارە خانەکانی قورئان : ١٥٠٤٦٥ خانە

ناوەکانی قورئان: سێ ناوی بەناوبانگی هەیە((قورئان،کیتاب،فورقان)) و هەندێ لەزانایان ((٩٠)) ناویان بۆ قورئان هێناوە.

پێکهاتەی قورئان: لە ڕووی درێژی و مامناوەندی و کورتی سورەتەکانیەوە لە ٣ جۆر پێکدێت :

١. **سورەتی دریژ :** ٧ سورەتن لە سورەتی (البقرة وە بۆ سورەتی التوبة) ن، کە بریتین لەسورتەکانی ((البقرة،ال عمران،نساء،المائدة،الانعام، الاعراف، التوبة)).

٢. **سورەتی مام ناوەند :** ٤٠ سورەتن و لە سورەتی ((یونس وە بۆ سورەتی ق)) دەگرێتەوە.

٣. **سورەتی کورت:** ٦٧ سورەتن لە سورەتی ((ق وە بۆ سورەتی الناس)) لەخۆدەگرێت.

- ئەم سورەتە کورتانەش دەکرێنە سێ بەشی تر‌ەوە وەک:

١. سورەتە دریژەکان : وەک سورەتەکانی ((الحجرات بۆ البروج))

٢. سورەتە مام ناوەندەکان : وەک سورەتەکانی ((الطارق بۆ البینة))

٣. سورەتە کورتەکان: وەک سورەتەکانی ((الزلزلة بۆ الناس))

****

****

******

***

*

هۆکاری دابەزینی سورەت :

کەی قورئان دابەزیوە و ماوەی دابەزینەکەشی چەندی خایاندووە ؟

هۆکاری دابەزینی قورئانی پیرۆز لەلایەن خودای گەورەوە بۆ سەر پەیامبەر بۆ هیدایەتدان و رۆشنکردنەوەی رێگای مرۆڤایەتی بووە و دەرکردنیان بوە لە تاریکیەوە بەرەو رۆناکی،هەربۆیە دابەزینەکەی ڕووداوێکی گەورە و بەشکۆ بوە و ئاماژەش بوە بۆ گەورەیی پێگە و مەقامی پەیامبەرمان موحەمەد (د.خ) لەلای خەڵکی ئاسمان و زەوی.

یەکەم دابەزینی قورئان لە شەوی لەیلەتول قەدردا بوە لەمانگی ڕەمەزاندا و دابەزینی یەکەمیشی بە بەیەك جار بوە بۆ ((خانەی شانازی/ بیت العزة لە ئاسمانی زەوی / یەکەم)) لە شوێنی ئەستێرەکاندا بوە،بەڵام دابەزینی دووەم جاری بەشێوەی پچڕپچڕ و بەپێی پێویست و وابەستە بە ڕووداو یان پرسیارگەلێك کە لە پەیامبەر کراوە و داوای ڕوونکردنەوەی لێکراوە لەماوەی ٢٣ ساڵدا دابەزیوە،بەپێچەوانەی کتێبە ئاسمانیەکانی تردوە کە بەیەك جار دابەزیونەتە سەر پەیامبەرەکانیان وەکو ((صحوف و تەورات و زەبور و ئینجیل)) کە دوای گەیشتنی تەمەنی پەیامبەر بوە بە تەمەنی ٤٠ ساڵ کاتێك لە ڕۆژی ٢شەممە وەك پەیامبەر نێردراوە و یەکەم ئایەتیش کە دابەزیوەتە سەری سەرەتای سورەتی ((العلق)) بوو.

جا دابەزینی قورئانی پیرۆز بەم شێوەیەی ئێستا دانەبەزیوە بە بوونی سەرو وبۆر و زەممە و بەبێ خاڵ بووە، چونکە ئەو کاتە زمانی عەرەبی ((مۆسیقی)) بوە و ئیدی هەموان بەهەموو شێوەیەك قسەیان بە وشە و زمانەوانیەکانی کردوە بەبێ بوونی سەروبۆر و خاڵ.

قورئانی پیرۆز دوای دابەزینی دەستکرا بە دانانی خاڵ و سەروبۆر بۆ

جیاکردنەوە لەنێوان پیتەکاندا لەکاتی گۆکردنیاندا و شیکردنەوە و تەنویندا و ئەوکارەش دەدرێتە پاڵ زانا ئەبو ئەسوەدی دۆڵی.

جا دابەزینی ئایەت و سورەتەکانی قورئانی پیرۆز هەبوە پەیوەندی بە رووداوێکەوە یان پرسیارگەلێك کە لە پەیامبەر کراوە هەبوە یان بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتێك بوە یان حوکمی شەرعی بوە.

بەشێوەیەکی تر هۆکاری دابەزینی سورەت و ئایەتەکان پەیوەستە بە زانستی بەدواگەڕان بۆ جێگە و کاتی ڕوودانی ڕووداوێك کە ئایەتەکە باسی لێوەدەکات یان سورەتەکە،وەك ڕوودانی هەڵەیەك یان ناکۆکیەك،یان پرسیارێك کە لەڕابووردوودا ڕوویداوە یان لە ئایندەدا ڕووەدات، بۆ نموونە:

ڕووداوی ((ئیفك))،کە چەند ئایەتێك لە سورەتی ((النور)) هاتنە خوارەوە دوای ڕووداوەکە،کە چەندین حوکمی تیادایە بۆ باوەڕداران و دەرخستنی بێ تاوانی دایکە عائیشە،هەروەها نموونەی گفتوگۆکردنی خەولەی کچی سەعلەبە لەگەڵ پەیامبەردا (د.خ) ، دەربارەی مێردەکەی ئەوسی کوڕی صامت کە پیاوێکی لاواز و پیرە و پێویستی بە ژن نەماوە و داوای دەکرد کە لەگەڵیدا بمێنێتەوە، یان وەلأمی ئەو پرسیارانە بوون کە لە پەیامبەر دەکران و جوبرەئیلیش لەڕێگەی وەحیەوە وەلأمەکانی دەگەیاندە پەیامبەر وەکو پرسیار دەربارەی هاوبەشیکردنی هەتیوان،حوکمەکانی حەیز ،حوکمەکانی تایبەت بە مەیخۆرەوە، و چەندین نموونەی تر.

جا زانینی هۆکارەکانی دابەزینی ئایەت و سورەتەکان گەلێك سوود و قازانجی هەبووە وەك:

- حوکمە شەرعیەکان حیکمەتێکی گەورەیان تیادا بووە.جا ئەو حیکمەتە نەزانراوە تا هۆکاری دابەزینەکە نەزانرێت.
- تایبەتکردن لە حوکمەکاندا بۆ سەر ئەوانەی لەسەریان دابەزیوە.

- لابردن و نەمانی گومان و تێکەڵکردن لە تێگەیشتنی ئایەتەکاندا.چونکە ڕاڤەکارەکان ناتوانن کە ڕاڤەیەکی ورد پێشکەش بکەن بۆ ئایەتەکان تا بەتەواوەتی هۆکاری دابەزینەکەی نەزانن.
- زانینی مانای وردی ئایەتەکان بەهۆی هۆکاری دابەزینەکەیەوە.

****

****

****

***

*

گەورەیی دابەزینی قورئان و خێروبەرەکەتی و کاریگەری لەسەر دڵ و دەروون

یەکەم :پێناسەی قورئانی پیرۆز

قورئان زمانە: لە چاوگی کاری (قرأ)،بەمانای کۆ،دەوترێت ، (قرأ قُرآناً)، خوای گەورە دەفەرموێت : **(إنَّ علينا جَمعهُ وقُرآنه فإذا قرأناه فاتبع قرآنه)**.

بەڵام لەڕووی زاراوەوە قورئانی پیرۆز بریتیە لە : (وتەی خودا بۆ پەیامبەر موحەمەد (د.خ) دابەزیوە،خوێندنەوەی عیبادەتە وبە پچڕ پچڕ دابەزیوە و بەسورەتی فاتیحە دەستپێدەکات و بەسورەتی الناس کۆتایی دێت) .

دووەم: گەورەیی و شکۆی قورئانی پیرۆز

خودای گەورە دەربارەی گەورەیی قورئانی پیرۆز دەفەرموێت و لە میانەی ئایەتە پیرۆزەکانیەوە ئەو گەورەییە ڕوونەدەکاتەوە لە ڕێگەی پیاداهەڵگوتنی خودا بۆ کتێبە پیرۆزەکەی لە گەلێك لە ئایەتەکاندا کە ئاماژەن بۆ گەورەیی قورئان و وەصفی دەکات بە « گەورە» لە فەرمودەکەیدا : {**وَلَقَدْ آتَيْنَاكَ سَبْعًا مِنَ الْمَثَانِي وَالْقُرْآنَ الْعَظِيمَ**} ﴿الحجر: ٨٧﴾. هەروەها وەصفی دەکات بە دایکی کتێب لە و فەرمودەیەدا : {**وَإِنَّهُ فِي أُمِّ الْكِتَابِ لَدَيْنَا لَعَلِيٌّ حَكِيمٌ**} ﴿الزخرف: ٤﴾.

ئەمەش گەواهیدەری خودایە بۆ بەرزی پێگەی قورئان و حیکمەتەکانی، شەرەف و ڕێزی، و لەهەموو کتێبەکانی تری خودا بەرزترە بەهۆی ئەوەی کە موعجیزەیەکە ماوەتەوە بەدرێژایی زەمەن.

هەروەها خودای گەورە وەصفی قورئان دەکات بە ((کتێبی پیرۆز)) و دەفەرموێت :

{**وَهَذَا كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ مُصَدِّقُ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَلِتُنْذِرَ أُمَّ الْقُرَى وَمَنْ حَوْلَهَا وَالَّذِينَ**

يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ يُؤْمِنُونَ بِهِ وَهُمْ عَلَى صَلاَتِهِمْ يُحَافِظُونَ} [الأنعام: ٩٢].

هەروەها خودا دەفەرموێت : **{وَهَذَا كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ فَاتَّبِعُوهُ وَاتَّقُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ** [الأنعام: ١٥٥].

جا خێر و بەرەکەتی ئەو کتێبە دریژدەبێتەوە تا رۆژی دوایی و بەخشندە یەکەشی گەشەدەکات و نابڕێتەوە،و لەگەڵ ژیاندا گوزەردەکات بەو بەخشندە یەوەی، دواتریش وەکو شەفاعەتکار دێت بۆ خاوەنی و هاوەڵەکانی،جا گەورەیی و کەزنی قورئان لە گەورەیی خودای بالادەستەوە دێت،ئەوەش لە فەرموودەی خودای گەورەدا دەردەکەوێت کە دەفەرموێت : {**حم *تَنْزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ**} [الأحقاف: ١ - ٢].

سێیەم: گەورەیی جوبرائیل کە قورئانی دابەزاندوە

خودای گەورە ئاماژەی بەو کەسەداوە کە قورئانی دابەزاندۆتە سەر پەیامبەر موحەمەد(د.خ)، کە ئەویش جوبرائیلە سەلامی خودای لەسەر بێت،ئەمینداری وەحی خودایی،جا گەورەیی جوبرائیلی لە چەند ئایەتێکدا باسکردوە ، و دەفەرموێت : {**وَإِنَّهُ لَتَنْزِيلُ رَبِّ الْعَالَمِينَ *نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الأَمِينُ *عَلَى قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ الْمُنْذِرِينَ** *} [الشعراء: ١٩٢ - ١٩٤]. خودای گەورە جوبرائیلی بە پێنج سیفەت باسکردوە لەو قەرموودەیەیدا :{**إِنَّهُ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ *ذِي قُوَّةٍ عِنْدَ ذِي الْعَرْشِ مَكِينٍ *مُطَاعٍ ثَمَّ أَمِينٍ** *} [التكوير: ١٩ - ٢١]. جا ئەو پێنج سیفاتەش پاکێتی پشتیوانی قورئانی پیرۆز لەخۆدەگرێت،کە پەیامبەرمان لەجوبرەئیلەوە گوێبیستی بووە،وە گوێبیستی جوبرەئیلیش لە خودای گەورەوەیە، ئیدی چ پشتیوانی و سەنەدێك هەیە لەوە گەورەتر بێت.

چوارەم: قورئان دابەزێنراوی خودای گەورەیە

خودای گەورە دەفەرموێت :{**وَإِنَّهُ لَتَنْزِيلُ رَبِّ الْعَالَمِينَ *نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الأَمِينُ***} [الشعراء: ١٩٢ - ١٩٣]. کە ڕاناوی گەورەیی تیادایە،پشتیوانی دابەزینیشی

شەرەفێکی گەورەیە بۆ قورئان،لە گەورەیی قورئانیش ئەوەیە کەلەلایەن تەنها خوداوە دابەزیوە نەك کەسی تر،بۆ بەرژەوەندی و قازانجی خەڵکی و هیدایەتدانیان،جا لە قورئانی پیرۆزدا ئەم گەورەییانە کۆبونەتەوە ،وەك:

- باشترینی کتێبە ئاسمانیەکانە.
- بەیەکێك لە باشترین پەیامهێنەر و بەهێزەکانیشدا دابەزێنراوە ،کە جوبرائیلی ئەمینە لەسەر وەحی خودای گەورە.
- دابەزیوەتە سەر باشترین بەندەکانی خودا موحەمەد(د.خ).
- دابەزیوە بۆ سەر باشترین ئومەت لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا.
- دابەزیوە بە باشترین و پاراوترین و فراوانترین زمان،کە بریتیە لە زمانی عەرەبی ڕەوان.

پێنجەم: قورئان ڕاست و ڕەوانە و هیچ خوار وخێچییەکی تیادا نیە

خودای گەورە دەفەرموێت : {**الْحَمْدُ للَّهِ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَى عَبْدِهِ الْكِتَابَ وَلَمْ يَجْعَلْ لَهُ عِوَجًا *قَيِّمًا لِيُنْذِرَ بَأْسًا شَدِيدًا مِنْ لَدُنْهُ وَيُبَشِّرَ الْمُؤْمِنِينَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا حَسَناً *}** [الكهف: ١ - ٢]. جا نەبوونی خواروخێچی لە قورئاندا چەند ڕوویەکی هەیە ،لەوانە:

یەکەم: نەبوونی دژبەری لەنێوان ئایەتەکانیدا،وەك خودای گەورە دەفەرموێت: {وَلَوْ كَانَ مِنْ عِنْدِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا} [النساء: ٨٢].

دووەم: هەموو ئەوانەی کە خودای گەورە ناویهێناون لە قورئاندا لە یەکتاپەرستی و پەیامبەرێتی و حوکمەکان و ئەرکەکان، کە هەق و ڕاستن، و بەهیچ شێوەیەك کەموکوڕییان تیادا نیە.

هەروەها خودای گەورە ئاماژەی داوە بەوەی کە هیچ دژبەرێکی تیادا نیە و هیچ جیاوازیەکیشی تیادا نیە و هیچ کەموکوڕیەکیشی تیادانیەوە وەکو ئەوەی لەقسەی مرۆڤەکاندا هەیە،ودەفەرموێت:{**قُرْآناً عَرَبِيًّا غَيْرَ ذِي عِوَجٍ**}(الزمر: ٢٨)

بەواتای کە هیچ کەموکوڕی و گرفتێکی تیادا نیە بەهیچ شێوەیەک، نە لە دەربڕینیدا، نەلە ماناکانیدا،ئەوەش ئەوە دەخوازێت کە تەواو میانڕەوبێت و ڕاستودروستیش بێت،خودای گەورە کتێبە پیرۆزەکەی وەصفکردوە بە وەصفی زۆر گەورە کە ئامارژەن بۆ کاملبوونی لەهەموو ڕوویەکەوە،و گەورەشە بەهەموو ئەوەی کە دەتوانرێت بوترێت،لەوانە:

- **نەبوونی خواروخێچی تیایدا:** ئەوەش پێویستە کە لە هەواڵەکانیدا درۆی تیادا نەبێت،وە لە فەرمانەکان و قەدەغەکردنەکانیدا زوڵم و بێ ماناییی تیادا نەبێت.
- **سەلماندنی ئەوەی کە ڕێکو ڕاست دانراوە:** جا قورئان خۆی لەخۆیدا ڕاست وڕەوانە،دانراوە بۆ دەرونەکان لەسەر شەقامی ڕاستودروست،جا سەلماندنی ڕاستودروستیشی پێویستی بەوەیە کە هەواڵ نەدات و فەرمانیش نەکات تەنها بە هەواڵە گەورە و گرنگەکان نەبێت،ئەو هەواڵانەش ئەوانەن کە دڵودەرونەکان پڕدەکەن لە زانیاری،و بڕوابوون و ژیری ،وەک ئەو هەواڵ دانە بەناوە جوانەکانی خودا و سیفاتەکانی و کردارەکانی.

شەشەم : ملکەچکردنی شاخەکان و درزبردنیان

خودای گەورە دەفەرموێت : {لَوْ أَنْزَلْنَا هَذَا الْقُرْآنَ عَلَى جَبَلٍ لَرَأَيْتَهُ خَاشِعًا مُتَصَدِّعًا مِنْ خَشْيَةِ اللَّهِ} (الحشر: ٢١)، بەواتای پەند لەشاخەکانەوە وەربگرن کە چۆن لەترسی خودای گەورە شەق دەبات،کە ئامارژەیە بۆ : دەرخستنی ڕاستی کاریگەری قورئان وچالاکیەکەی لەناو دروستکراوەکاندا،تەنانەت ئەگەر شاخێکی گەردنبەرزیش بێت،یان بەردێکی زۆر ڕەقیش بێت، جا درزبردن و شەقبوونی شاخ نموونەی تۆندی کاریگەری وهەڵچوونە،لەبەرئەوەی کۆتا کاریگەربوونی دەستە ڕەقەکان بریتیە لە درزبردن و شەقبونیان،کەئەوکارەش

بە ئاسانی نایەتەدی.

ملکەچبوون: بریتیە لە چەماندنەوە بەواتای بەبینینی سەرەوەی دادەبەزێت بۆ لای زەوی.

درزبردن، شەقبوون: بەواتای لەرزین و شەقبوون دێت لەترسی خودای گەورە.

بەبێ گومان ئەوە گەورەییە بۆپێگەی قورئان، نمونەی گەورەیەتی، و زۆری کاریگەرێتی لەسەر دەرونەکان،کە پەند و عیبرەتی گەورەتی تیادایە،هەروەها چەندە بەڵێنی ڕاستی تیادایە،بەهەمان شێوە بەڵێنی تۆڵەکردنەوە و سزادانیشی تیادایە،جا ئەگەر شاخ بەو بەهێزی و ڕەقی خۆیەوە ئەگەر لە قورئان تێبگەیشتایە،ئەی مرۆڤەکان ئایا باشتر نەبوو بۆ ئێوە کە دڵ و دەرونتان نەرم بێت و خۆبچەمێننەوە و بترسن و شەق ببەن لەترسی خودای گەورە.

حەوتەم: بەدواکەوتنی بێ گیانەکان بۆ گەورەیی قورئان

خودای گەورە دەفەرموێت : {وَلَوْ أَنَّ قُرْآناً سُيِّرَتْ بِهِ الْجِبَالُ أَوْ قُطِّعَتْ بِهِ الأَرْضُ أَوْ كُلِّمَ بِهِ الْمَوْتَى} [الرعد: ٣١].

بەواتای،ئەگەر قورئان شاخەکان لە جێگاکانی خۆیانەوە بجوڵێنێت،و لە شوێنەکانی خۆیان بیانهەژێنێت،یان زەوی پارچە پارچە بکات تا درزدەبات و دەبێتە پارچە پارچە،یان قسەی لەگەڵ مردواندا بکردایە،ئەوا دەیانبیست و وەڵامیان دەدایەوە،ئەو قورئانە،بەهۆی بوونیەوە کە ئامانج لێی وەبیر خستنەوەیە و کۆتایهێنانە بە ترساندن،و مەبەست لێی : دەرخستنی گەورەیی پێگەی قورئانی پیرۆزە،خراپی بیروبۆچوونی بێ باوەڕەکانە، لەبەرئەوەی ڕێزیان لەو پێگە گەورەیەی قورئان نەگرت،و بە ئایەت و نیشانەیان وەرنەگرت و پێشنیاری شتی تریان دەکرد،وەکو ئەوەی کە دراوە بە موسا و عیسا سەلامی خوایان لێبێت.

بەواتای بەدابەزینی یان خوێندنەوەی **{وَلَوْ أَنَّ قُرْآناً سُيِّرَتْ بِهِ الْجِبَالُ}**،و

جولاندنی لە شوێنەکەی خۆی وەك ئەوەی کە موسا کردی لە کێوی ((طور)) واتا : درزی برد و کردیە ڕووبار،یان {أَوْ قُطِّعَتْ بِهِ الأَرْضُ}، وەك ئەوەی بە بەردەکەی کرد کاتێك موسا بە گۆچانەکەی پیایدا کێشا.

هەشتەم: تەحەداکردنی مرۆڤ و جنۆکەکان بە قورئان

لە سیماکانی گەورەیی قورئان و مەزنی پێگەکەی،خودای گەورە تەحەدای هەموو مرۆڤ و جنۆکەکانی کردوە کە بتوانن وەکو نموونەی قورئان بهێنن،یان تەنانەت دە سورەت بێنن یان لەدوا جاردا یەك سورەتیش وەکو قورئان بێنن و دەفەرموێت : {قُلْ لَئِنْ اجْتَمَعَتْ الإِنْسُ وَالْجِنُّ عَلَى أَنْ يَأْتُوا بِمِثْلِ هَذَاالْقُرْآنِ لاَ يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا *} [الإسراء ٨٨]، هەروەها خودای گەورە دەفەرموێت: {أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ فَأْتُوا بِعَشْرِ سُوَرٍ مِثْلِهِ مُفْتَرَيَاتٍ وَادْعُوا مَنِ اسْتَطَعْتُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ *فَإِلَّمْ يَسْتَجِيبُوا لَكُمْ فَاعْلَمُوا أَنَّمَا أُنْزِلَ بِعِلْمِ اللَّهِ وَأَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ فَهَلْ أَنْتُمْ مُسْلِمُونَ *} [هود: ١٣ - ١٤].لەگەڵ ئەوەشدا،نەگەڕانەوە بۆ عەقڵ و ژیرییان،ئەوەی دەربارەی قسەیان دەکرد نەیانبینی،جارێکی تر گەڕانەوە بۆ لای ئەوەی کە لێیان قەدەغەکرابوو، و وتیان ((کە موحەمەد پێشوەختە داینـاوە))،خودای گەورە لە لایەکەوە ڕایاندەکێشێت بۆ بابەتێك کە هیچ زانیاریەکیان دەربارەی نیە،و دەیانگەیەنێتە جێگەیەك کە ئامانج لێی دەمداخستن و سەرشۆڕیە،و تەحەدای کردن کە سورەتێك وەکو قورئان بێنن و نەیانتوانی،جاکاتێك ئەو کەسانەی کە بێ بڕوابوون شڵەژان و تووشی شۆك بوون،ملکەچیش نەبوون،وەکو ئەو کەسەیان لێهات کە شەیتان دەستی لێوەشاندوە،جا جارێك بە گاڵتەپێکردنەوە دەڵێن :

{لَوْ نَشَاءُ لَقُلْنَا مِثْلَ هَذَا إِنْ هَذَا إِلاَّ أَسَاطِيرُ الأَوَّلِينَ *} [الأنفال: ٣١]، و هەندێکی تر بە بێ مانایەوە دەڵێن :{ائْتِ بِقُرْآنٍ غَيْرِ هَذَا أَوْ بَدِّلْهُ} [يونس: ١٥].

ئەو ئایەتانە و ئەوانەی وەکو ئەوانەن پێیان دەوترێت ئایەتی ((تەحەدی)) ،

کە بریتیە لە بێ توانایی دروستکراوان وەکو قورئان بێنن،یان سورەتێك لە قورئان،قورئانی پیرۆز بریتیە لە گەورەترین کتێبی ئاسمانی،بۆیە پێویستە لەسەر باوەڕداران کە زۆر بە وردی و بەدڵ قورئان بخوێننەوە،بەهەمان شێوە ڕەچاوی ئادابی قورئانی پیرۆز بکەن،کە بریتیە لە پەرستن و نزیکبونەوەی بەندەکان لە خودا،و پێویستە لەسەرمان کە قورئان پشتگوێ نەخەین و لێی دوورنەکەوینەوە،لەبەرئەوەی لەڕۆژی کۆتادا وەك شەفاعەتکارێك دێت بۆ بەندەکانی و قورئانی پیرۆز هیچ جێگرەوەیەکی نیە و تاریکیەکانیش تەنها بە قورئان نامێنن و لادەچن،قورئانی پیرۆزیش شیفایە لە پەیامبەرەوە و بریتیە لە دەستوری مسوڵمانان و شەریعەت و ڕێگا ڕاستەکەشیانە،هەروەها گوریسە بەهێزەکەی خودایە و ڕێڕۆشنکەرەوە هەمیشەییەکەیانە،و پەند و عیبرەتیشە بۆ بەندەکان، ونیشانەی ڕاستگۆیی پەیامبەریشە کە تاکۆتایی دونیا هەر دەمێنێتەوە، وڕێگای سەرکەوتنی مسوڵمانانە لەهەموو کات و سەردەمێکدا، جا کاتێك قورئان ئاوها بێت،خوای گەورە خوێندنەکەیمان بۆ بکات بە پەرستن و لەوانەمان حساب بکات کەباشترینن بە فێربوونی وفێرکردنی خەڵکانی تریش،وەك لە صەحیحی بوخاری و ...هتد.هاتووە.

****

****

*****

**

*

ئەو ئایەتانەی کە وشەی ((قورئان)) یان تیادا هاتووە:

لە قورئانی پیرۆزدا لە((٦٩)) ئایەتی جیاوازدا وشەی ((قورئان))هاتووە ، وەکو ئایەتەکانی :

- شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنزِلَ فِيهِ **الْقُرْآنُ** هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِّنَ الْهُدَىٰ ... ﴿١٨٥ البقرة﴾
- أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ **الْقُرْآنَ** ۚ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا ﴿٨٢ النساء﴾
- يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَسْأَلُوا عَنْ أَشْيَاءَ إِن تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ وَإِن تَسْأَلُوا عَنْهَا حِينَ يُنَزَّلُ **الْقُرْآنُ** تُبْدَ لَكُمْ عَفَا اللَّهُ عَنْهَا ۗ وَاللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ ﴿١٠١ المائدة﴾
- قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَادَةً ۖ قُلِ اللَّهُ ۖ شَهِيدٌ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ ۚ وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَٰذَا **الْقُرْآنُ** لِأُنذِرَكُم بِهِ وَمَن بَلَغَ ۚ أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ اللَّهِ آلِهَةً أُخْرَىٰ ۚ قُل لَّا أَشْهَدُ ۚ قُلْ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ وَإِنَّنِي بَرِيءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ ﴿١٩ الأنعام﴾
- وَإِذَا قُرِئَ **الْقُرْآنُ** فَاسْتَمِعُوا لَهُ وَأَنصِتُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿٢٠٤ الأعراف﴾
- وَمَا كَانَ هَٰذَا **الْقُرْآنُ** أَن يُفْتَرَىٰ مِن دُونِ اللَّهِ وَلَٰكِن تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ الْكِتَابِ لَا رَيْبَ فِيهِ مِن رَّبِّ الْعَالَمِينَ ﴿٣٧ يونس﴾
- نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ الْقَصَصِ بِمَا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ هَٰذَا **الْقُرْآنَ** وَإِن كُنتَ مِن قَبْلِهِ لَمِنَ الْغَافِلِينَ ﴿٣ يوسف﴾
- الَّذِينَ جَعَلُوا **الْقُرْآنَ** عِضِينَ ﴿٩١ الحجر﴾
- فَإِذَا قَرَأْتَ **الْقُرْآنَ** فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ ﴿٩٨ النحل﴾

- إِنَّ هَـٰذَا **الْقُرْآنَ** يَهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ وَيُبَشِّرُ الْمُؤْمِنِينَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا كَبِيرًا ﴿٩ الإسراء﴾
- وَلَقَدْ صَرَّفْنَا فِي هَـٰذَا **الْقُرْآنِ** لِيَذَّكَّرُوا وَمَا يَزِيدُهُمْ إِلَّا نُفُورًا ﴿٤١ الإسراء﴾
- وَإِذَا قَرَأْتَ **الْقُرْآنَ** جَعَلْنَا بَيْنَكَ وَبَيْنَ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ حِجَابًا مَّسْتُورًا ﴿٤٥ الإسراء﴾
- وَجَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا ۚ وَإِذَا ذَكَرْتَ رَبَّكَ فِي **الْقُرْآنِ** وَحْدَهُ وَلَّوْا عَلَىٰ أَدْبَارِهِمْ نُفُورًا ﴿٤٦ الإسراء﴾
- وَإِذْ قُلْنَا لَكَ إِنَّ رَبَّكَ أَحَاطَ بِالنَّاسِ ۚ وَمَا جَعَلْنَا الرُّؤْيَا الَّتِي أَرَيْنَاكَ إِلَّا فِتْنَةً لِّلنَّاسِ وَالشَّجَرَةَ الْمَلْعُونَةَ فِي **الْقُرْآنِ** وَنُخَوِّفُهُمْ فَمَا يَزِيدُهُمْ إِلَّا طُغْيَانًا كَبِيرًا ﴿٦٠ الإسراء﴾
- وَنُنَزِّلُ مِنَ **الْقُرْآنِ** مَا هُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ۙ وَلَا يَزِيدُ الظَّالِمِينَ إِلَّا خَسَارًا ﴿٨٢ الإسراء﴾
- قُل لَّئِنِ اجْتَمَعَتِ الْإِنسُ وَالْجِنُّ عَلَىٰ أَن يَأْتُوا بِمِثْلِ هَـٰذَا **الْقُرْآنِ** لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا ﴿٨٨ الإسراء﴾
- وَلَقَدْ صَرَّفْنَا لِلنَّاسِ فِي هَـٰذَا **الْقُرْآنِ** مِن كُلِّ مَثَلٍ فَأَبَىٰ أَكْثَرُ النَّاسِ إِلَّا كُفُورًا ﴿٨٩ الإسراء﴾
- وَلَقَدْ صَرَّفْنَا فِي هَـٰذَا **الْقُرْآنِ** لِلنَّاسِ مِن كُلِّ مَثَلٍ ۚ وَكَانَ الْإِنسَانُ أَكْثَرَ شَيْءٍ جَدَلًا ﴿٥٤ الكهف﴾
- مَا أَنزَلْنَا عَلَيْكَ **الْقُرْآنَ** لِتَشْقَىٰ ﴿٢ طه﴾
- وَقَالَ الرَّسُولُ يَا رَبِّ إِنَّ قَوْمِي اتَّخَذُوا هَـٰذَا **الْقُرْآنَ** مَهْجُورًا ﴿٣٠ الفرقان﴾

- وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ **الْقُرْآنُ** جُمْلَةً وَاحِدَةً ۚ كَذَٰلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِ فُؤَادَكَ ۖ وَرَتَّلْنَاهُ تَرْتِيلًا ﴿٣٢ الفرقان﴾
- بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ طس ۚ تِلْكَ آيَاتُ **الْقُرْآنِ** وَكِتَابٍ مُّبِينٍ ﴿١ النمل﴾
- وَإِنَّكَ لَتُلَقَّى **الْقُرْآنَ** مِن لَّدُنْ حَكِيمٍ عَلِيمٍ ﴿٦ النمل﴾
- إِنَّ هَٰذَا **الْقُرْآنَ** يَقُصُّ عَلَىٰ بَنِي إِسْرَائِيلَ أَكْثَرَ الَّذِي هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿٧٦ النمل﴾
- وَأَنْ أَتْلُوَ **الْقُرْآنَ** ۖ فَمَنِ اهْتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ ۖ وَمَن ضَلَّ فَقُلْ إِنَّمَا أَنَا مِنَ الْمُنذِرِينَ ﴿٩٢ النمل﴾
- إِنَّ الَّذِي فَرَضَ عَلَيْكَ **الْقُرْآنَ** لَرَادُّكَ إِلَىٰ مَعَادٍ ۚ قُل رَّبِّي أَعْلَمُ مَن جَاءَ بِالْهُدَىٰ وَمَنْ هُوَ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ ﴿٨٥ القصص﴾
- وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِي هَٰذَا **الْقُرْآنِ** مِن كُلِّ مَثَلٍ ۚ وَلَئِن جِئْتَهُم بِآيَةٍ لَّيَقُولَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ أَنتُمْ إِلَّا مُبْطِلُونَ ﴿٥٨ الروم﴾
- وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَن نُّؤْمِنَ بِهَٰذَا **الْقُرْآنِ** وَلَا بِالَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ ۗ وَلَوْ تَرَىٰ إِذِ الظَّالِمُونَ مَوْقُوفُونَ عِندَ رَبِّهِمْ يَرْجِعُ بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ الْقَوْلَ يَقُولُ الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا لَوْلَا أَنتُمْ لَكُنَّا مُؤْمِنِينَ ﴿٣١ سبإ﴾
- وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِي هَٰذَا **الْقُرْآنِ** مِن كُلِّ مَثَلٍ لَّعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٢٧ الزمر﴾
- وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَا تَسْمَعُوا لِهَٰذَا **الْقُرْآنِ** وَالْغَوْا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ ﴿٢٦ فصلت﴾
- وَقَالُوا لَوْلَا نُزِّلَ هَٰذَا **الْقُرْآنُ** عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنَ الْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ﴿٣١ الزخرف﴾

- وَإِذْ صَرَفْنَا إِلَيْكَ نَفَرًا مِّنَ الْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ **الْقُرْآنَ** فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوا أَنصِتُوا ۖ فَلَمَّا قُضِيَ وَلَّوْا إِلَىٰ قَوْمِهِم مُّنذِرِينَ ﴿٢٩ الأحقاف﴾
- أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ **الْقُرْآنَ** أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا ﴿٢٤ محمد﴾
- وَلَقَدْ يَسَّرْنَا **الْقُرْآنَ** لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ﴿١٧ القمر﴾
- وَلَقَدْ يَسَّرْنَا **الْقُرْآنَ** لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ﴿٢٢ القمر﴾
- وَلَقَدْ يَسَّرْنَا **الْقُرْآنَ** لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ﴿٣٢ القمر﴾
- وَلَقَدْ يَسَّرْنَا **الْقُرْآنَ** لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ﴿٤٠ القمر﴾
- عَلَّمَ **الْقُرْآنَ** ﴿٢ الرحمن﴾
- لَوْ أَنزَلْنَا هَٰذَا **الْقُرْآنَ** عَلَىٰ جَبَلٍ لَّرَأَيْتَهُ خَاشِعًا مُّتَصَدِّعًا مِّنْ خَشْيَةِ اللَّهِ ۚ وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١ الحشر﴾
- أَوْ زِدْ عَلَيْهِ وَرَتِّلِ **الْقُرْآنَ** تَرْتِيلًا ﴿٤ المزمل﴾
- ...عَلَيْكُمْ ۚ فَاقْرَءُوا مَا تَيَسَّرَ مِنَ **الْقُرْآنِ** ۚ عَلِمَ أَن سَيَكُونُ مِنكُم مَّرْضَىٰ ... ﴿٢٠ المزمل﴾
- إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ **الْقُرْآنَ** تَنزِيلًا ﴿٢٣ الانسان﴾
- وَإِذَا قُرِئَ عَلَيْهِمُ **الْقُرْآنُ** لَا يَسْجُدُونَ ﴿٢١ الإنشقاق﴾
- ...عَلَيْهِ حَقًّا فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنجِيلِ **وَالْقُرْآنِ** ۚ وَمَنْ أَوْفَىٰ بِعَهْدِهِ مِنَ اللَّهِ ... ﴿١١١ التوبة﴾

- وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ ۙ قَالَ الَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَاءَنَا ائْتِ **بِقُرْآنٍ** غَيْرِ هَٰذَا أَوْ بَدِّلْهُ ۚ قُلْ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أُبَدِّلَهُ مِن تِلْقَاءِ نَفْسِي ۖ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰ إِلَيَّ ۖ إِنِّي أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٥ يونس﴾
- وَمَا تَكُونُ فِي شَأْنٍ وَمَا تَتْلُو مِنْهُ مِن **قُرْآنٍ** وَلَا تَعْمَلُونَ مِنْ عَمَلٍ إِلَّا كُنَّا عَلَيْكُمْ شُهُودًا إِذْ تُفِيضُونَ فِيهِ ۚ وَمَا يَعْزُبُ عَن رَّبِّكَ مِن مِّثْقَالِ ذَرَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي السَّمَاءِ وَلَا أَصْغَرَ مِن ذَٰلِكَ وَلَا أَكْبَرَ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ ﴿٦١ يونس﴾
- إِنَّا أَنزَلْنَاهُ **قُرْآنًا** عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٢ يوسف﴾
- وَلَوْ أَنَّ **قُرْآنًا** سُيِّرَتْ بِهِ الْجِبَالُ أَوْ قُطِّعَتْ ...﴿٣١ الرعد﴾
- بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ الر ۚ تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ **وَقُرْآنٍ** مُّبِينٍ ﴿١ الحجر﴾
- وَلَقَدْ آتَيْنَاكَ سَبْعًا مِّنَ الْمَثَانِي **وَالْقُرْآنَ** الْعَظِيمَ ﴿٨٧ الحجر﴾
- أَقِمِ الصَّلَاةَ لِدُلُوكِ الشَّمْسِ إِلَىٰ غَسَقِ اللَّيْلِ **وَقُرْآنَ** الْفَجْرِ ۖ إِنَّ **قُرْآنَ** الْفَجْرِ كَانَ مَشْهُودًا ﴿٧٨ الإسراء﴾
- **وَقُرْآنًا** فَرَقْنَاهُ لِتَقْرَأَهُ عَلَى النَّاسِ عَلَىٰ مُكْثٍ وَنَزَّلْنَاهُ تَنزِيلًا ﴿١٠٦ الإسراء﴾
- وَكَذَٰلِكَ أَنزَلْنَاهُ **قُرْآنًا** عَرَبِيًّا وَصَرَّفْنَا فِيهِ مِنَ الْوَعِيدِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ أَوْ يُحْدِثُ لَهُمْ ذِكْرًا ﴿١١٣ طه﴾
- فَتَعَالَى اللَّهُ الْمَلِكُ الْحَقُّ ۗ وَلَا تَعْجَلْ **بِالْقُرْآنِ** مِن قَبْلِ أَن يُقْضَىٰ إِلَيْكَ وَحْيُهُ ۖ وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا ﴿١١٤ طه﴾
- **وَالْقُرْآنِ** الْحَكِيمِ ﴿٢ يس﴾

- وَمَا عَلَّمْنَاهُ الشِّعْرَ وَمَا يَنبَغِي لَهُ ۚ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ **وَقُرْآنٌ** مُّبِينٌ ﴿٦٩ يس﴾
- بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ ص ۚ **وَالْقُرْآنِ** ذِي الذِّكْرِ ﴿١ ص﴾
- **قُرْآنًا** عَرَبِيًّا غَيْرَ ذِي عِوَجٍ لَّعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴿٢٨ الزمر﴾
- كِتَابٌ فُصِّلَتْ آيَاتُهُ **قُرْآنًا** عَرَبِيًّا لِّقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿٣ فصلت﴾
- وَلَوْ جَعَلْنَاهُ **قُرْآنًا** أَعْجَمِيًّا لَّقَالُوا لَوْلَا فُصِّلَتْ آيَاتُهُ ۖ أَأَعْجَمِيٌّ وَعَرَبِيٌّ ۗ قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ آمَنُوا هُدًى وَشِفَاءٌ ۖ وَالَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ فِي آذَانِهِمْ وَقْرٌ وَهُوَ عَلَيْهِمْ عَمًى ۚ أُولَـٰئِكَ يُنَادَوْنَ مِن مَّكَانٍ بَعِيدٍ ﴿٤٤ فصلت﴾
- وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ **قُرْآنًا** عَرَبِيًّا لِّتُنذِرَ أُمَّ الْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا وَتُنذِرَ يَوْمَ الْجَمْعِ لَا رَيْبَ فِيهِ ۚ فَرِيقٌ فِي الْجَنَّةِ وَفَرِيقٌ فِي السَّعِيرِ ﴿٧ الشورى﴾

إِنَّا جَعَلْنَاهُ **قُرْآنًا** عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٣ الزخرف﴾

- بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ ق ۚ **وَالْقُرْآنِ** الْمَجِيدِ ﴿١ ق﴾
- نَّحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ ۖ وَمَا أَنتَ عَلَيْهِم بِجَبَّارٍ ۖ فَذَكِّرْ **بِالْقُرْآنِ** مَن يَخَافُ وَعِيدِ ﴿٤٥ ق﴾
- إِنَّهُ **لَقُرْآنٌ** كَرِيمٌ ﴿٧٧ الواقعة﴾
- بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِّنَ الْجِنِّ فَقَالُوا إِنَّا سَمِعْنَا **قُرْآنًا** عَجَبًا ﴿١ الجن﴾
- إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُ **وَقُرْآنَهُ** ﴿١٧ القيامة﴾
- فَإِذَا قَرَأْنَاهُ فَاتَّبِعْ **قُرْآنَهُ** ﴿١٨ القيامة﴾
- بَلْ هُوَ **قُرْآنٌ** مَّجِيدٌ ﴿٢١ البروج﴾

ئەو ئایەتانەی کە ناسخ و مەنسوخن

خودای گەورە دەفەرمویّت: ((مَا نَنْسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنْسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِنْهَا أَوْ مِثْلِهَا أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)) ﴿البقرة:١٠٦﴾

ژمارەی ئەو ئایەتانەی کە حوکمەکانیان سڕاوەتەوە لە قورئانی پیرۆزدا :

لە کتێبی ((زیادە و چاکە)) ی محمد عەقیلەدا هاتووە، ئەو ئایەتانەی کە حوکمەکانیان سڕاوەتەوە بەدوای یەکدا لە ١٠٣ جێگەدا هاتوون لە ٣٠ سورەتدا، هەموو ئەو جێگە سڕاوانە ٢٤٩ جێگەن،لە ئیمامی سویتیەوە لە ((کتێبەکەی))دا هاتووە کە ژمارەی ئەو ئایەتانەی کە حوکمەکانیان هەڵوەشاونەتەوە بریتین لە ٢٠ ئایەت،لەوەشدا هەندێك کەس ڕای جیاوازیان هەیە.

سڕینەوە یان هەڵوەشاندنەوەی حوکم لە قورئانی پیرۆزدا :

مانای سڕینەوە((نسخ)) وسڕاوە((مەنسوخ)) و سڕەرەوە((ناسخ))

مانای ((سڕینەوە یان هەڵوەشاندنەوە)) لەلای هاوەڵان و تابعین بریتیە لە لابردنی هەندێك سیفات لە ئایەتێکدا بە ئایەتێکی تر،جا ئەو کارە ئاشکراکردنی کۆتایهاتنی ماوەی کارکردنە بەو ئایەتە لە ئایەتە پیرۆزەکان،یان لابردنی دابونەریتێکە لە دابونەریتەکانی سەردەمی جاهلیەت،یان هەڵگرتنی شەریعەتێکە لە شەریعەتەکانی پێشووتر،بەڵام بە تێپەڕبوونی کات زاناکان گەیشتنە قۆناغی دانانی زاراوە جیاوازەکان کە جیادەکرانەوە بە مانا و ناوەڕۆکەکانیان:جا پێناسەی ((هەڵوەشاندنەوە یان سڕینەوە)) دیاریکرا و ناوبرا بە ((لەبەرگرتنەوەی زاراوەیی کە بریتیە لە:((هەڵگرتنی حوکمی شەرعی بە حوکمێکی شەرعی دواتر)).

جا هەڵگرتن بەمانای ((النسخ)) دێت،و حوکمی شەرعی هەڵگیراو بریتیە لە ((المنسوخ)) و حوکمی شەرعی دواتریش بریتیە لە((الناسخ))،جا هیچ فەرزێك ((واجبێك))هەڵنەگیراوە تا فەرز و واجبێکی تر لە جێگەی دانەنرابێت:وەك گۆڕینی قیبلە لەبەیتولمەقدسەوە،و جێگیرکردنی کەعبە لە جێگەیدا،جا مەبەستی سەرەکی لە گۆڕین یان هەڵگرتنی حوکمێك بریتیە لەوەی کە حوکمەکە حەڵاڵ بێت و ببێتە حەرام،یان حەرام بێت و بکرێتەحەڵاڵ.یان حوکمەکە قەدەغەکراوبێت و دواتر ڕێگەپێدراو بێت،یان بە پێچەوانەوە ڕێگەپێدراو بێت و دواتر قەدەغەکرابێت، ئیدی حوکمە هەڵگیراوەکە ((ناسخ))کە باش دەبێت ئەگەر قورستر بێت یان سووکتر،یان یەکسان بێت بە ((مەنسوخە))کە لە حوکمدا،بەو هۆیەوە دەردەکەوێت کە ((مەنسوخ)) حیکمەتێك و بەرژەوەندیەکی تیادابوە لەکاتی کارکردن پێی،دوای لابردن و هەڵگرتنی حوکمەکەی ئەو کاتە((ناسخ))ەکە حیکمەت و بەرژەوەندیەکەی لەخۆگرتوە.

جا ناسین و زانینی ناسخ و مەنسوخ زانستێکی زۆر گرنگە کە تەنها گەورە فەقێکان و گێڕەرەوەکان پێی هەڵدەستن.کە بریتیە لە بەشێکی پێویست لە فقە و بۆچوونەکان،جا بۆ زانینی ناسخ لە مەنسوخ پێویستە بگەڕێینەوە و بچینەوە سەر کتێبەکانی ئصولی فقهی کۆن و نوێ.

ڕێکخستنی مەنسوخەکان((حەکمە هەڵگیراوەکان))

ڕێکخستنی مەنسوخەکان یەکەمیان بریتیە لە نوێژەکان کە پێشتر ٥٠ نوێژ بوون و کراونەتە ٥ نوێژ،دواتر گۆڕینی قیبلە،دواتر ڕۆژوی ڕۆژی عاشورا ودواتر ڕۆژوگرتنی ٣ ڕۆژ لە هەموو مانگێك،کە گۆڕدران بە ڕۆژوی فەرزی ڕەمەزان،دواتر حوکمی زەکات بۆچارەکی دەیەك،دواتر پشتکردنە بێ باوەڕان و دواتر لێخۆشبوون لێیان.

بەشەکانی ((مەنسوخ)) حوکمە هەڵگیراوەکان

مەنسوخەکان لە قورئانی پیرۆزدا دەکرێنە سێ بەشەوە وەک لای خوارەوە:

بەشی یەکەم: ئەوەی کە ((وتن و حوکم))ەکەی هەڵگیراون و لابراون یان گۆڕدراون وەک لابردن و هەڵگرتنی حوکمی ١٠جار شیرپێدان لە حەدیسی خاتوو عائیشەدا((د.خ)) : ((**وقالت عائشة رضي الله عنها: (كان مما أنزل القرآن عشر رضعات معلومات يحرمن ثم نسخ بخمس معلومات، فتوفي النبي ﷺ والأمر على ذلك**)). کە وتویەتی : ((کاتێک لە قورئاندا ١٠ جار شیردان بە منداڵ بە ئاشکرا دابەزی کە ئیدی حەرام دەبێت،دواتر بەپێنج شیرپێدان ئەو حوکمە هەڵوەشێنرایەوە)).

بەشی دووەم: ئەوەی کە ((حوکم))ەکەی هەڵوەشێنرایەوە بەڵام ((وتن))ەکەی وەکو خۆی ماوەتەوە.

جا حیکمەتی هەڵگرتنی ((حوکم بەبێ وتن)): بۆئەوەی خێر و پاداشتی خوێندنەوە و بیرهێنانەوەی ئومەت بمێنێتەوە بە حیکمەتی هەڵگرتن و سڕینەوە، جا ئەم جۆرە لە قورئاندا زۆرە و نمونەکەشی هەردوو ئایەتی سەبرگرتنە لەبەرامبەر دوژمندا. ئایەتی ژمارە ((٦٥))لە سورەتی الانفال دا: ((**يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى الْقِتَالِ إِن يَكُن مِّنكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّائَةٌ يَغْلِبُوا أَلْفًا مِّنَ الَّذِينَ كَفَرُوا بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَفْقَهُونَ**)).

بەشی سێیەم : ئەوەی کە ((وتن))ەکەی لابراوە و هەڵگیراوە و ((حوکم))ەکەی ماوەتەوە ،جا حیکمەتی لابردن و هەڵگرتنی ((وتن بەبێ حوکم))، تاقیکردنەوەیەکە بۆ ئومەتی پەیامبەر لە کارکردن بەوەی کە وتنەکەی نابینن لە قورئاندا،و وەدیهێنانی باوەڕیان بەوەی کە لەلایەن خوداوە دابەزیوە،لە نموونەی ئایەتی ڕەجم ژمارە ((١ و ٢)) لە سورەتی النور :

((**سُورَةٌ أَنزَلْنَاهَا وَفَرَضْنَاهَا وَأَنزَلْنَا فِيهَا آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ لَّعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ۝ الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ وَلَا تَأْخُذْكُم بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ**

تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا ...)).

ئەوەی لەلایەن عومەری کوڕی خەتابەوە((خوای لێ ڕازیبێت)) جێگیرکراوە و پشتڕاستکراوەتەوە کە وتویەتی : ((کاتێك ئایەتی ڕەجم دابەزیە خوارەوە خوێندمانەوە و عەقڵمان گرتی و تێگەیشتین و پەیامبەریش کاری ڕەجمی ئەنجامدا وئێمەش دوای ئەو ڕەجمان ئەنجامدا،ترسام لەوەی کە بە تێپەڕبوونی کات لەناو خەڵکدا دڕێژەبکێشێت و کەسێك بڵێت :وەڵاهی ڕەجمکردن لە قورئاندا نابینین، سەریان لێتێکبچێت و فەرزێك تەرك بکەن کە خودای گەورە دایبەزاندبێت،جا ڕەجمکردنی زیناکار لە قورئاندا ڕاستیە و هەقە ،ئەگەر ژن وپیاوێکی هاسەر و بەڵگەیان لەسەر گیرا یان دووگیانی ڕوویدا یان خۆیان دانیانپێدانا)).

حیکمەت و سوودە بەردەوامەکانی ((نەسخ))کردنەوە بۆبەردەوامی مرۆڤایەتی و کارکردن پێی وەك:

- **حیکمەتی نەسخکردنەوە لە حوکمی هەرە سووکەوە بۆ هەرە قورس:** بریتیە لە تاقیکردنەوەی بەندەکان لە ڕاستگۆیی بڕواکەیان و ئاستی ئامادەبوونی لەبەردەم خودادا و زیاترکردنی خێر و پاداشت کە ئەمە لایەنە باشەکەی ناسخە لەسەر مەنسوخ،نموونەش لەسەر ئەوە،نەسخکردنی ڕۆژووی عاشورایە بە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان.
- **حیکمەتی نەسخکردن لە حوکمی هەرە قورسەوە بۆ هەرە سووك:** لەسەر بەندەکانی خودا و ئاسانکردنە لەسەری کە ئەمەش لایەنە باشەکەیە لە ناسخ لەسەر مەنسوخدا ودەرخستنی نیعمەتەکانی خودایە لەسەر بەندەکان و بیرخستنەوەیەتی پێی، هەروەها سوپاسی خودا دەکات لەسەر ئەوە ودواتریش پاداشتەکەی زیاتر دەکات، بیرخستنەوەش بە مانەوەی خوێندنەوەی مەنسوخەکە بەهێزتردەکات وپاداشتێکی گەورە دەبێت لەخودی خوێندنەوەکە، نموونەکەشی: نەسخکردنی نەخواردن و سەرجێی نەکردنە لە ڕەمەزاندا لەدوای

نوێژی خەوتنان بە رێگەپێدانیان تا پێش بانگی بەیانی،هەروەها ئایەتی سەبرگرتنە بەڕووی دوژمناندا کە ئایەتی دووەم ئایەتی یەکەمی نەسخکردۆتەوە کە قورستر بوو.

- **حیکمەتی نەسخکردن پێش کارکردن بە مەنسوخەکەی:** وەک لە ئایەتی النجوی دا هاتووە ((**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَاجَيْتُمُ الرَّسُولَ فَقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَةً ذَٰلِكَ خَيْرٌ لَكُمْ وَأَطْهَرُ فَإِنْ لَمْ تَجِدُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ**)) کە بریتیە لە تاقیکردنەوە لەسەر بڕوابوون پێی و پاداشتکردن لەسەری و لەسەر نیەتی کارکردن پێی.
- **حیکمەتی نەسخکردنی خوێندنەوە و هێشتنەوەی حوکمەکەی:** بریتیە لە تاقیکردنەوەی نەفس لە پەرستن و ملکەچکردن و جێبەجێکردنی ئەو حوکمە لەگەڵ ئەوەی کە گومانداڕە.
- **بۆ بەرزبونەوە لە تەشریعکردندا :** کە سونەتێکی خوداییە کە چارەسەری سروشتی نەفسی مرۆڤایەتی دەکات بۆ هاندانی بەرەو مەبەستە شەرعیەکان و ئامادەکردنی بۆی وبەسیاسیکردنی ئومەت وکۆمەڵگای ئیسلامی،نموونەکەشی وەک ئەوەی کە بە سێ قۆناغ حوکم لەسەر قەدەغەکردنی خواردنەوەی مەی درا تا لە سێیەم جاردا بە تەواوەتی حەرام و قەدەغە کرا.
- **خۆشکردن و دڵخۆشکردنی دەروونی پەیامبەر(د.خ):** ئەوەش لەوەدا دەردەکەوێت کە ڕەزامەندبوو لە گۆڕینی قیبلە لە بەیتولمەقدسەوە بۆ کەعبەی پیرۆز.
- **بەگشتی نەسخکردنەوە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی بەندەکانی تیادایە:** کە ئەوەش بەسروشتی خۆی جیاوازدەبێت لە کاتێک بۆ کاتێکی تر و لە دۆخێک بۆ دۆخێکی تر.

ئەو ئایەتانەی کە
گلەیی یان سەرزەنشتیان لە پەیامبەر کردوە

خودای گەورە دەفەرموێت : ((**وَإِنْ كادُوا لَيَفْتِنُونَكَ عَنِ الَّذِي أَوْحَيْنا إِلَيْكَ لِتَفْتَرِيَ عَلَيْنا غَيْرَهُ وَإِذاً لاتَّخَذُوكَ خَلِيلًا** (٧٣) **وَلَوْلا أَنْ ثَبَّتْناكَ لَقَدْ كِدْتَ تَرْكَنُ إِلَيْهِمْ شَيْئًا قَلِيلًا** (٧٤) **إِذاً لَأَذَقْناكَ ضِعْفَ الْحَياةِ وَضِعْفَ الْمَماتِ ثُمَّ لا تَجِدُ لَكَ عَلَيْنا نَصِيرًا** (٧٥) .}

لە قورئانی پیرۆزدا لەچەند سورەت و ئایەتێکی جیاوازدا خودای گەورە نەرمە ڕەخنە و گلەیی تەنانەت سەرزەنشتکردنی ئاڕاستەی پەیامبەری ئازیزمان کردوە((د.خ)) هەرچەندە دووڕە لەهەڵە و کەموکوڕی((مصوم)) بە حوکم و بەڵگە کە لەهەموان تەواوتر و باشترە.ئەم سەرزەنشتکردنانەی خوداش بەشێوەیەکە کە خۆشەویستی ونەرمی پێوەدیارە دوور لە تاوانبارکردن و تۆمەتبارکردن ،کە خۆی دەبینێتەوە لە نێوان نەکردنی تەواو و فەرمانێك کە پێویستە جێبەجێبکرێت، لەنێوان نەرمی و تونديدا کە بەهیچ شێوەیەك و بۆ تەنها زەڕەیەکیش کەمکردنەوەی تیادا نیە لە پێگەی پەیامبەر((د.خ)) لەلای خودای گەورە.لەسەر هەندێك هەڵوێست وگوتار یان کردار کەنیەتی پێشوەختە و دوودڵی و ساردبونەوەی پەیامبەر نەبوە بۆ بانگەزەکەی و بلاوکردنەوەی دینەکەی،بەڵکو زۆر جاران لە پەرۆشی و خەمخۆرییەوە بوە بۆ کار و مەبەستێکی گەورەتر.ئەوەتا دەبینین لە ١٢جێگە لە قورئانی پیرۆزدا ئەو جۆرە ئایەتانەمان بەرچاو دەکەوێت،وەك :

١. **لەبیرچوونی پەیامبەر بەوتنی((ان شاو الله))**

لە سورەتی الکهف ئایەتی((٢٣ و ٢٤)) : (**وَلَا تَقُولَنَّ لِشَاْىءٍ إِنِّي فَاعِلٌ ذلِكَ غَدًا**

(٢٣) إِلَّا أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ وَٱذْكُر رَّبَّكَ إِذَا نَسِيتَ وَقُلْ عَسَى أَن يَهْدِيَنِ رَبِّي لِأَقْرَبَ مِنْ هَـٰذَا رَشَدًا (٢٤)) .

٢. مۆڵەتدانی پەیامبەر بۆ دواکەوتوەکان لە شەڕی تەبوک

لە سورەتی التوبة ئایەتی((٤٣)): ((عَفَا ٱللَّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْ وَتَعْلَمَ ٱلْكَاذِبِينَ ﴿٤٣﴾.

٣. حەرامکردنی پەیامبەر لەو شتانەی کە خودا بۆی حەلاڵ کردوە

لە سورەتی التحریم ئایەتی((١)) : ((يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ)).

لێرەدا سەرزەنشتکردنێکی ئاشکرای تیادایە بەرامبەر بەپەیامبەر،لەسەر ئەوەی کە خودا هەرشتێك یان کارێکی بۆحەلاڵ کردبێت وپەیامبەر لەسەرخۆی حەرامی کردبێت.بەلاّم خودای گەورە ئەوەی لێخۆشبووە.

٤. هەڵوێستی پەیامبەر لە دزینی تووەمەی کوڕی ئەبیرق

لە سورەتی النساء ئایەتەکانی ((١٠٥ بۆ ١١٣)): ((إِنَّا أَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِتَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ بِمَا أَرَاكَ اللَّهُ وَلَا تَكُنْ لِلْخَائِنِينَ خَصِيمًا (١٠٥) وَاسْتَغْفِرِ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَحِيمًا (١٠٦) وَلَا تُجَادِلْ عَنِ الَّذِينَ يَخْتَانُونَ أَنْفُسَهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ مَنْ كَانَ خَوَّانًا أَثِيمًا (١٠٧) يَسْتَخْفُونَ مِنَ النَّاسِ وَلَا يَسْتَخْفُونَ مِنَ اللَّهِ وَهُوَ مَعَهُمْ إِذْ يُبَيِّتُونَ مَا لَا يَرْضَى مِنَ الْقَوْلِ وَكَانَ اللَّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطًا (١٠٨) هَا أَنْتُمْ هَؤُلَاءِ جَادَلْتُمْ عَنْهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا فَمَنْ يُجَادِلُ اللَّهَ عَنْهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَمْ مَنْ يَكُونُ عَلَيْهِمْ وَكِيلًا (١٠٩) وَمَنْ يَعْمَلْ سُوءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُ ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ اللَّهَ يَجِدِ اللَّهَ غَفُورًا رَحِيمًا (١١٠) وَمَنْ يَكْسِبْ إِثْمًا فَإِنَّمَا يَكْسِبُهُ عَلَى نَفْسِهِ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا (١١١)وَمَنْ يَكْسِبْ خَطِيئَةً أَوْ إِثْمًا ثُمَّ يَرْمِ بِهِ بَرِيئًا فَقَدِ احْتَمَلَ بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًا (١١٢) وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكَ وَرَحْمَتُهُ لَهَمَّتْ طَائِفَةٌ مِنْهُمْ أَنْ يُضِلُّوكَ وَمَا يُضِلُّونَ إِلَّا أَنْفُسَهُمْ وَمَا

يَضُرُّونَكَ مِنْ شَيْءٍ وَأَنْزَلَ اللَّهُ عَلَيْكَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَكَ مَا لَمْ تَكُنْ تَعْلَمُ وَكَانَ فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكَ عَظِيمًا (١١٣) .

٥. هاوسەرگیریکردنی پەیامبەر لەگەڵ زەینەبی کچی جەحشدا

لە سورەتی الاحزاب ئایەتەکانی ((٣٧)) : ((إِذْ تَقُولُ لِلَّذِي أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَاتَّقِ اللَّهَ وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَاهُ فَلَمَّا قَضَى زَيْدٌ مِنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَاكَهَا لِكَيْ لَا يَكُونَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِي أَزْوَاجِ أَدْعِيَائِهِمْ إِذَا قَضَوْا مِنْهُنَّ وَطَرًا وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ مَفْعُولًا (٣٧))).

٦. فەرمانکردن بە پەیامبەر بە مانەوەی لەگەڵ بڕوادارانو بێدەسەلاتاندا

لە سورەتی الانعام ئایەتی ((٥٢)): ((ولا تطرد الذين يدعون ربهم بالغداة والعشي يريدون وجهه ما عليك من حسابهم من شيء وما من حسابك عليهم من شيء فتطردهم فتكون من الظالمين)) .

٧. سەرزەنشتکردنی پەیامبەر دەربارەی ((عەبدولاّی کوڕی ئوم مەکتوم))

لە سورەتی عەبس ئایەتەکانی ((١ بۆ ١٣)): ((عَبَسَ وَتَوَلَّى (١) أَن جَاءَهُ الأَعْمَى (٢)وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُ يَزَّكَّى (٣) أَوْ يَذَّكَّرُ فَتَنفَعَهُ الذِّكْرَى (٤) أَمَّا مَنِ اسْتَغْنَى (٥) فَأَنتَ لَهُ تَصَدَّى (٦) وَمَا عَلَيْكَ أَلاَّ يَزَّكَّى (٧) وَأَمَّا مَن جَاءَكَ يَسْعَى (٨) وَهُوَ يَخْشَى (٩) فَأَنتَ عَنْهُ تَلَهَّى (١٠) كَلاَّ إِنَّهَا تَذْكِرَةٌ (١١ فَمَن شَاء ذَكَرَهُ (١٢) فِي صُحُفٍ مُّكَرَّمَةٍ (١٣)))

٨. سەرزەنشتکردنی پەیامبەر تایبەت بە دیلەکانی شەڕی بەدر

لە سورەتی الانفال ئایەتەکانی ((٦٧ بۆ ٦٨)): ((مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَنْ يَكُونَ لَهُ أَسْرَى حَتَّى يُثْخِنَ فِي الْأَرْضِ تُرِيدُونَ عَرَضَ الدُّنْيَا وَاللَّهُ يُرِيدُ الْآخِرَةَ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ(٦٧) لَوْلَا كِتَابٌ مِنَ اللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمْ فِيمَا أَخَذْتُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ (٦٨).

٩. جێگیربوونی دڵ وەدەرووونی پەیامبەر بەرامبەر موزایەدەی کافرەکان

لە سورەتی الاسراء ئایەتەکانی ((٧٣ بۆ ٧٥)): ((**وَإِنْ كادُوا لَيَفْتِنُونَكَ عَنِ الَّذِي أَوْحَيْنا إِلَيْكَ لِتَفْتَرِيَ عَلَيْنا غَيْرَهُ وَإِذاً لاتَّخَذُوكَ خَلِيلًا** (٧٣) **وَلَوْلا أَنْ ثَبَّتْناكَ لَقَدْ كِدْتَ تَرْكَنُ إِلَيْهِمْ شَيْئًا قَلِيلًا** (٧٤) **إِذًا لَأَذَقْناكَ ضِعْفَ الْحَياةِ وَضِعْفَ الْمَماتِ ثُمَّ لا تَجِدُ لَكَ عَلَيْنا نَصِيرًا** (٧٥)}.

١٠. نوێژکردنی پەیامبەر لەسەر گەورەی دووڕووەکان ((عەبدوڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول))

لە سورەتی التوبة ئایەتەکانی ((٨٤)): ((**وَلَا تُصَلِّ عَلَى أَحَدٍ مِّنْهُم مَّاتَ أَبَدًا وَلَا تَقُمْ عَلَى قَبْرِهِ إِنَّهُمْ كَفَرُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِ وَمَاتُواْ وَهُمْ فَاسِقُونَ**)).

١١. دوورکەوتنەوەی پەیامبەر لە ژنەکانی و پێدانی بژاردە لەنێوان دونیا و ڕۆژی دواییدا

لە سورەتی الحاقة ئایەتەکانی ((١)): ((**يَأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ**)).

١٢. دەستوەردانی شەیتان لە ئاوات و ویستی پەیامبەردا

لە سورەتی الحج ئایەتی ((٥٢)): ((**وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ وَلَا نَبِيٍّ إِلَّآ إِذَا تَمَنَّى أَلْقَى ٱلشَّيْطَانُ فِي أُمْنِيَّتِهِ فَيَنسَخُ ٱللَّهُ مَا يُلْقِي ٱلشَّيْطَانُ ثُمَّ يُحْكِمُ ٱللَّهُ آيَاتِهِ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٥٢﴾**)).

****

****

***

*

موعجیزە ((پەڕچوو))ی زانستی لە قورئاندا

مەبەست لە ئیعجازی زانستی قورئان چییە؟

مەبەست لێی بریتیە لە هەواڵدانی قورئان دەربارەی ڕاستیە زانستیەکان کە بۆ مرۆڤایەتی نەزانراو بوون لەکاتی دابەزینی قورئانی پیرۆزدا بۆ سەر پەیامبەری ئازیزمان موحەمەد(د.خ)، زانستیش ئەو ڕاستیانەی نەدۆزیەوە تا سەردەمانی ئەمڕۆمان.

جا ئەم ئیعجازە زانستیانەش دادەنرێن بە بەڵگەیەک لەسەر ئەوەی کە موحەمەد (د.خ) پەیامبەری نێردراوە لەلایەن خودای گەورەوە،لەکاتێکدا کە پەیامبەر کەسێکی نەخوێندەوار بوە و نوسین و خوێندنەوەی نەزانیوە کە ئەمەش ڕاستی پەیامبەرێتی دەردەخات.

قورئانی پیرۆزیش وتە وفەرمودەی خودای گەورەیە: ﴿وَإِنْ أَحَدٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّى يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا يَعْلَمُونَ﴾ (التوبة: ٦).

قورئانی پیرۆز بەنزیکەیی لە ٧٥٠ ئایەتدا باسی لە مەسەلە قوڵە زانستیەکان کردوە، بەشێك لە ڕاستیە زانسیەکانی باسکردوە وەك مەسەلە گشتیەکان و لەهەندێکیشدا چوێتە وردەکاریەکانەوە،جا ئەو ئایەتانە بە کۆی گشتیان بریتین لە یەکێك لەبوارەکانی ئیعجازی زانستی قورئان کە لەم سەردەمەی ئێستاماندا دەردەکەون،کەتاك وکۆمەڵگاکان بڕوایان بە زانست هەیە،و ئاستی پێشکەوتن و داهێنانی زانستی گەلانیشی پێدەپێورێت.

ئاشکرایە کە قورئانی پیرۆز بریتی نیە لە کتێبێکی پزیشکی یان ئەندازەیی یان کشتوکاڵی یان زانستە ئەزمونیەکانی تر،بەڵام بەشێك لەو زانستانەی لەخۆگرتوە، بۆئەوەی ببێتە بەڵگەیەك لەسەر ئەوەی کە قورئان فەرمودەی خودای گەورەیە کە دابەزیوەتە سەر بەندەکەی خۆی موحەمەد(د.خ).

- **گرنگی ئیعجازی زانستی لە سەردەمی ئێستادا**

لەم سەردەمەی ئێستاماندا کەسانێکی زۆر پێویستیان بە بڕواپێهێنانی زانستی هەیە،بۆئەوەی ئیسلامبونیان تەواوبێت و دڵ وەرونیشیان زیاترجێگیر بێت، لەکاتێکدا زانست پێشکەوتنی سەرسوڕهێنەری بەخۆوە بینیوە کە زۆرێك لەخەڵکی سەرسام کردوە،و بیروباوەڕی زۆرێکیشی لەرزۆك کردوە بەتایبەتی ئەوانەی کە باوەڕیان لە بنچینەدا لاواز و لەرزۆك بووە،ئەو کەسانە وادەزانن کە عەقڵ توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە،بەڵام پێویستبوو لەسەر ئەو کەسانە لەڕێگەی ئەو دۆزینەوانەوە زیاتر بیروباوەڕیان بە خودای گەورە بچەسپایە، چونکە زانست تەنها هۆکارێکی گرنگە بۆ قوڵبونەوەی باوەڕبوون بە خودای گەورە.خودای گەورە دەفەرموێت : ﴿ سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنْفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ ﴾ (فصلت: ٥٣).

- **لەخوارەوە بەکورتی باس لە هەندێك لەو ئیعجازە زانستیانەی ناو قورئانی پیرۆز دەکەین:**

١. یەکێتی گەردوون

بیردۆزە زانستیە نوێکان دەڵێن: زەوی بەشێکبوە لە کۆمەڵەی خۆر و دواتر لێی جیابۆتەوە و ساردبۆتەوە و گونجاو بوە بۆ ژیانی مرۆڤەکان،بەڵگەش بۆ ڕاستی بیردۆزەکەیان دەهێننەوە بە بوونی گڕکانەکان و کەرەستە گڕگرتوەکان لەناو ناخی زەویدا،زەویش ناوبەناو ئەو پشکۆ و ئاگرانە فڕێ دەداتە دەرەوە لە کەرەسەتە گڕکانیە تواوەکان.جا ئەو بیردۆزە نوێیە دەگونجێت لەگەڵ ئەو ئایەتەی کەلە قورئانی پیرۆزدا هەیە و خودای گەورە دەفەرموێت : ﴿ أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴾ (الأنبياء: ٣٠).

٢. دروستبوونی گەردوون

زانای گەردووناس(جینز) دەڵێت:مادەی گەردوون لەسەرەتادا بەشێوەی غازێکی بلاوبۆوە بوە بەشێوەیەکی ڕێکخراو،کۆمەڵە گەردونیەکانیش لە ئەنجامی چڕبوونەوەی ئەو غازەوە دروستبوون.

دکتۆر ((جامبۆ)) دەڵێت : گەردوون لەسەرەتای دروستبونیەوە پڕ بوە لە غاز کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو دابەشبوە،ئیدی لێیەوە کردارەکانی دروستبونی زەوی ڕوویانداوە.

جا ئەو بیردۆزانە لە قورئانی پیرۆزدا پشتیوانیان بۆ دەبینینەوە،خۆئەگەر قورئان ئەو هەواڵەی پێنەدایناید ئەوا ئەو بیردۆزەیەمان ڕەتدەکردەوە،خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ **ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ** ﴾ (فصلت: ١١).

لێرەدا قورئانی پیرۆز پێماندەڵێت کە سەرچاوەی ئەو گەردوونە بریتی بوە لە دوکەڵ ((ئەوشتەی کەهەرەبی ئەوسەردەمە لێی تێگەیشتوون))،ئەم ڕاستیە زانستیە پێش١٤٠٠ ساڵ لەقورئاندا دابەزیوەتە سەر پەیامبەرێکی نەخوێندەوار. لەکاتێکدا خەڵکی ئەو سەردەمە هیچ زانیاریەکیان نەبوە دەربارەی گەردوون.

٣.شێوەی زەوی

سوڕانەوەی زەوی هاواردەکات بە ئیعجاز لە دەرخستنی:هاتنی شەو بەسەر ڕۆژدا،ئەوەی ئاشکرایە کە زەوی تۆپێکی تەواو خڕ نیە،بەڵکو هێلکەییە، لەلایەکی تریشەوە زانستی نوێ سەلماندویەتی کە ڕێژەی نێوان هەردوو تیرەی زەوی ڕاستەوانە کەمدەکات،ئەوەش قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێداوە کە زەوی لە کەنارەکانیەوە کەم دەکات و خودای گەورە دەفەرموێت : ﴿ **بَلْ مَتَّعْنَا هَؤُلَاءِ وَآبَاءَهُمْ حَتَّى طَالَ عَلَيْهِمُ الْعُمُرُ أَفَلَا يَرَوْنَ أَنَّا نَأْتِي الْأَرْضَ نَنْقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَا أَفَهُمُ الْغَالِبُونَ** ﴾ (الأنبياء: ٤٤).

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ يُكَوِّرُ اللَّيْلَ عَلَى النَّهَارِ وَيُكَوِّرُ النَّهَارَ عَلَى اللَّيْلِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُسَمًّى أَلَا هُوَ الْعَزِيزُ الْغَفَّارُ﴾ [الزمر: ٥].

٤. **جولّەی زەوی**

گەلێك ئایەتی قورئان بە وێناکردنێکی وردەوە ئاماژە دەدەن بۆ جولّەی بەردەوامی سوڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا،بۆ نموونە وەك هاتنی شەو بەسەر ڕۆژدا،یان فەرموودەی داماڵینی ڕۆژ لە شەوەوە،واتا هێواش هێواش جولّەی زەوی پێ دروستدەبێت،هەروەها ئەو ئایەتەی کە شەو و ڕۆژ لەگەڵ هەریەکە لە خۆر و مانگدا کۆدەکاتەوە لە میانەی قسەکردن دەربارەی سوڕانەوە ومەلەکردن لە نێوان خولگەکاندا،هەریەکە لە خولگەی خۆیدا وپەرۆشی بەردەوامی شەو و ڕۆژ بەدوایدا،هەندێ لە زاناکان وایدەبینن کە فەرموودەی خودای ڕۆژهەلّات و ڕۆژئاواکان ڕێکدەکەوێت لەگەڵ جولّەی زەویدا، بەشێوەیەك لەهەر چرکەیەکدا جێگەیەکی نوێ هەیە بۆ هەلّاتن و ئاوابوونی ڕۆژ تیایدا.

خودای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَأَوْرَثْنَا الْقَوْمَ الَّذِينَ كَانُوا يُسْتَضْعَفُونَ مَشَارِقَ الْأَرْضِ وَمَغَارِبَهَا الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ الْحُسْنَى عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ بِمَا صَبَرُوا وَدَمَّرْنَا مَا كَانَ يَصْنَعُ فِرْعَوْنُ وَقَوْمُهُ وَمَا كَانُوا يَعْرِشُونَ ﴾ (الأعراف: ١٣٧).

هەروەها خودای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴾ (الأنبياء: ٣٣).

٥. **شاخەکان زەوی جێگیر دەکەن**

خودای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَأَلْقَى فِي الْأَرْضِ رَوَاسِيَ أَنْ تَمِيدَ بِكُمْ ﴾ (لقمان: ١٠).

ئەو ئایەتانە ڕۆڵی شاخەکانمان بۆ دەردەخەن تایبەت بە زەویەوە،خودای گەورە کردونیەتیە جێگیرکەری زەوی تا تێکنەچێت،وەك میخ وان کە چۆن چادر

ڕادەگرن و ڕێگەنادەن بکەوێت،زاناکان درێژبونەوەی شاخەکانیان لە ژێر زەویدا تێبینی کردوە کە بەرزیەکانیان زیاترە لە بەرزیەکانیان لەسەر زەوی،کە بەو شێوەیە شاخەکان دەتوانن ڕۆڵی جێگیرکەری زەوی ببینن،هەروەک چۆن میخەکان ڕۆڵی جێگیربوون و ڕاگرتنی چادرەکان دەبینن.

٦. خۆر

زانستی نوێ ڕاستی موعجیزەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دەردەخات کە وەصفی خۆر دەکات بە سیفەتی گەرمی وەک ڕاقەکارانی دێرین ئاشکرایان کردوە،لەبەرئەوەی دروستبوونیەکی ڕۆشن و گڕاوی و پرشنگداربوە،کە پلەی گەرمیەکەی دەگاتە هەزاران پلە بەبەراوورد بە مانگی پرشنگداری سارد کە ڕۆڵەکەی تەنها ڕۆڵی ئاوێنەیەکی تیشکدەرەوە دەبینێ،وەک قورئانی پیرۆز ئاماژە بە سوڕاونەوە بەردەوامەکەی دەدات بە یەک ئاڕاستەی دیاریکراو(کە جێگیرکراوە بە خێرایی ١٥٠٠کم لە چرکەیەکدا) بەبەراوورد بە ئەستێرەکانی دەوروبەری بە ئاڕاستەیەک کە ناودەبرێت بە ئەستێرەی جاثی((کە ئەستێرەیەکی سووری گەورەیە و دەکەوێتە نیوەی گۆی ئاسمانی باکورەوە)) کە دەکەوێتە ناوچەی لاری نزیکەی ١٠ پلە بۆ باشوری ڕۆژئاوا لە ئەستێرەی پرشنگدار کە ناودەبرێت بە هەڵۆی کەوتوو.

خودای گەورە دەفەرموێت : ﴿ **تَبَارَكَ الَّذِي جَعَلَ فِي السَّمَاءِ بُرُوجًا وَجَعَلَ فِيهَا سِرَاجًا وَقَمَرًا مُنِيرًا** ﴾ (الفرقان: ٦١).

هەروەها خودای گەورە دەفەرموێت : ﴿ **وَالشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرّ لَهَا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ** ﴾(يس: ٣٨).

هەروەها دەفەرموێت:﴿ **وَبَنَيْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعًا شِدَادًا *وَجَعَلْنَا سِرَاجًا وَهَّاجًا** ﴾ (النبأ: ١٢، ١٣).

٧. مانگ

زانستی نوێ هەندێك پاستی دەربارەی مانگ ئاشکراکردوە وەك زانستی گەردوونناسی:کە بریتیە لە تەنێکی ساردی پێچەوانەکەرەوەی ڕوناکی،جیاواز لە دۆخی خۆری تیشکدەر،قەوارەکەی بچوکترە لەخۆر،سەرەڕای ئەوەی کە وادەبینرێت گەورەیە،شێوەشی وەك بۆمان دەردەکەوێت دەگۆڕێت لە مانگی یەك شەوەوە بۆ مانگی چواردە بەپێی جێگە ڕێژەییەکەی لە خولگەکەیدا بۆ خۆر و مانگ.

خودای گەورە دەفەرموێت : ﴿ **هُوَ الَّذِي جَعَلَ الشَّمْسَ ضِيَاءً وَالْقَمَرَ نُورًا وَقَدَّرَهُ مَنَازِلَ لِتَعْلَمُوا عَدَدَ السِّنِينَ وَالْحِسَابَ مَا خَلَقَ اللَّهُ ذَٰلِكَ إِلَّا بِالْحَقِّ يُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ** ﴾ (یونس: ٥).

هەروەها دەفەرموێت:﴿ **وَالْقَمَرَ قَدَّرْنَاهُ مَنَازِلَ حَتَّىٰ عَادَ كَالْعُرْجُونِ الْقَدِيمِ** ﴾ (یس: ٣٩).

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ **وَجَعَلَ الْقَمَرَ فِيهِنَّ نُورًا وَجَعَلَ الشَّمْسَ سِرَاجًا** ﴾ (نوح:١٦).

٨. شەو و ڕۆژ

خەوتن نیشانەیەکی خودای گەورەیە لە دروستکراوەکانیدا،خودای گەورە شەوی کردۆتە کاتی پشوودان و خەو،ئەوەش لە چەند ئایەتدا دووبارە دەکاتەوە، پزیشکی نوێش دەریخستوە کە کۆئەندامی دەمار دابەشدەبێتە دوو بەشەوە:پاراسمپتاوی:کە شەو کاردەکات و ئارامی ودڵنەوایی دەردەکات،و فشاری خوێن ئارامدەکاتەوە لەگەڵ لێدانی دڵدا،هەڵدەستێت بە هەڵگرتنی وزەش، لەکاتێکدا سەمپتاوی لە ڕۆژدا چالاك دەبێت کە بەرپرسیارە لە چالاکی و جوڵە و بەکارهێنانی وزە،فشاری خوێن بەرزدەکاتەوە و ڕاڕایی و لێدان زیاد دەکات،لەبەرئەوە خودای گەورە بەردەوام هیدایەتی داوە بە فیترەت،ئایا دەزانیت کە دروستی کردوە؟

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ لِتَسْكُنُوا فِيهِ وَالنَّهَارَ مُبْصِرًا إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَسْمَعُونَ ﴾ (يونس: ٦٧).

٩. **ئەستێرە کشاوەکان (نەیزەکەکان)**

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَأَنَّا لَمَسْنَا السَّمَاءَ فَوَجَدْنَاهَا مُلِئَتْ حَرَسًا شَدِيدًا وَشُهُبًا *وَأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَاعِدَ لِلسَّمْعِ فَمَنْ يَسْتَمِعِ الْآنَ يَجِدْ لَهُ شِهَابًا رَصَدًا ﴾ (الجن: ٨، ٩).

قورئانی پیرۆز لەم ئایەتەدا زۆر بە وردی ڕاستی ئەستێرە کشاوەکان (نەیزەکەکان) دەردەخات،کە مرۆڤ لە ئێستادا پەی پێبردوە،کە دروستدەبێت لە ئەنجامی جوڵەی خێرای تەنە مادیەکانەوە لە ناو بۆشای دەوری زەویدا.

﴿ إِلَّا مَنْ خَطِفَ الْخَطْفَةَ فَأَتْبَعَهُ شِهَابٌ ثَاقِبٌ ﴾ [الصافات: ١٠]، ئەم ئایەتەش ئاماژە بە ڕاستیەکی گەردوونی سەرسوڕهێنەر دەکات،پڕبوونی بۆشایی بە ئەستێرە کلکدارەکان(نەیزەکەکان)،بەشێوەیەك گریمانە دەکرێت کە ڕۆژانە هەزاران ملیۆن لەو ئەستێرانە بێنە ناو بەرگە هەوای زەویەوە بەخێراییەك کە دەگاتە ٧٢کم لە چرکەدا(بۆ نەیزەکێك کە کێشکەی ١ ملیگرام بێت).کە تەنها بە تەلسکۆب دەبینرێن،بەخێرایش دەبنە هەڵم بەهۆی بەریەککەوتن و لێخشاندنیان لەگەڵ هەوادا.هەشیانە بەچاو دەبینرێت.

١٠. **کەمکردنی ئۆکسجین لە چینە بەرزەکانی بۆشایدا**

زانستی نوێ ئەوەی ئاشکرا کردوە کە غازی ئۆکسجین لە چینە بەرزەکانی هەوادا کەمدەکات لەکاتی بەرزبونەوەی مرۆڤدا بۆ سەرەوە،لەوکاتەدا مرۆڤ هەست بە تەنگەنەفەسی وگران هەناسەدان دەکات، خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَمَنْ يُرِدِ اللَّهُ أَنْ يَهْدِيَهُ يَشْرَحْ صَدْرَهُ لِلْإِسْلَامِ وَمَنْ يُرِدْ أَنْ يُضِلَّهُ يَجْعَلْ صَدْرَهُ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِي السَّمَاءِ ﴾ [الأنعام: ١٢٥].

١١. دابەشکردنی گەردیلە

زاناکان تا سەدەی نۆزدەهەمیش لەو بڕوایەدا بوون کە بچوکترین بەش لە تۆخمەکان بریتیە لە گەردیلە،دواتر بۆیان دەرکەوت کە گەردیلەش پێکدێت لە بەشی بچوکتر لەخۆی: ١. پڕۆتۆن ٢. نیۆترۆن ٣. ئەلکترۆن،بەهۆی ئەو بەشانەوە توانیان کە بۆمبی ئەتۆمی و هایدرۆجینی دروستبکەن. خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَا يَعْزُبُ عَنْ رَبِّكَ مِنْ مِثْقَالِ ذَرَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي السَّمَاءِ وَلَا أَصْغَرَ مِنْ ذَلِكَ وَلَا أَكْبَرَ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُبِينٍ ﴾ [يونس: ٦١].

١٢. دیاردەی هاوسەنگبوون

زانستەکان دەریانخستوە کە دیاردەی هاوسەنگی ورد کۆنترۆڵی هەموو سیستەمە سروشتی و کیمیاویی و بایۆلۆجیەکان دەکات،بەهەمان شێوە شانشینە ئاژەڵیەکانیش،جا وشکانی بێت یان دەریایی ، هەروەها باڵندە و مێروەکانیش، ئەوا مان و نەمانیان لەلایەن هاوسەنگی ڕاگرتنێکی وردەوە بەڕێوەدەچێت کە لەنێوان خۆی و دیاردە کەشوهەوایی و جیۆلۆجی و ڕوەکیەکان پێکەوە دەبەستێت،جا ئەو هاوسەنگیە بەهەمان شێوە بوونی هەیە لە پێکهاتەی جەستەی مرۆڤیشدا بەشێوەیەک تێکچوونی هەر تۆخمێک لە تۆخمە پێکهاتەکانی دەبێتە تێکچوونی تەندروستی مرۆڤ،ئەو هاوسەنگیەش بەشێوەیەکی زۆر ورد خودای گەورە لە ئایەتێکدا ڕوونیدەکاتەوە:

(١) ﴿اللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَحْمِلُ كُلُّ أُنْثَى وَمَا تَغِيضُ الْأَرْحَامُ وَمَا تَزْدَادُ وَكُلُّ شَيْءٍ عِنْدَهُ بِمِقْدَارٍ ﴾ (الرعد: ٨).

(٢)﴿ وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا عِنْدَنَا خَزَائِنُهُ وَمَا نُنَزِّلُهُ إِلَّا بِقَدَرٍ مَعْلُومٍ ﴾ (الحجر: ٢١).

(٣)﴿ وَأَنْزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً بِقَدَرٍ فَأَسْكَنَّاهُ فِي الْأَرْضِ وَإِنَّا عَلَى ذَهَابٍ بِهِ لَقَادِرُونَ ﴾ [المؤمنون: ١٨].

١٣. **بوونی ((دووانە // نێر و مێ)) لە هەموو شتێکدا**

زاناکان لەو باوەڕەدابوون کە بوونی دووانەیی((نێر و مێ)) بوونی نیە تەنها لە دوو جۆر مرۆڤ و ئاژەڵدا نەبێت، زانستی تازە هات و ئەو ڕاستیەی دەرخست کە نێر ومێ لە ڕووەکەکانیشدا هەیە،هەروەها لە بێ گیانەکان و هەروەها لەهەموو گەردیلەیەک لە گەردیلەکانی گەردونیشدا،تەنانەت کارەباش موجەب وسالبی تیادایە،گەردیلەش پرۆتۆن ونیۆترۆنی تیادایە،خودای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَمِنْ كُلِّ شَيْءٍ خَلَقْنَا زَوْجَيْنِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴾ [الذاريات: ٤٩] .

١٤. **سوڕی ژیان**

بۆ هەموو بونەوەرێکی زیندوو،ئاژەڵ بێت یان ڕووەک،سوڕێکی ژیان هەیە کە کارلێک دەکات لەگەڵ خاک و ئاو و هەوادا،بونەوەرەکانی تریش،جا تێڕابمێنە لە ئاماژە گرنگەکانی دەرچوونی زیندوو لە مردوەوە،بۆ دەستپێک و دووبارەبونەوە، وەک زانستی نوێ سەلماندویەتی کە سوڕی ژیان لە مرۆڤدا بەهەمان شێوە پەیوەستە بە سوڕی توخمەکانی دەوروبەریەوە، لە زەوی کە توخمەکانی مرۆڤ پێکدێنێت،لەسەر بەرهەمەکانی دەخوات،و لەگەڵیدا کارلێک دەکات بەپێدان و وەرگرتن لێی لەکردارەکانی هەناسەدان و خواردن ودەرچوون و نوێبونەوەی خانەکان بەدرێژایی ژیانی،دواتریش شیدەبێتەوە لەناویدا دوای مردنی.خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ تُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَتُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَتُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَتُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَتَرْزُقُ مَنْ تَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴾ (آل عمران: ٢٧).

بەهەمان شێوە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَيُحْيِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَكَذَلِكَ تُخْرَجُونَ ﴾ [الروم: ١٩].

١٥. **بنی دەریا و زەریاکان**

بە بەکارهێنانی تەلسکۆبە وردەکان توێژینەوە نوێکان سەلماندویانە کە بنکی

دەریا و زەریاکان جێگیر و وەستاو نین،بەڵکو شەپۆلدەدەن بە شەپۆل و تەوژمێك کە تاریکتر و چڕترن وەك لەوەی لەسەر ڕووکانیان هەن،خودای گەورەش ڕاست دەفەرموێت کاتێك دەفەرموێت: ﴿ أَوْ كَظُلُمَاتٍ فِي بَحْرٍ لُجِّيٍّ يَغْشَاهُ مَوْجٌ مِنْ فَوْقِهِ مَوْجٌ مِنْ فَوْقِهِ سَحَابٌ ظُلُمَاتٌ بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْضٍ إِذَا أَخْرَجَ يَدَهُ لَمْ يَكَدْ يَرَاهَا وَمَنْ لَمْ يَجْعَلِ اللَّهُ لَهُ نُورًا فَمَا لَهُ مِنْ نُورٍ ﴾ [النور: ٤٠].

١٦. ئاوی سوێر تێکەڵ بە ئاوی شیرین نابێت

خودای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَهُوَ الَّذِي مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ هَذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ وَهَذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَحْجُورًا ﴾ (الفرقان: ٥٣).

زانستی نوێ سەلماندوویەتی کە ناتوانرێت کە ئاوی دەریا تێکەڵ بە ئاوی ڕووبار ببێت،چونکە دەبوە ئاوێکی زۆر سوێر،ئەوەش بە هۆی سیفەتی بلاوبونەوەی ڕووپۆشی(ئەسمۆزی)کەپاڵ دەنێت بەگەردەکانی ئاوە شیرینەکەوە بۆ بلاوبونەوە لەناو ئاوە سوێرەکەدا،نەك بە پێچەوانەوە،لەمیانەی ڕوویەکی جیاکەرەوە لەنێوانیاندا(ڕێگر یان جیاکەرەوە)،جا لەو بارەیەوە جێگەی ئامازە پێکردنە بۆ موعجیزەی مانەوەی ئاوی دەریا و زەریاکان بەبێ بەستن، بەشێوەیەك بەفری بەستوو دێتە ڕووی سەرەوەی ئاوەکان بۆئەوەی ئاوەکانی تر بپارێزێت لە بەستن،بەوەش ژیانی ماسی وبوونەوەرە زیندوەکان دەپارێزێت، بۆئەوەی کاری دەریاوانیش بەردەوامبێت،ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سیفاتێك کە خودای گەورە بەخشیویەتیە ئاو دوور لە هەموو مادەکانی تر بەشێوەیەك چڕیەکەی کەم دەکات(وەك مادەکانی تر زیاد ناکات) بەبەستن(چڕی بەفر کەمترە لە چڕی ئاوی شل).

١٧. پیتاندن بەهۆی ڕەشەباوە

زانستی نوێ سەلماندوویەتی کە هەوا هۆکارێکە بۆ گواستنەوەی توخمە

نێرینەکان بۆ مێینەکان لە دارخورما و هەنجیرو ...هتد.لە درەختە بەردارەکان. بەهۆی ڕەشەباوە،خودای گەورە دەفەرموێت :

﴿ وَأَرْسَلْنَا الرِّيَاحَ لَوَاقِحَ فَأَنْزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَسْقَيْنَاكُمُوهُ وَمَا أَنْتُمْ لَهُ بِخَازِنِينَ ﴾ [الحجر: ٢٢].

١٨. هەورەکان

زانستی نوێ سەلماندویەتی کە هەورەکان بارگەی موجەب و سالبیان تیادایەوە وبەوەش تەزووی کارەبا دروست دەبێت،جا کاتێك ڕەشەبا هەڵدەکات و پاڵیان پێوەدەنێت و پێکەوە کۆیان دەکاتەوە،ئەوا پزیسك دروستدەبێت کە دەبێتە هۆی هەورەبروسکە و باران بارین،ئەمەش ڕاستدێتەوە لەگەڵ دەقی ئایەتی قورئانی پیرۆزدا کە دەفەرموێت:

﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يُزْجِي سَحَابًا ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيْنَهُ ثُمَّ يَجْعَلُهُ رُكَامًا فَتَرَى الْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلَالِهِ وَيُنَزِّلُ مِنَ السَّمَاءِ مِنْ جِبَالٍ فِيهَا مِنْ بَرَدٍ فَيُصِيبُ بِهِ مَنْ يَشَاءُ وَيَصْرِفُهُ عَنْ مَنْ يَشَاءُ يَكَادُ سَنَا بَرْقِهِ يَذْهَبُ بِالْأَبْصَارِ ﴾ [النور: ٤٣].

١٩.ساڵنامەی هەتاوی و مانگی

جیاوازی لەنێوان ساڵنامەی هەتاوی و مانگیدا بریتیە لە ١٠-١١ ڕۆژ لە ساڵێکدا،هەربۆیە ٣٠٠ ساڵی هەتاوی بەتەواوەتی یەکسانە بە ٣٠٩ ساڵی مانگی،ئالێرەوە وردی ئیعجازی قورئانی پیرۆز دەردەکەوێت لە چیرۆکی هاوەلانی ئەشکەوتدا،کە خودای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَلَبِثُوا فِي كَهْفِهِمْ ثَلَاثَ مِائَةٍ سِنِينَ وَازْدَادُوا تِسْعًا ﴾ [الكهف: ٢٥].

٢٠. خاکی کشتوکاڵی

لە ڕاستیە وردە جیۆلۆجیەکان: ئەگەر خاکی گڵی جێگیر تەڕکرا بە ئاو بەرەو

سەرەوە یەکدەگرێت و درزدەبات،جا ژێرەوەی دەلەرزێت و جوڵە بە ڕەگی ڕوەك و مولولەکانی دەکات،جا بڕوانە وردی موعجیزەی ئەو وەك یەکیە لەگەڵ دەقی ئایەتی قورئانی پیرۆزدا کە خودا دەفەرموێت:

﴿ وَتَرَى الْأَرْضَ هَامِدَةً فَإِذَا أَنْزَلْنَا عَلَيْهَا الْمَاءَ اهْتَزَّتْ وَرَبَتْ وَأَنْبَتَتْ مِنْ كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ ﴾ [الحج: ٥].

٢١. تۆوی مرۆڤ

زانستی پزیشکی نوێ ئاشکرایان کردوە ئەو شلەیەی تۆوی مرۆڤ ئاژەڵی ورد لەخۆدەگرێت کە پێی دەوترێت (سپێرم)،کە بەچاوی ئاسایی نابینرێن تەنها بە میکرۆسکۆپ دەبینرێن،هەر ئاژەڵێکیش سەرێکی هەیە لەگەڵ مل و کلك کە لە کرمی هەڵواسراو دەچێت لە شێوە و وێنەیدا،جا ئەو ئاژەڵە تێکەڵ بە هێلکۆکەی مێینە دەبێت و دەیپیتێنێت،جا کە کاری پیتاندن ڕوویدا ملی ڕەحم (منداڵدان)دادەخرێت و هیچ شتێکی تر ناچێتە ناو منداڵدانەوە، هەموو ئاژەڵەکانی تر دەمرن،ئەمە لایەنە زانستیەکەیە،کە سپێرمەکان لەسەر شێوەی خوێنی هەڵواسراون لەشێوە و وێنەیاندا،کە قورئانی پیرۆزیش سەلماندویەتی:

خودای گەورە دەفەرموێت:

﴿ اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ *خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ ﴾ (العلق: ١، ٢).

جا ئەم ئایەتە موعجیزەیەکی زۆر گرنگ و ماناداڕە لە موعجیزەکانی قورئان، کە لەکاتی دابەزیندا نەزانراوە و تەنانەت دوای سەدان ساڵیش ئینجا پەی بەو زانست وزانیاریە براوە لەلایەن زانستی پزیشکی نوێوە،کاتێك کە میکرۆسکۆب دۆزرایەوە، زانرا کە چۆن مرۆڤ دروستبوە بە توانای خودا.

٢٢. قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆرپەلە

خودای گەورە دەفەرموێت : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنْ كُنْتُمْ فِي رَيْبٍ مِنَ الْبَعْثِ فَإِنَّا خَلَقْنَاكُمْ

مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ مِنْ نُطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ مِنْ مُضْغَةٍ مُخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ لِنُبَيِّنَ لَكُمْ وَنُقِرُّ فِي الْأَرْحَامِ مَا نَشَاءُ إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى ثُمَّ نُخْرِجُكُمْ طِفْلًا ثُمَّ لِتَبْلُغُوا أَشُدَّكُمْ ﴾](الحج: ٥).

لە پڕ مانا ترین و سەرسوڕهێنەرترین ئایەتەکانی خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا،بریتیە لەو باسکردنە تۆێکاریە وردە بۆ قۆناغەکانی دروستبوونی کۆرپەلە کاتێك تەنها دڵۆپە ئاوێك بوە،گەشەیکردوە بۆ خوێنێکی هەڵواسراو، دواتر کۆرپەلەیەکی دروستکراو ودروستنەکراو،دواتر دروستبوونی ئێسکەکان و داپۆشینی بە گۆشت و تا دەستکردن بە جوڵە و ژیان پێش دەرچوون بۆ سەر ڕووی دونیا.

٢٣. ماوەی سکپڕی

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَادَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَنْ يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ ﴾ (البقرة: ٢٣٣).

هەروەها خودای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَفِصَالُهُ فِي عَامَيْنِ ﴾ ([لقمان: ١٤).

دواتریش ئایەتی سورەتی((الاحقاف))هاتوە کەکرداری سکپڕی و بەخێوکردن ((شیردان)) کۆدەکاتەوە بە ٣٠ مانگ،وەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ حَمَلَتْهُ أُمُّهُ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ كُرْهًا وَحَمْلُهُ وَفِصَالُهُ ثَلَاثُونَ شَهْرًا ﴾ (الأحقاف: ١٥).

خۆئەگەر ماوەی شیردانی تەواومان لێدەرکرد،کە بریتیە لە دوو ساڵ واتە ٢٤ مانگ لە ٣٠ مانگ،کە ماوەی سکپڕی و شیردانە پێکەوە،ئەوا تەنها ٦ مانگ دەمێنێتەوە بۆ سکپڕی،کە کەمترین ماوەیە بۆ سکپڕی،کە کۆرپەلە بتوانێت بە زیندوویی بمێنێتەوە ئەگەر بەتەواوەتی لەدایك ببێت.

جا زانست دێت و بڕیاردەدات: کە کەمترین ماوە بۆ سکپڕی کە کۆرپەلە لەدوای ئەوە دەتوانێت بەزیندووی بمێنێتەوە ،ئەگەر بەتەواوی لەدایك ببێت بریتیە لە ٦ مانگ،لەکاتێکدا لەدایکبوونی پێش ئەو ماوەیە پێی دەوترێت

((لەباربردن))، جا کۆرپەلە لەو ماوەیەدا ناتوانێت بە زیندوویی بمێنێتەوە،بەڵام دوای ئەو ماوەیە هەر لەدایکبونێك و پێش تەواوکردنی ماوەی [9] مانگ پێی دەوترێت((کورتاج))کردن،یان منداڵبوونی پێش وەختە،و کورتاجیش دەتوانێت بەزیندوویی بمێنێتەوە،بەڵام پزیشك ئامۆژگاری دەدات بە ئاگاداربوونی زۆر بە منداڵەکە، جا ئەو ماوەیە دادەنرێت بەماوەیەکی یاسایی لە دادگاکانی زۆربەی ولاتانی جیهاندا.

٢٤. وێڵداش((پەردە))ی کۆرپەلە

لەلایەن زانستەوە ئەوە ئاشکرا کراوە کە کۆرپەلە لەناو سکی دایکیدا بە سێ پەردە دەورەدراوە،ئەو پەردانەش بە چاوی ئاسایی دەبینرێن وەك ئەوەی کە تەنها یەك پەردە بن،ئەو پەردانەش ناودەبرێن بە : ((پەردەی ناوەکی،پەردەی ناوەڕاست کە ئەستورە و پەردەی دەرەکی کە ناودیشدەبرێت بە چینی ئیسفنجی)). خودای گەورەش دەفەرموێت : ﴿ يَخْلُقُكُمْ فِي بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ خَلْقًا مِنْ بَعْدِ خَلْقٍ فِي ظُلُمَاتٍ ثَلَاثٍ ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ الْمُلْكُ ﴾ [الزمر: ٦].

٢٥. ڕەگەزی منداڵ

زانستی بۆماوەیی نوێ ئاشکرایکردوە و سەلماندویەتی کە ڕەگەزی منداڵی تازە بوو لە بنچینەدا لە سپێرمەوە دیاریدەکرێت،نەك لە هێلکۆکەوە،جا ئەم ڕاستیە زانستیەش بەشێوەیەك ڕێکدێتەوە لەگەڵ ئایەتەکانی قورئاندا کە موعجیزەی قورئانی پیرۆز دەسەلمێنێت: وەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أَلَمْ يَكُ نُطْفَةً مِنْ مَنِيٍّ يُمْنَى *ثُمَّ كَانَ عَلَقَةً فَخَلَقَ فَسَوَّى *فَجَعَلَ مِنْهُ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالْأُنْثَى﴾ (القيامة: ٣٧ – ٣٩).

لەلایەکی ترەوە،پەیوەستبوونی ڕەگەزی منداڵی تازەبوو بە یەك سپێرمی دیاریکراوەوە لە نێوان ملیۆنان سپێرم(٣٥٠ ملیۆن سپێرم لەیەك هەڵداندا) بەشێوەیەکی نەکردە پێشبینی مرۆڤ ڕادەگرێت–ئەمە سەرەڕای کۆنترۆڵکردن– لە

ڕەگەزدا سپێرمێك مێینەیەك هەڵیدەگرێت،كە ئەمەش بێتوانایی زانست دەردەخات،موعجیزەی توانای خودای گەورەش دەردەخات كە تەنها ئەو زانست و زانیاریەی بەخۆی داوە ولە زیاد لە ئایەتێكدا باسیدەكات كە چی هەیە وچیش دەبێت لە منداڵداندا.

٢٦.سیفاتە بۆماوەییەكان

زانستی نوێ سەلماندویەتی كە سیفاتە بۆ ماوەییەكان دیاریدەكرێن بەهۆی كرۆمۆسۆماتی باوك و دایكەوە،٥٠٪ بۆ هەریەكەیان(نیوە بەنیوە)،ئەوەش لە نوتفە و(سپێرمی)یەكەمدا ڕووەدات كە سپێرم و هێلكۆكە پێكەوە كۆدەبێتەوە (النطفة الامشاج)واتە تێكەڵە،بەشێوەیەك جینەكانی تازە دروستبوەكە پێكدێت وەك ڕاستاندن و پەسەندكردنی ئایەتە پیرۆزەكە،وەك لە پێشتر و لە ڕەگەزی منداڵی تازەبووداو ئاماژەمان پێدا كە تەنها یەك سپێرم هەڵگر و دیاریكەری ڕەگەزی منداڵە تازەبوەكەیە بەتەنها.

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّا خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ مِنْ نُطْفَةٍ أَمْشَاجٍ نَبْتَلِيهِ فَجَعَلْنَاهُ سَمِيعًا بَصِيرًا ﴾(الإنسان: ٢)

٢٧. بۆ هەر مرۆڤێك بۆنێكی تایبەتی هەیە

پزیشكی شەرعی دەریانخستوە كە بۆ هەر مرۆڤێك بۆنێكی تایبەتی هەیە جیاواز لە كەسێكی تر لە مرۆڤەكان،بەتەواوەتی وەك پەنجە مۆری مرۆڤەكان، جا لێرەوە سەگی پۆلیسی بەكاردەهێنرێت بۆ دواكەوتنی تاوانباران،ئەمەش ڕێك دێتەوە لەگەڵ ئەوەی لە سورەتی یوسفدا هاتوە كە خودای گەورە پەیامبەرەكەی خۆی یەعقوبی بەو كەرامەتە تایبەت كردوە.خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَمَّا فَصَلَتِ الْعِيرُ قَالَ أَبُوهُمْ إِنِّي لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ لَوْلَا أَنْ تُفَنِّدُونِ ﴾ [يوسف: ٩٤].

٢٨. بۆ هەر مرۆڤێك پە نجە مۆری تایبەت بەخۆی هەیە

زانستی نوێ سەلماندویەتی کە هیچ وەکیەکیەك نیە لەنێوان پەنجەمۆری مرۆڤێك لەگەڵ مرۆڤێکی تردا،هەر لەبەرئەوەیە کە زاناکان ئەو پەنجە مۆرەیان بەکارهێناوە بۆ دۆزینەوەی تاوانباران.خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿**بَلَى قَادِرِينَ عَلَى أَنْ نُسَوِّيَ بَنَانَهُ**﴾ (القيامة: ٤).

٢٩. چاو

پزیشکی چاو پەیوەندی هەڵچوونی دەرخستوە بە زیادبوونی فشاری چاوەوە و نەخۆشی ئاوی سپی،ئەم ڕاستیەش ڕێك دەگونجێت لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا کە وەصفی حەزرەتی یەعقوب دەکات خوادی لێ ڕازیبێت کاتێك دەفەرموێت: ﴿**وَتَوَلَّى عَنْهُمْ وَقَالَ يَا أَسَفَا عَلَى يُوسُفَ وَابْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ الْحُزْنِ فَهُوَ كَظِيمٌ**﴾ (يوسف: ٨٤).

٣٠. زیانەکانی خەوی دوورودرێژ

زانستی پزیشکی نوێ دەریانخستوە کە نوستنی دوورودرێژ دەبێتە هۆکاری زیانگەیاندن بە پێست و ڕیشاڵەکانی پێست،وگیرانی مولولە خوێنەکان، و فشارخستنە سەر دەمارەکانی هەردوو پێکان،ئالێرەدا ئیعجازی قورئان دەردەکەوێت لە ئەمدیوئەودیوکردنی هاوەڵانی ئەشکەوتدا لەکاتی خەوتنە دوورودرێژەکەیاندا،خودای گەورە دەفەرموێت:﴿ **وَتَحْسَبُهُمْ أَيْقَاظًا وَهُمْ رُقُودٌ وَنُقَلِّبُهُمْ ذَاتَ الْيَمِينِ وَذَاتَ الشِّمَالِ وَكَلْبُهُمْ بَاسِطٌ ذِرَاعَيْهِ بِالْوَصِيدِ لَوِ اطَّلَعْتَ عَلَيْهِمْ لَوَلَّيْتَ مِنْهُمْ فِرَارًا وَلَمُلِئْتَ مِنْهُمْ رُعْبًا**﴾ [الكهف: ١٨].

٣١. تەڕی

لە پزیشکی نوێی منداڵبووندا ژنی سکپڕ لە ڕۆژانی کۆتایی سکپڕیەکەیدا هۆرمۆنێکی مێینە دەردەدات بۆ بەهێزبوونی گرژبوونی منداڵدان لەکاتی

لەدایکبووندا،دواتر یارمەتیدەدات بۆ کردنەدەرەوەی خوێن لە منداڵداندا، هەروەک چۆن تەپکەرێک یان نەرمکەرەوەیەک دەردەدات بۆ دەرکردنی پاشماوەی ڕیخۆڵە،جا زانستی پزیشکی نوێ دەریخستوە کە ئەو هۆرمۆنی تەپبوونە هەڵدەستێت بەو دوو کارە لە پاڵ بەها خۆراکیە بەرزەکەیدا،خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَهُزِّي إِلَيْكِ بِجِذْعِ النَّخْلَةِ تُسَاقِطْ عَلَيْكِ رُطَبًا جَنِيًّا ﴾ [مريم: ٢٥].

٣٢. زەیتون

زانست ئەوەی دەرخستوە کە چەندە زەیتی زەیتون هەڵگری کۆمەڵە سیفاتێکە کە دەیکاتە باشترین زەیتەکان بۆ خۆراکی مرۆڤ، لەبەر بەها خۆراکیەکەی و کەمی کۆلیستڕۆڵ تیایدا،لە پاڵ سیفاتە باشەکانی تری بۆ پێست و قژ،خودای گەورەش لە زۆرێک لە ئایەتەکاندا باسیکردوە لەگەڵ ئەوەی کە دار زەیتون دارێکی ناسراو نەبوە لە نیوەدورگەی عەرەبیدا. خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿يُنْبِتُ لَكُمْ بِهِ الزَّرْعَ وَالزَّيْتُونَ وَالنَّخِيلَ وَالْأَعْنَابَ وَمِنْ كُلِّ الثَّمَرَاتِ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴾ [النحل: ١١].

٣٣.هەنگوینی هەنگ

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَأَوْحَى رَبُّكَ إِلَى النَّحْلِ أَنِ اتَّخِذِي مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ الشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ *ثُمَّ كُلِي مِنْ كُلِّ الثَّمَرَاتِ فَاسْلُكِي سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلًا يَخْرُجُ مِنْ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ فِيهِ شِفَاءٌ لِلنَّاسِ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴾ (النحل: ٦٨، ٦٩).

زانستی ئەمڕۆ هاتوە بۆئەوەی سیفاتە چارەسەریەکانی هەنگوینمان بۆ ئاشکرا بکات،و پزیشکەکان گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی: کە هەنگوین سیفاتی باشی زۆری تیادایە بۆ نەخۆشیەکانی: ئازاری چاوەکان،بریندار و سووتاوی، سوتانەوەی گەدە،هەڵدەستێت بەڕۆڵی پاراستنی کلۆربوونی ددانەکان، سوتانەوە و سوربونەوەی کۆئەندامی هەناسەدان،و گەلێک نەخۆشی تر.

پزیشکەکان هەموانیان کۆکن لەسەرئەوەی کە هەنگوین باشترین چارەسەرە بۆ تووشبوانی بریندارببوونی گەدە ودوانزەگریٚ،بەمەرجێك پێش خواردنی ژەمەکان بەکاتژمێرێك یان زیاتربخورێت،باشترین کاتەکانیش پێش نانخواردنی نانی بەیانیە،کە توابێتەوە لە کوپێك ئاوی گەرمدا،زۆری تر لەو سیفاتە باشانە کە لە زۆر لەمێژەوە لەلایەن مرۆڤەوە تاقیکراونەتەوە.

جێگەی ئاماژە بۆ کردنە کە سیفاتی چارەسەرکردنی هەنگوین بەپێی گۆڕینی ڕەنگەکەی دەگۆڕێت،هەربۆیە دەقی ئایەتی قورئانی پیرۆز بەم شێوەیە هاتوە و دەفەرموێت : ﴿ **يَخْرُجُ مِنْ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ** ﴾ (النحل: ٦٩).هەربۆیە پەیوەندیەك هەیە لەنێوان ڕەنگی هەنگوین و توانای چارەسەرکردنیدا.

٣٤. شیر

خودای گەورە دەفەرموێت:

﴿ **وَإِنَّ لَكُمْ فِي الْأَنْعَامِ لَعِبْرَةً نُسْقِيكُمْ مِمَّا فِي بُطُونِهِ مِنْ بَيْنِ فَرْثٍ وَدَمٍ لَبَنًا خَالِصًا سَائِغًا لِلشَّارِبِينَ** ﴾ (النحل: ٦٦).

بڕوانە وردی موعجیزەی قورئانی پیرۆز کە چەندە بە وردی وەصفی فسیۆلۆجی و تویکاری دەکات بۆ سەرچاوەی شیری ئاژەلان،کە زانستیش دوای چەندین سەدە لەدابەزینی قورئانی پیرۆز سەلماندویەتی،بەشێوەیەك بەرهەمەکانی هەرسکردن لەئاژەلاندا دابەشدەبێت لەنێوان:خوێن بۆ دەمارەکان، شیر بۆ مەمکەکان،میزیش بۆ میزڵدان،و پیسایش بۆ کۆم و دەرچوون.

٣٥.چارەسەرنەکردنی نەخۆشی بەڵەکی

پزیشکی نەخۆشیەکانی پێست سەلماندویانە کە چارەسەری نەخۆشی بەڵەکی ناکرێت،لەبەرئەوەی پەیوەستە بە مردنی ملیۆنان خانەوە،کە ناتوانرێت جارێکی تر زیندووبکرێنەوە،هەموو ئەوەی کە پزیشکەکان دەیکەن بریتیە لە چالاککردنی

ئەو خانانەی کە ماون بۆ سوککردنی نەخۆشیەکە نەك چارەسەرکردنی، لێرەوە چارەسەری بەڵەکی باسکراوە لەمیانەی موعجیزەکان کە خودای گەورە لەسەر دەستی پەیامبەر عیسا سەلامی خودای لەسەر بێت ئەنجامیداون،کە بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ڕاستی قورئانی پیرۆز.خودای گەورە دەفەرموێت:﴿ **إِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ اذْكُرْ نِعْمَتِي عَلَيْكَ وَعَلَى وَالِدَتِكَ إِذْ أَيَّدْتُكَ بِرُوحِ الْقُدُسِ تُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَكَهْلًا وَإِذْ عَلَّمْتُكَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَالتَّوْرَاةَ وَالْإِنْجِيلَ وَإِذْ تَخْلُقُ مِنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ بِإِذْنِي فَتَنْفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِي وَتُبْرِئُ الْأَكْمَهَ وَالْأَبْرَصَ بِإِذْنِي وَإِذْ تُخْرِجُ الْمَوْتَى بِإِذْنِي وَإِذْ كَفَفْتُ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَنْكَ إِذْ جِئْتَهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ فَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ إِنْ هَذَا إِلَّا سِحْرٌ مُبِينٌ** ﴾ [المائدة: ١١٠].

٣٦. بەراز هۆکاری تووشبوونی زۆرێك لە نەخۆشیەکانە

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ **إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ** ﴾ (النحل: ١١٥).

زانستی نوێ ئەوەی سەلماندوە کە گۆشتی بەراز مۆڵگەیەکی بە پیتە بۆ زیاد لە ٤٥٠ نەخۆشی پەتایی،بەشێوەیەك بەراز هەڵدەستێت بە ڕۆڵی نێوەندگیری بۆ گواستنەوەی ٥٧ نەخۆشی بۆ مرۆڤ.

- **لەکۆتایدا** ،تەنها ئەوەندەمان لەدەستدێت کە سوپاسگوزاری خودای گەورە ودلۆڤان بکەین لەسەر بەخشینی نیعمەتەکانی پێمان وئەو هەموو زانست وزانیارییەی پێی بەخشیوین بۆ بەرچاو ڕوونکردنەوەمان وخۆپارێزیمان، دواتریش درووی خوای گەورە بنێرین بۆسەر پەیامبەری مەزنمان موحەمەد (د.خ) کە لەڕێگەوە ئاشنابووین بەو موعجیزە زانستیانەی ناو قورئانی پیرۆز، هەربۆیە گرنگە و ئەرکی هەموو مسوڵمانێکە کە قورئانی پیرۆز بکەینە سەرچاوەی زانست و زانیاریەکانمان و هەموو کات لەبیرمان بێت و بەردەوامبین

لەسەر خوێندنەوەی و سوودوەرگرتن لەو دەریا و زەریا بێبنەی قورئانی پیرۆز کە ئەو هەموو دوڕ وگەوهەر ویاقوت ومەرجانە گرانبەهایانەی کەتیایدایە وهەموانیشیان بۆ سوود و قازانجی مرۆڤەکانە و بەتایبەتیش مسوڵمانان و بڕوادارانِ.

****

****

******

***

*

ئاماریّکی قورئانی

خودای گەورە دەفەرمویّت : ((إِنَّا نَحْنُ نُحْيِي الْمَوْتَى وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا وَآثَارَهُمْ وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَاهُ فِي إِمَامٍ مُبِينٍ)) . يس :١٢

خودای گەورە دەفەرمویّت : ((إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ)) القمر: ٤٩

- ئەو ئایەتەی کە هەموو پیتە هیجائیەکانی تیادا کۆبۆتەوە بریتیە لە ئایەتی ٢٩ لە سورەتی فەتح
- کۆتا سورەتی قورئان کە کۆکراوەتەوە بریتیە لە سورەتی تەوبە
- ناوهێنانی وشەی دونیا لە قورئاندا ١١٥ جار
- ناوهێنانی وشەی ئاخیرەت لە قورئاندا ١١٥ جار
- ناوهێنانی وشەی حیاة (ژیان) لە قورئاندا ٧١ جار
- ناوهێنانی وشەی نهار(ڕۆژ) لە قورئاندا ٥٤ جار
- ناوهێنانی وشەی الجنة (بەهەشت) لە قورئاندا ٦٦ جار
- ناوهێنانی وشەی الحلقوم (قوڕگ) لە قورئاندا ١ جار
- ناوهێنانی وشەی جەهەنەم لە قورئاندا ٧٧ جار
- ناوهێنانی وشەی النار (ئاگر) لە قورئاندا ١٢٦ جار
- ناوهێنانی وشەی زەیتون لە قورئاندا ٤ جار
- ناوهێنانی وشەی شەو لە قورئاندا ٧٤ جار
- ناوهێنانی وشەی زەکات لە قورئاندا ٣٢ جار
- ناوهێنانی وشەی ئاسمانەکان لە قورئاندا ١٩٠جار
- ناوهێنانی وشەی الطور لە قورئاندا ١٠ جار

- ناوهێنانی وشەی الرحیم له قورئاندا ٩٥ جار
- ئەو سورەتەی بە((خوشکی دوو دڕێژەکە))ناودەبرێت بریتیە لە سورەتی الاعراف
- ناوهێنانی وشەی الارض (زەوی) لە قورئاندا ٤٥١ جار
- ناوهێنانی ڕستەی (**الحمد لله رب العالمين**) لە قورئاندا ٦ جار
- ژمارەی ئەوسورەتانەی قورئان کەبەپیتەکان دەستپێدەکەن ٢٩ سورەتن
- ناوهێنانی وشەی (الرحمن) لە قورئاندا ٥٧ جار
- ناوهێنانی وشەی (القمر/مانگ)لە قورئاندا ٢٦ جار
- ناوهێنانی وشەی (السماء /ئاسمان) لە قورئاندا ١٢٠ جار
- ناوهێنانی وشەی (الجاهلية) لە قورئاندا ٤ جار
- ئەو سورەتانەی بە الحمد لله دەستیان پێکردووە بریتین لە سورەتەکانی (الفاتحة والانعام و الكهف و سبأ و فاطر)
- ئەوسورەتەی کە پیتی (م) ی تیادا نیە سورەتی الكوثر
- ئەو سورەتانەی کەپیتی(ك)تیادانیە بریتین لە(قريش والفلق و العصر)
- ناوهێنانی وشەی (الجلالة) لە قورئاندا ١٦٩٧ جار
- سورەتە کورتەکانی قورئان لەسورەتی (ق) وە دەستپێدەکات تا سورەتی (الناس)
- ناوهێنانی وشەی (رمضان) لە قورئاندا ١ جار
- ئەو سورەتەی ناوزەدکراوە بە (کافی) سورەتی (فاتیحە)یە
- ئەو دوو سورەتەی بە(طسم) دەستیانپێکردوە بریتین لە سورەتی (الشعراء و القصص)
- ناوهێنانی غەزوەی حونەین لەسورەتی تەوبەدا لەهەردوو ئایەتی ٢٥و ٢٦دا هاتووە

- ناوهێنانی غەزوەی بەدر لە سورەتی ئەنفال ئایەتی ١دا هاتووە
- ناوهێنانی غەزوەی ئوحود لە سورەتی ئالی عمران وئایەتی ١٢١ و ١٩٠دا هاتوە
- ناوهێنانی غەزوەی خەندەق لەسورەتی ئەحزاب وئایەتی ٩ و ٢٧دا هاتووە
- ناوهێنانی غەزوەی تەبوك لە سورەتی تەوبەدا لە هەردوو ئایەتی ٣٨ و١٢٩دا هاتووە
- ناوهێنانی غەزوەی حمراء الاسد لە سورەتی ئالی عیمراندا لە هەردوو ئایەتی ١٧٢و١٧٤دا هاتووە
- سورەتی نیعمەتەکان بریتیە لە سورەتی(النحل/ هەنگ)
- سورەتی فریشتە بریتیە لە سورەتی (فاطر)
- سورەتی دەرخستن و ئاشکراکردن بریتیە لەسورەتی (تەوبە)
- سورەتی (المؤمن) بریتیە لەسورەتی (غافر)
- سوەتی کوشتار بریتیە لە سورەتی (محمد)
- سورەتی (بەنو ئیسرائیل) بریتیە لە سورەتی(ئیسراء)
- سورەتی (دهر) بریتیە لە سورەتی الانسان (مرۆڤ)
- ژمارەی کڕنۆشەکان(سجدات) لە قورئاندا ١٥ کڕنۆشە
- ئەو سورەتانەی کە بەکڕنۆشبردن تەواوەبن بریتین لە(الاعراف، النجم، العلق)
- ئەو سورەتانەی کە بەناوی کاتی نوێژەکانەوە ناوەبرێن بریتین لە سورەتەکانی (الفجر ،الضحی،العصر)
- بچوکترین ژمارە لە قورئاندا ١٠/١(دەیەکە) (**وما بلغوا معشار ما آتيناهم**)
- گەورەترین ژمارە لە قورئاندا بریتیە لە ١٠٠ هەزار(**وأرسلناه إلى مائة ألف أو يزيدون**)

- سورەتێك لەکاتی دابەزینیدا ٧٠هەزار فریشتە پەیڕەویان لێکردوە سورەتی (الانعام)
- ئایەتی (**ويل يومئذ للمكذبين**) لەسورەتی المرسلات دا ١٠ جار دووبارە بۆتەوە
- مژدەبەخشترین ئایەت لە قورئاندا بریتیە لە (**قل يا عبادي الذين أسرفوا على أنفسهم لا تقنطوا من رحمة الله إن الله يغفر الذنوب جميعا إنه هو الغفور الرحيم**)
- ئایەتی (**فبأي آلاء ربكما تكذبان**) ٣١ جار دووبارەبۆتەوە
- کۆپانی (سنام) ی قورئان بریتیە لە سورەتی (البقرة)،چونکە بەرزترین پێگە و شەرەفی هەیە
- ئەو پەیامبەرەی کە لە قورئاندا زۆرترین جار ناوی هاتووە پەیامبەر موسایە(د.خ)

• پەیامبەر(هود) لە قورئاندا	٤٢جارناوی هاتووە
• پەیامبەر(اسحاق) لە قورئاندا	٥ جار ناوی هاتووە
• پەیامبەر(یەعقوب) لە قورئاندا	١٦جارناوی هاتووە
• پەیامبەر(ابراهیم) لە قورئاندا	٦٢جارناوی هاتووە

- ژمارەی ئەو ئایەتانەی کە خاڵیان تیادا نیە ٢٢ ئایەتن
- ژمارەی ئەو ئایەتانەی کە تەنها ١ خاڵیان تیادایە ١٦ ئایەتن
- ژمارەی ئەو ئایەتانەی کە تەنها ٢ خاڵیان تیادایە بریتین لە ٤١ ئایەت
- ژمارەی پێکهاتەکان وەك(زەممە و فەتحە و کەسرە و سکون ..هتد.) (٢٦٢٤٦٣) جوڵەن
- ژمارەی دووبارەبوونەوەی وشەی (الله) بریتیە لە(٢١٥٣) جار
- ژمارەی دووبارەبوونەوەی هاوتاکانی وشەی (الله) بریتیە لە (٢٦٩٩) جار
- هیچ ئایەتێك نیە کە خاڵی بێت لە پیتە(تایبەتمەندەکان یان

- نورانیەکان یان پچڕپچڕەکان)
- هیچ ئایەتێك نیە هەموو پیتەکانی لە پیتە (نا تایبەتمەندەکان) بێت
- ژمارەی ئەو سورەتانەی کەهەمان ئایەتیان تیادایە بریتین لە (٦٥) سورەت
- بڕگەی (أمة وسطا) لە سورەتی بەقەرەدا و لە ئایەتی ١٤٣دا هاتوە،کە ژمارەی ئایەتەکانی ٢٨٦ ئایەتن و ژمارە ١٤٣ ناوەڕاستی سورەتەکەیە.
- ژمارەی ئەو وشانەی کە پیتەکانی سەرەتای سورەتەکانی قورئانیان تیادا نیە ٦٩ وشەن
- ژمارەی ئەو وشانەی کە هەموو پیتەکانیان بریتین لە پیتەکانی سەرەتای سورەتەکانی قورئان ١٤٦٠ وشەن
- ژمارەی ئەو وشانەی کە پیتەکانی ئەو پیتانە لەخۆدەگرن کە لەسەرەتای سورەتەکانەوە هاتوون بریتین لە ١٣١٩٢ وشە
- ئەو وشانەی قورئان کە دووبارە نەبونەتەوە بریتن لە١٤٧٢١ وشە
- ئایەتە وەکیەکەکان بەبێ دووبارەبوونەوە بریتین لە ١٤٧٢١ وشە
- ئایەتە وەکیەکەکان ژمارەیان ٢٨٠ ئایەتە و ژمارەی دووبارەبونەوەیان ٢٨٠ جارە لە قورئاندا
- ئەو ئایەتانەی کە هیچ پیتێکی دووبارەنەبۆتەوە تەنها ١جار نەبێت بریتین لە ٣٦ ئایەت
- ژمارەی ئەو ئایەتانەی کە هەموو پیتەکانی ((تایبەتمەندن) بریتین لە ٣٧ ئایەت
- ژمارەی ئەو ئایەتانەی کە دووبارە نەبونەتەوە ٦٠٥٦ ئایەتن
- ژمارەی ئەو ئایەتانەی کە هەموو پیتەکانی (ناتایبەتمەندن)،(سفر) ئایەتن

- ژمارەی ئەو ئایەتانەی کە (پیتی تایبەتمەندیان) تیادایە ١١٣ ئایەتن
- ٩٣ سورەتی قورئان ١٤ پیتی تایبەتمەندیان تیادایە
- ١١ سورەت ١٣ پیتی تایبەتمەندی تیادایە(المميز)
- ٤ سورەت ١١ پیتی تایبەتمەندی تیادایە
- ٣ سورەت ١٠ پیتی تایبەتمەندی تیادایە
- وشەی (لَتَّخَذتَ) لە ئایەتی ٧٧ لەسورەتی (الكهف) دەکەوێتە ناوەڕاستی وشەکانی قورئانەوە
- وشەی (**السفينة**) لە ئایەتی ٧١ لە سورەتی (الكهف) بریتیە لەو وشەیەی کە ئەو پیتە لەخۆدەگرێت کە دەکەوێتە ناوەڕاستی پیتەکانی قورئانەوە کە بریتیە لە پیتی (یاء)
- وشەی (الله) کە بەدوایەکدا هاتوە (الله الله)،یەک جار هاتوەلە ئایەتی ژمارە (١٢٤) لە سورەتی الانعام دا
- ژمارەی ئەو ئایەتانەی کە پیتی(أ) یان تیادا نیە بریتین لە ٨٨ ئایەت
- ژمارەی ئەو ئایەتانەی کە پیتی(ل)یان تیادا نیە بریتین لە ٢٨٥ ئایەت
- ژمارەی ئەو ئایەتانەی کەپیتی(ھ)یان تیادانیە بریتین لە ١٣٣٠ ئایەت
- ژمارەی ئەو ئایەتانەی کە پیتی (م)یان تیادا نیە بریتین لە ٥٠٤ ئایەت
- ژمارەی ئەو ئایەتانەی کەپیتی(ح)یان تیادانیە بریتین لە ٣٥٢٣ ئایەت
- ژمارەی ئەو ئایەتانەی کەپیتی(د)یان تیادا نیە بریتین لە ٢٩١٤ ئایەت
- ژمارەی ئەو ئایەتانەی کەوەکیەکن ٨٤ ئایەتن کە١٦٧جار دووبارە دەبنەوە
- ئەو سورەتەی کەزۆرترین ئایەتی وەکویەکی تیادایە بریتیە لە سورەتی (الشعراء)
- ئەو سورەتەی کە زۆرترین ئایەتی دووبارەی تیادایە بریتیە لە سورەتی(الرحمن)

- ژمارەی ئەو ئایەتانەی کەپیتی یەکەم وکۆتاییان وەکو یەکە ٢٧٥ ئایەتن
- ژمارەی ئایەتە مەدەنیەکان ١٦٢٣ ئایەت و مەکییەکان ٤٦١٣ ئایەتن و کۆی گشتیشیان ٦٢٣٦ ئایەتن
- ژمارەی وشەکانی سورەتە مەدەنیەکان ٢٩٩٩١ وشەکانی سورەتە مەکییەکانیش ٤٧٤٤٠ وشەن و کۆی گشتیشیان ٧٧٤٣١ وشەن
- ژمارەی پیتەکانی سورەتە مەدەنیەکان ١٢٧٣٣٣ پیت و سورەتە مەکییەکانیش ١٩٥٢٧١ پیتن و کۆی گشتیشیان ٣٢٢٦٠٤ پیتن

ژمارەی ئەو ئایەتانەی کە هەموو پیتەکانی (تایبەتمەندن/ممیز)ن بریتین لە ٣٧ ئایەت،جا پیتە((ڕوناکەکان/ ممیزەکان)) بریتین لە ١٤ پیت کە نیوەی پیتەکانی زمانی عەرەبین وەك پیتە پچڕپچڕەکانی سەرەتای ٢٩ سورەتی قورئان:(ا + ل + م + ص + ر+ك + هـ+ ي +ع + ط + س+ ح + ق + ن)،بەلأم پیتە تاریکەکان بریتین لە٧پیت وەك ((ث ،ج ،خ ،ذ ،ش ،ظ،ف))

- ٢١ ئایەت بەپیتی(م)دەستیانپێکردوە وهەر بەپیتی(م) کۆتاییان هاتووە
- ١٠ ئایەت بەپیتی(ن)دەستیانپێکردوە وهەربەپیتی(ن)کۆتاییان هاتوە
- ٤ ئایەت بە پیتی(ر)دەستیانپێکردوە وهەر بەپیتی(ر)کۆتاییان هاتووە
- ٢٣٣ ئایەت بەپیتی(أ)دەستیانپێکردوەوهەر بەپیتی(أ) کۆتاییان هاتوە
- ٣ ئایەت بە پیتی (ل) دەستیانپێکردوە و هەر بە پیتی(ل) کۆتاییان هاتوە کەبریتین لەئایەتی ١١و١٤لەسورەتی (الرعد) وئایەتی ١٣لە سورەتی (المرسلات)
- تەنها ٢ئایەت بەپیتی(ب) دەستیان پێکردوە و بەهەمان پیتی(ب) کۆتاییان هاتووە،کە بریتی لە ئایەتی ژمارە ٢ و ١٩ لە سورەتی(ق) و (البروج) بەدوایەکدا

- تەنها ١ ئایەت بە پیتی(ھ) دەستپێکردوە و بە پیتی (ھ)کۆتایی هاتووە کە ئایەتی ژمارە ٢٩ لە سورەتی(الحاقة)
- تەنها ١ ئایەت بە پیتی(ق) دەستپێکردوە و بەھەمان پیتی(ق) کۆتایی هاتووە کە ئایەتی یەکەمە لە سورەتی (الفلق)
- ئەو وشانەی کەھەر ٦٢٣٦ ئایەتەکە دەستیانپێکردوە و دووبارە نەبونەتەوە بریتین لە ١٥٧٥ وشە
- ئەو وشانەی کە ھەر ٦٢٣٦ ئایەتەکە کۆتاییان پێھاتوە و دووبارە نەبونەتەوە بریتین لە ٢٣٢٠ وشە
- ژمارەی ئەو ئایەتانەی کە ٧وشەیان تیادایە یان چەندبارەی ژمارە(٧) ن بریتین لە ٦٨٥ ئایەت
- ژمارەی ئەو ئایەتانەی کە ٧پیت لەخۆدەگرن یان چەندبارەی ژمارە(٧) بریتین لە ٩٠٤ ئایەت
- ژمارەی ئەو سورەتانەی کە پیتی کۆتایی سورەتەکە وەکویەکە لەگەڵ پیتی کۆتایی ھەموو ئایەتەکانی سورەتەکە بریتین لە٤سورەت(القمر، القدر، العصر،الکوثر) کە ھەموانیان کۆتاییان ھاتووە بە پیتی (ر)
- ژمارەی ئەو سورەتانەی کە پیتی سەرەتا و کۆتاییەکەیان وەکو یەکە ٦ سورەتن کە بریتین لە (الکھف ،فاطر،الفتح،القلم، نوح،النصر) کە ھەموانیان کۆتاییان ھاتووە بە پیتی (ر)
- ٥ سورەت بە پیتی(أ) دەستیان پێکردوە و بەھەمان پیتیش کۆتاییان ھاتوە کە بریتین لە سورەتەکانی (الکھف و فاطر والفتح ونوح و النصر)
- تەنها ١ سورەت بە پیتی (ن) دەستیپێکردوە کە سورەتی (القلم)ە
- ژمارەی ئەو سورەتانەی کەبەھەمان پیت کۆتاییان پێھاتووە ١٦سورەتن

- ژمارەی ئەو سورەتانەی بە وشەیەك دەستیانپێكردوە و لە سورەتی تردا دووبارەبونەتەوە ٧١ سورەتن
- ئەو سورەتانەی بەسوێند دەستیان پێكردوە بریتین لە ١٥ سورەت كە هەموشیان مەكین
- پیتی (أ) لەهەموو پیتەكانی تر زۆرتر دوبارەبۆتەوە لە قورئاندا و ئەو پیتەشی كە كەمترین جار دووبارەبۆتەوە پیتی (ق)
- ٥ پیت لە هەموو سورەتەكاندا هاتوون كە بریتین لە پیتەكانی (أ +ل +ی+ و+ ن)
- ژمارەی وشەكانی سورەتی الفاتحة ٢٩ وشەن
- ژمارەی ئەو سورەتانەی كەوشەی هاوشێوەی الله تیایاندا دووبارە نەبۆتەوە ٢٩ سورەتن
- وشەی (أحد) لە قورئاندا ٢٩ جار دووبارەبۆتەوە
- ژمارەی ئەو وشانەی كە لە قورئاندا ٢٩ جار هاتوون یان چەندجارەی ژمارە ٢٩ بریتین لە ٢٩ وشە
- ژمارەی جیاكەرەوەی ئایەتەكان بەبێ دووبارەبوونەوە بریتین لە ٢٣٢٠ وشە كە چەندجارەی ژمارە ٢٩ یە
- یەكەم ئایەت لە قورئاندا كۆی ژمارەی پیتەكانی ١٩پیتە و ژمارەی پیتە هیجائیەكانی بەبێ دووبارە ١٠ پیتە وكۆی ئەو دوو ژمارەیەش دەكاتە ٢٩
- ئەو سورەتەی كە ناوی خودای لەهەموو ئایەتەكانیدا هاتووە تەنها سورەتی (المجادلة) یە
- زۆرترین ئایەت كە ناوی خودای (الله) تیادا هاتبێت ٧ جارە كە ئایەتی ژمارە ٢٠ لە سورەتی (المزمل)
- وشەی (الله)لە ٨٥ سورەتدا هاتوەكە ٥٩یان مەكین و ٢٦یان مەدەنین

- وشەی (الله) لە ٢ سورەتی مەدەنیدا نەهاتووە کە سورەتەکانی (الرحمن و الزلزلة) ن
- وشەی (الله) لە ٢٧ سورەتی مەکیدا نەهاتووە کە سورەتەکانی (القمر، الواقعة، القلم، القيامة، المرسلات، النبأ ،عبس ،المطففين، الطارق، الفجر، البلد، الليل ،الضّحى، الشّرح، القدر، العاديات، القارعة، التّكاثر، العصر، الفيل، قريش، الماعون، الكوثر، الكافرون، المسد، الفلق، النّاس) ن
- هەموو شێوازەکانی وشەی (الله)،٢٦٩٩ جار دووبارەبونەتەوە لە ١٨٢١ ئایەتدا و ئەو ژمارەیەش ژمارەیەکی سەرەتاییە
- وشەی (الله) ،١ جار دووبارە بۆتەوە لە ١١٧٧ ئایەتدا
- وشەی (الله) ،٢ جار دووبارە بۆتەوە لە ٤٦٣ ئایەتدا
- وشەی (الله) ،٣ جار دووبارە بۆتەوە لە ١٣٩ ئایەتدا
- وشەی (الله) ،٤ جار دووبارە بۆتەوە لە ٣٤ ئایەتدا
- وشەی (الله) ،٥ جار دووبارە بۆتەوە لە ٦ ئایەتدا
- وشەی (الله) ،٦ جار دووبارە بۆتەوە لە ١ ئایەتدا کە ئایەتی ژمارە ٢٨٢ لەسورەتی البقرە
- وشەی (الله) ،٧ جار دووبارە بۆتەوە لە ١ ئایەتدا کە ئایەتی ژارە٢٠ لە سورەتی المزمل
- وشەی (الله) ،٢١٥٣ جار دووبارە بۆتەوە لە ١٥٦٦ ئایەتدا
- وشەی (والله) ،٢٤٠ جار دووبارە بۆتەوە لە ٩٣ ئایەتدا
- وشەی (بالله) ،١ جار دووبارە بۆتەوە لە ١ ئایەتدا
- وشەی (تالله) ،٨ جار دووبارە بۆتەوە لە ٧ ئایەتدا
- وشەی (وتالله) ،١ جار دووبارە بۆتەوە لە ١ ئایەتدا
- وشەی (فالله) ،٦ جار دووبارە بۆتەوە لە ٤ ئایەتدا
- وشەی (والله) ،٢ جار دووبارە بۆتەوە لە ٢ ئایەتدا

- وشەی (الله) ،١١٦جار دووبارە بۆتەوە لە ٦٧ ئایەتدا
- وشەی (والله) ،٢٧ جار دووبارە بۆتەوە لە ٩ ئایەتدا
- وشەی (فلله) ،٦ جار دووبارە بۆتەوە لە ٥ ئایەتدا

وشەی (الله الله) بەدوای یەکدا،١ جار دووبارەبۆتەوە لە ئایەتی ژمارەی ١٢٤ لە سورەتی (الانعام)

- هیچ ئایەتێکی مەدەنی نیە کە پیتەکانی ناوی((الله)) ی تیادا نەبێت
- زۆرترین وشە دووبارەبووبێتەوە لە قورئاندا بریتیە لە وشەی ((الله)) کە ٢١٥٣ جارە و دووەم وشەش کە زۆرترین جار دووبارەبوبێتەوە (مِن) کە ٢٠٨٦ جار دووبارەبۆتەوە
- ژمارەی شێوازی ناوی (الله) بریتیە لە ١١ شێواز
- ئەو سورەتەی کە زۆرترین جار ناوە جوانەکانی (الله) تیادا هاتوە بریتیە لە سورەتی الحشر
- ئەو ئایەتانەی کە زۆرترین ناوی (بەهەشت / الجنة) تیادا هاتووە ئایەتی ژمارە ٢٠ لە سورەتی (الحشر)
- ئەو ئایەتانەی کە ناوی (جەهەنەم /النار) ی تیادا هاتوە ئایەتی ژمارە ٣٨ لە سورەتی الاعراف و ئایەتی ژمارە ٢٠ لە سورەتی السجدة و ئایەتی ژمارە ٤٧ لەسورەتی (غافر)
- هیچ ئایەتێك نیە کە ناوی (الجنة و النار) زیاد لە ٢جار تیادا هاتبێت
- سورەتی (الاعراف) زۆرترین جار باسی لە (الجنة) کردوە و سورەتی (البقرە)ش زۆرترین جار باسی لە(النار) کردووە
- لە قورئاندا بە ١٨ ناو باسی لە (الجنة) کردوە،١٢ ناوی جەهەنەمیشی هێناوە
- بەهەشت ٨ دەرگای هەیە و جەهەنەم ٧ دەرگا

- باسی جەهەنەم (النار) ١٠٢ جار کراوە لەکاتێکدا باسی الجنة ٥١ جار کراوە
- ئەو پەیامبەرانەی کە لە قورئاندا ناویان هاتووە ٢٨ پەیامبەرن لە٣٩٨ ئایەتدا و ٥١٣جاریش ناویان دووبارەبۆتەوە
- ئەو ئایەتەی کە زۆرترین ناوی پەیامبەرەکانی تیادا هاتووە ئایەتی ١٦٣ی سورەتی (النساء) کە ١١ پەیامبەر ناویان هاتووە
- ئەو سورەتەی کە زۆرترین ناوی پەیامبەرەکانی تیادا هاتووە بریتیە لە سورەتی (البقرة) کە ناوی ٥٢ پەیامبەری تیادا هاتووە
- چوار ئایەتی بەدوایەکدا هاتوو لە سورەتی (الانعام) کە بریتین لە ئایەتەکانی (٨٣ و٨٤و٨٥و٨٦) ناوی ١٨ پەیامبەریان تیادا هاتووە
- لە قورئاندا ناوی ٢٥ جۆر لە ڕوەکەکان هاتووە
- لە قورئاندا ناوی ٤٩ جۆر لە ئاژەڵەکان هاتووە
- لە قورئاندا ناوی ٦ ڕەنگ هاتووە
- ئەو جلوبەرگانەی کە لە قورئاندا ناویان هاتووە ١١ جۆرن
- ئەو کانزایانەی کە لە قورئاندا ناویان هاتووە بریتین لە : ئاڵتون وزیو وئاسن ومس
- تەنها ناوی پیاوێك هاتوە جگە لە هاوەڵی پەیامبەر زەیدی کوڕی حارسە و پەیامبەران ئەویش (ئازەر)ە کە باوکی ئیبراهیم پەیامبەر بووە
- ئەو ژنەی کە بە تەنها ناوی هاتوە لە قورئاندا بە ئاشکرا (مریم) دایکی حەزرەتی عیسایە سەلامی خودای لەسەر بێت
- ٣٥ ئەندام لە جەستەی مرۆڤ ناویان لە قورئاندا هاتووە
- تەنها یەك ئایەت بە پیتی (ق) دەستپێدەکات کە بریتیە لە ئایەتی ٤١ لە سورەتی (الروم)

- تەنها یەك ئایەت بە پیتی (ض) کۆتایدێت کە بریتیە لە ئایەتی ٥١ لە سورەتی (فصلت)
- تەنها یەك ئایەت بە پیتی (ح) کۆتایدێت کە بریتیە لە ئایەتی ١ لە سورەتی (النصر)
- بڕگەی (ربك فكبر) ئەگەر بە پێچەوانەوە بیخوێنیتەوە هەر هەمان بڕگە دەبێت (ربك فكبر)
- وشەی (الله) تەنها ١ جار دووبارەبۆتەوە لە کۆتای ئایەتی ١٩ لە سورەتی (الانفطار)
- هەردوو وشەی (الله والله) بەدوا یەکدا ٢٣ جار دووبارە بۆتەوە لە ٢٣ ئایەتدا
- زۆرترین وشە کە لە کۆتایی ئایەتەکاندا دووبارە بوبێتە بریتیە لە وشەی (مبین) لە ٨٤ ئایەتدا
- زۆرترین وشەی لە سەرەتای ئایەتەکاندا دووبارە بوبێتەوە بریتیە لە وشەی (إنَّ) کە ٢٦٩ جارە
- وشەی (للعالِمین) یەك جار هاتووە و وشەی (بعالِمین) یەك جار هاتوە و وشەی (عالِمین) دووجار هاتووە
- (فاستعذ بالله من الشّیطان الرجیم)،١ جار لە سورەتی(النحل) دا هاتووە
- (الشّیطان الرجیم) ،٢جار لە سورەتی (النحل و ال عمران) دا هاتووە
- (فاستعذ بالله) ،٤ جار هاتووە
- (اعوذ بالله) ،١ جار لە سورەتی (البقرە) دا هاتووە
- (الحمد لله رب العالمین)، ٤ جار لە سورەتەکانی (الفاتحه و یونس والزمر و غافر) داهاتووە

- (والحمد لله رب العالمين) ، ٢ جار هاتووە لە سورەتەکانی (الانعام و الصافات) دا
- (واللهِ)، تەنها ١جار بە شێوەی سوێند هاتوە لە ئایەتی ژمارە ٢٣ لە سورەتی (الانعام) دا

وشەی (عليهُ)،بەشێوازی ڕەفع ١جار هاتووە لە ئایەتی ژمارە١٠ لە سورەتی (الفتح)دا

- وشەی (اللهُ) بەشێوەی ڕەفع ٧٣٣ جار هاتووە
- وشەی (اللهَ) بەشێوەی نەصب ٥٩٢ جار هاتووە
- وشەی (اللهِ) بەشێوەی جەر ٨٢٨ جار هاتووە
- وشەی (واللهُ) بەشێوەی ڕەفع ٢٣٩ جار هاتووە
- وشەی (واللهِ) بەشێوەی مەجرور ١ جار هاتووە
- وشەی (باللهِ) بەشێوەی مەجرور ١٣٩ جار هاتووە
- وشەی (اباللهِ) بەشێوەی مەجرور ١ جار هاتووە
- وشەی (تاللهِ) بەشێوەی مەجرور ٨ جار هاتووە
- وشەی (وتاللهِ) بەشێوەی ر مەجرور ١ جار هاتووە
- وشەی (فاللهُ) بەشێوەی ڕەفع ٦ جار هاتووە
- وشەی (واللهُ) بەشێوەی ڕەفع ٢جار هاتووە
- وشەی (للهِ) بەشێوەی مەجرور ١١٦ جار هاتووە
- وشەی (ولله) بەشێوەی مەجرور ٢٧٦ جار هاتووە
- وشەی (فللهِ) ٦ جار هاتووە و کۆی گشتیشی ٢٦٩٩ جارە
- وشەی (الله) ،١جار دووبارەبۆتەوە لە لاپەڕەی ژماری ١ و ٤ جار لە لاپەڕەی ژمارە ٤ بەهەمان ژمارەی لاپەڕە
- ناوی خودا (الله) لە ١٠٧ لاپەڕەدا نەهاتوە و

١ جار دووبارەبۆتەوە لە لاپەڕەی ٨٧
٢ دووبارەبۆتەوە لەلاپەڕەی ٧٠
٣ جار لە ٦٠ لاپەڕەدا
٤ جار دووبارەبۆتەوە لە ٦٠ لاپەڕەدا
٥ جار دووبارەبۆتەوە لە ٦١ لاپەڕەدا
٦ جار دووبارەبۆتەوە لە ٥٢ لاپەڕەدا
٧ جار دووبارەبۆتەوە لە ٤٤لاپەڕەدا
٨ جار دووبارەبۆتەوە لە ٢٧ لاپەڕەدا
٩ جار دووبارەبۆتەوە لە ١٤ لاپەڕەدا
١٠جار دووبارەبۆتەوە لە ١١لاپەڕەدا
١١جار دووبارەبۆتەوە لە ٦ لاپەڕەدا
١٢جار دووبارەبۆتەوە لە ٣ لاپەڕەدا
١٣ جار دووبارەبۆتەوە لە ١ لاپەڕەدا
١٤جار دووبارەبۆتەوە لە ١ لاپەڕەدا

- هەموو هاوتاکانی ناوی خودا ٥ جار دووبارەبونەتەوە لە لاپەڕەی ژمارە ٥ بەهەمان ژمارەی لاپەڕە
- هاوتاکانی ناوی خودا لە ٩٠ لاپەڕەدا ناویان نەهاتووە

١ جار دووبارەبۆتەوە لە ٧٧ لاپەڕە
٢ جار دووبارەبۆتەوە لە ٦٠ لاپەڕە
٣ جار دووبارەبۆتەوە لە ٥٥لاپەڕە
٤ جار دووبارەبۆتەوە لە ٤٣ لاپەڕە
٥ جار دووبارەبۆتەوە لە ٥٠ لاپەڕە
٦ جار دووبارەبۆتەوە لە ٤٧ لاپەڕە
٧ جار دووبارەبۆتەوە لە ٥٠ لاپەڕە

٨ جار دووبارەبۆتەوە لە ٣٩ لاپەڕە

٩ جار دووبارەبۆتەوە لە ٣٥ لاپەڕە

١٠جار دووبارەبۆتەوە لە ٢٤ لاپەڕە

١١جار دووبارەبۆتەوە لە ١٢ لاپەڕە

١٣ جار دووبارەبۆتەوە لە ٨ لاپەڕە

١٤جار دووبارەبۆتەوە لە ٢ لاپەڕە

١٦ جار دووبارەبۆتەوە لە ٢ لاپەڕەدا

- ژمارەی وشەکان وەك ئەوەی لە قورئاندا نەخشێنراون

ئەوەی لە ١ پیت پێکهاتوون ٣ وشەن

ئەوەی لە ٢ پیت پێکهاتوون ٩٦ وشەن

ئەوەی لە ٣ پیت پێکهاتوون ١٠٠٤ وشەن

ئەوەی لە ٤ پیت پێکهاتوون ٣٢٧٤ وشەن

ئەوەی لە ٥ پیت پێکهاتوون ٤٠٧١ وشەن

ئەوەی لە ٦ پیت پێکهاتوون ٣٥٧٤ وشەن

ئەوەی لە ٧ پیت پێکهاتوون ١٩٠٢ وشەن

ئەوەی لە ٨ پیت پێکهاتوون ٦٣٧ وشەن

ئەوەی لە ٩ پیت پێکهاتوون ١٣٩ وشەن

ئەوەی لە ١٠ پیت پێکهاتوون ١٩ وشەن

ئەوەی لە ١١ پیت پێکهاتوون ٢ وشەن

کۆی گشتی ژمارەی وشەکان کە قورئانی پیرۆزی پێنوسراونەتەوە بەبێ دووبارە ١٤٧٢١ وشەن

ئەو وشانەی لە ١١ پیت پێکهاتوون وەك ئەوەی لە قورئاندا وێنەکێشراون بریتیە لە (والمستضعفين) و (والمستغفرين)

ژمارەی وشەکانی سورەتی (القدر)،٣٠وشەن بە ژمارەی ڕۆژەکانی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز کە تیایدا قورئان دابەزیوە و ژمارەی پیتە هیجائیەکانیش ٢٣ پیتن بە ژمارەی سالآنی دابەزینی قورئان و ژمارەی پیتەکانی ناوی خودا ٤٢ پیتن و ژمارەی پیتەکانی سورەتی القدر ١١٢ پیتن و هەردوو ژمارەی کۆتایی لە چەندجارەی ژمارە ٧ ن.

- هیچ سورەتێك نیە کە ژمارەی وشەکانی کەمتر بێت لە (١٠) وشە و ئەو سورەتەی کە ژمارەی وشەکانی (١٠) وشەن سورەتی (الکوثر)
- هیچ سورەتێك نیە کە ژمارەی پیتەکانی کەمتر بێت لە ٤٢ پیت و ئەو سورەتەشی کە ژمارەی پیتەکانی ٤٢ پیتن بریتیە لە سورەتی (الکوثر)
- وشەی (یا أیّە) ،١ جار هاتووە لەسورەتی(الزوخرف) لەئایەتی ژمارەی ٤٩دا
- وشەی لقرآن کریم،١ جار هاتووە

کتاب کریم،١جار هاتوە

ملك کریم ،١جار هاتووە

غنی کریم،١ جار هاتووە

واجر کریم ،١جار هاتووە

اجر کریم ٢ جار هاتووە

ومقام کریم ٢جار هاتووە

زوج کریم ٢ جار هاتوە

رسول کریم ٣جار هاتووە

رزق کریم ٥جار هاتووە

- وشەی (السموات والارض) ١٣٣جار دووبارەبۆتەوە لە ١٣٣ئایەتدا لەکاتێکدا (الارض و السموات) ٢جار دووبارەبۆتەوە لە ٢ ئایەتدا و ژمارە ١٣٣ چەندجارەی هەردوو ژمارە (١٩ و ٧)

- وشەی (كتاب مبين) ، ٥جار دووبارەبۆتەوە و وشەی (الكتاب المبين) ، ٣جار و وشەی (والكتاب المبين) ٢ جار دووبارە بونەتەوە
- ژمارەی ئایەتەکانی سورەتی (البقرە) ٢٨٦ ئایەتە و ئەگەر ژمارەی یەکانمان لێ لابرد ئەوا ژمارەکە دەبێت ٢٨ و ئەو ژمارەیەش ئامازەیە بۆ ژمارەی سورەتە (مەدەنیەکان)،هەروەها ئەگەر ژمارەی سەدانمان لێ لابرد دەبێتە ٨٦ کە ئامازەیە بۆ ژمارەی سورەتە (مەکییەکان) و کۆی ژمارەی سورەتەکان ١١٤ سورەتن لە قورئانی پیرۆزدا.

****

****

******

***

*

چیرۆکەکانی ناو قورئانی پیرۆز

خودای گەورە لە ئایەتی (٣) لە سورەتی یوسف لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت : ((**نحن نقص عليك أحسن القصص بما أوحينا إليك هذا القرآن**))

چیرۆکەکانی قورئان بریتین لەو چیرۆکانەی کە خودای گەورە هەواڵی پێداوین لە ڕێگەی قورئانی پیرۆزەوە کە تایبەتن بە بارودۆخی نەتەوەکانی ڕابووردوو، پەیامبەرانی پێشوو،ڕووداوگەلێك کە لە ڕابووردودا ڕوویانداوە، جا قورئان زۆرێك لەو ڕووداوانەی ڕابووردووی لەخۆگۆتوە،هەروا مێژووی نەتەوەکان،باسکردنی ولاّتان وشارەکان،بەدوای هەموو نەتەوەیەکدا دەچێت،و وێنەیەکی ڕوونی پیشانداون کە چۆن ژیاون لەبەرئەوەی هێزێکی گەورەی کاریگەریان هەیە لەسەر چاککردنی دڵەکان و کار و ئاکارەکان.

چۆنێتی پیشاندان و گێڕانەوەی چیرۆکەکانی قورئان:

چیرۆکە قورئانیەکان ڕووبەرێکی فراوان داگیردەکەن لە قورئانی پیرۆزدا کە نزیکەی سێ یەکی هەموو قورئان دەبن،کە سێ جۆر لە چیرۆك لەخۆدەگرن:

١. چیرۆکی پەیامبەرەکانی پێشوو (سەلامی خودای گەورەیان لەسەر بێت).
٢. چیرۆکی نەتەوە و ڕووداوەکانی ڕابووردوو.
٣. چیرۆکی ژیاننامەی پەیامبەر موحەمەد (د.خ).

- **لە قورئاندا ڕێگای گێڕانەوەی چیرۆکەکان شێوازی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت:**

١. چیرۆکەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی دەگێڕێتەوە وەك ئەوەی لە سورەتی یوسفدا هاتوە.
٢. بەشێك لە چیرۆکەکە پیشاندەدات لە سورەتێکدا و بەشێکی تری لە سورەتێکی تردا پیشان دەدات وەك چیرۆکی موسا پەیامبەر (د.خ).

٣. چیرۆکەکە پیشاندەدات جارێك بە ڕوونی و جارێك بە شاراوەیی،و ڕەچاوی جێگەی ڕووداوەکە و ئاست وپێگە و مەبەست و ئامانج لە چیرۆکەکە دەکات.

- **سوودەکانی گێڕانەوە و باسکردنی چیرۆکەکانی قورئان**

- ئاگادارکردنەوەی مسوڵمانان بۆ ئەوەی نەکەونە ئەوەی کە بەنو ئیسڕائیل تێیکەوتون لەبەرئەوەی باسی پەیامبەران و پیاوچاکان و فریشتەکان وشەیتانەکان وئاژەڵەکانی کۆکردۆتەوە، لەگەڵ ژیاننامەی پاشاکان و کۆیلەکان و بازرگان و زانا و پیاوان و ژنان و مەکرەکانیان و باسکردنی یەکتاپەرستی و فقە و نهێنی ولێکدانەوەی خەون وسیاسەت وسەرجێی کردن و وەدەستهێنانی نان و سەبرگرتن لەسەر ئازار و خەون و خۆشگوزەرانی و دەسەلآت،...هتد.لە سەیروسەمەرەکان.هەموانیان بەمەبەستی پەندوەرگرتن بوە بۆ مسوڵمانان و ڕوونکردنەوەی سەرپێچیەکانی فەرمانەکانی خودا و سزاکانی و بەگوێکردنیان وپاداشتەکانی ولەولاشەوە بۆڕوونکردنەوەی مەبەستی ئایەتەکانی قورئانیشە.
- دیاریکردنی بنەما هاوبەشەکانی ئاین لە نێوان هەموو پەیامبەران لە بڕوابوون بە خودا و پەکتاپەرستنی و زانستی و حیکمەتەکانی و دادپەروەری و بەزەیی و بڕوابوون بە زیندووبونەوە و پاداشت.
- دیاریکردنی ئەوەی کە ئەرکی پەیامبەرانە بە تایبەتی بریتیە لە گەیاندنی وەحی خودا بۆ بەندەکانی،دوای ئەوە هیچ سوود و زیانێك وەدەست ناهێنن.
- دیاریکردنی سونەتەکانی خودا لە ئامادەسازی دەروونی و عەقڵی مرۆڤەکان بۆ هەریەکە لە بڕوابوون و گومڕابوون و خێر و شەڕ.
- دیاریکردنی سونەتەکانی خودا لە کۆبونەوە و هەڵسوکەوتی مرۆڤ و ئەو حیکمەتەی لە دروستکردنیدا هەیە بۆ جیهان .

- ئاماژە و نیشانە و بەڵگەکانی خودا لەسەر دروستکراوەکانی لە پشتیوانی پەیامبەرەکانی.
- ئامۆژگاری پەیامبەران و پەندە تایبەتەکانیان بۆ هەر نەتەوە و گەلێك بەپێی بارودۆخیان وەك قەومی نوح لە گومڕای و خۆبەزلزانینیان و قەومی فیرعەون و دەوڵەمەندبونیان بە سەروەت و سامان و لەڕێگەلادانیان،و قەومی عاد لە هێز و ستەمکاریان،و قەومی لوت لە بێ ڕەوشتیان.
- ئەو چیرۆکەی کە زۆر کاریگەری هەیە لەسەر نەفس ئەوەیە کە قورئان دابەزیوە بۆ کاریگەرخستنە سەر نەفسەکان،هیچ شتێکیش کاریگەرتر نیە لەسەر نەفسەکان تەنها شێوازی چیرۆك وگێڕانەوەیەتی،هەربۆیە قورئان ئامۆژگاریەکانی هێناوە لەسەر شێوازی چیرۆك.
- لە چیرۆکەکانی ڕابووردوو پەند هەیە بەوەی کە مرۆڤ بە پلیکانەکانی بەرزبونەوە و شارستانێتیدا بەرزدەبێتەوە بە پشتبەستنی لەسەر ئەزموونی باو وباپیرانی ڕابووردووی،خۆی لادەدا لەو هەڵانەی کە ئەوان تێیکەوتوون،و کاریش دەکات لەسەر پێشخستنی ئەوانەی ئەوان پێی گەیشتوون لە ئەزموون و تاقیکردنەوەکان.
- شێوازی چیرۆك ئاسان و چەمکی چیرۆك و مێژووەکەی لای هەموان تێگەیشتوون،بەجیاوازی لەگەڵ بەڵگە عەقڵیەکان،چونکە مرۆڤەکان لە ئاستی درکپێکردن و تێگەیشتنیاندا یەکسان نین.
- چیرۆك لە پێناو پەروەردە و فێرکردن،قورئان باشترین هەنگاوی ناوە لە ڕوونکردنەوەی مێژووەکان و چیرۆکەکان لە پێناو فێرکردن و پەروەردەکردندا ڕەنگە بکرێت هەموو ئەوانە ڕووداوگەلێکی درۆ بن،جا گێڕەرەوەکەی لەهەموانیان تەواو کاملّترە لەڕووی زانست و کار و هیدایەت و چاککردنەوە، لەبەرئەوە شایستەترە بۆ ئەوەی دوای بکەون،بەهەمان شێوە شایستەترینیانە بۆ ئەوەی هیدایەتی پێببێنن.

- **ئەو چیرۆکانەی کە لە قورئاندا باسیان لێوەکراوە:**

١. چیرۆکی پەیامبەران

١. ئادەم((سەلامی خودای لەسەر بێت))
٢. نوح((سەلامی خودای لەسەر بێت))
٣. هود((سەلامی خودای لەسەر بێت))
٤. صالّح((سەلامی خودای لەسەر بێت))
٥. ئیبراهیم ((سەلامی خودای لەسەر بێت))
٦. ئیسماعیل((سەلامی خودای لەسەر بێت))
٧. لوط((سەلامی خودای لەسەر بێت))
٨. ئیسحاق((سەلامی خودای لەسەر بێت))
٩. یەعقوب((سەلامی خودای لەسەر بێت))
١٠. یوسف((سەلامی خودای لەسەر بێت))
١١. ئەسبات ((سەلامی خودای لەسەر بێت))
١٢. ئەیوب((سەلامی خودای لەسەر بێت))
١٣. زول کفل((سەلامی خودای لەسەر بێت))
١٤. شوعەیب((سەلامی خودای لەسەر بێت))
١٥. یونس((سەلامی خودای لەسەر بێت))
١٦. موسا((سەلامی خودای لەسەر بێت))
١٧. هارون((سەلامی خودای لەسەر بێت))
١٨. یوشەع ((سەلامی خودای لەسەر بێت))
١٩. صامۆئێل ((سەلامی خودای لەسەر بێت))
٢٠. داود((سەلامی خودای لەسەر بێت))
٢١. سولەیمان((سەلامی خودای لەسەر بێت))

٢٢. زەکەریا((سەلامی خودای لەسەر بێت))
٢٣. عیسا((سەلامی خودای لەسەر بێت))
٢٤. یەحیا((سەلامی خودای لەسەر بێت))
٢٥. ئیلیاس((سەلامی خودای لەسەر بێت))
٢٦. یەسەع((سەلامی خودای لەسەر بێت))

- **چیرۆکی پیاوچاکان**

١. لوقمانی حەکیم
٢. زولقەرنەین
٣. خدر
٤. عوزەیر
٥. حەبیبی دارتاش
٦. طالوت

- **چیرۆکی ژنان**

١. حەوا
٢. ئاسیای کچی مەزاحم
٣. ژنی نوح
٤. ژنی لوت
٥. هاجەر
٦. سارە
٧. زولەیخا
٨. مەریەم
٩. ڕەحمە یان لیا کچی ئەفرائیم

١٠. سومەیەی کچی بەرگدروو
١١. ئوم کەلسوم کچی عوقبە
١٢. ئوم جەمیل
١٣. بەڵقیس

- **چیرۆکی قەومەکان**

١. هاوەڵانی بەهەشت
٢. هاوەڵانی ئەیکە
٣. هاوەڵانی ئخدود ((چاڵە دریژەکە))
٤. هاوەڵانی ئەشکەوت
٥. بەنداوی مەئرەب
٦. هاوەڵانی بەرد
٧. چیرۆکی خوانەکە
٨. قەومی سەمود
٩. قەومی عاد
١٠. قەومی توبەع
١١. هاوەڵانی ڕەس
١٢. هاوەڵانی گوندەکە
١٣. هاوەڵانی شەممە

- **چیرۆکی ستەمکاران**

١. فیرعەون
٢. هامان
٣. قارون

٤. نەمرود
٥. جالوت
٦. قابیل
٧. سامری
٨. ئەبرەهەی حەبەشی
٩. بەلعام کوڕی باعورا
١٠. ئەبو لەهەب

• چیرۆکی ئاژەلاْن

١. کەرەکەی عوزەیر
٢. قەلە ڕەشەکەی دووکوڕەکەی ئادەم
٣. سەگەکەی هاوەلاْنی ئەشکەوت
٤. هاوەلاْنی فیل
٥. مانگاکەی بەنو ئیسرائیل
٦. ئاژەلّی زەوی
٧. پەپۆسلێمانەی سولەیمان
٨. بەرانەکەی ئیسماعیل
٩. حوشترەکەی صالّح
١٠. مێروولەکەی سولەیمان
١١. نەهەنگەکەی یونس

ناوی پەیامبەران لە قورئانی پیرۆزدا

خودای گەورە دەفەرموێت : ((وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى اللَّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلَالَةُ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ)) (٣٦) النحل

ئاشکرایە قورئانی پیرۆز زانیاری گشتی و کورت و پوختی زۆر جوان و سەرنج ڕاکێش و ژیاننامە و ناوی پەیامبەر و کەسایەتی جیاوازی لەخۆگرتوە، کە هەریەکەیان بۆخۆی پەند و وانەی گرنگی تیادایە بۆ مرۆڤایەتی و ئەهلی زانست و زانیاری.یەکێک لەو زانیاریانە بریتیە لەناو هێنانی پەیامبەرەکان، کە ئێمەی مسوڵمان بڕوامان بەهەموانیان هەیە بەبێ جیاوازی بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

تەنها لە سورەتی الانعام و لە ئایەتەکانی ٨٣-٨٦ دا ناوی ١٨ پەیامبەر هاتووە وەک دەفەرموێت : ((وَتِلْكَ حُجَّتُنَا آتَيْنَاهَا إِبْرَاهِيمَ عَلَى قَوْمِهِ نَرْفَعُ دَرَجَاتٍ مَّن نَّشَاءُ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ * وَوَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ كُلًّا هَدَيْنَا وَنُوحًا هَدَيْنَا مِن قَبْلُ وَمِن ذُرِّيَّتِهِ دَاوُودَ وَسُلَيْمَانَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَى وَهَارُونَ وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ * وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَى وَعِيسَى وَإِلْيَاسَ كُلٌّ مِّنَ الصَّالِحِينَ * وَإِسْمَاعِيلَ وَالْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى الْعَالَمِينَ)).

١. ئیبراهیم ((سەلامی خودای لەسەر بێت))
٢. ئیسحاق((سەلامی خودای لەسەر بێت))
٣. یەعقوب((سەلامی خودای لەسەر بێت))
٤. نوح((سەلامی خودای لەسەر بێت))
٥. داود((سەلامی خودای لەسەر بێت))

٦. سولەیمان((سەلامی خودای لەسەر بێت))
٧. ئەیوب((سەلامی خودای لەسەر بێت))
٨. یوسف((سەلامی خودای لەسەر بێت))
٩. موسا((سەلامی خودای لەسەر بێت))
١٠. هارون((سەلامی خودای لەسەر بێت))
١١. زەکەریا((سەلامی خودای لەسەر بێت))
١٢. یەحیا((سەلامی خودای لەسەر بێت))
١٣. عیسا((سەلامی خودای لەسەر بێت))
١٤. ئیلیاس((سەلامی خودای لەسەر بێت))
١٥. ئیسماعیل((سەلامی خودای لەسەر بێت))
١٦. یەسەع((سەلامی خودای لەسەر بێت))
١٧. یونس((سەلامی خودای لەسەر بێت))
١٨. لوط((سەلامی خودای لەسەر بێت))

• ناوی هەوت پەیامبەری تریش لە سورەت و ئایەتی جیاوازی تردا هاتوون کە بریتین لە:

١. موحەمەد((سەلامی خودای لەسەر بێت))
٢. ئادەم((سەلامی خودای لەسەر بێت))
٣. هود((سەلامی خودای لەسەر بێت))
٤. صالّح((سەلامی خودای لەسەر بێت))
٥. زول کفل((سەلامی خودای لەسەر بێت))
٦. شوعەیب((سەلامی خودای لەسەر بێت))
٧. ئیدریس((سەلامی خودای لەسەر بێت))

- هەندێك پەیامبەری تریش هەن كە لە قورئاندا چیرۆكەكانیان باسكراوە بە بێ ناوهێنانیان وەك لە ئایەتی ژمارە ٢٤٦ لە سورەتی بەقەرەدا دەفەرموویت:

((أَلَمْ تَرَ إِلَى الْمَلأ مِنْ بَنِى إِسْرَائِيلَ مِنْ بَعْد مُوسَى إِذْ قَالُوا لِنَبِيٍّ لَّهُمُ ابْعَثْ لَنَا مَلِكًا نُّقَاتِلْ فِى سَبِيلِ اللَّه قَالَ هَلْ عَسَيْتُمْ إِن كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ أَلاَّ تُقَاتِلُوا قَالُوا وَمَا لَنَا أَلاَّ نُقَاتِلَ فِى سَبِيلِ اللَّه وَقَدْ أُخْرِجْنَا مِن دِيَارِنَا وَأَبْنَائِنَا فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ تَوَلَّوْا إِلاَّ قَلِيلًا مِّنْهُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ)).

- هەندێك پەیامبەری تریش هەن كە خودا چیرۆك و ناوی نەهێناون لە قورئاندا و پەیامبەریشمان باسی نەكردوون وەك لە ئایەتی ژماری ٧٨ی سورەتی غافردا دەفەرموویت : ((وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِّن قَبْلِكَ مِنْهُم مَّن قَصَصْنَا عَلَيْكَ وَمِنْهُم مَّن لَّمْ نَقْصُصْ عَلَيْكَ وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ أَن يَأْتِيَ بِآيَةٍ إِلاَّ بِإِذْنِ اللَّه فَإِذَا جَاءَ أَمْرُ اللَّه قُضِيَ بِالْحَقِّ وَخَسِرَ هُنَالِكَ الْمُبْطِلُونَ)).

ئەوەش پەیامبەرمان پشتڕاستی دەكاتەوە و دەڵێت : ((من كۆتایی هەزار پەیامبەرم یان زیاتر وهیچ پەیامبەرێكیش نەهاتوە مەگەر قەومەكەی ئاگاداركردۆتەوە لەدەجال)) ،ئەم حەدیسە ئەحمەد دەریهێناوە لە مەسنەدەكەی خۆیدا و حاكمیش لە موستەدریكەكەیدا.

ئەبوزەری غەفاریش دەگێڕێتەوە كە پرسیاری لە پەیامبەر كردوە: ((ئەی پەیامبەر،چەند نەبی هەیە؟ وتی سەد و بیست وچوار هەزار نەبی هاتوون ١٢٤٠٠٠ نەبی .وتم:ئەی چەندیان پەیامبەر بوون؟ وتی: ٣١٣ سێ سەد و سیانزەیان)). ئەم حەدیسەش هەریەكە لە حاكم لە موستەدریكەكەیدا و بەیهەقی لە سونەتە گەورەكان و لقی ئیماندا تۆماریان كردوە.

نەبی و ڕەسولەکان کێن ؟

لە ئیسلامدا ((نەبی و ڕەسول)) هەکان بریتین لەو کەسانەی کە خودا هەڵیبژاردوون بۆ هیدایەت و بەرچاوڕۆشنکەرەوەی خەڵکی بۆ پەرستنی خودا و شەریك پەیدانەکردن بۆی،و داوەتکردنی خەڵکیش بۆ ئەخلاق و کاری چاکە و خووڕەوشتی بەرز و دوورکەوتنەوە لە بێباوەڕی و بتپەرستی و قەدەغەکراوەکان.

نەبی کێیە ؟

ئەوەی لای زانایان ئاشکرایە ئەوەیە کە ((نەبی)) : ئەو کەسەیە کە لەلایەن خوداوە وەحی بۆ دێت کە خودا بپەرستن لەسەر یەکێك لەو بەرنامە و شەریعەتانەی کە لەلایەن خوداوە دابەزیون بۆ سەر پەیامبەرەکانی لە پێشتردا. واتا ((نەبی)) هەواڵدەرە دەربارەی خودا وئاگادارەکرێتەوە یان هەواڵی پێدەدرێت و پەیامبەریش لەلایەن خوداوە نێردراوە. بەڵام((نەبی)) فەرمانی پێناکرێت کە خەڵکی لێئاگاداربکاتەوە و بانگەوازی بۆ بکات.((نەبی)) وەحی بۆدێت کە ئەو کارە بکات یان نوێژ بکات یان ڕۆژوو بگرێت.بەڵام فەرمانی پێناکرێت کە بە خەڵکی بڵێت، هەروەها ((نەبی)) ئەو کەسەیە کە تەنها لەسەر شەریعەتی ((ڕەسول))ێکی پێش خۆی دەڕوات وەکو هەموو ((نەبی))ەکانی دوای موسا کە هەموانیان لەسەر شەریعەتی تەورات دەڕۆیشتن.ئەوە پێی دەوترێت ((نەبی)).

ڕەسول کێیە؟

لە ئیسلامدا ((ڕەسول)) هەمان ((نەبی))یە،بەڵام ئەم لەلایەن خوداوە نێردراوە و خاوەنی پەیام و شەریعەتێکی نوێیە وفەرمانی پێدەکرێت کە ئەو پەیام و شەریعەتە نوێیانەی بۆی دادەبەزێت خەڵکی لێ ئاگاداربکاتەوە وبانگەوازی بۆ بکات ، بەشێوەیەك ئەمان سەربەخۆیانە وەحی و شەریعەتێکیان بۆ هاتۆتە

خوارەوە و لەسەر شەریعەتی کەسی پێش خۆیان ناڕۆن،وەك پەیامبەرمان موحەمەد (د.خ) ، وەکو موسا و عیسا و نوح و هود و صاڵح و ....هتد.
هەربۆیە هەموو (ڕەسول) یێك (نەبی)ە، بەڵأم هەموو (نەبی)ەك (ڕەسول) نیە.

- ناوی ئەو ((پەیامبەر و نەبی)) انەی کە لە قورئاندا ناویان هاتوە لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی:

١. ئادەم ، نەبی بوە و ٢٥جار ناوی لە قورئاندا هاتوە
٢. ئیدریس، نەبی بوە و ٢ جار ناوی لە قورئاندا هاتوە
٣. نوح ،نەبی +ڕەسول بوە و بۆ قەومی نوح هاتوە و ٤٣ جار ناوی لە قورئاندا هاتوە وخاوەن شەریعەت بوە
٤. هود ، ڕەسول بوە وبۆ قەومی عاد هاتوە و ٧ جار ناوی لە قورئاندا هاتوە
٥. صاڵح، ڕەسول بوە و بۆ قەومی سەمود هاتوە و ٩ جار ناوی لە قورئاندا هاتوە
٦. ئیبراهیم، نەبی +ڕەسول بوە و بۆ قەومی ئیبراهیم هاتوە و کیتابەکەی ناوی صحوفی ئیبراهیم بوە و٦٩ جار ناوی لە قورئاندا هاتوە وخاوەن شەریعەت بوە
٧. لوط ، نەبی +ڕەسول بوە و بۆ قەومی لوط هاتوە و ٢٧ جار ناوی لە قورئاندا هاتوە
٨. اسماعیل ، نەبی +ڕەسول بوە و ١٢ جار ناوی لە قورئاندا هاتوە
٩. اسحاق ، نەبی بوە و ١٧ جار ناوی لە قورئاندا هاتوە
١٠. یەعقوب ، نەبی بوە و ١٦ جار ناوی لە قورئاندا هاتوە
١١. یوسف ، نەبی بوە و ٢٧ جار ناوی لە قورئاندا هاتوە

١٢ .ئەیوب ، نەبی بوە و ٤ جار ناوی لە قورئاندا هاتوە

١٣ .شوعەیب ،پەسول بوە وبۆ قەومی مەدیەن هاتوە و١٠ جار ناوی لە قورئاندا هاتوە

١٤ .موسا ، نەبی +پەسول بوە و بۆ قەومی بەنوئیسڕائیل هاتوە وکیتابەکەی تەورات بوە و١٣٦ جار ناوی لە قورئاندا هاتوە وخاوەن شەریعەت بوە

١٥ .هارون ، نەبی +پەسول بوە و بۆ قەومی بەنوئیسڕائیل هاتوە و٢٠ جار ناوی لە قورئاندا هاتوە

١٦ .داوود، نەبی بوە وبۆ قەومی بەنوئیسڕائیل هاتوە و کیتابەکەی زەبور بوە و ١٦ جار ناوی لە قورئاندا هاتوە

١٧ .سولەیمان ، نەبی بوە و بۆ قەومی بەنوئیسڕائیل هاتوە و ١٧ جار ناوی لە قورئاندا هاتوە

١٨ . ئلیاس، نەبی +پەسول بوە و بۆ قەومی بەنوئیسڕائیل هاتوە و٢ جار ناوی لە قورئاندا هاتوە

١٩ . یەسەع ، نەبی بوە و ٢ جار ناوی لە قورئاندا هاتوە

٢٠ . زول کفل، نەبی +پیاوچاك بوە و ٢ جار ناوی لە قورئاندا هاتوە

٢١ .یونس ،نەبی+پەسول بوە وبۆ قەومی یونس هاتوە و٤جار ناوی لە قورئاندا هاتوە

٢٢ . زەکەریا،نەبی بوە و بۆ قەومی بەنوئیسڕائیل هاتوە و ٧ جار ناوی لە قورئاندا هاتوە

٢٣ .یەحیا ، نەبی بوە وبۆ قەومی بەنوئیسڕائیل هاتوە و٥ جار ناوی لە قورئاندا هاتوە

٢٤ .عیسا ،نەبی +پەسول بوە بۆ قەومی بەنوئیسڕائیل هاتوە و کیتابەکەی ئینجیل بوە و ٢٥ جار ناوی لە قورئاندا هاتوە و خاوەن شەریعەت بوە

٢٥ . موحەمەد،نەبی +ڕەسول بوە و بۆقەومی مرۆڤ وجنۆکە هاتوە و کیتابەکەی قورئان بوە و٤ جار ناوی لە قورئاندا هاتوە و خاوەن شەریعەت بوە

- هەندێك کەسایەتی کە ناویان هاتووە یان ئاماژەیان پێدراوە بە قورئان و حەدیسی پەیامبەردا:

١.شیث ،نەبی بوە و کیتابەکەی صوحوف بوە

٢.یوشەع کوڕی زەنون،نەبی بوە و بۆ قەومی بەنو ئیسڕائیل هاتوە

٣.حەزقیل،نەبی بوە و بۆ قەومی بەنوئیسڕائیل هاتوە

٤.لوقمانی حەکیم،پیاوچاك بوە

٥.زول قەرنەین،پیاوچاك بوە

٦.خدر،نەبی بوە

٧.کالب کوڕی یۆفنا،نەبی و پیاوچاك بوە

٨.صامۆئێل،نەبی بوە

****

****

****

*

ئەو سورەتانەی کە بە پیتە پچڕپچڕەکان دەستپێدەکەن

خودای گەورە لە سورەتی ((العلق)) دا دەفەرموێت ؛ ((**اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (١)خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ (٢) اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ (٣) الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ (٤) عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ (٥)**)).

پێناسەی پیتە پچڕپچڕەکان لە قورئاندا

بریتین لەو پیتە هیجائیە پچڕپچڕانە کە خودای گەورە سەرەتای سورەتەکانی پێدەستپێکردوون،کە بەناوەکانیان دەخوێنرێنەوە بەبڕین وجیاکردنەوە، جا سەرەتا و دەستپێکی ئەو سورەتانە بەو پیتە پچڕپچڕانە حیکمەتێکی خودای گەورەیە، یەکێکیشە لەنهێنیەکانی قورئان،لە حیکمەتی قورئانیشە کە بەو پیتانە دەستپێدەکات و پەیامبەریش تەحەدای بێ باوەڕانی کردووە کە بتوانن وەک ئەو قورئانە بهێنن بەلآم ئەوان بێدەسەلآت بوون.نەیاندەزانی کە چۆن وەلآمی پەیامبەر بدەنەوە،ئەوەش بەڵگەیە لەسەرئەوەی کە بێ توانان لە هێنان و دانانی وەک ئەو قورئانە، هەربۆیە قورئانی پیرۆز پەڕجوویەکە لە لایەن خودای گەورەوە.

ئەو سورەتانەی کە ئەو پیتە پچڕپچڕانەیان تیادایە ٢٩ سورەتن،کە بەتێکڕای پیتەکان ١٤ پیتن،کە هەندێك کەس لەو دەقەدا کۆیان کردونەتەوە ((**نص حكيم قاطع لە سر**)) و خودای گەورە فەرموویەتی :((**أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا**)).

ڕاڤەی زانایان بۆ پیتە پچڕپچڕەکان

زانایان دابەشبونەتە سەر ڕای جیاواز تایبەت بە ڕاڤەکردنی مانای پیتە پچڕپچڕەکان، هەندێکیان زانستەکەیان گەڕاندۆتەوە بۆ لای خودای گەورە، هەندێکیشیان ڕاڤەیان کردوون،ئەوانەشی ڕاڤەیانی کردوون وتەکانیان

دەربارەیان جیاوازبووە. وەك :

- ناوی سورەتەکانن.
- دەستپێکن کە خودا قورئانی پێدەستپێکردوە.
- لە ناوەکانی قورئانن.
- سوێندە،خودای گەورە سوێندی پێخواردون،کە لەناوە جوانەکانی خودان.
- پیتن کە دەسپێکردوە لە پیتە هیجائیەکانی ناوەکانی خودا.
- هەندێك کەسی ئەهلی زمانی عەرەبی دەڵێن:بریتین لەپیتەکانی فەرهەنگ.
- بۆ هەموو کیتابێك کە خودای گەورە ناردویەتی نهێنیەکی هەیە،جا نهێنی قورئانی پیرۆز بریتیە لەو پیتە پچڕپچڕانە لە دەستپێکی سورەتەکاندا.

هەندێك لە حوکمە دیارەکانی باسکردنی پیتە پچڕپچڕەکان

خودای گەورە هەواڵی داوە دەربارەی ئەو قورئانە،کە قورئانێکی حەکیمە و هیچ ناڕەواییەکی تیادا نیە،خودا فەرموویەتی : ((**وَإِنَّهُ لَكِتَابٌ عَزِيزٌ لَا يَأْتِيهِ الْبَاطِلُ مِن بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِ تَنزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ**)) و بڕوادارانیش دەزانن کە ئەو پیتانە نهێنیەکیان تیادایە و خودای گەورە ئەو پیتانەی دابەزاندوە بۆ حیکمەتێك، ئاسایشە کە هەندێك لەو حیکمەتانە بزانن وەك:

- قورئان لە ڕەگەزی پیتەکانە کە قسەی پێدەکەن.
- لەبەرئەوە بەزۆری هەرکات باسی ئەو پیتانە کرابێت لەدوایدا ئاماژە دراوە بە قورئانی پیرۆز.
- باسی ئەو پیتانە کراوە بۆ ئاشکراکردنی پەڕجویی(موعجیزەی) قورئان.

- دروستکراوەکان بێتوانان کە وەکو ئەوانە بهێنن،خودای گەورە سوێندی بە قورئان خواردوە،کە کیتابێکە نێردراوەتە سەر پەیامبەر ولەلایەن خودای گەورەوە دابەزیوە و هیچ گومانێکی تیادا نیە.

لە قورئانی پیرۆزدا ژمارەیەك سورەت هەن کە دەستپێك و سەرەتاکانیان بە پیتێك یان دوان یان سیان و زیاتر دەستپێدەکەن،کە تائێستا زانایانی زانستەکانی قورئان و ڕاڤەکارانیش نهێنی وحیکمەتی ئەو پیتانەیان نەزانیوە و ماناکانیشیان بەنەزانراوی ماوەتەوە کە تەنها خودای گەورە خۆی دەزانێت نیەت و مەبەستی چیە لە دانان و دەستپێکی ئەو سورەتانە بەو پیتە پچڕ پچڕانە.

- **ئەو سورەتانەی کە بە ((١))پیت دەستیانپێکردوە :**

١.	سورەتی ق	ق
٢.	سورەتی القلم	ن
٣.	سورەتی ص	ص

- **ئەو سورەتانەی کە بە ((٢))پیت دەستیانپێکردوە :**

١.	سورەتی طه	طه ((ط + ه))
٢.	سورەتی النمل	طس ((ط + س))
٣.	سورەتی یس	یس ((ی + س))
٤.	سورەتی غافر	حم ((ح + م))
٥.	سورەتی فصلت	حم ((ح + م))
٦.	سورەتی الزخرف	حم ((ح + م))
٧.	سورەتی الدخان	حم ((ح + م))
٨.	سورەتی الجاثیة	حم ((ح + م))
٩.	سورەتی الاحقاف	حم ((ح + م))

- **ئەو سورەتانەی کە بە ((٣))پێت دەستیانپێکردوە :**

١. سورەتی البقرة الم ((أ + ل + م))

٢. سورەتی ال عمران الم((أ + ل + م))

٣. سورەتی یونس الر((أ + ل + ر))

٤. سورەتی هود الر((أ + ل + م))

٥. سورەتی یوسف الر((أ + ل + م))

٦. سورەتی ابراهیم الر((أ + ل + م))

٧. سورەتی الحجر الر((أ + ل + م))

٨. سورەتی الشعراء طسم((ط + س + م))

٩. سورەتی القصص طسم((ط + س + م))

١٠. سورەتی العنکبوت الم((أ + ل + م))

١١. سورەتی الروم الم((أ + ل + م))

١٢. سورەتی لقمان الم((أ + ل + م))

١٣. سورەتی السجدة الم((أ + ل + م))

- **ئەو سورەتانەی کە بە ((٤))پێت دەستیانپێکردوە :**

١. سورەتی الاعراف المص((أ + ل + م+ص))

٢. سورەتی الرعد المر((أ + ل + م+ر))

- **ئەو سورەتانەی کە بە ((٥))پێت دەستیانپێکردوە :**

١. سورەتی مریم کهیعص((ك+ه+ی+ع+ص))

٢. سورەتی الشوری حم ، عسق((ح+م، ع+س+ق))

ئەو سورەت و ئایەتانەی کە
سوجدەی خوێندنی قورئانیان((کرنۆشیان)) تیادایە

خودای گەورە دەفەرموێت : ((إنما يؤمن بآياتنا الذين إذا ذكروا بها خروا سجداً وسبحوا بحمد ربهم وهم لا يستكبرون)) (السجدة/١٥)

ئاشکرایە کە لە قورئانی پیرۆزدا لە ١٤ سورەتدا ، ١٥ جێگەی (سوجدە بردنی خوێندنی قورئان) هەیە،کە دوو پای جیاواز هەیە لەوبارەیەوە :

- دەوترێت هەموو سوجدەکان سونەتە و نە حەتمیە و نە واجبیشە : چونکە پەیامبەر هەندێك جار سوجدەی بردوە و هەندێك جاریش نەیبردوە.
- پای دووەمیش دەوترێت مەرج نیە کە سوجدە ببرێت،گەر ببرێت ئەوا خێرت دەستدەکەوێت و گەر نەشبرێت ئەوا هیچ سزایەکی لەسەر نیە.

- **ناوی سورەت و ئایەتەکان کە ئاماژەی سوجدەی خوێندنی قورئانیان تیادایە :**

١.	سورەتی الاعراف	ئایەتی ٢٠٦	جوزئی٩	١سەجدە
٢.	سورەتی الرعد	ئایەتی١٥	جوزئی١٣	١سەجدە
٣.	سورەتی النحل	ئایەتی ٥٠	جوزئی١٤	١سەجدە
٤.	سورەتی الاسراء	ئایەتی ١٠٩	جوزئی١٥	١سەجدە
٥.	سورەتی مریەم	ئایەتی ٥٨	جوزئی١٦	١سەجدە
٦.	سورەتی الحج	ئایەتی ١٨ و ٧٧	جوزئی١٧	٢سەجدە
٧.	سورەتی الفرقان	ئایەتی ٦٠	جوزئی١٩	١سەجدە
٨.	سورەتی النمل	ئایەتی ٢٦	جوزئی١٩	١سەجدە
٩.	سورەتی السجدة	ئایەتی١٥	جوزئی٢١	١سەجدە
١٠.	سورەتی ص	ئایەتی ٢٤	جوزئی٢٣	١سەجدە

١١.	سورەتی فصلت	ئایەتی ٣٨	جوزئی ٢٤	١ سەجدە
١٢.	سورەتی النجم	ئایەتی ٦٢	جوزئی ٢٧	١ سەجدە
١٣.	سورەتی الانشقاق	ئایەتی ٢١	جوزئی ٣٠	١ سەجدە
١٤.	سورەتی العلق	ئایەتی ١٩	جوزئی ٣٠	١ سەجدە

****

****

******

***

*

ناو و نازناوەکانی تری سورەتەکانی قورئان

خودای گەورە لە سورەتی ((النور))دا دەفەرموێت :((*سُورَةٌ أَنْزَلْنَاهَا وَفَرَضْنَاهَا وَأَنْزَلْنَا فِيهَا آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ* (١)))

سورەتەکانی قورئان بەشێکن لە قورئانی پیرۆز کە ئایەتەکان لەخۆدەگرن و سەرەتا و کۆتاییان هەیە.لە قورئاندا ١١٤ سورەت هەیە ،یەکەمیان سورەتی (الفاتحة) و کۆتایشیان سورەتی (الناس)، وشەی ((سورەت))وەك دەوترێت لە وشەی ((سوئرە))وە هاتوە دوای سوککردنی ((هەمزە))کەی کە بەمانای ((پاشماوە)) دێت جازۆرێك لە ڕۆژهەلاتناسەکان بنچینەی وشەکە دەگەڕێننەوە بۆ زمانی ئارامی یان عیبری،وشەی ((سورەت))لە قورئاندا لە[٩] جێگەدا هاتوە،جا ڕێکخستنی سورەتەکانی قورئان ڕاوبۆچوونی جیاوازی لەبارەوە هەیە و جیاوازن لەبەرئەوەی ((وەقفین یان توقیفین)) واتە((شەرعین))و لەلایەن خودای گەورەوە ڕیز و ڕێکخراون و بە پایەمبەر وتراوە و ئەویش بە هاوەلانی ڕاگەیاندوە و ئیدی بۆ هیچ کەس نیە گۆڕانکاریان تیادا بکات ،یان لە ئیجتیهادی هاوەلانەوە بوە.یانیش هەندێکیان توقیفین و هەندێکیشیان ئیجتیهادین.

سورەتەکانی قورئانیش ١١٤ سورەتن و بە ((مەکی ٨٦ سورەت و مەدەنی ٢٨سورەتن))ناودەبرێن بەهۆی دابەزینیان لەو دووشارەدا پێش و دوای کۆچکردنی پەیامبەر،بەهەمان شێوە زاناکان سورەتەکانیان لەسەر بنچینەی درێژی و مامناوەندی و کورت کردوّتە [٣] بەشەوە:

- [٧] سورەتە درێژەکان ((الطوال)): کە بریتین لە سورەتەکانی ((البقرة و

ال عمران والنساء والمائدة و الانعام و الاعراف و براءة)) كه دەكەونه سەرەتای قورئانەوه.

- سورەته مام ناوەندەكان ((المئون)) : بریتین لەو سورەتانەی كه له دوای ئەو ٧ سورەته دریژەوه دێن ،چونكه سورەتەكان ١٠٠ئایەت یان زیاتر لەخۆدەگرن ودەكەونه ناوەڕاستی قورئانەوه وەك سورەتەكانی ((یونس تا ق)).
- سورەته كورتەكان((المثانی)): بریتین لەو سورەتانەی كه لەدوای سورەته مامناوەندەكانەوه دێن و دەكەونه كۆتایی قورئانەوه وەك سورەتەكانی ((الذاریات تا الناس)).
- هەموو سورەتەكانی قورئان به ((بسم الله الرحمن الرحیم))دەستیان پێكردوه جگه لەسورەتی ((براءة)) چونكه ئەو سورەته باس له شەڕ و كوشتار دەكات و((بسم الله))ش مانای بەزەیی و دڵنیایی دەدات.بەڵام سەرەڕای ئەوەش ژمارەی،((بسم الله)) له قورئاندا هەر ١١٤ یه بۆئەوەی یەكسانبێتەوه به ژمارەی سورەتەكانەوه،چونكه یەك ((بسم الله)) له سورەتی ((النمل)) دا دووبارەبۆتەوه.
- ناوی سورەتەكانی قورئانی پیرۆز كه دانراون هەریەكەیان هۆكارێكی تایبەت و دیاركراویان هەیه،وەك ئەوەی وشەی یەكەمی سورەتەكه بۆته ناوی سورەتەكه یان ڕووداوێك و چیرۆكێكی ناو سورەتەكه،یان سورەتەكان هەیانه بەناوی پەیامبەرەكان و هەیانه بەناوی ئاژەڵ و هەشیانه بەناوی دیارده سروشتیەكان و هەشیانه به چەند پیتێكی تەلیسماوی دەستیان پێكردوه و هەشیانه بەناوی ئەو حوكم و ڕێنماییانەوه نراوەن كه تیایاندا هاتووه و ئیدی بەو شێوەیه ناوی ١١٤ سورەتەكەی قورئان ناونراون.جا سورەت هەیه یەك ناوی هەیه و هەشه زیاتر یان دوو ناو و زیاتریشیان هەیه وەك:

١. **سورة الفاتحة: ناودەبرێت بە سورەتی:** ((**دایکی کیتاب**/أم الكتاب، **حەوت دووبارەکە**/ السبع المثاني ، **سوپاس**/ الحمد، **پارێزەر**/الواقية، **شیفادەر**/ الشافية، **تەواو** / الكافية))

٢. **سورة الإسراء: ناودەبرێت بە سورەتی بەنوئیسرائیل**

٣. **سورة النمل : ناودەبرێت بە سورەتی سولەیمان**

٤. **سورة السجدة: ناودەبرێت بە سورەتی جێگەی خەو**

٥. **سورة فاطر: ناودەبرێت بە سورەتی فریشتە**

٦. **سورة الزمر: ناودەبرێت بە سورەتی ژووڕەکان**

٧. **سورة غافر: ناودەبرێت بە سورەتی باوەڕدار**

٨. **سورة الإنسان: ناودەبرێت بە سورەتی سەدە**

٩. **سورة محمد: ناودەبرێت بە سورەتی کوشتار و جەنگ**

١٠. **سورة الممتحنة: ناودەبرێت بە سورەتی تاقیکردنەوە**

١١. **سورة الصف: ناودەبرێت بە سورەتی حەواریيەکان**

١٢. **سورة الملك: ناودەبرێت بە سورەتی تەبارك**

١٣. **سورة النبأ: ناودەبرێت بە سورەتی پرسیارکردن،ڕەشەبا**

١٤. **سورة البينة : ناودەبرێت بە سورەتی ئەهلی کیتاب،ڕۆژی دوایی**

- **نازناوی سورەتەکانی قورئانی پیرۆز :**
- **سورەتی الاعراف: بەخوشکی دوو دڕێژەکە ناودەبرێت**
- **سورەتی الفاتحة:ناودەبرێت بە جێگرەوەی هەموو قورئان ((الكافية))**
- **سورەتی الشعراء: ناودەبرێت بە سورەتی زانکۆ یان کۆمکار**
- **سورەتی یس: ناودەبرێت بە دڵی قورئان**
- **سورەتی الرحمن: ناودەبرێت بە بوکی قورئان**

- **سورەتەکانی البقرة وال عمران:** ناودەبرێن بە دوو هەورەکە ((کە زۆر سپین))
- **سورەتی البقرە:** ناودەبرێت بە((سەنامی حوشتر/ کۆپان (بەرزایی پشتی حوشتر))) بە شێوەیەك بەرزترین شەرەف و پێگەی هەیە لە قورئاندا
- **سورەتی التوبة:** ناودەبرێت بە سورەتی بەڕائەت
- **سورەتی الزلزلە:** بارتەقای نیوەی قورئانە
- **سورەتی الاخلاص:** بارتەقای سێ یەکی قورئان
- **سورەتی النصر:** بارتەقای چارەکی قورئان

- **زانیاری هەمەجۆر لەسەر سورەتەکانی قورئانی پیرۆز:**

- تەنها سورەتێك لە قورئاندا کە پیتی ((م))تیادا نیە سورەتی ((**الکوثر**)).
- تەنها سورەتێك کە هەموو ئایەتەکانی زاراوەی خودای ((**اللە**))تیادایە سورەتی ((**المجادلة**)) یە.
- تەنها سورەتێك کە بە ((**بسم للە**)) دەستپێناکات سورەتی ((**التوبة**))یە.
- تەنها سورەتێك کە دوو ((**بسم للە**)) تیادایە سورەتی ((**النمل**))ە.
- گەورەترین ژمارە لەقورئاندا هاتبێت بریتیە لە ((١٠٠٠٠٠ سەد هەزار)) لە ئایەتی ١٤٧ی سورەتی ((**الصافات**)) : ((**وأرسلناه إلى مائة ألف أو يزيدون**)).
- هەموو ئەو سورەتانەی کە باسیان لە سنوورە شەرعیەکان و فەرزەکان کردوە لە شاری مەدینە هاتونەتە خوارەوە.
- هەموو ئەو سورەتانەی کە باس لە دووڕووەکان دەکات لە شاری مەدینە دابەزیون تەنها سورەتی ((**العنکبوت**))نەبێت.
- هەموو ئەو سورەتانەی کە ((**سجدة**)) تیادایە لەشاری مەکە دابەزیون.
- هەموو ئەو سورەتانەی کە چیرۆکی پەیامبەران و نەتەوەکانی

- ڕابووردووی تیادایە لەشاری مەککە دابەزیون جگە لە سورەتی ((البقرة)).
- هەموو ئەو سورەتانەی کە باسی ئەهلی کیتاب دەکات و داوایان لێدەکات کە دووربکەونەوە لە دەمارگیری و زیادەڕەوی لەشاری مەدینە دابەزیونەتە خوارەوە.
- هەموو ئەو سورەتانەی کە بە پیتی هیجائی((پیتە پچڕپچڕەکان)) دەستپێدەکەن لەشاری مەکە دابەزیونەتە خوارەوە.
- وشەی ((ملة))لە قورئاندا ١٥ جار هاتووە.
- وشەی ((النخلة)) لە قورئاندا تەنها ١جار هاتووە.
- وشەی ((التوراة))لە قورئاندا ١٨ جار هاتوە و وشەی ((الانجيل)) تەنها ١٢ جار هاتووە.
- ژمارەی ئەو سورەتانەی کە بە((حم))دەستپێدەکەن بریتین لە ٧ سورەت.
- ژمارەی ئەو سورەتانەی کە بەناوی ((نەبی یان ڕەسول))یەك دەست پێدەکەن ٦ سورەتن.
- کۆتا سورەت کە لەشاری مەککە دابەزیوە سورەتی ((المطففين)) بوە.
- درێژترین ئایەت لە قورئاندا ((ئایەتی قەرزە))لە سورەتی ((البقرة)) دایە ئایەتی ژمارە ٢٨٢.
- کورتترین ئایەت لە قورئانی پیرۆزدا جگە لە دەستپێکی سورەتەکان بریتیە لە ئایەتی ژمارە ((٦٤)) لە سورەتی الرحمن: ((مدهامتان)).
- درێژترین وشە لە قورئانی پیرۆزدا بریتیە لە ((فأسقيناكموه)) کە ژمارەی پیتەکانی ١١ پیتن لە ئایەتی ٢٢ لە سورەتی ((الحجر))دایە.

ژمارە ((٧))

ئەو ژمارەیەی لە قورئاندا کە زانایانی سەرسام کردوە

خودای گەورە دەفەرموێت: ((**لها سبعة أبواب لكل باب منهم جزء مقسوم**))
(**الحجر:** ٤٤).

هەروەها دەفەرموێت: ((**والبحر يمده من بعده سبعة أبحر**)) (**لقمان:** ٢٧).

بەهەمان شێوە دەفەرموێت: ((**فقضاهن سبع سماوات في يومين**)) (**فصلت:** ١٢).

بەهەمان شێوە خودای گەورە دەفەرموێت: ((**مَّثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنبُلَةٍ مِّائَةُ حَبَّةٍ وَاللَّهُ يُضَاعِفُ لِمَن يَشَاءُ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ**) (**البقرة:**٢٦١)

ژمارە ٧ لە هەموو کتێبە ئاسمانیەکاندا زۆرترین جار دووبارە بۆتەوە ئەوەتا لە تەورات عەهدی کۆن ٣٩٢ جار دووبارەبۆتەوە و لە ئینجیلیشدا ١٨ جار دووبارەبۆتەوە و لە قورئانیشدا نهێنیەك و حیکمەتێکی خودایی گەورەی تیادایە کە زۆرترین جار دووبارەبۆتەوە لە سورەت و ئایەتەکان و جێگە جیاوازەکانی ناوقورئانی پیرۆزدا،کە ٢٤جار بەشێوەی جیاواز دووبارەبۆتەوە، کە بەڕاستی بۆتە جێگەی سەرسوڕمانی زانایانی زانستە قورئانیەکان، وەك لەخوارەوە دەبینین کە چۆن ژمارە ٧ بەشێوەی جیاواز دووبارەبۆتەوە:

- دەرگاکانی جەهەنەم ٧
- ژمارەی دەریاکان ٧
- ڕۆژانی هەفتە ٧
- ئاسمانەکان ٧

- سەرسوڕهێنەرەکانی جیهان ٧
- ژمارەی کیشوەرەکانی جیهان ٧
- ئایەتەکانی سورەتی فاتیحە ٧
- ڕەنگەکانی تیشکی پەلکە زێڕینە ٧
- سوڕانەوە بەدەوری کەعبەدا ٧
- ژمارەی اللە اکبری دوو جەژنەکە ٧
- فەرمان بەنوێژکردن لە تەمەنی ٧
- ژمارەی کانزا سەرەکییەکانی زەوی ٧
- هاتوچۆی نێوان صەفا و مەروا ٧
- ژمارەی ڕەنگەکانی ڕوناکی بینراو ٧
- باڵندەکان کۆچدەکەن بە پۆل لەسەر شێوەی ٧
- جۆرە سەرەکییەکانی ئەستێرەکان ٧
- ئاستی خولگەکانی ئەلکترۆن ٧
- تیشکەکانی ڕووناکی نەبینراو ٧

- ئەو کەسانەی کە خودا لەڕۆژی دوایدا دەیانخاتە ژێر سایەی خۆیەوە ٧
- ژمارەی ئەو بەردانەی کە شەیتانی پێڕەجم دەکرێت لە حەجدا ٧
- تێبینیتان کردوە ژمارەی وشەکانی شایەتمان ٧

هەرکەسێك دەستونێژی گرت پێش ئەوەی بنوێت خودای گەورە فریشتەیەکی بۆ دەنێرێت کە لەنێوان جلەکانی و پێستەکەیدا دەمێنێتەوە داوای لێخۆشبوونی لەخودا بۆ دەکات تا هەڵدەستێت و بەخەبەر دێتەوە.ئەگەر مرد ئەوا لە سەر فیترەت دەمرێت. شەیتان وتی بەنی ئادەمەم بەهیلاك بردوە بە تاوانکردنیان و ئەوانیش منیان بە هیلاك بردوە بە ((استغفر اللە)) و وتنی وشەی ((لا اله الا اللە)).



بەشی دووەم

پێناسی
سورەتەکانی قورئانی پیرۆز

پێناسی
سورەتەکانی قورئانی پیرۆز

لەم بەشەدا پێناسی هەر ١١٤ سورەتەکەی قورئانی پیرۆز دەکەین لە سورەتی ((الفاتحة)) وە کە یەکەمین و سەرەتا و دەستپێکی قورئانە تا سورەتی ((الناس)) کە کۆتا سورەتە لە قورئانی پیرۆزدا بەپێی ڕێکخستنی ژمارەی سورەتەکانی قورئان نەك بەپێی زنجیرەی دابەزینیان لە ئاسمانەوە.

جا لەم پێناسەیەدا بۆ هەر سورەتێك هەروەکو کارتی پێناس و شوناسی مرۆڤ زانیاریە کورت و پوخت و پێویستەکانمان تۆمارکردوە بۆ ناسینەوەی سورەتەکان ،بۆئەوەی مسوڵمانان بە ئاسانی زۆرترین زانیاری بەکورترین ماوە و کات وەدەستبخەن دەربارەی هەر سورەتێك.

ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆ کردنە ،تایبەت بە هۆکاری دابەزینی سورەتەکان، ئەوەیە کە ئەوەی ئێمە نوسیومانە زۆر بەکورتی و پوختیە و لەسەرچاوە ئەلکترۆنیە جۆراوجۆرەکانەوە دەستمانخستون،هەربۆیە هەر مسوڵمانێك دەتوانێت بە ئاسانی بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوانە و زانیاری زیاتریش وەربگرێت.وەك ئاشکراشە و لە زۆرینەی کتێبی تەفسیر و ڕاڤەکانیشدا کە لەلایەن زانا وشارەزایانی زانستەکانی قورئان وشەریعەتەوە دانراون،وتویانە کە هۆکاری دابەزینی سورەتەکان هەموو پێکەوە نین،ئاشکرایە هەر سورەتێك لە چەندین ئایەت کە لە ٣ ئایەت لە سورەتی ((الکوثر)) وە دەستپێدەکات بۆ ٢٨٦ ئایەت لە سورەتی ((البقرة))،هەریەکەیان هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە بۆ دابەزینیان،کە دەگەڕێتەوە بۆ پرسیارکردن لە پەیامبەر یان تایبەتن بە ڕووداوگەلێك یان تایبەتن بە بەسەرهات وچیرۆکی قەومەکان و پەیامبەرەکان و...هتد.یان بریتین لەدابەزاندنی حوکمە شەرعیەکان.هەربۆیە ئەوەی ئێمە

نوسیومانە بە گشتیە یان تایبەتە بە ئایەتێك یان چەند ئایەتێك،هەربۆیە مەرج نیە ئەو هۆکارەی ئێمە تۆمارمانکردوە بۆ هەموو سورەتەکە بێت.یان سورەت و ئایەتیش هەیە هۆکاری دابەزاندنیان نەزانراون و بەبێ هۆکارێکی دیار دابەزیون.
ئێمە هیچ کات بانەگەشەی تەواوبوون ((الکمال))ناکەین بەڵکو ئەوەی پڕاوپڕ تەواو و گەیشتۆتە پلە و ئاستی ((کمال)) تەنها خودای گەورە و بەبەزەیی و بەخشندەیە، نەك مرۆڤەکان.

((١))

سورة الفاتحة

((سورەتی کرانەوە،دەروازە))

- **ناوی سورەت: الفاتحة** ((بەواتای کردنەوە یان دەستپێك و دەروازەی قورئان دێت چونکە سورەتی یەکەم و سەرەتا و دەستپێکی قورئانە))
- **ناوەکانی تری سورەتەکە:** السّبع المثاني، وسورة الكنز، والوافية، وسورة الحمد، وسورة الصّلاة،الشافية.
- **بابەتی سورەتەکە :**
- بنەما سەرەکییەکانی قورئان بەشێوەیەکی کورت و پوخت
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا :** ١
- **زنجیرەی دابەزین :** ٥
- **ژمارەی ئایەت :** ٧
- **ژمارەی وشە :** ٢٩
- **ژمارەی پیتەکان :** ١٣٩
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا :** ١
- **ژمارەی لاپەڕەکانی :**١
- **مەکی یان مەدەنی : مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)):** ١
- **ژمارەی حیزب :** ١
- **هۆکاری دابەزینی سورەت :** عەلی کوڕی ئەبوتالیب خودا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە:پەیامبەر هەرکات دەنگێکی دەبیست کە بانگی دەکات ئەی موحەمەد،هەڵدەستا و ڕایدەکرد،ئیدی وەرەقەی کوڕی نەوفەل پێی وت:ئەگەر دەنگەکەت وبانگەکەت بیست مەجوڵێ و لەجێگەی خۆت جێگیربە تا تێدەگەیت

چیت پێ دەڵێیت،جا کاتێك بانگیان کرد ئەی موحەمەد،وتی بەڵێ یان ((فەرموو)) ،وتی: بڵێ ((أَشهَدُ أَن لا إِلهَ إِلَّا اللَّهُ وأشهَدُ أنَّ مُحَمَّدًا رسولُ اللَّهِ)) و دواتریش وتی بڵێ ((الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ تا تەواو بوو لە سورەتی فاتیحە)).

((٢))

سورة البقرة

((سورەتی مانگا))

- ناوی سورەت: البقرة
- بابەتی سورەتەکە:
- جۆرەکانی خەڵکی لە خوداپەرستیدا ئایەتەکانی(١-٢٠)
- خوداپەرستی و گرنگیەکانی ئایەتەکانی(٢١-٣٩)
- وەڵامدانەوە و ڕاستی خوداپەرستی ئایەتەکانی (٤٠-١٥٢)
- گشتگیری خوداپەرستی بۆهەموو بوارەکانی ژیان ئایەتەکانی(١٥٣-٢٥٣)
- گەورەکردن وبەرزکردنەوەی بناغەی خوداپەرستی ئایەتەکانی(٢٥٤-٢٨٦)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٢
- زنجیرەی دابەزین: ٨٧
- ژمارەی ئایەت : ٢٨٦
- ژمارەی وشە: ٦١٤٤
- ژمارەی پیتەکان : ٢٥٦١٣
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا : ٢
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٢-٤٩
- مەکی یان مەدەنی: مەدەنی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)) : ١-٣
- ژمارەی حیزب: ١-٥

- **هۆکاری دابەزینی سورەت :** کەلبی لە ئەبی صالِح لە ئیبن عەباس وە دەگێڕێتەوە : ئەو ئایەتانە دابەزین لە کاتی ڕێکەوتنامەی حودەیبیەدا،کاتێك قورەیشیەکان ڕێگەیان نەدا بە پەیامبەر و هاوەلاِنی بچنە ناو شاری مەکەوە ، قوربانیەکانیان لە حودەیبیەدا ئەنجامدا،دواتر بێ باوەڕەکان ڕێکەوتنیان لەگەڵدا کرد لەسەر ئەوەی کە ساڵی داهاتوو بگەڕێتەوە و ڕێگەی پێدەدەن بەخۆی و هاوەلاِنی بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ لەناو شاری مەکەدا بمێننەوە و تەوافی کەعبە بکەن و چیان بوێت ئەنجامیبدەن و لەسەر ئەوە پەیامبەر لەگەڵیان ڕێککەوت، جا ساڵی داهاتوو کە پەیامبەر و هاوەلاِنی بەڕێکەوتن بەرەو شاری مەکە بۆ ئەنجامدانی عەمرە،ترسان لەوەی کە قورەیشیەکان ڕێگەیان پێنەدەن و شەڕیان لەگەڵدا بکەن،هاوەلاِنیش حەزیان بە شەڕکردن نەدەکرد لە مانگی حەرامدا لەناو حەرەمدا،خودای گەورە ئایەتی ((**وقاتلوا فی سبیل الله اللذین یقاتلونکم**)) واتا قورەیش.

((٣))

سورة آل عمران

((سورەتی نەوەی عیمران))

- ناوی سورەت: ال عمران
- بابەتی سورەتەکە:
- جێگیربوونی فکری لەبەرامبەر بیرۆکە دەرەکیەکاندا ئایەتەکانی(١-١٢٠)
- چۆنێتی جێگیربوون لە ناخدا ئایەتەکانی (١٢١-٢٠٠)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٣
- زنجیرەی دابەزین: ٨٩
- ژمارەی ئایەت: ٢٠٠
- ژمارەی وشە: ٣٥٠٣
- ژمارەی پیتەکان: ١٤٦٠٥
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٠
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٠-٧٦
- مەکی یان مەدەنی: مەدەنی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٣-٤
- ژمارەی حیزب: ٥-٨
- هۆکاری دابەزینی سورەت: لەسەرەتای سورەتەکەوە تائایەتی ٨٣ دەربارەی ئەو وەفدەی مەسیحیەکانی نەجران هاتۆتە خوارەوە کە لەساڵی ٩ کۆچیدا هاتنە لای پەیامبەر و گفتوگۆیان لەگەڵدا کرد دەربارەی حەزرەتی عیسای کوڕی مەریەم وئیدی خودای گەورە ئەوئایەتانەی دابەزاد بۆ پەیامبەر.

((٤))

سورة النساء

((سورەتی ژنان))

- ناوی سورەت: النساء
- بابەتی سورەتەکە:
- بێدەسەلاّتەکان و هاندان لەسەر دادپەروەری و بەزەیی پیاهاتنەوەیان و میرات ئایەتەکانی (١-١٢)
- پاداشت و سزا ئایەتەکانی (١٣-١٨)
- مافەکان ئایەتەکان(١٩-٣٣)
- دادپەروەری ئایەتەکانی (٣٤-٥٩)
- شەڕکردن بۆ زامنکردنی مافی کەسانی لاواز ئایەتەکانی (٦٠-١٠٤)
- فەرمانکردن بە دادپەروەری ئایەتەکان (١٠٥-١٣٦)
- بارودرخی خەڵکی و پاداشتکردنیان ئایەتەکانی (١٣٧-١٧٦)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٤
- زنجیرەی دابەزین: ٩٢
- ژمارەی ئایەت : ١٧٦
- ژمارەی وشە: ٣٧٤٥
- ژمارەی پیتەکان : ١٦٣٠
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا : ٧٧
- ژمارەی لاپەڕەکانی : ٧٧ -١٠٥
- مەکی یان مەدەنی: مەدەنی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٤-٥-٦

- **ژمارەی حیزب:** ٨-١١
- **هۆکاری دابەزینی سورەت :** بە وتەی موقاتل و کەلبی،ئەو سورەتە دابەزیوە دەربارەی پیاوێکی غەتەفانی کە سەروەتێکی زۆری لەلابوو کە هی برازایەکی هەتیوی بوو،جا کاتێك برازاکەی گەورەبوو داوای سەروەت و سامانەکەی کردەوە،مامەکەی نەیدایەوە،ئەوکات سورەتەکە دابەزی و ئیدی مامەکەی وتی: لەکارەساتی گەورە پەنا بەخودای گەورە دەگرین، سامانەکەی بۆ گێڕایەوە، بۆیە پەیامبەریش وتی : هەرکەسێك ئاوها لە بەدبەختییەکەی خۆی ڕزگارکرد وبۆی بگێڕێتەوە،ئەوا مالّەکەی واتە بەهەشتی بۆخۆی بەدەستهێناوە و تیایدا جێگیر دەبێت.

((٥))

سورة المائدة

((سورەتی خوان))

- ناوی سورەت: المائدة
- بابەتی سورەتەکە:
- پاراستنی ئاین و شەرەف ونەفس ومالّ ئایەتەکانی (١-٤٠)
- دورکەوتنەوە لە لایەنگری ئەهلی کیتاب ئایەتەکانی (٤١-٨٦)
- ژمارەیەك لەحوکمەکان ئایەتەکانی (٨٧-١٠٨)
- بەسەرداچوونەوەی گریبّەستەکان لە پرۆژی دواییدا و چیرۆکی سفرە و خوانەکە ئایەتەکانی (١٠٩-١٢٠)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٥
- زنجیرەی دابەزین: ١١٢
- ژمارەی ئایەت : ١٢٠
- ژمارەی وشە: ٢٨٣٧
- ژمارەی پیتەکان : ١١٨٩٢
- ژمارەی لاپەرە لە قورئاندا : ١٠٦
- ژمارەی لاپەرەکانی : ١٠٦-١٢٧
- مەکی یان مەدەنی: مەدەنی
- لە چ بەشیّکدایە ((جزء)): ٦-٧
- ژمارەی حیزب: ١١-١٣
- هۆکاری دابەزینی سورەت : عیسا پەیامبەر فەرمانیکرد بە حەواریییەکان بە پرۆژوگرتن بۆ ماوەی ٣٠ پرۆژ،جا کاتیّك تەواویان کرد داوایان لە عیسا کرد کە وا

خوانێکیان لە ئاسمانەوە بۆ دابەزێنێت بۆئەوەی لێی بخۆن و دڵیان جێگیربێت کە وا خودا پۆژەکەی لێقبوڵکردوون و خوداش داواکەی بۆ جێبەجێکردن،جا عیسا سەلامی خودای لەسەر بێت ئامۆژگاریکردن لەو بارەوە و ترسی هەبوولێیان کەواهەڵنەستن بەسوپاسگوزاری خودای گەورە ومەرجەکانی جێبەجێنەکەن، بەڵام ئەوان هەر پێداگریان کرد لەسەر دابەزینی خوانێك لەلایەن خوداوە لە ئاسمانەوە.

((٦))

سورة الأنعام

((سورەتی مەڕ ومالاّت))

- **ناوی سورەت: الانعام**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **توانای خودا لە کەوندا ئایەتەکانی** (١-٩)
- **ڕووبەڕوبونەوە و هەڕەشەی بێباوەڕەکان ئایەتەکانی** (٩١-١٤٤)
- **ئاڕاستەکردن و دڵدانەوەی پەیامبەر و مسوڵمانان ئایەتەکانی** (١٤٥-١٦٥)
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا:** ٦
- **زنجیرەی دابەزین:** ٥٥
- **ژمارەی ئایەت :** ١٦٥
- **ژمارەی وشە:** ٣٠٥٥
- **ژمارەی پیتەکان:** ١٢٤١٨
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا :** ١٢٨
- **ژمارەی لاپەڕەکانی :** ١٢٨- ١٥٠
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)):** ٧-٨
- **ژمارەی حیزب:** ١٣-١٥
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : ئەم سورەتە وەکو موقاتل دەڵێت : دابەزیوە دەربارەی حارسی کوڕی عامری کوڕی نەوفلی کوڕی عەبد مەنافی کوڕی قوصەی کوڕی کیلاب،ئەو پیاوە هەمیشە بە ئاشکرا پەیامبەری بەدرۆ دەخستەوە،بەڵام**

کاتێك بەتەنها دەبوو لەگەڵ خانەوادەکەیدا دەیوت: موحەمەد هیچ کاتێك درۆناکات و هەموو کات بە پیاوێکی ڕاستگۆی دەزانم، ئیدی خودای گەورە ئەو سورەت و ئایەتەی دابەزاند.

((٧))

سورة الأعراف

((سورەتی دیوار))

- ناوی سورەت: الاعراف(دیوار ، جێگەیەکە لەنێوان بەهەشت و جەهەنەم)
- بابەتی سورەتەکە:
- نامە بۆ پەیامبەر ئاگادارکردنەوەیەکیش بۆ ئومەت ئایەتەکانی(١-٩)
- چیرۆکی ئادەم وسەرنجەکان لەسەری ئایەتەکانی (١٠-٥٨)
- چیرۆکی پەیامبەرەکان ئایەتەکانی (٥٩-١٣٦)
- نەوەی ئیسرائیل و لادانەکانیان ئایەتەکانی (١٣٧-١٧١)
- بەڵگەکانی مرۆڤایەتی کە بەندایەتی بۆ خودا دەکات ئایەتەکانی (١٧٢ -٢٠٦)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٧
- زنجیرەی دابەزین: ٣٩
- ژمارەی ئایەت : ٢٠٦
- ژمارەی وشە: ٣٣٤٤
- ژمارەی پیتەکان: ١٤٠٧١
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا : ١٥١
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ١٥١-١٧٦
- مەکی یان مەدەنی: مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٨-٩
- ژمارەی حیزب: ١٦-١٨

- **هۆکاری دابەزینی سورەت** : هەرچەندە هیچ ڕیوایەت و حەدیسێکی ڕاستودروست نیە دەربارەی دابەزینی سورەتی ئەعراف،بەڵام لە مانای چەند ئایەتێکیەوە دەزانین کە هۆکاری دابەزینی ئەو سورەتە چییە؟ هاوەڵانی ئەعراف بریتین لەو کۆمەڵە کەسەی کە چاکە و خراپەکانیان یەکسانن، لەبەرئەوە نەچوونەتە ناو بەهەشت و نەچوونەتە ناو جەهەنەمەوە، لەبەرئەوە لەسەر دیوارێکی نێوان بەهەشت وجەهەنەم وەستاون کەناوبراوە بە (ئەعراف)، جاسورەتەکە ململانێی بەردەوامی نێوان(ڕاستی وناڕاستی) دەردەخات، کە چۆن ناڕاستی نابێتە هۆی ئاوەدانکردنەوەی زەوی ،بەڵکو دەبێتە هۆکاری تێکدان و خراپبونیشی.

((٨))

سورة الأنفال

((سورەتی دەستکەوتی جەنگ))

- **ناوی سورەت : الانفال**
- **بابەتی سورەتەکە :**
- **یاسا خوداییەکان ئایەتەکانی** (١-٤٠)
- **یاسا مادیەکان ئایەتەکانی** (٤١-٧٥)
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا :** ٨
- **زنجیرەی دابەزین :** ٨٨
- **ژمارەی ئایەت :** ٧٥
- **ژمارەی وشە :** ١٢٣٤
- **ژمارەی پیتەکان :** ٥٢٩٩
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا :** ١٧٧
- **ژمارەی لاپەڕەکانی :** ١٧٧-١٨٦
- **مەکی یان مەدەنی : مەدەنی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)):** ٩-١٠
- **ژمارەی حیزب :** ١٨-١٩
- **هۆکاری دابەزینی سورەت :هۆکاری دابەزینی ئایەتەکانی ئەم سورەتە دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی جیاوازی وکێشە لەنێو هاوەڵاندا لەسەر دابەشکردنی (دەسکەوتەکانی جەنگ)،ئەم سورەتە لە شەڕی بەدردا دابەزیوە، کە تیایدا مسوڵمانەکان بۆ یەکەم جار دەسکەوتی جەنگیان لە کافرەکانەوە دەسکەوت، وتیایدا هەندێک لەهاوەڵان جیاوازیان کەوتە نێوانەوە لەسەر چۆنێتی دابەشکردنی ئەو دەسکەوتانە،ئیدی پرسیاریان لە پەیامبەر کرد و دواتر ئەو ئایەتانە دابەزینەخوارەوە.**

((٩))

سورة التوبة

((سورەتی پەشیمانی))

- **ناوی سورەت: التوبة**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **پەیوەندی مسوڵمان بەبێ باوەڕەکان وئەهلی کیتابەوە**
- **ئاشکراکردنی نهێنی دووڕووەکان لەگەڵ پەیامبەر بەتایبەتی لە شاری مەدینە و لە سوپای (العسرة)دا**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٩**
- **زنجیرەی دابەزین : ١١٣**
- **ژمارەی ئایەت : ١٢٩**
- **ژمارەی وشە : ٢٥٠٦**
- **ژمارەی پیتەکان : ١٠٨٧٣**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا : ١٨٧**
- **ژمارەی لاپەڕە کانی : ١٨٧-٢٠٧**
- **مەکی یان مەدەنی: مەدەنی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ١٠-١١**
- **ژمارەی حیزب: ١٩-٢٠**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : ئەم سورەتە وەکو هەموو سورەتەکانی قورئان ((بسمیلا))ی لەدەستپێکدا تیادا نیە،هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ((بسمیلا)) مانای بەزەیی وئەمان دێت،بەڵام دابەزینی ئەم سورەتە دەربارەی دووڕووەکان ((مونافیقین)) هاتۆتە خوارەوە کە داوای کوشتاریان دەکات بە شمشێر و هیچ**

ئەمانێکیان بۆ نیە،لەدابەزینیشیدا جوبرائیل ((بسمیلا))ی نەکردوە.ئەم سورەتە لەسالّی نۆهەمی کۆچیدا لە جەنگی تەبوکدا دابەزیوە بۆ لابردنی ئەمان و شکاندنی بەڵێنەکان کە بە کافران دراوە چونکە کافران گەلێك لە بەڵێنەکانیان شکاندبوو کە دابویان بە پەیامبەر(د.خ).

((١٠))

سورة يونس

((سورەتی یونس))

- **ناوی سورەت: یونس**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **یەکتاپەرستی خودا و ڕێنمایەکانی بۆ خەڵك و پەیامبەر**
- **ئاشکراکردنی هەقیقەتی وەحی قورئان، هەروا ئاشکراکردنی بابەتی پەیامبەرێتی بەگشتی و نامەبەری موحەمەد بەتایبەتی**
- **سروشتی خەڵکی وڕێنمایەکانی خودا تیایدا.**
- **چیرۆکەکانی یونس و موسا و نوح**
- **تەحەداکردنی قورئان بۆ بێ باوەڕەکان**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ١٠**
- **زنجیرەی دابەزین: ٥١**
- **ژمارەی ئایەت: ١٠٩**
- **ژمارەی وشە: ١٨٤١**
- **ژمارەی پیتەکان: ٧٤٢٥**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٢٠٨**
- **ژمارەی لاپەڕەکان: ٢٠٨-٢٢٠**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ١١**
- **ژمارەی حیزب: ٢١-٢٢**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت: ئەم سورەتە تایبەتە بە بەسەرهاتی قەومی یونس پەیامبەر،کاتێك قەومەکەی بڕوایان بە یونس پەیامبەر نەکرد، ئەویش**

بەڵێنی سزا و عەزابی پێدان،بەڵام دواتر پەشیمانبونەوە و بڕوایان پێکرد وخودای گەورەش لێیان خۆشبوو،لەلایەکی تریشەوە کاتێك خودا پەیامبەری نارد بۆلای کافران هەندێکیان وتیان خودا زۆر لەوەگەورەترە کە پەیامبەرەکەی مرۆڤ بێت وەکو موحەمەد. ئیدی خودای گەورەش ئەو ئایەتەی دابەزاند ﴿أَكَانَ لِلنَّاسِ عَجَبًا أَنْ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰ رَجُلٍ مِّنْهُمْ﴾.

((١١))

سورة هود

((سورەتی هود))

- **ناوی سورەت: هود**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **دەرخستنی ڕاستی باوەڕ و پاکی قورئان ئایەتەکانی ((١-٢))**
- **هەڵوێستەکان لە چیرۆکی پەیامبەرەکان ئایەتەکانی ((٢٥-٩٩))**
- **بەدواداچوون بۆ چیرۆکەکان ئایەتەکانی ((١٠٠-١٢٣))**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ١١**
- **زنجیرەی دابەزین: ٥٢**
- **ژمارەی ئایەت : ١٢٣**
- **ژمارەی وشە: ١٩٤٧**
- **ژمارەی پیتەکان: ٧٦٣٣**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٢٢١**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٢٢١-٢٣٤**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ١١-١٢**
- **ژمارەی حیزب: ٢٣-٢٤**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : حەسەن دەڵێت : ستایشی دەکەن لەبەر بوونی کوفر تیایدا،هەروەها دەوترێت:دابەزیوە بە هەقی هەندێك لە مونافیقەکان، کاتێك یەکێکیان بەلای پەیامبەردا تێپەڕدەبوو،سنگ و پشتی دەنوشتانەوە و سەری نەوی دەکرد و دەموچاوی دادەپۆشی،بۆئەوەی پەیامبەر نەیبینێت و داوای لێبکات کە بڕوا بهێنێت.**

((١٢))

سورة يوسف

((سورەتی یوسف))

- **ناوی سورەت: یوسف**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **چیرۆکی یوسف پەیامبەر**
- **متمانەکردن بە پلانی خودا**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ١٢**
- **زنجیرەی دابەزین: ٥٣**
- **ژمارەی ئایەت : ١١١**
- **ژمارەی وشە: ١٧٧٧**
- **ژمارەی پیتەکان: ٧١٢٥**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٢٣٥**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٢٣٥-٢٤٨**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ١٢-١٣**
- **ژمارەی حیزب: ٢٤-٢٥**

هۆکاری دابەزینی سورەت : حاکم دەڵێت، هۆکاری دابەزینی سورەتی یوسف، پرسیارکردنی هاوەڵان بوو لە پەیامبەر کە چیرۆکی یوسفیان بۆ بگێڕێتەوە و ئەویش بە وردی و دوورودرێژی بۆی گێڕانەوە تا تێبگەن و دڵیان پێی خۆش بێت، لەلایەکی ترەوە دابەزینی ئەم سورەتە هۆکاری جێگیربوون و دڵدانەوەی پەیامبەریش بوو،بۆ کەمکردنەوەی غەم و ئازارەکانی لە قۆناغی تووندوتیژی و

ناخۆشی و تەنهایدا،چونکە ئەم سورەتە لەشاری مەککە دابەزیوە لەو کاتەی کە قورەیش گەمارۆی خستبوە سەر پەیامبەر و هاوەلانی و بەسالّی ((دلّتەنگی)) دەناسرێت بەهۆی کۆچی دوایی هەریەکە لە مامی پەیامبەر ئەبوتالیب و خێزانی خاتوو خەدیجەی کچی خوەیلد،کە سورەتەکە مانای نەمانی غەم و ئازارە و کردنەوەی دەرگای سەرکەوتن و خۆشی و شادیە دوای هەموو ناخۆشی و نەهامەتیەکان لەمیانەی گێڕانەوەی چیرۆکی حەزرەتی یوسف و براکانیەوە.

((١٣))

سورة الرعد

((سورەتی هەورەبروسکە))

- **ناوی سورەت: الرعد**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **باوەڕبوون بە خودا و تاك وتەنهایی**
- **باوەڕبوون بە پەیامبەران و دەرخستنی ئەرکەکانیان**
- **باوەڕبوون بە فریشتەکان لەگەڵ ئاماژەدان بۆ هەندێ لەکارەکانیان**
- **باوەڕبوون بە قورئان کە بەوەحی دابەزێنراوە**
- **باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی و ئەوەی تیایدایە لە خێر ونیعمەت و سزادان**
- **باوەڕبوون بە قەزاوقەدەر**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ١٣**
- **زنجیرەی دابەزین: ٩٦**
- **ژمارەی ئایەت : ٤٣**
- **ژمارەی وشە: ٨٥٤**
- **ژمارەی پیتەکان: ٣٤٥٠**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٢٤٩**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٢٤٩-٢٥٤**
- **مەکی یان مەدەنی: مەدەنی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ١٣**
- **ژمارەی حیزب: ٢٤-٢٥**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : ئەم سورەتە دابەزیوە وەك وەڵامێك بۆ ئەو**

کەسانەی کە دەیانوت قورئان دانراوی موحەمەد خۆیەتی و خودای گەورەش ئەو ئایەتەی دابەزاند : ((المر تِلْكَ آياتُ الْكِتابِ وَ الَّذِي أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ الْحَقُّ وَ لكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لا يُؤْمِنُونَ)).

((١٤))

سورة إبراهيم

((سورەتی ئیبراهیم))

- **ناوی سورەت: ابراهیم**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **مەبەست لە دابەزینی قورئانی پیرۆز بریتیە لە ئامۆژگاریکردنی خەڵکی، و ڕێگریکردنیان لە بێباوەڕی و تاوانکردن**
- **یەکتاپەرستی خودا،و جێگیرکردنی لای باوەڕداران لە دونیا و ڕۆژی دوایدا، گومڕابون و سەرلێشێواوی ئەوانەی کە یادی خودا ناکەن**
- **دەرخستنی نیعمەتەکانی خودا بۆ مرۆڤەکان**
- **نموونەی سوپاسگوزاری نیعمەتەکان لە میانەی پەیامبەر ئیبراهیم**
- **خوداپەرستی ،و بەردەوامبوون بە حوکمی خودا کە تەنها ئەو خاوەن مولّك و مامەڵەکردنە پێیانەوە.**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ١٤**
- **زنجیرە دابەزین: ٧٢**
- **ژمارەی ئایەت : ٥٢**
- **ژمارەی وشە: ٨٣١**
- **ژمارەی پیتەکان: ٣٤٦١**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٢٥٥**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٢٥٥-٢٦١**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ١٣**
- **ژمارەی حیزب: ٢٦**

- **هۆکاری دابەزینی سورەت :** ئەم سورەتە دەربارەی کافران دابەزی لە جەنگی بەدردا کە چۆن نیعمەتی ئیمانیان بەخودا گۆڕیوەتەوە بە کوفر وەک خودا دەفەرموێت : ((**ألم تر إلى الذين بدلوا نعمت الله كفرا وأحلوا قومهم دار البوار**)).

((١٥))

سورة الحِجْر

((سورەتی بەرد))

- ناوی سورەت: **الحِجْر** ((مەبەست ((بەردە)) کە جێگای نیشتەجێبوونی ئەهلی ثمود بووە کە لەشاخەکان خانویان دروستکردوە و خودا حەزرەتی صالّحی پەیامبەری بۆ ناردوون))
- بابەتی سورەتەکە:
- هەڵوێستی بێ باوەڕەکان لە قورئان و پاراستنی خودا لە قورئان
- بەدرۆخستنەوەی نەتەوەکان بۆ پەیامبەرەکانیان،دەرخستنی توانای خودا
- چیرۆکی دروستکردن و هەڵگەڕانەوەی ئیبلیس و چارەنوسی
- پاداشتدانەوەی خۆپارێزەکان لە ڕۆژی دواییدا
- چیرۆکی هاوەڵانی ئەیکە و هاوەڵانی حیجر،چیرۆکی میوانانی ئیبراهیم و ئەوەی ڕوویدا لەگەڵ پەیامبەر لوتدا
- چاکەی خودا بەسەر پەیامبەرەوە لەگەڵ ئاڕاستەکردن و مژدەکاندا
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ١٥
- زنجیرەی دابەزین: ٥٤
- ژمارەی ئایەت : ٩٩
- ژمارەی وشە: ٦٥٨
- ژمارەی پیتەکان: ٢٧٩٧
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٢٦٢
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٢٦٢-٢٦٧
- مەکی یان مەدەنی: مەکی

- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ١٤**
- **ژمارەی حیزب: ٢٧**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : ڕەبیعی کوڕی ئەنەس دەڵێت: پەیامبەر هانی مسوڵمانانی دەدا کە لەکاتی نوێژی جەماعەتدا بێنە ڕیزی پێشەوە،لەبەرئەوە قەرەبالّغیەك دروست دەبوو لەسەر هاتنە پێشەوە،بنەماڵەی بەنو عەزرە ماڵەکانیەکان لەمزگەوتەوە دوور بوو،وتیان خانوەکانمان دەفرۆشین و لەنزیك مزگەوتەوە خانوو دەکڕین تا فریای ڕیزی پێشەوە بکەوین ، ئیدی خودای گەورە ئەو ئایەتەی فەرموو: (ولقد علمنا المستقدمين منكم ولقد علمنا المستأخرين).**
- **یان دەوترێت ژنێکی جوان لە دوای پەیامبەرەوە نوێژی دەکرد لەڕیزی ژناندا ،جا هەندێ لەهاوەڵان بۆئەوەی نەیبینن دەچوونە ڕیزی یەکەمەوە لە پشت پەیامبەرەوە و هەندێکیشیان لە ڕیزی دواوەی پیاوانەوە نوێژیان دەکرد و لەکاتی ڕکوعدا لەژێر باڵیانەوە سەیری ژنەکەیان دەکرد ،بۆیە خوادا ئەو ئایەتەی دابەزاند. (ولقد علمنا المستقدمين منكم ولقد علمنا المستأخرين).**

((١٦))

سورة النحل

((سورەتی هەنگ))

- ناوی سورەت: النحل
- بابەتی سورەتەکە:
- بابەتەکانی باوەڕ((ئیمان)) لەوانە بونی خودای تاك و تەنها و وەحی ناردن و زیندووکردنەوە و بلاوکردنەوە
- بەڵگە و ئاماژەکانی توانای خودای تاك و تەنهایی
- وەڵامدانەوەی بێ باوەڕەکان لە خراپی وناجۆری بیروباوەڕەکانیان
- پاداشتی هەڵگەڕاوەکان و سیفاتەکانیان و باوەڕدارەکان
- شیکردنەوە و قەدەغەکردن بەدەستی خودایە
- سیفاتەکانی ئیبراهیم
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ١٦
- زنجیرەی دابەزین: ٧٠
- ژمارەی ئایەت : ١٢٨
- ژمارەی وشە: ١٨٤٥
- ژمارەی پیتەکان: ٧٦٤٢
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٢٦٧
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٢٦٧-٢٨١
- مەکی یان مەدەنی: مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ١٤
- ژمارەی حیزب: ٢٧-٢٨

- **هۆکاری دابەزینی سورەت :** قەتادە دەڵێت : پێش ئەم ئایەتە خودای گەورە ئایەتێکی دابەزاندبوو لەشاری مەدینە،کە ئیسلام بوونی ئەهلی مەکە قبوڵناکرێت تا کۆچ نەکەن،جا ئەهلی مەدینە ئەمەیان بۆ هاوەڵانیان لەشاری مەکە نوسی،ئەوانیش کە ئەمەیان زانی هەستان بە کۆچکردن بەرەو مەدینە بەڵام کافرەکان دوایان کەوتن و ڕێگەیان لێگرتن و گەڕاندیانەوە،خودا ئەو ئایەتەی دابەزاند : (**الم أحسب الناس أن يتركوا أن يقولوا آمنا وهم لا يفتنون**). جارێکی تر خەڵکی مەدینە بۆ هاوەڵانیان لەشاری مەککە نوسیەوە،لەنێو خۆیاندا ڕێکەوتن کە پێکەوە کۆچ بکەن،خۆئەگەر کافران دوایان کەوتن لە خەڵکی مەککە شەڕیان لەگەڵ بکەن تا ڕزگاریان دەبێت و دەبنە ئیسلام و بڕوا بەخودا دەهێنن،جا هەندێکیان کوژران و هەندێکیشیان ڕزگاریان بوو،ئیدی خودا فەرمووی : (**ثم إن ربك للذين هاجروا من بعد ما فتنوا ثم جاهدوا وصبروا**).

((١٧))

سورة الإسراء

((سورەتی شەوڕەوی))

- ناوی سورەت: الاسراء
- بابەتی سورەتەکە:
- ئیمان ((باوەڕ))
- بنەماکانی هەڵسوکەوتی تاك و کۆمەڵ و ئادابە هەبووەکان لەسەر باوەڕ
- چیرۆکەکانی بەنو ئیسرائیل
- بەشێك لە چیرۆکی ئادەم و ئیبلیس و خەلاتکردنی خودا بۆ مرۆڤ
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ١٧
- زنجیرەی دابەزین: ٥٠
- ژمارەی ئایەت : ١١١
- ژمارەی وشە: ١٥٥٦
- ژمارەی پیتەکان: ٦٥٦٥
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٢٨٢
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٢٨٢-٢٩٣
- مەکی یان مەدەنی: مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ١٥
- ژمارەی حیزب: ٢٩-٣٠
- هۆکاری دابەزینی سورەت : ئیبن مەسعود دەڵێت:کۆمەڵێك لە مرۆڤ هەندێك لە جنیان دەپەرست،بەڵام ئەو کۆمەڵە جنە مسوڵمان بوون،بەڵام مرۆڤەکان هەر دەستیان گرتبوو بە پەرستنی جنیەکانەوە.

- قورتوبیش دەڵێت : کاتێك قوڕەیش تووشی برسێتی و وشکەسالّی و نەبوونی هاتن،هاتنە لای پەیامبەر و سکالاّیان کرد لە بارودۆخیان،خوای گەورەش ئەو ئایەتەی دابەزاند: ﴿قُلِ ادْعُوا الَّذِينَ زَعَمْتُمْ مِنْ دُونِهِ فَلَا يَمْلِكُونَ كَشْفَ الضُّرِّ عَنْكُمْ وَلَا تَحْوِيلًا﴾، باداوا لەو کەسانە بکەن کە لەجیاتی خودا دەیپەرستن و بەخودای دەزانن.

((١٨))

سورة الكهف

((سورەتی ئەشکەوت))

- ناوی سورەت: الكهف
- بابەتی سورەتەکە:
- سوپاسگوزاری خودا و مژدەدان و ئاگادارکردنەوە ئایەتەکانی (١-٨)
- چیرۆکی هاوەلأنی ئەشکەوت ئایەتەکانی (٩-٢٧)
- چیرۆکی هەریەکە لە هاوەلأنی جەنەتەین،و موسا و خدر، زیلقەرنەین
- هاندانی پەیامبەر لەسەرخۆڕاگرتن،مژدەدان وئاگاداکردنەوە و جێگیر کردنی وەحی
- تۆمارکردنی بەها ڕاستەقینەکانی کە ماونەتەوە
- لە دیمەنەکانی ڕۆژی کۆتایی، بڕیارەکانی خودا بە لەناوبردنی زاڵمەکان
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ١٨
- زنجیرەی دابەزین: ٦٩
- ژمارەی ئایەت : ١١٠
- ژمارەی وشە: ١٥٨٣
- ژمارەی پیتەکان: ٦٤٢٥
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٢٩٣
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٢٩٣-٣٠٤
- مەکی یان مەدەنی: مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ١٥-١٦
- ژمارەی حیزب: ٣٠-٣١

- **هۆکاری دابەزینی سورەت :** بێ باوەڕان دوو پیاوی جولەکەیان نارد بۆلای خوێندەوار و زانا و فەقیهە جولەکەکان بۆ پرسیارلێکردنیان دەربارەی بانگەوازی موحەمەد وەلأمی ئەو زانا جولەکانە ئەوەبوو کە پرسیار لە موحەمەد بکەن دەربارەی کۆمەڵێك گەنج، و دەربارەی ئەو پیاوەی بە چواردەوری زەویدا سوڕاوەتەوە و گەیشتۆتە ڕۆژهەلأت و ڕۆژئاوای جیهان، لەوەلأمی ئەو پرسیارانەدا سورەتی ئەشکەوت بۆ پەیامبەر دابەزی.

((١٩))

سورة مريم

((سورەتی مەریەم))

- **ناوی سورەت: مریم**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **چیرۆکی زەکەریا و مژدەدانی بە پێدانی یەحیا ئایەتەکانی(١-١٥)**
- **چیرۆکی مریەم و سکپڕبوونی بە عیسا ئایەتەکانی(١٦-٤٠)**
- **چیرۆکی ژمارەیەك لە پەیامبەرەکان لەوانە ئیبراهیم و موسا و هارون و ئیسماعیل، و بارودۆخی نەتەوەکانی دوای ئەوان ئایەتەکانی(٤١-٦٥)**
- **کافران و باوەڕنەبونیان بەزیندووبونەوە وسزادانیان وسیفاتەکانیان ئایەتەکانی(٦٦- ٧٥)**
- **پاداشتی هیدایەتدراوەکان و وەلاّمدانەوەی بێ باوەڕەکان ئایەتەکانی (٧٦-٩٨)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ١٩**
- **زنجیرەی دابەزین: ٤٥**
- **ژمارەی ئایەت : ٩٨**
- **ژمارەی وشە: ٩٧٢**
- **ژمارەی پیتەکان: ٣٨٣٥**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٣٠٥**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٣٠٥-٣١٢**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ١٦**
- **ژمارەی حیزب: ٣١-٣٢**

- **هۆکاری دابەزینی سورەت:** لە صەحیحی بوخاریدا هاتوە یەکێک لە هۆکاری دابەزینی سورەتی مەریەم بریتیە لە دواکەوتنی فریشتە جوبرائیل لە دابەزینی وەحی بۆ پەیامبەر،ئەوەش کاتێک هاوەڵانی پرسیاریان لە پەیامبەر کرد دەربارەی هاوەڵانی ئەشکەوت وخاوەن دووشاخ (زیلقەرنەین)، لەبەرئەوەی پەیامبەر داوای لە خودا کرد کە جوبرائیل بنێرێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە،چونکە نەبوونی زانیاری و وەڵامی ئەو پرسیارانە بارودۆخی پەیامبەری زۆر تێکدا و خستیە دۆخێکی خراپەوە،جا کاتێک جوبرائیل دابەزی و وەحی بۆ هێنا پەیامبەر پێی وت : ((دواکەوتی لە هاتنت بۆ لام هەتا بیرۆکەی خراپم بۆ دروستبوو و بیرم دەکردی)) و جوبرائیلیش وەڵامی دایەوە و وتی: ((من زیاتر بیری تۆم دەکرد بەڵام من بەندەی پەروەردگارم هەرکات بمنێرێت دێم و هەرکاتیش ڕایگرتم بۆم نیە بێم بۆ لات)).

((٢٠))

سورة طه

((سورەتی ط + ھ))

- ناوی سورەت: طه
- بابەتی سورەتەکە:
- ئەرکی قورئان و سیفاتی ئەوەی دایبەزاندووە ئایەتەکانی(١-٨)
- چیرۆکی موسا ئایەتەکانی(٩-٩٩)
- سزای ئەو کەسانەی دژایەتی قورئانیان کردوە و چەند دیمەنێك لە ڕۆژی کۆتایی ئایەتەکانی (١٠-١١٤)
- چیرۆکی کرنۆشبردنی فریشتەکان بۆ ئادەم و ئاگادارکردنەوەی لە ئیبلیس ئایتەکانی(١١٥-١٢٧)
- داننان بە ئومەتەکانی ڕابوردوو و ڕێنماییکردنی پەیامبەر و عینادی و کەلەڕەقی بێ باوەڕەکان ئایەتەکانی (١٢٨-١٣٥)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٢٠
- زنجیرەی دابەزین: ٤٥
- ژمارەی ئایەت : ١٣٥
- ژمارەی وشە: ١٣٥٤
- ژمارەی پیتەکان: ٥٢٨٨
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٣١٢
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٣١٢-٣٢١
- مەکی یان مەدەنی: مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ١٦
- ژمارەی حیزب: ٣١-٣٢

- **هۆکاری دابەزینی سورەت** : بۆ ئاسانکردنی ئیشوکار لەسەر پەیامبەر و ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە دابەزینی قورئان بۆ سەر پەیامبەر،بۆ بیرخستنەوە و پەندوەرگرتن و خۆشی مرۆڤە لە دونیا و ڕۆژی کۆتایدا،و باسی موسا دەکات کە چۆن خودای گەورە پشتیوانیکرد وسەریشیخست بەسەر فیرعەوندا بە بەڵگە و پەڕجوو،وە ڕزگارکردنی موسا وقەومەکەی وخنکاندنی فیرعەون.

((٢١))

سورة الأنبياء

((سورەتی پەیامبەران))

- ناوی سورەت: الانبياء
- بابەتی سورەتەکە:
- ڕۆژی دوایی و حیکمەت لە دروستکردن ئایەتەکانی(١-٣٣)
- ڕۆڵی پەیامبەرەکان ئایەتەکانی (٣٤-٩٥)
- لە نیشانەکانی ڕۆژی دوایی ئایەتەکانی(٩٦-١٠٦)
- سیماکانی پەیامبەر و ئەرکەکەی،هەڕەشەی دژەکان بۆی ئایەتەکان (١٠٧-١١٢)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٢١
- زنجیرەی دابەزین: ٧٣
- ژمارەی ئایەت : ١١٢
- ژمارەی وشە: ١١٧٤
- ژمارەی پیتەکان: ٤٩٢٥
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٣٢٢
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٣٢٢-٣٣١
- مەکی یان مەدەنی: مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ١٧
- ژمارەی حیزب: ٣٣
- هۆکاری دابەزینی سورەت : عامری کوڕی ڕەبیعە دەڵێت پیاوێکی عەرەب هاتە مااڵم و منیش ڕێز و حورمەت و خزمەتی باشمکرد،لای پەیامبەریش

باسمکرد، پیاوەکە هات و وتی دۆڵێکم لە پەیامبەر وەرگرتوە کەلەناو عەرەبدا لەوە باشتر نیە و دەشمەوێت کە بەشێکی بۆ تۆ و بۆ نەوەکانت دابڕم و عامریش پێی وت من پێویستم بەو بەشەی تۆ نیە.ئیدی خودا ئەو ڕۆژە ئەو ئایەتەی دابەزاند ﴿اقْتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمْ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ مُعْرِضُونَ﴾.

((٢٢))

سورة الحج

((سورەتی حەج))

- **ناوی سورەت: الحج**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **بیرخستنەوەی پۆژی دوایی و زیندووکردنەوە ئایەتەکانی(١-٣٧)**
- **جیهادکردن ئایەتەکانی(٣٨-٦٠)**
- **بەندایەتی تەواو بۆ خودا ئایەتەکانی(٦١-٧٨)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٢٢**
- **زنجیرەی دابەزین: ١٠٣**
- **ژمارەی ئایەت : ٧٨**
- **ژمارەی وشە: ١٢٧٩**
- **ژمارەی پیتەکان: ٥١٩٦**
- **ژمارەی لاپەرە لە قورئاندا: ٣٣٢**
- **ژمارەی لاپەرەکانی: ٣٣٢-٣٤١**
- **مەکی یان مەدەنی: مەدەنی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ١٧**
- **ژمارەی حیزب: ٣٤**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت:بوخاری وموسلم ونسائی وئیبن ماجە لەئەبی زەر دەگێڕنەوە: دوو جۆر دابەشکردن هەیە وەک ئەو ئایەتە دەفەرموێت:(هذان خصمان اختصموا في ربهم).دەربارەی ئەو هاوەڵانە دابەزیوە کە لەجەنگی بەدردا قارەمان و دەرکەوتووبوون وەکو (حەمزە وعەلی وعوبەیدەی کوڕی حارس وعوتبە وشەیبە کوڕانی ڕەبیعە، وەلیدی کوڕی عوتبە)، ئەوەش هۆکاریکی دابەزینە لەلای قوڕتوبی و شەنقیتی.**

((٢٣))

سورة المؤمنون

((سورەتی باوەڕداران))

- ناوی سورەت: المؤمنون
- بابەتی سورەتەکە:
- سیفاتی باوەڕداران و پاداشتکردنیان
- سیفاتی بێ باوەڕان و کردارەکانیان و هەڕەشەلێکردنیان
- لە سیماکانی توانای خودا و سەلماندنی زیندووبونەوە
- بانگەوازی پەیامبەران
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٢٣
- زنجیرەی دابەزین: ٧٤
- ژمارەی ئایەت: ١١٨
- ژمارەی وشە: ١٨٤٠
- ژمارەی پیتەکان: ٤٣٥٤
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٣٤٢
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٣٤٢-٣٤٩
- مەکی یان مەدەنی: مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ١٨
- ژمارەی حیزب: ٣٥
- هۆکاری دابەزینی سورەت : دەربارەی دابەزینی هەندێ ئایەتی سورەتی المؤمنون دەوترێت کە، ئیبن کەسیر لە ڕاڤەکەیدا وتویەتی :ئیمامی ئەحمەد: عەبدولڕەزاق بۆی باسکردین،کە یونس کوڕی سولەیم هەواڵی پێدام وتی :کە یونسی کوڕی یەزیدی ئایلی پێی وتم،لە ئیبن شەهاب، ولە عروەی کوڕی زوبیر،

له عبدالرحمانی کوڕی عبدالقادرەوە دەڵێت : عومەری کوڕی خەتاب دەڵێت : کاتێك کە وەحی دادەبەزیە سەر پەیامبەر،لەلای دەموچاویەوە وەك دەنگی هەنگ دەبینرا ودوای چاوەڕوانیمان بۆماوەی کاتژمێرێك(یان کاتێکی دیاریکراو) پەیامبەر ڕوویکردە قیبلە ودەستی بەرزکردەوە وئەم دوعایەی کردو وتی : ((اللهم، زدنا ولا تَنْقُصْنا، وأكرمنا ولا تُهِنَّا، وأعطنا ولا تحرمنا، وآثِرْنا ولا تؤثر ﴿علينا، وارض عنا﴾ وأرضِنا)).

- دواتر وتی:کە ١٠ ئایەتم بۆ دابەزی هەرکەسێك خوێندنیەوە و لەسەریان وەستا خودای گەورە دەیخاتە بەهەشتەوە،دواتر(قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ)ی خوێندەوە تا ئایەتی دەهەم.
- بەهەمان شێوە ترمزی لەتەفسیرەکەیدا وهەرواش نسائی لە ((الصلاة))دا وەها گێڕاویەتیەوە لەحەدیسەکەی عبدالرزاقەوە،ترمزی دەڵێت نەناسراوە، هیچ کەسێك نانسین کە جگە لە یونسی کوڕی سولەیم گێڕابێتیەوە و یونسیش ناناسین.

((٢٤))

سورة النور

((سورەتی ڕووناکی))

- ناوی سورەت: النور
- بابەتی سورەتەکە:
- سنورە شەرعیەکان و هەندێ ئادابی کۆمەلاێیەتی
- ڕوناکی خودا و چاکە و پاداشتی دروستکردنی مزگەوتەکان
- سیماکانی توانای خودا،سونەتەکانی خودا لەناو بەندەکانیدا
- ملکەچی باوەڕداران بۆ حوکمی خودا ودرۆزنی بێ باوەڕان لە ملکەچ بونیاندا
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٢٤
- زنجیرەی دابەزین: ١٠٢
- ژمارەی ئایەت : ٦٤
- ژمارەی وشە: ١٣١٧
- ژمارەی پیتەکان: ٥٥٩٦
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٣٥٠
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٣٥٠-٣٥٩
- مەکی یان مەدەنی: مەدەنی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ١٨
- ژمارەی حیزب: ٣٥-٣٦
- هۆکاری دابەزینی سورەت : بەشێوەیەکی گشتی دابەزینی ئەم سورەتە لە مەدینە بەمەبەستی باشترکردنی بارودۆخی کۆمەڵگای مسوڵمانانی ئەو کاتە

بوە بۆ چارەسەری کێشەکانیان،جا وەك دەوترێت ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت ((الزَّانِي لَا يَنكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَالزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَا إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ وَحُرِّمَ ذَلِكَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ)) (النـور:٣) ،دەربارەی یەکێك لە هاوەلاّن دابەزیوە کە ویستویەتی ژنێکی زیناکەر بخوازێت هەربۆیە خودای گەورە ئەو ئایەتەی دابەزاندوە کە نسائی و ئەوانی تریش لە سونەنی ئەبی داود و سیوتیشدا هاتوە.

- هەروەها لە هۆکاری دابەزینی ئایەتی ((إِنَّ الَّذِينَ جَاؤُوا بِالْإِفْكِ عُصْبَةٌ مِّنكُمْ لَا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَّكُم بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ لِكُلِّ .....(النـور:١١)،هاتوە کە ئەبوبەکری خەرجی لە موسەتەحی کوڕی ئەساسە لەبەرئەوەی یەکێك بوە لەوانەی کە لە ڕووداوی بوهتان((ئیفك))کە لەلایەن مونافیقەکانەوە بۆ خاتوو عائیشەی دایکی مسوڵمان لەگەڵ صەفوانی کوڕی موعەتەل هەڵبەسترا بەشداربوە، ئیدی خودای گەورە ئەو ئایەتەی دابەزاند.

((٢٥))

سورة الفرقان

((سورەتی جیاکەرەوەی هەق و ناهەق))

- **ناوی سورەت: الفرقان** ((ناوێکە لەناوەکانی قورئانی پیرۆز))
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **باوەڕنەکردنی بێ باوەڕەکان بە خودا ئایەتەکانی(١-٢٩)**
- **باوەڕنەکردنی بێ باوەڕەکان بە قورئان ئایەتەکانی(٣٠-٧٧)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٢٥**
- **زنجیرەی دابەزین: ٤٢**
- **ژمارەی ئایەت : ٧٧**
- **ژمارەی وشە: ٨٩٦**
- **ژمارەی پیتەکان: ٣٧٨٦**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٣٥٩**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٣٥٩-٣٦٦**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ١٨-١٩**
- **ژمارەی حیزب: ٣٦-٣٧**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : ئەم سورەتە لە ساڵی دەیەمی پەیامبەریدا هاتۆتە خوارەوە لەمەککە ولەنێوان کۆچکردن بۆ حەبەشە و ڕووداوی شەوڕەوی و بەرزبونەوەی پەیامبەردا بۆ ئاسمان،ئەو ماوەیەش بریتیە لە قۆناغێك کە کافرانی قوڕەیش زۆر تووندوتیژ و بێ بەزەیی بوون بەرامبەر پەیامبەر و هاوەڵانی، بۆئەوەی بانگەوازەکەی لە ناوبەرن و کۆتایی پێبهێنن بە گرتنە بەری**

هەموو ڕێوشوێنێك،جادابەزینی ئەوسورەتە وەك پشتیوانیەك وابوو بۆ پەیامبەر و دڵنیاکردنەوەی و جێگیربوونی لە بەرامبەر ڕووبەڕووبونەوەیدا دژی کافران و پیلانەکانیان.

((٢٦))

سورة الشعراء

((سورەتی شاعیران))

- **ناوی سورەت: الشعراء**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **هەڵوێستی بێ باوەڕەکان لە پەیامبەر ودڵتەنگی ئەو بۆیان ئایەتەکانی (١-٩)**
- **پەیامەکانی پەیامبەران ئایەتەکانی(١٠-١٩١)**
- **قورئان و هەڵوێستی بێ باوەڕەکان لێی ئایەتەکانی(١٩٢-٢١٢)**
- **ڕێنماییە خوداییەکان بۆ پەیامبەران ئایەتەکانی(٢١٣-٢٢٠)**
- **وەڵامدانەوەی بێ باوەڕەکان وهەڕەشەلێکردنیان ئایەتەکانی(٢٢١-٢٢٧)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٢٦**
- **زنجیرەی دابەزین: ٤٧**
- **ژمارەی ئایەت : ٢٢٧**
- **ژمارەی وشە: ١٣٢٢**
- **ژمارەی پیتەکان: ٥٥١٧**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٣٦٧**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٣٦٧-٣٧٦**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ١٩**
- **ژمارەی حیزب: ٣٧-٣٨**

- **هۆکاری دابەزینی سورەت : بەکوردی و پوختی هۆکاری دابەزینی ئەم سورەتە دەگەڕێتەوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەوەی کە کافران پەیامبەریان بە شاعیر دەزانی و دەیانگوت کە قورئانیش لە دانراو و شیعرەکانی خۆیەتی،هەربۆیە خودای گەورە ئایەتی : ((وَالشُّعَرَاءُ يَتَّبِعُهُمُ الْغَاوُونَ* أَلَمْ تَرَ أَنَّهُمْ فِي كُلِّ وَادٍ يَهِيمُونَ* وَأَنَّهُمْ ...))، دابەزاند.**

((٢٧))

سورة النمل

((سورەتی مێروولە))

- **ناوی سورەت: النمل**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **قورئان مژدەدەری باوەڕداران وهەڕەشەلێکەری بێ باوەڕان ئایەتەکانی (١-٦)**
- **پەیامبەرەکان ئایەتەکانی (٧-٥٨)**
- **لە سیماکانی توانای خودا لە کەوندا ئایەتەکانی (٥٩-٦٥)**
- **هەڵوێستی بێ باوەڕەکان لە زیندووبونەوە ئایەتەکانی(٦٦-٧٥)**
- **ئەرکی قورئان ئایەتەکانی(٧٦-٧٨)**
- **ئەرکی پەیامبەر و سوود و کاریگەری لەناو خەڵکدا ئایەتەکانی(٧٩-١)**
- **لە دیمەنەکانی ڕۆژی دوایی ئایەتەکانی(٨٢-٩٠)**
- **ئەرکی پەیامبەر و دواکەوتەکانی ئایەتەکانی(٩١-٩٣)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٢٧**
- **زنجیرەی دابەزین: ٤٨**
- **ژمارەی ئایەت : ٩٣**
- **ژمارەی وشە: ١١٦٥**
- **ژمارەی پیتەکان: ٤٦٧٩**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٣٧٧**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٣٧٧-٣٨٨**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**

- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)):** ١٩-٢٠
- **ژمارەی حیزب:** ٣٨-٣٩
- **هۆکاری دابەزینی سورەت :** ئەم سورەتە هۆکاری دابەزینی ئاشکرا نیە،بەڵام ئەم سورەتە کەوتۆتە نێوان هەردوو سورەتی ((الشعراء و القصص)) وە،کە والێکدەدرێتەوە کە تەواوکەری سورەتی شعراء بێت بەهۆی لێکچوونی گێڕانەوەی چیرۆك و بەرسەهاتی پەیامبەرەکانەوە و بەتایبەتی حەزرەتی داود و سولەیمان پەیامبەر و درێژەی بەرسەهاتەکانی هەریەکە لە حەزرەتی موسا و صاڵح و لوتیشی تیادایە.هەروەها لێکچونەکانیشی لەگەڵ هەردوو سورەتەکەی پێش و پاش خۆی بریتیە لەوەی کە بە پیتە پچڕ پچڕەکان دەستپێدەکات (طسم) کە پێیان دەوترێت سورەتی ((طواسین)) هەروەها لێکچوونیشیان لە بابەتەکانیاندا کە دەربارەی وەسفکردنی قورئان و دابەزینی لەلایەن خودای گەورەوەیە.

((٢٨))

سورة القصص

((سورەتی چیرۆکەکان))

- ناوی سورەت: القصص
- بابەتی سورەتەکە:
- چیرۆکی موسا ئایەتەکانی(١-٤٦)
- بەدرۆخستنەوەی بێ باوەڕەکانی مەککە بۆپەیامبەر و قورئان و وەلأمدانەوە لەسەر گومانەکانیان ئایەتەکانی (٤٧-٥١)
- سزا و سیفاتی ئەهلی کیتاب ئایەتەکانی(٥٢-٥٥)
- بانگەشەی بێ باوەڕەکان و وەلأمدانەوەیان ئایەتەکانی (٥٦-٦١)
- لە هەڵوێستەکانی بێ باوەڕەکان وبارودۆخیان لەڕۆژی دوایدا و سەرکەوتنی باوەڕداران ئایەتەکانی (٦٢-٦٧)
- هەندێ لەسیماکانی توانای خودا وبەزەیهاتنەوەی ئایەتەکانی(٦٨-٧٥)
- چیرۆکی قارون و پەندوەرگرتن لێی ئایەتەکانی (٧٦-٨٤)
- هەندێك ڕێنمایی بۆ پەیامبەر ئایەتەکانی (٨٥-٨٨)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٢٨
- زنجیرەی دابەزین: ٤٩
- ژمارەی ئایەت : ٨٨
- ژمارەی وشە: ١٤٤١
- ژمارەی پیتەکان: ٥٧٩١
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٣٨٥
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٣٨٥-٣٩٦

- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٠**
- **ژمارەی حیزب: ٣٩-٤٠**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت: کتێبی پاقەکان هۆکاری دابەزینی هەموو سورەتەکەیان نەنوسیوە،بەڵکو هۆکاری هەندێك ئایەتیان نوسیوە وەك ئایەتی ٥٦ لە سورەتەکە: ((إِنَّكَ لا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ))،ئەم ئایەتە وەك ئەبو هورەیرە دەڵێت :پەیامبەر لەسەرەمەرگی مامی ئەبوتالیبدا هاتەی لای و پێیوت بڵێ ((لا إله إلا الله))،پۆژی دوای گەواهید بۆ دەدات،لەوەڵامدا وتی : بەو مەرجەی کە قوڕەیشیەکان لۆمەم نەکەن و پێم نەڵێن ئەوە لەمردن ترساوە،ئەوا منیش چاوەکانی ئێوەم پێخۆشدەکرد.**

((٢٩))

سورة العنكبوت

((سورەتی جالْجالْۆکە))

- **ناوی سورەت: العنكبوت**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **تاقیکردنەوەی خودا بۆ دروستکراوەکانی بە بەلاّ ئایەتەکانی (١-١٣)**
- **بەلاّی پەیامبەران ئایەتەکانی(١٤-٤٠)**
- **خۆڕاگری لەسەر بەلاّ ئایەتەکانی (٤١-٦٩)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٢٩**
- **زنجیرەی دابەزین: ٨٥**
- **ژمارەی ئایەت : ٦٩**
- **ژمارەی وشە: ٩٨٢**
- **ژمارەی پیتەکان: ٤٢٠٠**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٣٩٦**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٣٩٦-٤٠٤**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٠-٢١**
- **ژمارەی حیزب: ٤٠-٤١**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت: موقاتل دەڵێت:لەجێگەی خەوتنی خزمەت کارەکەی عومەری کوڕی خەتابدا هاتە خوارەوە،کە یەکەم کوژراو بوو لە مسوڵمانەکان لە شەڕی بەدردا،کە عەمرو کوڕی حەزرەمی تیرێکی بۆ هاویشت و کوشتی،لەو کاتەدا پەیامبەر فەرمووی : ((گەورەی شەهیدەکانی مەهجەع،کە یەکەم کەس دەبێت لەم ئومەتە کە بانگ دەکرێت بۆ لای دەرگای بەهەشت))، باوك**

و دایکی و ژنەکەی بۆی دڵتەنگ بوون،هەربۆیە خودای گەورە ئایەتی ((ثم إن ربك للذين هاجروا من بعد ما فتنوا ثم جاهدوا وصبروا إن ربك من بعدها لغفور رحيم)) دابەزاندە خوارەوە و پێی وتن کە بەناچاری لە پێناو خودای گەورەدا ڕووبەڕووی بەڵا و سەختی دەبنەوە.

((٣٠))

سورة الروم

((سورەتی ڕۆمەکان))

- ناوی سورەت: الروم
- بابەتی سورەتەکە:
- بەڵێنی سەرکەوتن بە باوەڕداران ئایەتەکانی(١-٧)
- ئایەتە کەونییەکان ئایەتەکانی(٨-٣٢)
- ئایەتە ئابوورییەکان ئایەتەکانی(٣٣-٤٢)
- فەرمانکردن بە پەیڕەوکردنی ئاین و یەکتاپەرستی خودا ودواڕۆژی تاوانباران ئایەتەکانی(٤٣-٥١)
- ئاستی کاریگەری پەیامبەر لەسەر خەڵك،توانای خودا لەدروست کراوەکانیدا ئایەتەکانی (٥٢-٥٤)
- بارودۆخی خەڵکی لە ڕۆژی دوایدا ئایەتەکانی(٥٥-٥٧)
- هەڵوێستی بێ باوەڕەکان لە ئایەتەکان و هاندانی پەیامبەر لەسەر پشوودرێژی ئایەتەکانی (٥٨-٦٠)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٣٠
- زنجیرەی دابەزین: ٨٤
- ژمارەی ئایەت : ٦٠
- ژمارەی وشە: ٨١٧
- ژمارەی پیتەکان: ٣٣٨٨
- ژمارەی لا پەڕە لە قورئاندا: ٤٠٤
- ژمارەی لا پەڕەکانی: ٤٠٤-٤١٠
- مەکی یان مەدەنی: مەکی

- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)):** ٢١
- **ژمارەی حیزب:** ٤١
- **هۆکاری دابەزینی سورەت :** ئەوەی کە تورمزی و ئەوانی تریش گێڕاویانەتەوە لە ئیبن عەباسەوە خودایان لێڕازیبێت : کاتێك فارس و ڕۆمەکان شەڕی یەکتریان دەکرد و فارسەکان سەرکەوتن ،کافرەکانی مەککە پێیان خۆش بوو چونکە فارسەکانیش وەکو ئەوان کافر بوون و لە ئەهلی کیتاب نەبوون وەکو ڕۆمەکان و لەبەرئەوەی ئەهلی حیجاز و عێراقیش لایەنگری فارسەکان بوون و عەرەبەکانی شامیش لایەنگرانی ڕۆمەکان بوون،لەبەرئەوە قوڕەیش بەوە خۆیان بادەدا بەسەر مسوڵمانەکاندا،جا خودای گەورە ئەو ئایەتەی دابەزاند لە ڕقی ئەوان و وەك وەڵامدانەوەیەکیش بوو بۆ خۆبادانەکەیان بەسەر مسوڵمانانداو پێی ڕاگەیاندن کە خودا ڕۆمەکان سەردەخات بەسەر فارسەکاندا لەدوای چەند ساڵێکی تر،جا کاتێك ئایەتە یەکەمەکانی سورەتەکە دابەزی،ئەبوبەکر خوای لێ ڕازیبێت دەرچوو بۆ دەرەوەی مەککە و بەدەنگی بەرز ئایەتەکانی : ((**الم *غلبت الروم *في أدنى الأرض وهم من بعد غلبهم سيغلبون *في بضع سنين**)) (الروم: ١-٤)،دەوتەوە و گرەوی لەگەڵ کافرەکاندا دەکرد لەسەر ئەوە. لە قەتادە وخەڵکانی تریشەوە دەگێڕدرێتەوە کە سەرکەوتنی ڕۆمەکان بەسەر فارسەکاندا لەساڵی بەیعەتی(بەڵێننامەی)ڕەزواندا بوو،بەم شێوەیە ڕیوایەتەکان فراوانتر بوون،دوای کوشتنی ئوبەی کوڕی خەلەف لە جەنگی ئوحوددا. هەموو گێڕانەوەکان لەسەر ئەوە ڕێکن کە سەرکەوتنی ڕۆمەکان بەسەر فارسەکاندا دوای ٧ ساڵ هات لەدوای دابەزینی ئەو سورەتەوە.

((٣١))

سورة لقمان

((سورەتی لوقمانی حەکیم))

- ناوی سورەت: لوقمان
- بابەتی سورەتەکە:
- ئەرکی لوقمان و سیفاتە باشەکان و سزای خراپەکاریش ئایەتەکانی (١-٩)
- لە بەڵگەکانی تاك و تەنهایی و توانای خودا ئایەتەکانی (١٠-١١)
- چیرۆکی لوقمان و ئامۆژگاریەکانی بۆ کوڕەکەی ئایەتەکانی(١٢-١٩)
- نیعمەتەکانی خودا،کەلەڕەقی بێ باوەڕەکان،سەلماندنی توانای خودا و زیندووکردنەوە ئایەتەکانی(٢٠-٣١)
- سروشتی بێ باوەڕەکان،فەرمانکردن بەخۆپارێزی وخواپەرستی، زانینی غەیب لەلایەن خوداوە ئایەتەکانی(٣٢-٣٤)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٣١
- زنجیرەی دابەزین: ٥٧
- ژمارەی ئایەت : ٣٤
- ژمارەی وشە: ٥٥٠
- ژمارەی پیتەکان: ٢١٢١
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٤١١
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٤١١-٤١٤
- مەکی یان مەدەنی: مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢١
- ژمارەی حیزب: ٤١-٤٢

- **هۆکاری دابەزینی سورەت :** وەک وەلأمێک بۆ کافرەکان ئەم سورەتە دابەزیوە لە سەردەمی پەیامبەردا،کاتێک هاتنە لای پەیامبەر و پرسیاریان دەربارەی لوقمان و کوڕەکەی لێکرد و تا چەند چاک بوە لەگەلْ باوکیدا.

((٣٢))

سورة السجدة

((سورەتی کرنۆش))

- ناوی سورەت: السجدة
- بابەتی سورەتەکە:
- سەلماندنی دابەزینی قورئان ئایەتەکانی (١-٣)
- هەندێك بەڵگە لەسەر توانای خودا و تاك و تەنهایی ئایەتەکانی(٤-٩)
- نکوڵیکردنی بێ باوەڕەکان بۆزیندووبونەوە وبارودۆخیان لەڕۆژی دوایدا ئایەتەکانی(١٠-١٤)
- سیفاتی باوەڕداران و پاداشتیان ئایەتەکانی(١٥-١٩)
- سزادانی بێ باوەڕەکان و دژایەتیان بۆ ئایەتەکان ئایەتەکانی(٢٠-٢٢)
- دابەزینی تەورات بۆ سەر موسا و ڕێزگرتنی دواکەوتەکانی ئایەتەکانی (٢٣-٢٥)
- سەلماندنی توانای خودایی و زیندووبونەوە ئایەتەکانی (٢٦-٣٠)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٣٢
- زنجیرەی دابەزین: ٧٥
- ژمارەی ئایەت: ٣٠
- ژمارەی وشە: ٣٧٢
- ژمارەی پیتەکان: ١٥٢٣
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٤١٥
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٤١٥-٤١٧
- مەکی یان مەدەنی: مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢١

- **ژمارەی حیزب:** ٤٢
- **هۆکاری دابەزینی سورەت :** وەك زۆرێك لە سورەتەکانی قورئان پاڤەکارانی قورئان هۆکاری دابەزینی هەموو سورەتەکانیان نەزانیوە،هەربۆیە پەنگە هۆکاری دابەزینی ئایەتێك یان چەند ئایەتێکیان کردبێتە هۆکاری دابەزینی هەموو سورەتەکان،لێرەدا هۆکاری دابەزینی سورەتی کڕۆنش لە ئایەتی ژمارە ((١٦)) نوسراوە،لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە دەگێڕدرێتەوە : ئەو ئایەتە بە هۆکاری ئەوە دابەزیوە کاتێك کۆمەڵێك لەهاوەڵان لە چاوەڕوانی نوێژێکدا بوون کە پێی دەوترێت نوێژی ((العتمة)) واتە نوێژی خەوتنان.بەهەمان شێوە ترمزی و ئیبن ئەبی حاتەمیش گێڕاویەتیەوە.

لە مەعازی کوڕی جەبەلەوە : ((پەیامبەر پێی وتووە،ئایا ڕێگاکانی خێرت پێنیشان بدەم؟ڕۆژووگرتن بەهەشتە،خێرکردن گوناە دەکوژێنێتەوە،نوێژی پیاو لە درەنگانی شەودا کە تەنها ویستی ڕازیبوونی خودا بێت،دواتر پەیامبەر ئایەتی ژمارە ١٦ی لە سورەتی کڕۆنش خوێندەوە: ((**تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ**)) (١٦) ،تا کۆتایی ئایەتی ١٧ : ((**فلا تعلم نفس ما أخفي لهم من قرة أعين جزاء بما كانوا يعملون**)).

((٣٣))

سورة الأحزاب

((سورەتی حیزبەکان، بەش بەش))

- **ناوی سورەت: الاحزاب**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **دەربارەی پەیامبەر و ڕێنماییەکانی خودا بۆ ئەو و خێزانەکانی**
- **هەردوو جەنگی ئەحزاب و بەنی قوڕەیزەی جولەکە**
- **فەرمانکردن بە ئەنجامدانی زۆری زیکری خودا و تەسبیحاتکردنی**
- **ئادابە ئیسلامیەکان،هەندێك لە حوکمەکان**
- **هەڕەشەکردن لە دووڕوەکان و بەڵێندانی بێ باوەڕەکان بە نزیکبونەوەی ڕۆژی دوایی**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٣٣**
- **زنجیرەی دابەزین: ٩٠**
- **ژمارەی ئایەت : ٧٣**
- **ژمارەی وشە: ١٢٨٧**
- **ژمارەی پیتەکان: ٥٦١٨**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٤١٨**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٤١٨-٤٢٧**
- **مەکی یان مەدەنی: مەدەنی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢١-٢٢**
- **ژمارەی حیزب: ٤٢-٤٣**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : بەهەمان شێوە یەك هۆکار نیە بۆ دابەزینی**

سورەتی((الاحزاب)) بەڵکو هۆکاری چەند ئایەتێك دیارن،بەڵام بە کورتی : کاتێك پەیامبەر کۆچی کرد بۆ شاری مەدینە،ئیسلامەکان، جولەکەکانیان خۆشدەویست کە لە مەدینەدا بوون وەکو بەنی قورەیزە و بەنی نەزیر و بەنی قەینقاع،و خەڵکیش چاویان لە ئیسلامەکان کرد بەڵام ئەوان دووڕوو بوون (مونافق)،بەشێوەیەك ئیسلامەتیان ئاشکرا دەکردو بێ باوەڕیشیان دەشاردەوە، جا پەیامبەر هەمیشە نەرمی دەنواند بەرامبەریان و ڕێزی لێدەگرتن و گوێشی بۆ دەگرتن،هەربۆیە خودای گەورە ئایەتی ژمارە ((١)) لە سورەتی الاحزاب دابەزاند:(يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ اتَّقِ اللَّهَ وَلَا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَالْمُنَافِقِينَ) .

((٣٤))

سورة سبأ

((سورەتی سەبەئی یەمەن))

- **ناوی سورەت: سبأ**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **یەکتاپەرستی خودا ئایەتەکانی(١-٢١)**
- **بڕوابوون بە وەحی ئایەتەکانی(٢٢-٣٩)**
- **بڕوابوون بە زیندووبونەوە ئایەتەکانی(٤٠-٥٤)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٣٤**
- **زنجیرەی دابەزین: ٥٨**
- **ژمارەی ئایەت : ٥٤**
- **ژمارەی وشە: ٨٨٤**
- **ژمارەی پیتەکان: ٣٥١٠**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٤٢٨**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٤٢٨-٤٣٤**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٢**
- **ژمارەی حیزب: ٤٣-٤٤**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : هۆکاری دابەزینی ئەم سورەتە بریتیە لە ڕوودانی ڕووداوێك لە نێوان دوو پیاودا کە شەریکی یەکتر بوون،لەکاتێکدا یەکێکیان بۆ بازرگانی دەچێتە دەرەوەی مەکە و بۆ کەنار و دەوروبەر و ماوەیەك دەمێنێتەوە و ئەویتریشیان لەناو شار دەمێنێتەوە جا کاتێك پەیامبەر نێردرا، دوای ئەوەی کە خودای گەورە پەیامبەری نارد،ئەم شەریکەی ناوشاری**

نامەیەکی نارد بۆ هاوەڵەکەی لەدەرەوەی شار و هەواڵی ناردنی پەیامبەری پێڕاگەیاند و وتی ئەو پەیامبەرە هەموو کەسە هەژار و چینەکانی خوارەوەی قوڕەیش دوای کەوتوون،ئیدی هاوەڵەکەی بازرگانیەکەی بەجێهێشت و گەڕایەوە و بەهاوەڵەکەی وت کە پەیامبەری پیشان بدات،ئیدی نامەکانی دەخوێندەوە و لەو کاتەدا پەیامبەر هات و کابرا پێی وت تۆ بانگەشە بۆچی دەکەیت؟ پەیامبەر وتی بۆ ئەوە و بۆ ئەوە،کابرا وتی شایەدی دەدەم کە تۆ پەیامبەریت،پەبامبەر پێی وت چۆن دەزانیت؟وتی،هیچ پەیامبەرێك نەهاتوە، مەگەر تەنها خەڵکە هەژار و بێدەسەلآت و نەبووەکان دوای کەوتوون،ئیدی ئەو ئایەتانە دابەزینە خوارەوە بۆ پەیامبەر وەك پشتڕاستکردنەوەیەك بۆ وتەکانی، بەلآم ئایەتە مەدەنیەکان ئەوا بەهەقی کوژراوانی کافران دابەزین لە جەنگی بەدری گەورەدا.

((٣٥))

سورة فاطر

((سورەتی بەدیهێنەر یان دروستکەری بێ وێنە))

- **ناوی سورەت: فاطر** ((یەکێکە لەناوە جوانەکانی خودای گەورە و بەمانای دروستکەری بێ وێنە دێت))
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **مەبەست لە دروستکردنی مرۆڤ و چارەنووسی ئایەتەکانی(١-٢٨)**
- **دیدگای باوەڕداران بۆ کەون و ژیان ئایەتەکانی(٢٩-٤٥)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٣٥**
- **زنجیرەی دابەزین: ٤٣**
- **ژمارەی ئایەت : ٤٥**
- **ژمارەی وشە: ٧٧٥**
- **ژمارەی پیتەکان: ٣١٥٩**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٤٣٤**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٤٣٤-٤٤٠**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٢**
- **ژمارەی حیزب: ٤٤**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : ئەم سورەتە لە پێش کۆچکردنی پەیامبەر هاتۆتە خوارەوە لەشاری مەکە،هەربۆیە مەبەست لێی بریتیە لە لە ڕوونکردنەوەی ئامانج و مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلام کە پەیوەندیان بە بڕوا و بیروباوەڕە گەورەکانی ئیسلامەوە هەیە وەک:بانگەواز بۆ یەکتاپەرستی خودا، ڕووخاندنی بنەماکانی بێ باوەڕی بەخودا،و پێشکەشکردنی بەڵگە لەسەر بوونی خودا،و**

هاندانی دڵەکان بۆپاککردنەوەی لە خراپەکاری وخوگرتن بەئاکارە جوانەکانەوە.
هۆکاری دابەزینەکەشی وەك لە حەدیسی پیرۆزدا هاتووە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پیاوێك هاتە لای پەیامبەر و پرسیاری کرد دەربارەی ئەوەی کە خودا فەرمانمان پێدەکات بە خەوتنی چاوەکانمان لە دونیادا ئەی ئایا ئەهلی بەهەشت دەخەون؟پەیامبەر وەلاّمی دایەوە: مردن شەریکی خەوتنە و لە بەهەشتدا مردن نیە،ئیدی وتیان ئەی پەیامبەر ئەی چۆن پشوودەدەن؟وتی:لە بەهەشتدا شتێکی تیادا نیە کە ببێتە هۆکاری تێکچوونی پشوویان،ئیدی خوای گەورە ئایەتی ((لَا يَمَسُّنَا فِيهَا نَصَبٌ وَلَا يَمَسُّنَا فِيهَا لُغُوبٌ)) دابەزاند.

((٣٦))

سورة يس

((سورەتی ی + س))

- **ناوی سورەت: یس**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **سروشتی وەحی و ڕاستگۆیی پەیامەکە ئایەتەکانی(١-٧٠)**
- **پرسی خوایەتی و تاك وتەنهایی ئایەتەکانی(٧١-٨٣)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٣٦**
- **زنجیرەی دابەزین: ٤١**
- **ژمارەی ئایەت : ٨٣**
- **ژمارەی وشە: ٧٣٣**
- **ژمارەی پیتەکان: ٢٩٨٨**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٤٤٠**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٤٤٠-٤٤٥**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٢-٢٣**
- **ژمارەی حیزب: ٤٤-٤٥**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : لەبەرئەوەی سورەتی یاسین بە یەك جار نەهاتۆتە خوارەوە،بۆیە هۆکاری دابەزینی ئایەتەکانی جیاوازن،ئایەتەکانی سەرەتای سورەتەکەش هەریەکە هۆکاری دابەزینی خۆیان هەیە وەکو : (یس * وَالْقُرْآنِ الْحَكِيمِ) تا (وَسَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ)،هۆکارەکەی بریتیە لەوەی ڕۆژێك پەیامبەر سورەتی کرنۆشی دەخوێندەوە بەدەنگی بەرز،هەندێك لە قورەیشیەکان هەستان بۆ ئەوەی بێدەنگی بکەن،لەوکاتەدا**

دەستیان لە قورگی خۆیان توندبوو و چاویان کوێر بوون و داوای یارمەتیان لە پەیامبەر کرد ڕزگاریان بکات،ئەویش دوعای بۆکردن و ڕزگاریان بوو،بەڵام هیچکامیان بڕوای بە پەیامبەر نەهێنا و ئیدی خوای گەورە ئەو ئایەتانەی دابەزاند. ﴿إِنَّا جَعَلْنَا فِي أَعْنَاقِهِمْ أَغْلَالًا﴾ تا ﴿لَا يُبْصِرُونَ﴾.

• ﴿وَجَعَلْنَا مِن بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدًّا وَمِنْ خَلْفِهِمْ سَدًّا فَأَغْشَيْنَاهُمْ فَهُمْ لَا يُبْصِرُونَ﴾ ئەم ئایەتەش هۆکاری دابەزینی ئەوەبوو کە هەندێك کەس لە بەنو مەخزوم وێستیان کە پەیامبەر بکوژن و یەکێکیان هاتە پێشەوە و لەوکاتەدا پەیامبەر لە نوێژدا بوو پیاوەکە دەنگی پەیامبەری دەبیست و نەیدەبینی بەڵام پەیامبەر ئەوی دەبینی و یەکێکی تر هاتە پێشەوە بۆئەوەی پەیامبەر بکوژێت وەك دەوترێت ئەبوجەهل بوو لەوکاتەدا لاشەیەکی گەورەی بینی و لێی هاتەپێشەوە تا بیکوژێت و ترسا و گەڕایەوە دواوە و خوای گەورە ئەو ئایەتەی دابەزاند و چاوەکانی کوێرکردن و ڕێگای ڕاستیان نەدەبینی بۆ هیدایەت و بڕواهێنان.

• هەروەها بۆنموونە ئایەتی ﴿ إِنَّا نَحْنُ نُحْيِي الْمَوْتَى وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا وَآثَارَهُمْ وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَاهُ فِي إِمَامٍ مُبِينٍ﴾ ١٤، لەسەر بەنی سەلمە دابەزیوە کە ماڵەکانیان لە دەورووپشتی شاری مەدینە بوو، وەك ئەبی سەعیدی خدری دەگێڕێتەوە دەیانویست بێنە نزیك ماڵ و مزگەوتی پەیامبەرە و پەیامبەریش ئەوەی پێ خۆش نەبوو کە شارەکە چۆڵ بکەن و پێی وتن جێگەکانتان چۆڵ مەکەن چونکە شوێنەوارەکانتان لە ماڵەکانتاندا دەنوسرێت .

• هەروەها هۆکاری دابەزینی ئایەتەکانی ٧٧-٨٣ ﴿ إِنَّا نَحْنُ نُحْيِي الْمَوْتَى وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا وَآثَارَهُمْ وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَاهُ فِي إِمَامٍ مُبِينٍ﴾،وەك لە ئیبن عەباسەوە دەوترێت،کاتێك عاصی کوڕی وائل هات بۆ لای پەیامبەر کە ئێسکێکی کۆن و ڕزیوی پێبوو و وردووخاشی کرد،وتی ئەی موحەمەد خودا ئەوە زیندوو دەکاتەوە دوای ئەوەی کە ئاوا ورد و خاش بووە؟وتی بەڵێ خودا ئەوە زیندوو

دەکاتەوە و تۆش دەمرێنێت و دواتریش دەتخاتە جەهەنەمەوە,جا ئیبن عەباس دەڵێت ئەو کەسەی ئاوهای بە پایەمبەر وت ئەوە ئوبەی کوڕی خەلەف بوو وەک ئیبن مردویە دەیگێڕێتەوە.

((٣٧))

سورة الصافات

((سورەتی پیزبوونی فریشتەکان))

- **ناوی سورەت: صافات ((بەمانای پیزی فریشتەکان دێت لە ئاسماندا))**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **تاکوتەنهایی خوداوتوانای و پاراستنی ئاسمان لە شەیتانەکان ئایەتەکانی (١-١٠)**
- **نکولێکردنی بێ باوەڕەکان لەزیندووبونەوە و سزادانیان ئایەتەکانی (١١-٣٩)**
- **نیعمەتەکانی خەڵکی بەهەشت وناوبردنی وباسی هاوەڵی خراپ ئایەتەکانی (٤٠-٥١)**
- **نکولێکردن لەزیندووبونەوە لەدونیا وکۆتاییەکەی ئایەتەکانی(٥٢-٥٥)**
- **سوپاسگوزاری باوەڕداران بۆ خودا ئایەتەکانی(٥٦-٦١)**
- **درەختی زەقوم و هۆکاری سزا ئایەتەکانی(٦٢-٧٤)**
- **پەیامبەرەکان ئایەتەکانی(٧٥-١٤٨)**
- **گفتوگۆکردنی بێباوەڕەکان وهەڕەشەلێکردنیان ئایەتەکانی(١٤٩-١٨٢)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٣٧**
- **زنجیرەی دابەزین: ٥٦**
- **ژمارەی ئایەت : ١٨٢**
- **ژمارەی وشە: ٨٦٥**
- **ژمارەی پیتەکان: ٣٧٩٠**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٤٤٦**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٤٤٦-٤٥٢**

- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٣**
- **ژمارەی حیزب: ٤٥-٤٦**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : سورەتی صافات کەمێك پێش کۆچکردنی پەیامبەر بۆ مەدینە دابەزی،دابەزینەکەشی بۆ ئەوە بوو کە بڕوابوون بە پەرستنی فریشتەکان بەتاڵبکرێتەوە،یان کە وایان دادەنان کە کچی خودا بن،و شەیتانەکانیان دادەنان بە هاوکار و یارمەتیدەریان،و دەیانگوت لە نێوان خودا و ئەو شەیتانانەدا خزمایەتی و نزیکی هەیە،و سەردەکەون بۆ ئاسمان و نهێنیەکانیان ئاشکرا دەکەن،هەربۆیە سورەتەکە دەستپێدەکات بە سەلماندنی تاك وتەنهایی خودا.**

((٣٨))

سورة ص

((سورەتی ص))

- ناوی سورەت: ص
- بابەتی سورەتەکە:
- سروشتی بێ باوەڕەکان و ولاّمدانەوەیان
- بەدرۆخستنەوەی نەتەوەکانی ڕابووردوو بۆ پەیامبەرەکانیان
- سەلماندنی زیندووبونەوە و دادپەروەری و پۆژی دوایی
- چیرۆکەکانی داود وسولەیمان وئەیوب و ئیبراهیم و نەوەکانی و چیرۆکی ئادەم و خۆبەزلزانی ئیبلیس
- پاداشتی پۆژی کۆتایی
- جەختکردنەوەی پەیامەکەی پەیامبەر و ئەرکەکانی و قورئان
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٣٨
- زنجیرەی دابەزین: ٣٨
- ژمارەی ئایەت: ٨٨
- ژمارەی وشە: ٧٣٣
- ژمارەی پیتەکان: ٢٩٩١
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٤٥٣
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٤٥٣-٤٥٨
- مەکی یان مەدەنی: مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٣
- ژمارەی حیزب: ٤٦
- هۆکاری دابەزینی سورەت: هۆکاری ئایەتەکانی (١-٨) وەک ئیبن عەباس

دەڵێت : ئەبوتالیبی مامی پەیامبەر نەخۆش دەکەوێت و قوڕەیشیەکان دێنە لای و پەیامبەریش دێتەی لای،لەو کاتەدا قوڕەیشیەکان سکالاّ لە پەیامبەر دەکەن،ئەبوتالیبیش بە پەیامبەری وت برازاکەم تۆ چیت لە قوڕەیش و قەومەکەت دەوێت ؟ وتی مامە تەنها وشەیەکم لەوان دەوێت کە هەموو عەرەب پێیان قەرزاردەبێت و عەجەمیش دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە،تەنها وشەیەك، ئەبوتالیب وتی ئەو وشەیە چییە؟ وتی((**لا اله الا الله**))، قوڕەیشیەکان وتیان : ﴿**أجعل الآلهة إلها واحدا إن هذا لشيء عجاب**﴾ (ص٥) هەربۆیە خودای گەورە فەرمووی : ﴿**ص والقرآن ذي الذكر**﴾ (ص:١) ... تا ﴿**بل لما يذوقوا عذاب**﴾(ص:٨) ،ئەمەش ئەحمەد و ترمزی و نسائی گێڕاویانەتەوە.

((٣٩))

سورة الزمر

((سورەتی کۆمەڵ /دەستە))

- ناوی سورەت: الزمر
- بابەتی سورەتەکە:
- یەکتاپەرستی و خوایەتی
- سروشتی بێ باوەڕەکان،سەلماندنی بەڵگە لەسەریان
- هۆکارەکانی هیدایەت وجێگیربوون وپاداشتی بڕواداران و بێ باوەڕەکان
- تەوبەکردن وئازەزوومەندی و ترساندن
- دیمەنەکانی ڕۆژی کۆتایی و دابەشبوونی خەڵکی بۆ دوو کۆمەڵ
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٣٩
- زنجیرە دابەزین: ٥٩
- ژمارەی ئایەت : ٧٥
- ژمارەی وشە: ١١٧٢
- ژمارەی پیتەکان: ٤٧٤١
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٤٥٨
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٤٥٨-٤٦٧
- مەکی یان مەدەنی: مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٣-٢٤
- ژمارەی حیزب: ٤٦-٤٧
- هۆکاری دابەزینی سورەت : هۆکاری دابەزینی ئەم سورەتە یەک هۆکار نیە،بەڵکو هەر ئایەتە یان چەند ئایەتێک پێکەوە هۆکاری دابەزینیان هەیە و جیاوازن،هەر بۆ نموونە:هۆکاری دابەزینی ئایەتی (٣)لەسورەتەکە بریتیە لەوەی

کە ئیبن عەباس دەڵێت :بۆ [٣] کەس لە زیندوەکان دابەزیوە کە بریتین لە: عامر و کنانە وبەنی سەلمە،کە بتیان دەپەرست و دەیانوت کە فریشتەکان کچی ئەون،و دەیانوت : ﴿ما نعبدهم إلا ليقربونا إلى الله زلفى﴾ (الزمر:٣).

- هۆکارە ئایەتی ([٩]) بریتیە لە :ئیبن ئەبی حاتەم دەریهێناوە،لە ئیبن عومەر و دەڵێت دابەزیوە لەسەر عوسمانی کوڕی عەفان.ئیبن ئەسعەد لە ڕێگەی کەلبی و لە ئەبی صالح و لە ئیبن عەباسەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت : دەربارەی عەماری کوڕی یاسر دابەزیوە. هەندێکی تریش دەڵێن بە هەقی ئیبن مەسعود و عەماری کوڕی یاسر و سالمی هاوەڵی ئەبی حوزەیفە دابەزیوە.
- ئایەتەکانی ((١٧ و٢٣ و ٣٦ و ٤٥ و٥٣)) هەریەکەیان هۆکاری تایبەتیان هەیە.

((٤٠))

سورة غافر

((سورەتی لێبووردە))

- ناوی سورەت: غافر ((سیفەتێکی خودای گەورەیە کە لە تاوان خۆشدەبێت و تەوبەش قبوڵ دەکات))
- بابەتی سورەتەکە:
- سیفاتەکانی خودا،سیمای تواناکانی
- هەڵگرانی عەرش و تەسبیحاتیان و پاڕانەوەیان
- بێ باوەڕەکان و بەدرۆخستنەوەی نەتەوەکانی پابووردوو،تووڕەیی خودا لێیان،فەرمانکردن بە پەندوەرگرتن لە حاڵیان
- لە ناخۆشیەکانی ڕۆژی کۆتایی
- لە چیرۆکی پەیامبەر موسا
- سەرکەوتنی بڕوادارانن،ڕێنمایی،نیعمەتەکانی خودا لەسەر بەندەکانی
- خۆبەزلزانی و دواڕۆژەکەی
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٤٠
- زنجیرەی دابەزین: ٦٠
- ژمارەی ئایەت : ٨٥
- ژمارەی وشە: ١٢١٩
- ژمارەی پیتەکان: ٤٩٨٤
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٤٦٧
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٤٦٧-٤٧٦
- مەکی یان مەدەنی: مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٤

- **ژمارەی حیزب:** ٤٧-٤٨
- **هۆکاری دابەزینی سورەت :** ئەم سورەتە کێشەی هەق(ڕەوا) و ناڕەوا ، کێشەی بڕوا و بێ بڕوایی،کێشەی بانگەواز و بەدرۆخستنەوە و لەکۆتایشدا کێشەی خۆبەزلزانین لەسەر زەوی و خۆسەپاندنی بە ناڕەوا چارەسەردەکات و باس دەکات،سزای خوداش لە کەسانی خۆبەزلزان و خۆسەپێنەران وەردەگرێتەوە، جا لە میانەی ئەو کێشەیەدا هەڵوێستی بڕواداران کە خودا هیدایەتی داون و ملکەچن و سەرکەوتنی خوداش بۆ ئەوانە لەخۆدەگرێت، لێخۆشبوونی فریشتەکانی هەر بۆ ئەوانە،لەڕۆژی دوایشدا هەموو نیعمەت و خۆشیەکانیش هەر بۆ ئەوانە.

((٤١))

سورة فصلت

((سورەتی جیاکەرەوە))

- **ناوی سورەت: فصلت** ((جیاکەرەوە لە نێوان هەق و ناڕەوادا))
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **قورئان و ئەرکەکەی و تێڕامان لە ئایەتەکانی و هەڵوێستی بێ باوەڕەکان دەربارەی،هەڕەشەکردنی لە بێباوەڕەکان تیایدا.**
- **لە بەڵگەکای بونی خودا و توانا،چیرۆکی دروستکردن**
- **هەڕەشەکردن لە بێ باوەڕەکان وەك سزادانی عاد و سەمود**
- **پاداشتی ڕاستڕەو و چاککرداڕەکان،سزای دوژمنانی خودا**
- **خێرو بانگەواز و ئادابەکانی**
- **جیاوازی خەڵکی لە تەوراتدا**
- **پسپۆڕی خودا بە زانستی غەیب و دواڕۆژ**
- **سروشتی مرۆڤ لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٤١**
- **زنجیرەی دابەزین: ٦١**
- **ژمارەی ئایەت : ٥٤**
- **ژمارەی وشە: ٧٩٦**
- **ژمارەی پیتەکان: ٣٢٨٢**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٤٧٧**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٤٧٧-٤٨٢**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٤-٢٥**

- **ژمارەی حیزب:** ٤٨-٤٩
- **هۆکاری دابەزینی سورەت :** ئەم سورەتەش یەک هۆکاری دابەزینی نیە،بەڵکو هەر ئایەتە یان چەند ئایەتێک پێکەوە هۆکاری دابەزینی تایبەتیان هەیە،بۆ نموونە:مەبەست لە دابەزینی ئایەتەکانی ١-٧ لەم سورەتە بریتیە لە سەرزەنشتکردن وڕەخنەگرتن وبێتواناکردنی قوڕەیشیەکانە لەهێنانی نموونەیەک وەک قورئانی پیرۆز وەک ئەوەی تیایدایە لە موعجیزە و بەیانکردن،لە قورئاندا مژدە و دڵخۆشی هەیە بۆ پیاوچاکانی خودا،بەهەمانشێوە ئاگادار کردنەوەی خودا و پەیامبەری تیادایە،پەیامبەر ئەم ئایەتانەی خوێندەوە بەسەر ئەبی وەلید کاتێک هاتبوو بۆ لای پەیامبەر کە بەرامبەر پێدانی سەروەت و سامان و مانڵ پاشگەزیبکاتەوە لەبانگەوازەکەی بۆ ئیسلام بەهەموو شێوەیەک. جا کاتێک ئایەتەکانی بۆ خوێندەوە و ئەو هەموو سزایەی گوێلێبوو دڵی تۆقاند،و گەڕایەوە بۆ لای مانڵ ومندانڵەکەی و وازی لە ئەنجومەنی قوڕەیش هێنا تا ئەبوجەهل هات بۆ لای و هەموو ئەوانەی بۆگێڕایەوە کە بیستبووی لە پەیامبەرەوە،تۆمەتی خستە پاڵ پەیامبەر کە سیحر و جادووی لێکردوە.

((٤٢))

سورة الشورى

((سورەتی ڕاوێژکردن))

- **ناوی سورەت: الشورى**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **یەکێتی وەحی بۆ پەیامبەرەکان و جۆرەکانی**
- **قورئان و هەڵوێستی خەڵکی دەربارەی**
- **پشتبەستن بە خودا ،یەکێتی دین،ڕاستگۆی و گرتنی ڕاستە ڕێگا**
- **سەلماندنی ڕوودانی ڕۆژی دوایی**
- **سیفاتی بڕواداران وپاداشتیان،دواڕۆژ و سزادانی بێ باوەڕان**
- **سونەتی خودا لە پەرستنی و تواناکەی**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٤٢**
- **زنجیرەی دابەزین: ٦٢**
- **ژمارەی ئایەت : ٥٣**
- **ژمارەی وشە: ٨٦٠**
- **ژمارەی پیتەکان: ٣٤٣١**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٤٨٣**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٤٨٣-٤٨٩**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٥**
- **ژمارەی حیزب: ٤٩**

هۆکاری دابەزینی سورەت : لە هۆکاری دابەزینی ئایەتەکانی ١-٣ ئەم سورەتەدا، لە تەفسیری تەبەریدا گێڕاویەتیەوە کە لە حوزەیفەی کوڕی یەمانەوە دەستیکەوتوە

پاڵپشت بە ئەرتەئەی کوڕی مونزیر: دەڵێت :پیاوێك هات بۆ لای ئیبن عەباس و پێی وت کە لەو کاتەدا حوزەیفەی کوڕی یەمانی لەلابوو، دەربارەی ڕاڤەی ئایەتی((حم * عسق)) هەواڵم پێبدە،بەڵام ئیبن عەباس سەریداخست و ڕووی لێوەرگێڕا و تا سێ جار داواکەی دووبارەکردەوە، لەوکاتەدا حوزەیفە پێی وت من ماناکەیت پێدەڵێم: من زانیم بۆ ڕقی لێی بۆوە، ئەو ئایەتە دەربارەی پیاوێك لە خزم و کەسەکانی دابەزیوە، کە ناوی عەبدوللئیلاە یان عبدالله بوو،دابەزی بۆ سەر ڕووبارێك لە ڕووبارەکانی ڕۆژهەلأت،کە دووشاری لەسەر دروستکرابوو، بەنێوان هەردوو شارەکەدا تێپەڕدەبوو،ئیدی بوونە ڕەشاویەکی تاریك،گڕی گرت و وەك بلێی هەر نەبووبن،و شارەکەی تر پێی سەیر بوو کە چۆن ئەو ڕزگاریبوە،جا ئەو ڕۆژەی ڕۆژی ڕووناکی بوو،تا ئەوکاتەی هەموو پیاوە بەهێز و کەلە ڕەقەکانی تیادا کۆدەبونەوە،ودواتر خودای گەورە هەمووانی سەرەوژێر کرد، جا مانای ئایەتەکە((حم * عسق))، بریتیە لە هێز و قودرەتی خودا و فیتنە و لەناوبردن، ((حم عین)) مانای دادپەروەری خودایە،((سین)) مانای هێز و قودرەتی خودایە، ((ق)) مانای فیتنە لەو دووشارەدا ڕوویداوە، هەرچەندە ئەم ڕاڤەکردنەی حوزەیفە دوورە لەڕاستیەوە،زاناکان ڕای جیاوازیان هەیە دەربارەی ڕاڤەکردنی پیتە پچڕ پچڕەکان لەسەرەتای سورەتەکاندا،باشتر وایە کە بێدەنگی لێبکرێت، و ئەرکی ڕاڤەکردنەکەی بگەڕێنرێتەوە بۆ لای خودا و ئەوەی پشتڕاستی ناڕاستی ڕاڤەکەی حودەزیەفە دەکاتەوە ئەوەیە کەبێدەنگی ئیبن عەباس بووە کە پیاوێکی گەورەی ئومەتە و ڕاڤەکەری قورئانە کە بێدەنگی بکات لە زانیاریەکی قورئان و بە گوێرەی ئارەزووی خۆی بکات و لەبەر خۆشەویستی کەسە نزیکەکەی کە ئایەتەکانی دەربارەی هاتۆتە خوارەوە.

((٤٣))

سورة الزخرف

((سورەتی جوانکاری))

- **ناوی سورەت: الزخرف** ((ئالّتوون وەك كالاّیەكی جوانكاری))
- **بابەتی سورەتەكە:**
- **پێگەی قورئان**
- **تاك و تەنهایی خودا و گەورەیی و یەكتاپەرستی**
- **پاداشتی بڕواداران و خۆپارێزەران و سزای تاوانباران و دەست بلاّوان**
- **بوهتانی بێ باوەڕان و وەلاّمدانەوەیان**
- **چیرۆكەكانی موسا و عیسا،و ڕێنماییەكان بۆ پەیامبەر**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا:** ٤٣
- **زنجیرە دابەزین:** ٦٣
- **ژمارەی ئایەت :** ٨٩
- **ژمارەی وشە:** ٨٢٥
- **ژمارەی پیتەكان:** ٣٧٠٣
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا:** ٤٨٩
- **ژمارەی لاپەڕەكانی:** ٤٨٩-٤٩٥
- **مەكی یان مەدەنی: مەكی**
- **لە چ بەشێكدایە ((جزء)):** ٢٥
- **ژمارەی حیزب:** ٤٩-٥٠
- **هۆكاری دابەزینی سورەت :** ئەم سورەتەش پێكەوە هۆكاری دابەزینی دیار نیە، بەڵكو تەنها هۆكاری دابەزینی ئایەتی((**وَلَمَّا ضُرِبَ ابْنُ مَرْيَمَ مَثَلًا إِذَا قَوْمُكَ مِنْهُ يَصِدُّونَ** ﴿٥﴾ ، لەسەر قوڕەیشیەكان دابەزی و بەتایبەتیش لەسەر عەبدولاّی

کوڕی زەبعەری تەمیمی کاتێك پەیامبەر به قوڕەیشی وت: خێر لەو کەسەدا نیە که جیا لەخودا کەسێکی تر دەپەرستێت،عەبدولاّش وتی:ئایا تۆ نالّێیت که عیسا یەکێك بووە لەبەندە چاکەکانی خودا و پەیامبەریش بوە وەك ئاماژەیەك بۆ مەسیحیەکان که واعیسای کوڕی مەریەم دەپەرستن جا کەوا بێت چارەنوسیان جەهەنەمە چونکە یەکێك لە بەندەکانی خودا دەپەرستن و هیچ خێرێکیشی بۆیان نیە،وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو ئایەتە که عەبدولاّ و ئەوانەی که لەگەلّیدابوون گفتوگۆیان لەگەلّ پەیامبەردا دەکرد وەك ئەو ئایەتەی لە سورەتی ((الانبیائ))دا هاتووە : ﴿إِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمْ لَهَا وَارِدُونَ"﴿٦﴾وتیان جا ئەگەر عیسا لەجەهەنەمدا بێت ئەوا ئێمە وخواکانیشمان لەگەلّ ئەوداین.

((٤٤))

سورة الدخان

((سورەتی دوکەڵ))

- ناوی سورەت: الدخان
- بابەتی سورەتەکە:
- دابەزینی قورئان لە شەوی لەیلەتول قەدردا ئایەتەکانی (١-٦)
- دەرخستنی توانای خودا ئایەتەکانی(-٨)
- هەڵوێستی بێ باوەڕەکان لە بانگەواز و قورئان ئایەتەکانی(٩-١٦)
- چیرۆکی میلەتی فیرعەون ئایەتەکانی(١٧-٣٣)
- نکوڵیکردنی بێ باوەڕەکان بۆ زیندووبونەوە و سزاکانیان ئایەتەکانی (٣٤-٥٠)
- پاداشتی بڕواداران و خۆپارێزان ئایەتەکانی (٥١-٥٩)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٤٤
- زنجیرەی دابەزین: ٦٤
- ژمارەی ئایەت : ٥٩
- ژمارەی وشە: ٣٤٦
- ژمارەی پیتەکان: ١٤٣٩
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٤٩٦
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٤٩٦-٤٩٨
- مەکی یان مەدەنی: مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٥
- ژمارەی حیزب: ٥٠
- هۆکاری دابەزینی سورەت : بوخاری لە ئیبن مەسعودەوە دەگێڕێتەوە و

دەڵێت: کاتێك قوڕەیش سەرپێچیان کرد و هەڵگەڕانەوە لە پەیامبەر،پەیامبەر دوعای لێکردن بە چەند ساڵێك برسێتی و وشکەساڵی و بێبارانی،وەك ئەو ساڵانەی حەزرەتی یوسف و ئیدی قوڕەیش تووشی وشکەساڵی و بێ بارانی و برسێتیەکی توند بوون تا کارگەیشتە خواردنی ئێسك و کاتێك پیاوێك سەیری ئاسمانی دەکرد ئەوەی لەنێوان خۆی و ئاسماندا دەیبینی وەك دوکەڵ دەهاتە بەرچاوی لە ئەنجامی برسێتی و هیلاکی و لێڵبوونی بەرچاوی،ئیدی خودا ئایەتی ((**فارتقب یوم تاتی السماء بدخان مبین**)) دابەزاند کە بەمانای خودا لە ئاسمانەوە دوکەڵی ڕوون دەهێنێت،خودا فەرمووی ئەی موحەمەد خودا ئاو دەنێرێت بۆقەومی موزیر کە لەناوچوون و ڕزگاریان بوو،تۆش داوای باران بۆ قوڕەیش بکە،بەوشێوەیە دوعای کرد و بارانیان بەسەردا باری.

((٤٥))

سورة الجاثية

((سورەتی ئەژنۆدانان))

- ناوی سورەت: الجاثية
- بابەتی سورەتەکە:
- بەڵگە لەسەر تاك تەنهایی خودا و تواناکەی ئایەتەکانی(١-٦)
- هەڕەشەلێکردنی درۆزنەکان بە ئایەتەکانی خودا ئایەتەکانی(٧-١١)
- لەنیعمەتەکانی خودا بۆسەر بەندەکانی وبۆسەر بەنی ئیسرائیل ئایەتەکانی (١٢-٢٢)
- گومڕایی بێباوەڕەکان وپاداشتی بڕواداران وبێباوەڕان لە زیندووبونەوە ئایەتەکانی(٢٣-٣٥)
- چاکەی خودا بەسەر خەڵکیەوە، مەزنی خودا ئایەتەکانی (٣٦-٣٧)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٤٥
- زنجیرەی دابەزین: ٦٥
- ژمارەی ئایەت : ٣٧
- ژمارەی وشە: ٤٨٨
- ژمارەی پیتەکان: ٢٠١٤
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٤٩٩
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٤٩٩-٥٠٢
- مەکی یان مەدەنی: مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٥
- ژمارەی حیزب: ٥٠-٥١

• **هۆکاری دابەزینی سورەت** : زاناکان دەربارەی هۆکاری دابەزینی ئەم سورەتە هیچیان نەوتوە،بەڵام ئەوەی کە لەلایەن جێگیربووە هۆکاری دابەزینی ئایەتی : **قُل لِّلَّذِينَ آمَنُوا يَغْفِرُوا لِلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ أَيَّامَ اللَّهِ لِيَجْزِيَ قَوْمًا بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ**"﴿٧﴾،تایبەت بە عومەری کوڕی خەتاب دابەزی بەپێی گێڕانەوەی ئیبن عەباس،کاتێك هەواڵیاندا کە جولەکەیەك لە خەڵکی شاری مەدینە کە ناوی ((فنحاص)) بوو، وتویەتی :پێویستم بە خودای موحەمەد هەیە و لەو کاتەدا خودا ئایەتی "**مَّن ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا**"﴿٨﴾﴿٩﴾، لەوکاتەدا عومەری کوڕی خەتاب زۆر تورەبوو شمشێرەکەی لە کالان دەرکرد و ویستی جولەکەکە بکوژێت،ئیدی لەوکاتەدا جوبرائیل ئەو ئایەتەی دابەزاندە سەر پەیامبەر.

((٤٦))

سورة الأحقاف

((سورەتی گردی لمینی گەورەی لار))

- ناوی سورەت: الاحقاف (دانیشتوانی حەزرەمەوت لە یەمەن)
- بابەتی سورەتەکە:
- سەلماندنی توانای خودا وگفتوگۆکردن لەگەڵ بێ باوەڕەکان ئایەتەکانی (١-١٢)
- پاداشتی باوەڕداران ئایەتەکانی(١٣-١٤)
- ئامۆژگاریکردن بە ئاگادارکردنەوە لە دایك و باوکان ئایەتەکانی (١٥-١٦)
- سزای لووتبەرز و سەرپێچیکاران ئایەتەکانی (١٧-٢٠)
- چیرۆکی هود ئایەتەکانی(٢١-٢٨)
- ئیمانی هەندێك جن بەئیسلام ئایەتکانی(٢-٣٢)
- سەلماندنی زیندووبونەوەوهەڕەشەکردن لە نکوڵیکارکان ئایەتەکانی (٣٣-٣٥)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٤٦
- زنجیرەی دابەزین: ٦٦
- ژمارەی ئایەت : ٣٥
- ژمارەی وشە: ٦٤٣
- ژمارەی پیتەکان: ٢٦٠٢
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٠٢
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٠٢-٥٠٦
- مەکی یان مەدەنی: مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٦

- **ژمارەی حیزب:** ٥١
- **هۆکاری دابەزینی سورەت** : بەهەمان شێوە هۆکاری دابەزینی سورەتی ئەحقافیش هەموو پێکەوە دیارنیە،بەڵکو ئایەتێك یان چەند ئایەتێك هۆکاری دابەزینیان دیاریکراوە ،بۆنموونەی ئایەتی ژمارە (٩) کە دەفەرموێت : (**وما أدري ما يفعل بي ولا بكم**)،لەو بارەیەوە ،کەلبی دەڵێت،لە ئەبی صاڵحەوە،لە ئیبن عەباسەوە دەگێڕێتەوە: کاتێك ناخۆشیەکان و ئازاردانەکان لەسەر هاوەڵانی پەیامبەر لەلایەن قورەیشیەکانەوە زیاتر بوو،پەیامبەر لەخەویدا بینی کە کۆچ دەکات بۆ خاکێك کە دارخورما و درەخت و ئاوی تیادایە،ئەم خەونەی گێڕایەوە بۆهاوەڵان،بەوە زۆر دڵیان خۆش بوو،چونکە لەخەونەکەدا ئومێدی پزگاربونیان دەبینی لە ئازاردانی بێ باوەڕەکان،بەو شێوەیە ماوەیەك لە چاوەڕوانیدا مانەوە و دواتر بە پەیامبەریان وت،ئایا کەی کۆچدەکەین بۆ ئەو زەویەی کە لەخەوندا بینیت،پەیامبەر بێدەنگ بوو و ئیدی ئەو ئایەتە هاتە خوارەوە،بەمانای ئەوەی کە منیش نازانم دەردەچم بۆ ئەو شوێنەی کە لە خەودا بینیم یان نا؟و دواتر وتی:ئەوە شتێك بوو کە لەخەودا بینیم من تەنها دوای ئەوە دەکەوم کە بەوەحی پێمدەوترێت.

((٤٧))

سورة محمد

((سورەتی موحەمەد پەیاامبەر))

- **ناوی سورەت: محمد**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **بارودۆخی بڕوادارانو بێ باوەڕەکان و سزا و پاداشتیان ئایەتەکانی (١-٣)**
- **فەرمانکردن بە جیهاد و پاداشتەکانی ئایەتەکانی (٤- ٦)**
- **مەرجەکانی سەرکەوتنی بڕوادارانو وتێکشکاندنی بێ باوەڕان ئایەتەکانی (٧-١٤)**
- **ئەوەی خودا ئامادەی کردووە بۆ بڕوادارانو بێ باوەڕان ئایەتەکانی (١٥-١٨)**
- **فەرماندان بە زانست و داوای لێخۆشبوون ئایەتەکانی(١٩)**
- **بارودۆخی دووڕوەکان وسزادانیان،ناخۆشی موجاهیدین ئایەتەکانی (٢٠- ٣٤)**
- **ڕاستی دونیا و فەرماندان بە بەخشین و جیهادکردن ئایەتەکانی(٣٥-٣٨)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٤٧**
- **زنجیرەی دابەزین: ٩٥**
- **ژمارەی ئایەت : ٣٨**
- **ژمارەی وشە: ٥٣٩**
- **ژمارەی پیتەکان: ٢٣٦٠**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٠٧**

- **ژمارەی لاپەڕەکانی:** ٥٠٧-٥١٠
- **مەکی یان مەدەنی: مەدەنی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)):** ٢٦
- **ژمارەی حیزب:** ٥١
- **هۆکاری دابەزینی سورەت :** ئەم سورەتەش هۆکاری دابەزینەکەی بەگشتی دیار نیە،بەڵکو هەندێك ئایەتی هۆکارەکانیان دیارە وەك :
- (**الَّذِينَ كَفَرُوا وَصَدُّوا عَن سَبِيلِ اللَّهِ أَضَلَّ أَعْمَالَهُمْ *وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَآمَنُوا بِمَا نُزِّلَ عَلَى مُحَمَّدٍ وَهُوَ الْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ كَفَّرَ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَأَصْلَحَ بَالَهُمْ**) ١).ئەم ئایەتە دابەزی بۆ خەڵکی مەکە و کافرەکان و وەصفی کردن بە گومڕاو و سەر لێشێواو و ئەوەشی کە باسی باشەکان دەکات بۆ ئەنصارەکان و خەڵکی شاری مەدینە دابەزی .
- تایبەت بە ئایەتی (٣) هەمیش: تایبەت بە هاوەڵانی پەیامبە کە لە شەڕی ئوحوددا شەهیدکراون دابەزیوە.
- ئایەتی ژمارە ((٥))یش: لەدوای تەواوبوونی شەڕی ئوحود دابەزیوە، کاتێك کافرەکان دەیانوت ئەمڕۆژە بەرامبەر ڕۆژی بەدرە،و دەیانوت سەرکەوتن بۆ ئێمەیە و بۆ ئێوە نیە،پەیامبەریش وەڵامی دانەوە ((خودا پشتیوانی ئێمەیەوە و پشتیوانی ئێوە نیە)).
- ئایەتی ژمارە((٨))یش: کاتێك پەیامبەر کۆچیکرد،بەرەو شاری مەدینە و هەستی بە دڵتەنگی کرد بەجیابونەوەی لەشار و ولاتەکەی خۆی،ئیدی خودای گەورە بۆ دڵدانەوەی پەیامبەر ئەو ئایەتەی دابەزاند.

((٤٨))

سورة الفتح

((سورەتی ڕزگارکردن))

- ناوی سورەت: الفتح
- بابەتی سورەتەکە:
- ڕێکەوتنی حودەیبیە ئایەتەکانی(١-٧)
- ئەرکی پەیامبەر و بەیعەتدانی هاوەلآن ئایەتەکانی(٨-١٠)
- ڕاستی دووڕووەکان و سزادانیان ئایەتەکانی(١١-١٦)
- بەیعەتدانی ڕەزوان و ئەنجامەکانی ڕێکەوتن ئایەتەکانی(١٧-٢٦)
- وەدیهاتنی خەونی پەیامبەر و هەندێك لە سیفاتەکانی،و هاوەلآنی ئایەتەکانی (٢٧-٢٩)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٤٨
- زنجیرەی دابەزین: ١١١
- ژمارەی ئایەت : ٢٩
- ژمارەی وشە: ٥٦٠
- ژمارەی پیتەکان: ٢٤٥٦
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥١١
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥١١-٥١٥
- مەکی یان مەدەنی: مەدەنی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٦
- ژمارەی حیزب: ٥١-٥٢
- هۆکاری دابەزینی سورەت : ئەم سورەتە لەو کاتەدا هاتە خوارەوە کە

پەیامبەر گەڕایەوە لە ڕێکەوتنامەی حودەیبیە لە مانگی زی القعیدەی ساڵی شەشەمی کۆچی،کاتێك کافرەکان ڕێگەیان نەدا بە پەیامبەر و هاوەڵانی کە بچنە شاری مەککە و عەمرەکەیان ئەنجامبدەن، و دواتر لایاندایەوە بەلای نەرمونیانی نوادن و ڕێکەوتن، پێبان وتن کە ئەمساڵ بگەڕێنەوە و ساڵی ئایندە وەرنەوە و پەیامبەریش بەوە ڕازی بوو لەگەڵ توڕەبوونی و پێناخۆشبوونی کۆمەڵێك لە هاوەڵان لەوانەش عومەری کوڕی خەتاب و پەیامبەر هەدیەکەی سەربڕی و گەڕایەوە و خوداش ئەو سورەتەی دابەزاند و ئەو ڕێکەوتنەی دانا بە سەرکەوتن چونکە بەرژەوەندی مسوڵمانانی تیادا بوو.

((٤٩))

سورة الحجرات

((سورەتی ژوورەکان))

- **ناوی سورەت: الحجرات** ((ماڵەکانی ژنەکانی پەیامبەر))
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **ئادابی مامەڵەکردن لەگەڵ پەیامبەر ئایەتەکانی**(١-٥)
- **دڵنیابوون لە هەواڵ و باسی مامەڵەکردن ئایەتەکانی**(٦-١٣)
- **ڕاستی ئیمان ئایەتەکانی** (١٤-١٨)
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا:** ٤٩
- **زنجیرەی دابەزین:** ١٠٦
- **ژمارەی ئایەت :** ١٨
- **ژمارەی وشە:** ٣٤٧
- **ژمارەی پیتەکان:** ١٤٩٣
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا:** ٥١٥
- **ژمارەی لاپەڕەکانی:** ٥١٥-٥١٧
- **مەکی یان مەدەنی: مەدەنی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)):** ٢٦
- **ژمارەی حیزب:** ٥٢
- **هۆکاری دابەزینی سورەت :** لەهۆکاری دابەزینی ئایەتی : (**إن الذين ينادونك من وراء الحجرات أكثرهم لا يعقلون**) ،دەوترێت کە کۆمەڵێك لە عەرەبی بەنی تەمیم هاتن بۆ شاری مەدینە وچوونە ناو مزگەوتەکەی پەیامبەر و بانگی پەیامبەریان کرد، یا موحەمەد یا موحەمەد لەدەرەوەی ژوورەکەی خۆی:وەرە دەرەوە بۆ لامان ئەگەر مەدحمان کردی باشە و ئەگەر زەمیشمان کردی خراپە،

ئەوەش پەیامبەری بێتاقەت کرد لە بانگردن و دەنگبەرزکردنەوەکەیان، و هاتە دەرەوە بۆ لایان،ئێمە هاتووین بۆ لای تۆ و شانازی بەخۆمانەوە دەکەین و ئیدی ئەو ئایەتە لەسەریان هاتە خوارەوە،کە لەناویاندا ئەقرەعی کوڕی حابس و خوییەنەی کوڕی حصن و زەبرقانی کوڕی بەدر و قەیسی کوڕی عاصم هەبوو.

((٥٠))

سورة ق

((سورەتی ق))

- **ناوی سورەت: ق**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **نکولێکردنی بێباوەڕان لەزیندووبونەوەوبەڵگەی سەلماندنی ئایەتەکانی (١-١١)**
- **میلەتانی ڕابووردوو کە نکوڵیان لە زیندوبونەوە کردوە ئایەتەکانی (١٢-١٥)**
- **دروستکردنی مرۆڤ و زانستی و بارودۆخی ئایەتەکانی(١٦-١٨)**
- **ڕاستی مردن و زیندووبونەوە ئایەتەکانی (١٩-٣٠)**
- **پاداشتی باوەڕداران و سیفاتەکانیان ئایەتەکانی(٣١-٣٥)**
- **هەڕەشەکردن لەوانەی کە نکوڵی لە زیندووبونەوە دەکەن،و ڕێنمایکردنی پەیامبەر ئایەتەکانی(٣٦-٤٥)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٥٠**
- **زنجیرەی دابەزین: ٦٠**
- **ژمارەی ئایەت : ٤٥**
- **ژمارەی وشە: ٣٧٣**
- **ژمارەی پیتەکان: ١٤٧٣**
- **ژمارەی لا پەڕە لە قورئاندا: ٥١٨**
- **ژمارەی لا پەڕەکانی: ٥١٨-٥٢٠**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٦**

- **ژمارەی حیزب:** ٥٢

هۆکاری دابەزینی سورەت : هۆکاری دابەزینی ئایەتی ژمارە((٣)) بریتیە لە :کۆمەڵێك لە جولەکە هاتن بۆ لای پەیامبەر و پرسیاریان دەربارەی چۆنێتی دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی کرد کە خودا دروستی کردوون. پەیامبەریش پێی ڕاگەیاندن کە خودای گەورە لە ٦ ڕۆژدا ئاسمانەکان و زەوی دروستکردوە،دواتر جولەکەکان پرسیاریانکرد دواتر چی ئەی موحومەد؟ پەیامبەریش وتی خودای گەورە لەسەر عەرش دانیشت،دەستخۆشیان لە پەیامبەر کرد و پێیان وت:ئەگەر تەواوت بکردایە یا موحەمەد کە خودای گەورە لە ڕۆژی حەوتەمدا پشووی داوە،پەیامبەر لەو وتەیە تورە بوو و ئیدی ئەو ئایەتە دابەزی. ﴿**وَلَقَدْ خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِنْ لُغُوبٍ**﴾،﴿٣﴾.

پەیامبەریش ئەم سورەتەی لە نوێژی هەردوو جەژنەکانی ڕەمەزان و قوربانداا دەیخوێند و هەموو ڕۆژی هەینیەکیش لەناو خوتبەی هەینیدا دەیخوێند.

((٥١))

سورة الذاريات

((سورەتی ڕەشەبا))

- **ناوی سورەت:** **الذاريات** ((ڕەشەبایەکی توند کە خۆڵ بلاوەدەکاتەوە))
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **سەلماندنی زیندووبونەوە وسزادانی نکوڵیکارەکان ئایەتەکانی (١-١٤)**
- **پاداشتی بڕوادارانو سیفاتەکانی ئایەتەکانی(١٥-١٩)**
- **ئایەتەکانی خودا و مەزنی تواناکانی ئایەتەکانی(٢٠-٢٣)**
- **چیرۆکی میوانەکانی ئیبراهیم ئایەتەکانی(٢٤-٣٧)**
- **ناوبردنی هەندێك لە پەیامبەرەکان ئایەتەکانی(٣٨-٤٦)**
- **توانای خودا لە کەوندا ئایەتەکانی(٤٧-٥١)**
- **دژەکان،سزای زاڵمەکان ئایەتەکانی(٥٢-٦٠)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا:** ٥١
- **زنجیرەی دابەزین:** ٦٧
- **ژمارەی ئایەت :** ٦٠
- **ژمارەی وشە:** ٣٦٠
- **ژمارەی پیتەکان:** ١٥١٠
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا:** ٥٢٠
- **ژمارەی لاپەڕەکانی:** ٥٢٠-٥٢٣
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)):** ٢٦-٢٧
- **ژمارەی حیزب:** ٥٢-٥٣

- **هۆکاری دابەزینی سورەت :** لە زۆرێك لە کتێبی تەفسیرەکاندا دەربارەی هۆکاری دابەزینی سورەتی زاریاتدا هاتووە کە بریتیە لە حەدیسێکی پەیامبەر و تیایدا هۆکاری دابەزینی ئەم سورەتە پرووندەکاتەوە،و حەدیسەکە دەڵێت کە حەسەنی کوڕی محمەدی کوڕی حەنەفیە دەگێڕێتەوە و دەڵێت :پەیامبەر سریەیەکی موجاهیدینی نارد و توانیان شەڕبکەن و دەسکەوتیشیان ببێت، دواتر دوای تەواوبونیان لە ئەرکەکەیان هاتنەوە و لەو دەسکەوتە بەشی هەژاران و بێنەوایانیان نەدا،ئیدی خودای گەورە ئایەتی (**وفي أموالهم حق للسائل والمحروم**) - **الذاريات**:١٩ناردە خوارەوە،و ئەو ئایەتە مافی خەڵکانی تریشی دیاریکرد لە سەروەت و ساماندا جگە لە زەکات کە دەوڵەمەندەکان دەیدەنە هەژارەکان.

((٥٢))

سورة الطور

((سورەتی کێوی طور لە فەلەستین))

- **ناوی سورەت: الطور**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **سەلماندنی سزای درۆزنەکان ونیعمەتەکانی بڕوادارانو وجۆرەکانی ئایەتەکانی** (١-٢٨)
- **گفتوگۆکردنی ئیمانی بێ باوەڕان ئایەتەکانی**(٢٩-٤٧)
- **ڕێنمایی بۆ پەیامبەر ئایەتەکانی** (٤٨-٤٩)
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا:** ٥٢
- **زنجیرەی دابەزین:** ٧٦
- **ژمارەی ئایەت :** ٤٩
- **ژمارەی وشە:** ٣١٢
- **ژمارەی پیتەکان:** ١٢٩٣
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا:** ٥٢٣
- **ژمارەی لاپەڕەکانی:** ٥٢٣_٥٢٥
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)):** ٢٧
- **ژمارەی حیزب:** ٥٣
- **هۆکاری دابەزینی سورەت :** ئیبن جەریر لە ئیبن عەباسەوە دەگێڕێتەوە کە کاتێک قوڕەیش کۆبونەوە لە دارالندوە دەربارەی مەسەلەی پەیامبەر (د.خ)- یەکێکیان وتی زۆر بەتوندی بەندی بکەن و چاوەڕێی ڕووداوەکانی ڕۆژگار بکەن

به مردنی،هەروەك چۆن له پێشتردا شاعیرەكانی وەكو زوهێر و نابغه لەناوچوون و محەمەدیش هەر یەكێكه وەكو ئەوان و ئیدی خودای گەوره ئایەتی ((**أم يقولون شاعر نتربص به ريب المنون**)) دابەزاند.

((٥٣))

سورة النجم

((سورەتی ئەستێرەی بەری بەیان))

- **ناوی سورەت: النجم**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **سەلماندنی وەحی ئایەتەکانی(١-١٨)**
- **گفتوگۆکردن لەگەڵ پەرستنی بتەکان ئایەتەکانی(١٩-٣٠)**
- **سزای خراپەکاران وپاداشتی چاکەکاران وسیفاتەکانیان ئایەتەکانی(٣١-٣٢)**
- **سەرزەنشتکردنی کوڕی موغیرە ئایەتەکانی(٣-٤١)**
- **تەنها خودا هەڵسوڕێنەرە ئایەتەکانی(٤٢-٦٢)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٥٣**
- **زنجیرەی دابەزین: ٢٣**
- **ژمارەی ئایەت: ٦٢**
- **ژمارەی وشە: ٣٦٠**
- **ژمارەی پیتەکان: ١٤٠٥**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٢٦**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٢٦-٥٢٨**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٧**
- **ژمارەی حیزب: ٥٣**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : بەکوردی و بەپوختی هۆکاری دابەزینی ئەم سورەتە ئەوەبوو،کە کافران دەیانوت کە محەمەد لەخۆیەوە قورئان دەڵێت و فەرمایشتی خودا نیە،هەربۆیە دوای ئەوە سورەتەکە دابەزی وەک وەڵامێک بۆ کافران کە پەیامبەر هیچ وتەیەک نالێت ئەگەر وەحی خودا نەبێت.**

((٥٤))

سورة القمر

((سورەتی مانگ))

- **ناوی سورەت: القمر**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **موعجیزەی دووکەرتکردنی مانگ وهەڵوێستی بێباوەڕەکان لەبەرامبەری**
- **چیرۆکی هەریەکە لەنوح ولوت وهودوصاڵح وقەومەکانیان وئاڵی فیرعەون**
- **گاڵتەکردن بە کافرەکانی قوڕەیش و چارەنووسی تاوانباران**
- **پاداشتی باوەڕداران**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٥٤**
- **زنجیرەی دابەزین: ٣٧**
- **ژمارەی ئایەت : ٥٥**
- **ژمارەی وشە: ٣٤٢**
- **ژمارەی پیتەکان: ١٤٣٨**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٢٨**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٢٨-٥٣١**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٧**
- **ژمارەی حیزب: ٥٢-٥٣**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : هۆکاری دابەزینی ئەم سورەتە یان چەند ئایەتێکی سورەتەکە،بریتیە لەوەی کە کافران داوای نیشانە و موعجیزەیەکیان لە پەیامبەر کرد لە شەودا و لە شاری مەکەدا،ئەوەبوو پەیامبەریش نیشانە و بەڵگەی پەیامبەرایەتی نیشاندان کە بریتی بوو لە دووکەرتبوونی مانگ،بەاڵم کافران هەر بڕوایان نەکرد و وتیان ئەوەش سیحر و جادوویەکی بەردەوامی موحەمەدە.**

((٥٥))

سورة الرحمن

((سورەتی بەزەیی فراوان))

- **ناوی سورەت: الرحمن ((سیفەتێکی خودای گەورەیە و بەمانای بەزەیی گشتگیری خودایە بۆ هەموو دروستکراوانی))**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **نیعمەتەکانی خودا بۆ بەندەکان ئایەتەکانی(١-٢٥)**
- **مانەوە تەنها بۆ خودایە ئایەتەکانی(٢٦-٣٠)**
- **بێدەسەلاّتی مرۆڤ وجن لەبەرامبەر تواناکانی خودا ئایەتەکانی(٣١-٣٦)**
- **سزای تاوانباران لە ڕۆژی دوایدا ئایەتەکانی (٣٧-٤٥)**
- **باسکردنی جەنەتولنەعیم ئایەتەکانی (٤٦-٧٨)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٥٥**
- **زنجیرەی دابەزین: ٩٧**
- **ژمارەی ئایەت : ٧٨**
- **ژمارەی وشە: ٣٥١**
- **ژمارەی پیتەکان: ١٦٥٧**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٣١**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٣١-٥٣٤**
- **مەکی یان مەدەنی: مەدەنی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٧**
- **ژمارەی حیزب: ٥٤**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : هۆکاری دابەزینی ئەم سورەتە ئەوەبوو کە کافران بە پەیامبەریان دەوت خودا ئەو سیفەت و ناوەی نیە،هەربۆیە سورەتەکە دابەزی بۆ سەلماندنی ئەو سیفەتەی خودای گەورە کە خاوەن بەزەییەکی گشتگیرە بۆ هەموو بونەوەران.**

((٥٦))

سورة الواقعة

((سورەتی ڕاست و دروست))

- ناوی سورەت: الواقعة((ناوێکە لەناوەکانی قیامەت))
- بابەتی سورەتەکە:
- ناخۆشیەکانی ڕۆژی دوایی ئایەتەکانی (١-١٤)
- خەڵکانی بەختەوەر ئایەتەکانی (١٥-٢٦)
- خەڵکانی ڕاست و خەڵکانی چەپ ئایەتەکانی (٢٧-٥٦)
- نیعمەتەکانی خودا بەڵگەن لەسەر چاکە وتوانای ئایەتەکانی(٥٧-٧٤)
- گەورەیی قورئان ئایەتەکانی(٧٥-٨٧)
- پاداشتی نزیکەکان و سزای درۆزنەکان ئایەتەکانی(٨٨-٩٦)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٥٦
- زنجیرەی دابەزین: ٤٦
- ژمارەی ئایەت : ٩٦
- ژمارەی وشە: ٣٧٩
- ژمارەی پیتەکان: ١٧١٩
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٣٤
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٣٤-٥٣٧
- مەکی یان مەدەنی: مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٧
- ژمارەی حیزب: ٥٤
- هۆکاری دابەزینی سورەت : هۆکاری دابەزینی چەند ئایەتێك لە سورەتی

الواقعه بۆ نموونه ئایەتەکانی ٧٥-٨٢ که دەفەرموێت : ((**فلا اقسم بمواقع النجوم**)) **تا** ((**وتجعلون رزقكم انكم تكذبون**))، موسلیم له صەحیحەکەیدا دەگێڕێتەوە،له ئیبن عەباسەوە: دەڵێت: لەسەردەمی پەیامبەردا باران بەسەر خەڵکیدا باری،پەیامبەر وتی که خەڵکی بونه دووبەش ،هەندێك سوپاسگوزار و هەندێکیش کافر،سوپاسگوزارەکان وتیان ئەوە خێروبەرەکەتی خودایە و کافرانیش وتیان ئەوە بەدەسەلآت و توانای فلآن ئەستێرەوەیە، و ئیدی ئەو ئایەتانە دایەزینە خوارەوە.ئەم حەدیسە ئەوە پیشان دەدات که له جاهلیەتدا خەڵکی هۆکاری بارینی بارانیان دەخستە پاڵ فلآن ئەستێرە و فلآن ئەستێرە نەك دەسەلآت و توانای خودای گەورە، جا پێویستە لەسەر باوەڕداران بڵێن هەروەکو پەیامبەر دەیفەرموو:ئەو بارانەمان له چاکە و خێر و بەرەکەت و بەزەیی خوداوەیە.

((٥٧))

سورة الحديد

((سورەتی ئاسن))

- ناوی سورەت: الحديد
- بابەتی سورەتەکە:
- تەسبیحاتی خودا
- ئیمان و بەخشین،ئیمان بە قەزا و قەدەر
- دووڕووەکان و بڕواوەڕەکان و بێ باوەڕەکان
- ڕاستی دونیا و کاری چاکە
- حیکمەت لەناردنی پەیامبەران،فەرمانکردن بەئەهلی کیتاب بەئیمانهێنان
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٥٧
- زنجیرەی دابەزین: ٩٤
- ژمارەی ئایەت: ٢٩
- ژمارەی وشە: ٥٧٤
- ژمارەی پیتەکان: ٢٥٠٥
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٣٧
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٣٧-٥٤١
- مەکی یان مەدەنی: مەدەنی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٧
- ژمارەی حیزب: ٥٤
- هۆکاری دابەزینی سورەت: هۆکاری دابەزینی ئایەتی: ((لَا يَسْتَوِي مِنْكُمْ مَنْ أَنْفَقَ مِنْ قَبْلِ الْفَتْحِ وَقَاتَلَ))، دەوترێت دەربارەی هاوەڵی خۆشەویستی پەیامبەر

ئەبوبەکری صدیق هاتۆتە خوارەوە،لەکاتێکدا دانیشتوە لەگەڵ پەیامبەردا وعەبایەکی کۆن و دڕاوی لەبەردابووە،لەو کاتەدا جوبرائیل دابەزیوە و لە هۆکاری پۆشینی ئەو عەبا دڕاو و کۆنەی ئەبوبەکری پرسیوە لە پەیامبەر لەکاتێکدا ئەبوبەکر بە دەوڵەمەندی ناسراوە،پەیامبەر لەوەڵامدا وتویەتی کە ئەبوبەکر پێش فەتحی مەکە هەموو سەروەت و سامانەکەی بەخشیوە،جا لە ئەبوبەرکریان پرسیار کردوە کە ئایا ئەو ڕازیە بەو بارودۆخەی کەتێیکەوتووە یان توڕە و بێزارە،بەگریانەوە وەڵامی داوەتەوە کە ڕازیە لە خودای گەورە کە هەر نیعمەتێکی پێبەخشیوە،ئیدی ئەو ئایەتە دابەزیوە .

دەربارەی فەرموودە و ئایەتی خودا : ((**أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُوا أَنْ تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللَّهِ**))،دەوترێت ئەم ئایەتە لە دوای کۆچکردنی پەیامبەر بۆ شاری مەدینە بە یەک ساڵ دابەزیوە، دەربارەی مونافیقەکان ((دووڕووەکان)) ،لەکاتێکدا لە سەلمانی فارسییان پرسیوە،زانیاریان پێبڵێت وەک ئەوەی لە تەوراتدا هاتووە لە سەیر و سەمەرە،هەندێکی تر دەڵێن دەربارەی باوەڕداران دابەزیوە،هەرکاتێک قورئانی پیرۆز دابەزیبێتە خوارەوە بۆ سەر پەیامبەر و ئەویش بۆ باوەڕدارنی خوێندبێتەوە،داوای زیاتریان کردوە،هەندێک جاریش وتویانە کە بۆیان بگێڕێتەوە یان وتویانە کە بۆیان باسبکات جارێکیش وتویانە کە بیریان بخاتەوە،ئیدی ئەو ئایەتە دابەزیوەتە خوارەوە.

((٥٨))

سورة المجادلة

((سورەتی گفتوگۆکردن))

- ناوی سورەت: المجادلة
- بابەتی سورەتەکە:
- تەزاهور ((وتنی وشەی وەکو پشتی دایکم وای بۆمن کە مێرد بە ژنەکەی دەڵێت لە جاهلیەتدا) و کەفارەتەکەی ئایەتەکانی(١-٤)
- هەڕەشەکردن لە کافرەان ئایەتەکانی(٥-٦)
- سەرتاپاگیری زانستی خودا بۆ هەمووشتێك ئایەتی (٧)
- ئادابی موناجات و خێرەکەی بۆ پەیامبەر ئایەتەکانی(٨-١٣)
- لایەنگری و پشتگیری کافران و سزاکەی ئایەتەکانی(١٤-٢٢)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٥٨
- زنجیرەی دابەزین: ١٠٥
- ژمارەی ئایەت : ٢٢
- ژمارەی وشە: ٤٧٢
- ژمارەی پیتەکان: ١٩٩١
- ژمارەی لاپەرە لە قورئاندا: ٥٤٢
- ژمارەی لاپەرەکانی: ٥٤٢_٥٤٥
- مەکی یان مەدەنی: مەدەنی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٨
- ژمارەی حیزب: ٥٥
- هۆکاری دابەزینی سورەت : هۆکاری دابەزینی ئایەتی : ((قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ

الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّـهِ))،بریتیە لە سکالاکردنی ژنێك بەناوی ((خەولەی کچی سەعلەبە)) لە مێردەکەی ((ئەوس کوڕی صامت)) لەلای پەیامبەر،کە مێردەکەی چی لەگەڵدا کردوە،کاتێك مێردەکەی بابەتێکی لەگەڵدا باس کردوە و ئەمیش وەڵامی داوەتەوە و مێردەکەشی تووڕەبوە لێی و پێی وتوە : کە تۆ وەکو پشتی دایکم وای بۆ من،دواتر گەمێردەکەی گەڕاوەتەوە بۆ لای و داوای سەرجێی لێکردوە،ئەمیش قبوڵی نەکردوە و چووە بۆ لای پەیامبەر و داوای ڕوونکردنەوەی لەو بارەوە لێکردوە،ئیدی ئەو ئایەتە هاتۆتە خوارەوە کە خراپی وتنی ئەو وشەیە دەردەخات کە مێرد بە ژنەکەی دەڵێت و کەفارەتەکەشی بۆ دیاریکردوە،کە بریتیە لە ئازادکردنی بەندەیەك یان دوو مانگ بەڕۆژووبونە لەسەر یەك یان ناندانی ٦٠ هەژارە.

- هۆکاری دابەزینی ئایەتی : ((أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ نُهُوا عَنِ النَّجْوَى ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا نُهُوا عَنْهُ وَيَتَنَاجَوْنَ بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ وَإِذَا جَاءُوكَ حَيَّوْكَ بِمَا لَمْ يُحَيِّكَ بِهِ اللَّـهُ))، دەربارەی جولەکەکانی شاری مەدینە دابەزیوە کە هاتوون بۆ لای پەیامبەر و سەلامیان لێکردوە و وتویانە ((السام علیك)) لەجیاتی ((السلام علیك))،لەناخی خۆیاندا دەیانوت ((ئەگەر خودا سزای نەداین لەسەر ئەوە کە دەیڵێین))، پەیامبەریش وەڵامی دەدانەوە ودەیوت ((وعلیکم)) و پە هاوەڵانیشی دەوت کە ئاوها وەڵامیان بدەنەوە،جا مانای وتەکەیان ((السام علیك))بەمانی مردن دەهات.

- هۆکاری دابەزینی ئایەتی : ((أَأَشْفَقْتُمْ أَن تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَاتٍ فَإِذْ لَمْ تَفْعَلُوا وَتَابَ اللَّـهُ عَلَيْكُمْ فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَطِيعُوا اللَّـهَ وَرَسُولَهُ وَاللَّـهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ))،ئەم ئایەتە وەکو ئایەتێکی ناسخە هاتوە بۆ ئایەتێکی پێشتر کە پێویستی کردبوو لەسەر باوەڕداران کە پێش ئەوەی پرسیار لە پەیامبەر بکەن پێویستە خێرێك بدەنە پەیامبەر،کە بەهۆی زۆری پرسیارەکانەوە پەیامبەر

بێتاقەت دەبوو،دواتر خودای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند و ئەو ئەرکەی لەسەر باوەڕداران سووك كرد و ئیدی پێویست بە پێشكەشكردنی خێر و چاكە ناكات بە پەیامبەر.

- هۆكاری دابەزینی ئایەتی : ((لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ))، دەربارەی هاوەڵانی پەیامبەر دابەزی، لەكاتێكدا بەهۆی مسوڵمانبونیانەوە پەیوەندی خزمایەتیان لەگەڵ كەسوكاریاندا دەبڕی كە بە بێ باوەڕ مابوونەوە و لەگەڵیاندا شەڕیان دەكرد،بەهۆی ئەوەی دژی ئیسلام و پەیامبەر بوون،لەوانەش ئەبوبەكری صدیق كە زۆر تووندبوو لەگەڵ باوكیدا كەلەبەردەمیدا جنێوی بە پەیامبەردا و ویستی كە بەرامبەری شەڕبكات لە جەنگی بەدردا و پەیامبەر نەیهێشت،هەروەها ئەبوعوبەیدەی جەڕاح كە باوكی خۆی كوشت لە جەنگی ئوحددا و ژمارەیەكی تریش لە هاوەڵان.

((٥٩))

سورة الحشر

((سورەتی کۆکردنەوە))

- **ناوی سورەت: الحشر**((بەمانای کۆکردنەوە دێت لەڕۆژی مەحشەردا، مەبەستیش خاکی شامە))
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **چاکەی هەژارانی موهاجیرین و ئەنصار**
- **دەرکردنی بەنو قوڕەیزە،پشتگیری و لایەنگیری دووڕوەکان بۆ جولەکە و سەرشۆڕکردنیان**
- **حوکمی فەیئ (قۆرخکاری)**
- **خۆپارێزی و سەرکەوتنی خۆپارێزان و هێزی قورئان**
- **ناوە جوانەکانی خودا**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٥٩**
- **زنجیرەی دابەزین: ١٠١**
- **ژمارەی ئایەت : ٢٤**
- **ژمارەی وشە: ٤٤٥**
- **ژمارەی پیتەکان: ١٩١٣**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٤٥**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٤٥-٥٤٨**
- **مەکی یان مەدەنی: مەدەنی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٨**
- **ژمارەی حیزب: ٥٥**

• **هۆکاری دابەزینی سورەت** : بریتیە لە وەی کە دوای کۆچی پەیامبەر بۆ شاری مەدینە،دەستیکرد بە ڕێکخستنی ئیشوکار و ژیان و پەیوەندیەکان لەنێوان خەڵکی شارەکەدا بە جیاوازی ئاین و پێکهاتەکانیەوە ،لەو نێوەشدا بەنی نەزیری جولەکە هەبوون و وا ڕێکەوت لەگەڵیاندا کە پشتیوانی دوژمنەکانی نەکەن،بەشێوەیەك نە دژیی بن و نە پشتیوانیشی لێبکەن، ئەوەبوو لە جەنگی ئوحددا بەنی نەزیر بەڵێنەکەیان شکاند و پشتیوانی بێباوەڕەکانی قوڕەیشیان کرد،کاتێك کەعبی کوڕی ئەشڕەف چووە دەرەوە بۆ مەککە و لەگەڵ قوڕەیشیەکاندا ڕێکەوت دژی مسوڵمانان و پەیامبەر،ئەو هەواڵەش جوبرائیل بە پەیامبەری گەیاند،جا سەرەڕای ئەوەی کە پەیامبەر خیانەتەکەیانی بینی کاتێك کە چووە لایان بۆ ئەوەی داوای یارمەتیان لێبکات بۆ کۆمەکی مسوڵمانان بۆ پێدانی لەجیاتی خوێن بە بەنو عامر،ئەوان هەوڵیاندا کە بەردێکی گەورە بخەنەخوارەوە بۆ سەر پەیامبەر و بیکوژن.

• لەو کاتەدا پەیامبەر بڕیاریدا کە بەنو نەزیر لە شاری مەدینە بچنە دەرەوە، و ماوەی ١٠ ڕۆژی بۆ دیاریکردن،لەبەر شکاندنی بەڵێنەکەیان،جا مونافیقەکانی مەدینە هەواڵەکیان زانی و هەواڵیان بە جولەکەکاندا کە دەرمەچن لە شاری مەدینە،لەبەرامبەردا دەیانپارێزن و ئەگەر پەیامبەر ویستی شەڕیان لەگەڵدا بکات شەڕیان لەسەر دەکەن ،ئەگەر ئەوان دەربچن لە مەدینە ئەوا ئەوانیش دوای ئەوان لە شاری مەدینەدا نامێننەوە،و جولەکەکان بۆ هەرکوێ کۆچیان کرد ئەمانیش بۆ ئەو شوێنە کۆچ دەکەن،لەولاشەوە هەواڵیان نارد بۆ پەیامبەر گەر شەڕیان لەگەڵدا دەکات با شەڕیان بکات،ئیدی پەیامبەر بەرەو بەنی نەزیر ڕۆیشت بۆ شەڕکردنیان کە خۆیان لە قەڵا و ماڵەکانیاندا قایم کردبوو.ئیدی پەیامبەر دەستیکرد بە ڕووخاندنی ماڵەکانیان و لەگەڵ ڕووخانی هەر ماڵێکدا هێندەی تر ترس دەکەوتە دڵی جولەکەکانەوە،و چاوەڕوانی

مونافیقەکانیان دەکرد کە بێن بە هانایانەوە بەڵام درۆیان لەگەڵ کردن،کاتێك لەو بەڵێنە بێئومێد بوون و پەیامبەریش زیاتر لێیان نزیك دەبۆوە هاتنە دەرەوە بۆ لای پەیامبەر و داوایان کرد کە بچنە دەرەوەی شاری مەدینە،و پەیامبەریش ڕازی بوو کە بچنە دەرەوەی مەدینە و پێیوتن تەنها ئەوەی دەتوانن لەسەر پشتی حوشترەکانیان هەڵیبگرن وببیەن لەگەڵ خۆیاندا و چەك و مااڵ و حاڵیان بەجێبهێڵن.

- جاجولەکەکان ئەوەیان پێناخۆش بوو کەمسوڵمانەکان مااڵ و دارخورماکانیان دەسوتاندن و دەیانڕووخاندن،لەبەرئەوەی گوایە مسوڵمانەکان بۆ چاکەخوازی و نەهێشتنی گەندەڵی و خراپەکاری هاتوون،بەو کارەیان ڕەخنەیان لێدەگرتن،لەبەر ئەوەی سورەتی حەشر دابەزیە خوارەوە،بۆ ئەوەی پیان بڵێت کە ئەوەی مسوڵمانەکان دەیکەن بە فەرمانی خودای گەورەیە.

((٦٠))

سورة المُمتَحِنة

((سورەتی تاقیکراوە))

- ناوی سورەت: المُمتَحِنة ((بە فەتحی پیتی(ح) مانای تاقیکراوە و دڵنیابوون دێت، بە کەسری پیتی(ح) بەمانای بێبەریکردنی ئافرەتێکی بێ ڕەوشت دێت)).
- بابەتی سورەتەکە:
- ڕێگەگرتن لە پشتیوای کافران و ڕووی ڕاستەقینەیان ئایەتەکانی(١-٣)
- چیرۆکی ئیبراهیم ئایەتەکانی(٤-٧)
- حوکمەکانی پەیوەندی مسوڵمانان بە کافرانەوە ئایەتەکانی(٨-٩)
- حوکمەکانی ژنانی کۆچکردوان و بەیعەتدانیان ئایەتەکان(١٠-١٢)
- جەختکردنەوە لەسەر نەکردنی پشتیونی کافران ئایەتی (١٣)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٦٠
- زنجیرەی دابەزین: ٩١
- ژمارەی ئایەت: ١٣
- ژمارەی وشە: ٣٤٨
- ژمارەی پیتەکان: ١٥١٩
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٤٩
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٤٩-٥٥١
- مەکی یان مەدەنی: مەدەنی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٨
- ژمارەی حیزب: ٥٥
- هۆکاری دابەزینی سورەت: هۆکاری دابەزینی ئایەتی: ((لَا يَنْهَاكُمُ اللهُ عَنِ

الَذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ))،بریتیە لەوەی کە دایکی ئەسمائی کچی ئەبوبەکری صدیق کە کافر بوو لەمەکەوە هات بۆلای ئەسماء بۆ شاری مەدینە و دیاریشی بۆ هێنابوو بەمەبەستی سەردانیکردنی،ئەسمائیش چووە لای پەیامبەر تا بزانێت ڕێگەپێدراوە کە پێشوازی ومیوانداری دایکی بکات کە کافرە، پەیامبەریش ڕێگەی پێداو و وتی خزمەتی بکە و چاکەشی لەگەڵدا بکە و ئیدی ئەو ئایەتە هاتە خوارەوە کە دروستە چاکە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکرێت کە کافرن بەڵام شەڕی مسوڵمانیان نەکردوە و دادپەروەرین و لەوانەش چاکە بەرامبەر دایك و باوك.

- هۆکاری دابەزینی ئایەتی : ((يَا أَيُّهَا الَذِينَ آمَنُوا لاَ تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاءَ تُلْقُونَ إِلَيْهِمْ بِالْمَوَدَّةِ وَقَدْ كَفَرُوا بِمَا جَاءَكُمْ مِنَ الْحَقِّ يُخْرِجُونَ الرَّسُولَ وَإِيَّاكُمْ أَنْ تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ رَبِّكُمْ إِنْ كُنْتُمْ خَرَجْتُمْ جِهَادًا فِي سَبِيلِي وَابْتِغَاءَ مَرْضَاتِي تُسِرُّونَ إِلَيْهِمْ بِالْمَوَدَّةِ وَأَنَا أَعْلَمُ بِمَا أَخْفَيْتُمْ وَمَا أَعْلَنْتُمْ وَمَنْ يَفْعَلْهُ مِنْكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاءَ السَّبِيلِ))، بریتیە لەوەی کە ژنێك بەناوی ((سارە هاوەڵی ئەبی عومەری کوڕی صوهەیب)) لەمەککەوە هات بۆ لای پەیامبەر لە مەدینە و پەیامبەریش پارەی دایە و جلوبەرگیشی دایە،دواتر ((حاتەبی کوڕی ئەبی بەلتەعە)) نوسراوێکی نوسی بۆ خەڵکی مەککە و دایەدەست ئەو ژنە بۆئەوەی بیبات و ١٠ دیناریشی دایە لەبەرامبەر ئەو کارەدا تا بیانگەیەنێتێ.

نامەکەی ئەمەی تیادا نوسرابوو: ((لە حاتەبەوە بۆ خەڵکی شاری مەککە، پەیامبەر دەیەوێت کە شەڕتان بکات بۆیە ئاگاداری خۆتان بن))،ساری بەرەو شاری مەککە دەرچوو، جوبرائیل دابەزی بۆ لای پەیامبەر و ئەو هەواڵەی پێدا و پەیامبەریش کۆمەڵێك سواری بەدوایدا نارد و تا پێیگەیشتنەوە لەناو بیاباندا و گرتیانەوە وکەلوپەلەکەیان پشکنی هیچیان نەدۆزیەوە و دواتر خۆی نامەکەی لە

قژیدا شاردبویەوە و پێی دان،ئەوانیش وازیان لێهێنا و گەڕانەوە و نامەکەیان دایە پەیامبەر، پەیامبەریش حاتەبی بانگکرد و دەربارەی هۆکاری ئەو کارەی لێی پرسی بۆ وات کردوە،وتی ئەوەتەی باوەڕم پێتهێناوە بێباوەڕیم لەبەرامبەرت نەکردوە،بەڵام بەهۆی ترسمەوە لەسەر خزمەکانم کە لەلایەن قوڕیشیەکانەوە کاریان دژ بکرێت ئەو کارەم کردوە،پەیامبەریش بڕوای پێکرد و ئیدی ئەو ئایەتە هاتە خوارەوە.

((٦١))

سورة الصف

((سورەتی ڕیزی پێکەوە))

- **ناوی سورەت: الصف**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **تەسبیحاتکردن بۆخودا وجیهادکردن بۆ بەرگری لە دین ئایەتەکانی (١-٤)**
- **چیرۆکی عیسا و موسا ئایەتەکانی(٥-٩)**
- **بنەمای بازرگانی بە قازانج ئایەتەکانی(١٠-١٤)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٦١**
- **زنجیرەی دابەزین: ١٠٩**
- **ژمارەی ئایەت : ١٤**
- **ژمارەی وشە: ٢٢١**
- **ژمارەی پیتەکان: ٩٣٦**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٥١**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٥١-٥٥٢**
- **مەکی یان مەدەنی: مەدەنی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٨**
- **ژمارەی حیزب: ٥٥**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : کۆمەڵی زانایان وایبۆدەچن کە هۆکاری دابەزینی ئەم سورەتە بریتیە لە خواستی مسوڵمانان بۆ زانینی خۆشەویسترین کار لای خودا کامەیە،جا کاتێك لەلایەن خوداوە دیاریکرا کە جیهاد لە پێناو**

خودادا خۆشەویسترین کارە،هەندێك لە مسوڵمانان ئەوەیان پێ ناخۆش بوو. کاری جیهادیان بەلاوە قورس بوو لە پێناو ڕێگای خودادا و ئیدی ئەو ئایەتە دابەزی کە قسەیەك دەکەن جیاوازە لەوەی لە دڵیاندایە. (**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لا تَفْعَلُونَ كَبُرَ مَقْتًا عِندَ اللَّهِ أَن تَقُولُوا مَا لا تَفْعَلُونَ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنْيَانٌ مَّرْصُوصٌ**).

((٦٢))

سورة الجمعة

((سورەتی هەینی))

- ناوی سورەت: الجمعة
- بابەتی سورەتەکە:
- تەسبیحاتی خودا و ئەرکی پەیامبەر ئایەکانی(١-٤)
- هێنانەوەی نموونە بۆجولەکە وسەپاندنی بەڵگە لەسەریان ئایەتەکانی (٥-٨)
- لە حوکمەکانی نوێژی هەینی ئایەتەکانی (٩-١١)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٦٢
- زنجیرەی دابەزین: ١١٠
- ژمارەی ئایەت : ١١
- ژمارەی وشە: ١٧٥
- ژمارەی پیتەکان: ٧٤٩
- ژمارەی لا پەڕە لە قورئاندا: ٥٥٣
- ژمارەی لا پەڕەکانی: ٥٥٣-٥٥٤
- مەکی یان مەدەنی: مەدەنی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٨
- ژمارەی حیزب: ٥٦
- هۆکاری دابەزینی سورەت : لە جابری کوڕی عبدالرحمن وە دەگێڕێتەوە و دەڵێت پەیامبەر خوتبەی ڕۆژی هەینی دەخوێندەوە و لەو کاتەدا کاروانێکی بازرگانی هات و ئیدی نوێژخوێنان چوونە دەرەوە بەرەو کاروانەکە ،تەنها ١٢ کەس لەناو مزگەوتەکەدا مابونەوە ،ئیدی خوای گەورە ئەو ئایەتەی دابەزاند:

﴿وإذا رأوا تجارة أو لهوا انفضوا إليها وتركوك قائما﴾ الجمعة. بوخاری لە حەفسی کوڕی عومەر و ئەویش لە خالدی کوڕی عەبدولاّ و ئەویش لە حەصینەوە گێڕاویەتیەوە.

((٦٣))

سورة المنافقون

((سورەتی دووڕووان))

- **ناوی سورەت: المنافقون**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **سیفاتی دووڕوەکان و ولاّمدانەوەیان ئایەتەکانی(١-٨)**
- **ڕێنمایی و ئامۆژگاری بڕواداران ئایەتەکانی (٩-١١)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٦٣**
- **زنجیرەی دابەزین: ١٠٤**
- **ژمارەی ئایەت : ١١**
- **ژمارەی وشە: ١٨٠**
- **ژمارەی پیتەکان: ٧٨٠**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٥٤**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٥٤_٥٥٥**
- **مەکی یان مەدەنی: مەدەنی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٨**
- **ژمارەی حیزب: ٥٦**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : ڕاستیەکەی ئەم سورەتە لە کاتی شەڕی بەنی موستەلیقدا دابەزیوە و لە کۆکراوەی ترمزیدا هاتوە کە محەمەدی کوڕی کەعبی قرزی دەڵێت لە کاتی شەڕی تەبوکدا دابەزیوە،ئەهلی مەغازی و ئیبن ولعەرەبی لە عاریزەدا و ئیبن کەسیر پشتڕاستیانکردۆتەوە:کە ئەم سورەتە لە کاتی شەڕی بەنوموستەلیقدا دابەزیوە،لەبەرئەوەی وتەی عەبدوڵاّی کوڕی ئیبن سەلول**

((لیخرجن الاعز منها الازل))،ڕێك لەگەڵ ئەو كاتەدا دێتەوە كە هێشتا پێگەی دووڕووەكان لاواز نەببوو بەڵام ڕۆژ دوای ڕۆژ پێگە و هێزیان بەرەو لاوازی دەچوو و جەنگی تەبوكیش لە دوا ساڵەكانی پەیامبەریدا بوو كە پێگەی دووڕووەكان لاواز ببوو.

- لە زەیدی كوڕی ئەرقەمەوە دەگێڕدرێتەوە كە هۆكاری دابەزینی ئەم سورەتە بریتیە لەوەی كە :ئێمە لە شەڕدا بووین پیاوێكی كۆچبەران شەقێكی لە پیاوێكی جوهەنی هاوپەیمانی ئەنصارەكاندا و ئەویش هاواری كرد من ئەنصاریم و ئەویش وتی من لەكۆچبەرانم كاتێك پەیامبەر گوێی لەو وشانە بوو وتی :ئەوەچیە بابەتی جاهلیەت دەڵێنەوە. وتی پشتگوێی بخەن.ئەو هەواڵە عبدولاّی كوڕی ئوبەی بیستیەوە وتی: ئەو كارەشیان كرد سوێند بەخوا كە گەڕاینەوە بۆ ناو شاری مەدینە ئەوا خەڵكە ڕێزدار و بەتواناكان خەڵكە بێتوانا و لاوازەكان دەردەكەن.وتیشی:هیچ چاكە و خێزێك مەدەنە نزیكەكانی موحەمەد تا وازیلێدێنن و لێی دوورەكەونەوە،زەیدی كوڕی ئەرقەمیش ، ئەوەی بیست و چوو مامی تێگەیاند بۆئەوەی بە پەیامبەر بڵێت، پەیامبەریش داوای كردم و چووم و بۆم گێڕایەوە و ناردی بەدوای عەبدولاّی كوڕی ئوبەی و هاوەڵانیشی و سوێندیان خوارد كە وایان نەوتوە،جا پەیامبەر منی بەدرۆخستەوە و بڕوای بەوان كرد،منیش زۆر خەمم خوارد بەو هەڵوێستە و مامیشم پێی وتم وازت نەهێنا تا پەیامبەر بەدرۆی خستیتەوە،جا كاتێك ڕۆژبۆوە پەیامبەر سورەتی دووڕووەكانی خوێندەوە و پێی وتم:كە خودا بڕوای بەتۆكرد و تۆ ڕاستتكرد.

((٦٤))

سورة التَّغَابُنِ

((سورەتی زیان لێکەوتن، فێڵکردن))

- ناوی سورەت :التَّغَابُنِ ((هەستکردن بە فێڵ یان ستەمکردن لەنێوان ئەهلی بەهەشت و جەهەنەمدا و بەمانای ڕۆژی دوایی دێت))
- بابەتی سورەتەکە :
- باس لەدیاردەکانی توانای خوداوزانستەکەی دەکات ئایەتەکانی(١-٤)
- چیرۆکی ئەو قەومەی کە خوایان بەدرۆخستەوە ئایەتەکانی(٥-٦)
- نکوڵیکردنی بێ باوەڕەکان بۆ زیندووبونەوە و سزادانیان،و پاداشتی بڕواداران ئایەتەکانی (٧-١٠)
- ڕێنمایکردنی بڕواداران ئایەتەکانی(١-٨)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا : ٦٤
- زنجیرەی دابەزین: ١٠٨
- ژمارەی ئایەت : ١٨
- ژمارەی وشە : ٢٤١
- ژمارەی پیتەکان: ١٠٦٦
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا : ٥٥٦
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٥٦-٥٥٧
- مەکی یان مەدەنی : مەدەنی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٨
- ژمارەی حیزب: ٥٦

- **هۆکاری دابەزینی سورەت :** عەبدولاّی کوڕی عەباس دەڵێت: هەر کەسێك لە مەککە مسوڵمان ببوایە و بیویستایە کۆچ بکات بۆ شاری مەدینە،ئەوا کەسوکارەکەی ڕێگەیان لێدەگرت و پێیان دەوت کە کەسوکار و عەشیرەتەکەت بەجێدێڵێیت و دەڕۆیت بۆ شاری مەدینە نە کەسوکارتی لێیە و هیچ مالّ و سەروەت و سامانێکیشت پێ نیە و ئیدی هەندێك کەس دەمایەوە و کۆچی نەدەکرد. دوای ئەوە ئەو ئایەتە هاتە خوارەوە کە دەفەرموێت : ﴿إِنَّ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ وَأَوْلَادِكُمْ عَدُوًّا لَكُمْ فَاحْذَرُوهُمْ﴾ **التغابن** ١٤.
- جا ئەوانەی کە کۆچیان کرد توانیان بە باشی لە دینەکە تێبگەن،بەلاّم ئەوانەی کەمانەوە و کۆچیان نەکرد نەیانتوانی لە دینەکە تێبگەن،بۆیە دواتر بڕیاریاندا کە سزای کەسوکارەکانیان بدەن،هەربۆیە خودای گەورە ئەو ئایەتەی دابەزاندە خوارەوە: ﴿وَإِنْ تَعْفُوا وَتَصْفَحُوا وَتَغْفِرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ **التغابن** ١٤.

((٦٥))

سورة الطلاق

((سورەتی تەلاّق/ جیابونەوە))

- ناوی سورەت: الطلاق
- بابەتی سورەتەکە:
- باس لە حوکمەکانی تەلاّق و عیددە و نەفەقە ئایەتەکانی (١-٧)
- ئاگادارکردنەوەی کەلەپەقەکان و بەلّێن بە بڕوادارانی ئایەتەکای(٨-١١)
- بیرخستنەوە بە تواناکانی خودا ئایەتی (١٢)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٦٥
- زنجیرەی دابەزین: ٩٩
- ژمارەی ئایەت : ١٢
- ژمارەی وشە: ٢٨٧
- ژمارەی پیتەکان: ١١٧٠
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٥٨
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٥٨_٥٥٩
- مەکی یان مەدەنی: مەدەنی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٨
- ژمارەی حیزب: ٥٦
- هۆکاری دابەزینی سورەت : وەکو زۆربەی سورەتەکانی قورئان هۆکاری دابەزینی ئەم سورەتەش پێکەوە دیار نیە،بەلّکو هۆکاری ئایەتێك یان چەند ئایەتێکی لێزانراوە بۆ نموونە:موسلیم ڕیوایەتی کردوە لە ڕێگەی ئەبی زوبێر کە گوێی لە عبدالرحمنی کوڕی ئەیمەن بوە کە پرسیاری لە ئیبن عومەر کردوە ڕای

چیە دەربارەی ئەو پیاوەی کە ژنەکەی تەلاّق دەدات لە کاتی سوڕی مانگانەدا؟ وتی کە: ئیبن عومەر ژنەکەی تەلاّقدا لە کاتی سوڕی مانگانەدا و لەسەردەمی پەیامبەردا و حەزرەتی عومەریش پرسیاری لە پەیامبەر کرد لەو بارەیەوە کە ئایە دروستە یان نا؟پەیامبەر فەرمووی بابیگێڕێتەوە،کەی پاکبۆوە ئەوکاتە تەلاّقی بدات یان لای خۆی بیهێلێتەوە.

((٦٦))

سورة التحريم

((سورەتی حەرامکردن))

- **ناوی سورەت:** التحريم ((قەدەغەکردن))
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **چیرۆکی پەیامبەر و هەندێك لە ژنەکانی ئایەتەکانی** (١-٥)
- **بانگکردنی بڕوادارانو بێ باوەڕان ئایەتەکانی** (٦-٨)
- **بانگکردنی بڕوادارانبەپێوێستبوونی جیهادی بێ باوەڕان ئایەتی** (٩)
- **هێنانەوەی دوو نموونە بۆژنانی بێ باوەڕان وبڕوادارانئایەتەکانی** (١٠-١٢)
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا:** ٦٦
- **زنجیرەی دابەزین:** ١٠٧
- **ژمارەی ئایەت :** ١٢
- **ژمارەی وشە:** ٢٤٩
- **ژمارەی پیتەکان:** ١٠٦٧
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا:** ٥٦٠
- **ژمارەی لاپەڕەکانی:** ٥٦٠-٥٦١
- **مەکی یان مەدەنی: مەدەنی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)):** ٢٨
- **ژمارەی حیزب:** ٥٦
- **هۆکاری دابەزینی سورەت :** ئەبوعبدالرحمنی نسائی دەڵێت کە ئیبراهیمی کوڕی یونسی کوڕی محەمەد کە باوکی بۆی گێڕاونەتەوە کە حەمادی کوڕی

سەلمە و ئەویش لە سابت و ئەویش لە ئەنەسەوە کە پەیامبەر هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتەی : ((يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ))، بریتیە لەوەی کە پەیامبەر ژنێکی هەبوو بەناوی ماریەی قیبتی ((دایکی ئیبرایمی کوڕی)) و سەرجێی لەگەڵدا دەکرد بەلآم ئەو کارەی لەخۆی حەرام کرد،بەهۆی ئەوەی هەریەکە لە عائیشە و حەپسەی کچی عومەری کوڕی خەتاب بەهۆی ئێرەیی بردنیانەوە لە ماریە هەندێ کاریان دژی دەکرد و دەیانویست کە لەخۆی حەرام بکات و تا لەخۆی حەرامکرد ئیتر لێی نزیك نەبۆوە لەبەر ڕازیکردنی دڵی عائیشە و حەپسە،ئیدی خودای گەورە ئەو ئایەتەی ناردە خوارەوە و فەرمووی کە ئەوەی خودا بۆی حەلآڵ کردوی بۆ لەخۆتی حەرام دەکەی لەبەر ڕازیکردنی ژنەکانت.

- یان ئەگەر لە بابەتی حەرامکردنی هەنگوین لەخۆی کە ئەو بابەتەش باسدەکرێت لە هۆکاری دابەزینی ئەو ئایەتەدا. دەوترێت هەریەکە لە عائیشە و حەپسە ئێرەییان بە زەینەبی کچی جەحش دەبرد کە پەیامبەر لەلای دەمایەوە و هەنگوینی لەلا دەخوارد،جابۆئەوەی پەیامبەر لێی دووربکەوێتەوە ،کاتێك پەیامبەر دەچووە لای هەریەکەیان بەجیا پێیان دەوت ئەوە بۆنی ((مغافیر))ت لێدێت کە بریتیە لەکەتیرەیەکی شیرین بەلآم بۆنێکی ناخۆشی لێدێت. پەیامبەریش دەیوت نا هەنگوینم خواردوە و ئیتر ناگەڕێمەوە بۆلای زەینەب، دوای ئەوە ئەو ئایەتە هاتە خوارەوە.

((٦٧))

سورة الملك

((سورەتی دەسەلآت وهێز))

- ناوی سورەت: الملك
- بابەتی سورەتەکە:
- لە سیفاتی توانای خودا ئایەتەکانی (١-٥) و(٢٣-٢٧)
- سزای بێ باوەڕان و دانپیادانانیان بەگوناهەکانیان ئایەتەکانی (٦-١٢)
- زانستی خودا و نیعمەتەکانی ئایەتەکای(١٣-١٥)
- هەڕەشە لەبێباوەڕان وسەرزەنشتکردنی کافرەکان ئایەتەکانی(١٦-٢٢)
- پزگاربوون و پۆزیدان بەدەست خودایە ئایەتەکانی(٢٨-٣٠)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٦٧
- زنجیرەی دابەزین: ٧٧
- ژمارەی ئایەت : ٣٠
- ژمارەی وشە: ٣٣٣
- ژمارەی پیتەکان: ١٣١٦
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٦٢
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٦٢-٥٥٦٤
- مەکی یان مەدەنی: مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٩
- ژمارەی حیزب: ٥٧
- هۆکاری دابەزینی سورەت : ڕاڤەکاران دەڵێن ئەم سورەتە پچڕ پچڕ هاتۆتە خوارەوە نەك بەیەکجار،تەنها ئیمامی سیوتی دەڵێت بەیەکجار هاتۆتە خوارەوە،

ئیمامی واحدی و ئەوانیتریش دەڵێن کە ئایەتی : (وَأَسِرُّوا قَوْلَكُمْ أَوِ اجْهَرُوا بِهِ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ)، لەکاتێکدا دابەزیوە کەکافران پیلانیان دژی پەیامبەر دادەنا و بەچرپە لەنێوخۆیاندا قسەیان دەکرد لەترسی ئەوەی کە خودای محەمەد نەیبیستێت،جا وەحی بۆ پەیامبەر دەهات و ئاگاداری دەکردەوە.زۆربەی ڕاڤەکاران لەسەر ئەو ڕایەن کە سورەتی ((الملك))هۆکاری دابەزینی نیە.

((٦٨))

سورة القلم

((سورەتی خامە/ پێنوس))

- ناوی سورەت: القلم
- بابەتی سورەتەکە:
- پشتگیریکردنی پەیامبەر و سیفەتە گەورەکانی ئایەتەکانی(١-٧)
- سیفاتی درۆزنەکان ئایەتەکانی(٨-١٦)
- چیرۆکی هاوەلأنی بەهەشت ئایەتەکانی(١٧-٢٣)
- سەلماندنی بەڵگە لەسەر تاوانباران ئایەتەکانی (٣٤-٤٧)
- فەرمانکردن بەپەیامبەر بەپشوودرێژی وخۆڕاگری ئایەتەکانی(٤٨-٥٢)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٦٨
- زنجیرەی دابەزین: ٢
- ژمارەی ئایەت : ٥٢
- ژمارەی وشە: ٣٠٠
- ژمارەی پیتەکان: ١٢٥٨
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٦٤
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٦٤-٥٦٦
- مەکی یان مەدەنی: مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٩
- ژمارەی حیزب: ٥٧
- هۆکاری دابەزینی سورەت : بریتیە لە بەرگریکردن لە پەیامبەر لەکاتێکدا تۆمەتباریان دەکرد بە شێتبوون.ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە پەیامبەر لە

ئەشکەوتی حەڕا دەگەڕایەوە و لەگەڵ خەدیجەدا چوون بۆ لای وەرەقەی کوڕی نەوفل، ئیدی قوڕەیشیەکان دەیانوت موحەمەد شێت بووە.هەربۆیە ئەو سورەتە دابەزی و سزای کافرانیشی دیاریکردوە لە دونیا و ڕۆژی دوایدا.

((٦٩))

سورة الحاقة

((سورەتی چەسپاندنی ڕاستی))

- **ناوی سورەت: الحاقة** ((بەمانای کاتژمێر)) دێت واتە ئەو کاتژمێرەی کە پاداشتی هەر چاکە و خراپەیەکی تیادا دەدرێتەوە،واتا ڕۆژی دوای)) .
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **ناخۆشیەکانی ڕۆژی دوایی ئایەتەکانی(١-٣) و(١٣-١٨)**
- **لەناوبردنی درۆزنەکان ئایەتەکانی(٤-١٢)**
- **چارەنووسی هاوەلانی ڕاست و هاوەلانی چەپ ئایەتەکانی(١٩-٣٧)**
- **ڕاستی قورئان و پاکێتی ئایەتەکانی(٣٨-٥٢)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٦٩**
- **زنجیرەی دابەزین: ٧٨**
- **ژمارەی ئایەت : ٥٢**
- **ژمارەی وشە: ٢٥٨**
- **ژمارەی پیتەکان: ١١٠٧**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٦٦**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٦٦-٥٦٨**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٩**
- **ژمارەی حیزب: ٥٧**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : وەلیدی کوڕی موغیرە بە پایمبەری دەوت کە جادوگەرە،لەکاتێکدا ئەبوجەهل پێی دەوت شاعیر،عوقبەش پێی دەوت کاهین،**

هەربۆیە خودای گەورە ئایەتی : (**فَلَا أُقْسِمُ بِمَا تُبْصِرُونَ* وَمَا لَا تُبْصِرُونَ* إِنَّهُ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ**)،دابەزاند وبەڕاستگۆیی پەیامبەر سوێندی خوارد کە پەیامبەری خودایە.

((٧٠))

سورة المعارج

((سورەتی بەرزبونەوە))

- **ناوی سورەت: المعارج** ((ناوێکە لەناوە جوانەکانی خودا))
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **ناخۆشیەکانی ڕۆژی دوایی ئایەتەکانی(١-١٨)**
- **سروشتی مرۆڤ ئایەتەکانی(١٩-٢١)**
- **سیفاتی بڕوادارانوکرداری کافرەکان وسزادانیان ئایەتەکانی (٢٢-٤٤)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٧٠**
- **زنجیرەی دابەزین: ٧٩**
- **ژمارەی ئایەت : ٤٤**
- **ژمارەی وشە: ٢١٧**
- **ژمارەی پیتەکان: ٩٤٧**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٦٨**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٦٨-٥٧٠**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٩**
- **ژمارەی حیزب: ٥٧**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : ئەهلی زانست هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتانە: ((سَأَلَ سَائِلٌ بِعَذَابٍ وَاقِعٍ* لِّلْكَافِرِينَ لَيْسَ لَهُ دَافِعٌ* مِّنَ اللهِ ذِي الْمَعَارِجِ}،﴿١﴾ ، بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە نەزری کوڕی حارس گاڵتەی بە بانگەوازەکەی پەیامبەر دەکرد و دەیوت : ((خودایە ئەگەر ئەوە ڕاستە و لەلای تۆوەیە ئەوا بەردمان لە**

ئاسمانەوە بەسەردا ببارێنە و سزایەکی تووندمان بدە))،ئەوەی کە داوای کرد خودای گەورە بۆی وەدیهێنا و بەهێواشی کوژرا لە جەنگی بەدردا دوای ئەوەی کە بەندکرا. دواتر کوژرا. ئیبن عاشور دەڵێت ڕەنگە مەبەست لە سائب نەزەر بێت یان هەموو کافرانیش بێت.

((٧١))

سورة نوح

((سورەتی نوح))

- **ناوی سورەت: نوح**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **چیرۆکی ناردنی نوح بۆ لای قەومەکەی ئایەتەکانی(١-٤)**
- **سکالاّ لە قەومەکەی و دوعاکردن لێیان ئایەتەکانی (٥-٢٨)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٧١**
- **زنجیرەی دابەزین: ٧١**
- **ژمارەی ئایەت : ٢٨**
- **ژمارەی وشە: ٢٢٦**
- **ژمارەی پیتەکان: ٩٤٧**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٧٠**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٧٠-٥٧١**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٩**
- **ژمارەی حیزب: ٥٧**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : ئەهلی زانست هۆکارێکی دیاریکراویان بۆ دابەزینی ئەم سورەتە باس نەکردووە،ئاشکرایە ئەم سورەتە پێرۆزە یەکێکە لەو سورەتانەی کە هۆکارێکی دابەزینی دیاریکراوی نیە،واتە هیچ ڕووداوێك ڕووینەداوە کە ببێتە هۆکاری دابەزینی،خوای گەورەش باشتر دەزانێت.**

((٧٢))

سورة الجن

((سورەتی جنۆکە))

- **ناوی سورەت: الجن**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **بڕوابوونی جن بەقورئان،جۆرەکانیان وبیروباوەڕەکانیان ئایەتەکانی (١-١٧)**
- **ڕێنمایی خودایی بۆ پەیامبەر ئایەتەکانی(١٨-٢٥)**
- **تەنها خودا غەیب دەزانێت ئایەتەکانی(٢٦-٢٨)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٧٢**
- **زنجیرەی دابەزین: ٤٠**
- **ژمارەی ئایەت : ٢٨**
- **ژمارەی وشە: ٣٤٨**
- **ژمارەی پیتەکان: ١٥١٩**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٧٢**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٧٢-٥٥١**
- **مەکی یان مەدەنی: مەدەنی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٩**
- **ژمارەی حیزب: ٥٨**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : لەکاتێکدا پەیامبەر و ژمارەیەک لە هاوەڵانی بەرەو بازاڕی عوکاز دەچوون،لەوکاتەدا جنۆکەکان شتێکی سەیریان هەستپێکرد، ئەوان لەکاتێکدا گوێیان هەڵدەخست بۆ هەواڵی ئاسمان و ئەوەی**

کە خودای گەورە دیاریدەکرد بۆ مرۆڤەکان و بونەوەرەکان لە هەموو بوارێکدا، لە ئێستادا زانین و گوێهەڵخستن بۆ ئەو هەواڵانە زۆر سەخت بوە،خوای گەورە ئەستێرە و کلکدار و ئەستێرە گڕگرتوەکانی تەرخانکردوە بۆ جنۆکەکان کە بیانسوتێنن کە گوێ هەڵدەخەن و لەهەموو لایەکەوە تێیان دەگرێت.

- جنۆکەکان هاتنەوە بۆلای قەومەکانیان و ئەو دۆخە نوێیەیان تێگەیاندن کە بەسەریان هاتووە، ئەوانیش وتیان بچن بۆ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دونیا و بزانن هۆکارەکەی چییە،هەندێکیان ڕۆیشتن بەرەو توهامە بۆلای پەیامبەر لەوکاتەدا نوێژی بەیانی دەکرد لە گەڵ هاوەڵاندا، جنۆکەکان گوێیان لە ئایەتی قورئانی پیرۆز بوو، ئیدی هۆکاری ئەو کارەیان زانی،خێرا گەڕانەوە بۆلای قەومەکانیان و هەواڵەکەیان پێدان کەچۆن گوێیان لە قورئانێکی سەیر بووە کە پێشتر شتی وایان نەبیستوە.
- جنۆکە بڕوایان بە خودا هێنا وملکەچبوون بۆ پەیامەکەی کە یەکتاپەرستیە دوای ئەوەی کە زانیان بێتوانان لە بەرامبەر خودای گەورەدا لە زەویدا، زانیان کە دوورکەوتنەوە لە گومڕابوون بریتیە لە تاکە ڕێگا بۆ وەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودا و وەرگرتنی پاداشت،جنۆکەکان ڕەخنەیان لە حاڵی مرۆڤ گرت کە پەنا دەبەنە بەر جنۆکە زاڵمەکان بەو بڕوایەی کە ئەوان هەواڵی ڕاستیان پێیە،لەڕاستیدا ئەوان تەنها دۆخیان خراپ و هیلاکتر و بێ دەسەلاتتر دەکەن.

((٧٣))

سورة المزمل

((سورەتی خۆدا پۆشەر بەجلوبەرگەکەی))

- ناوی سورەت:المزمل((مەبەست لەپەیامبەرە کە خۆی داپۆشیوە بە جل و بەرگەکەی))
- بابەتی سورەتەکە :
- ڕێنمایی خودایی بۆ پەیامبەر ئایەتەکانی(١-١٠)
- هەڕەشەکردن لە درۆزنەکان بە ڕۆژی دوایی ئایەتەکانی(١١-١٩)
- خێری هەستانی شەو و ڕێنمایی بۆ بڕواداران ئایەتی(٢٠)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا : ٧٣
- زنجیرەی دابەزین : ٣
- ژمارەی ئایەت : ٢٠
- ژمارەی وشە : ١٩٩
- ژمارەی پیتەکان : ٨٤٠
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا : ٥٧٤
- ژمارەی لاپەڕەکانی : ٥٧٤-٥٧٥
- مەکی یان مەدەنی : مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٩
- ژمارەی حیزب : ٥٨
- هۆکاری دابەزینی سورەت : قوڕەیشیەکان لە دار الندوە کۆبونەوە بۆ ئەوەی پیلانێك دژی پەیامبەر وبانگەوازەکەی بگێڕن، هەواڵەکە بەپەیامبەر گەیشتەوە و زۆر دڵتەنگ بوو و غەم دایگرت،بە جلوبەرگەکەی خۆی داپۆشی و خۆی پێچایەوە و بەدڵتەنگی نوست.

((٧٤))

سورة المدثر

((سورەتی داپۆشەر بە جلەکانی))

- **ناوی سورەت:** **المدثر** ((لێرەشدا مەبەست لە پەیامبەرە کە کاتێک جوبرلئیل هاتە خوارەوە لەناو ئەشکەوتی حەڕادا بۆ لای پەیامبەر کە خۆی بە جلەکانی داپۆشیبوو بۆئەوەی بخەوێت یان گەرمی ببێتەوە)).
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **ڕێنمایی بۆ پەیامبەر ئایەتەکانی**(١-٧)
- **هەڕەشە لەدرۆزنەکان بەناخۆشیەکانی ڕۆژی دوایی ئایەتەکانی**(٨-١٠)
- **چیرۆکی وەلیدی کوڕی موغیرە وبەڵێن بەسزادانی ئایەتەکانی** (١١-٢٦)
- **وەصفکردنی جەهەنەم و دەرگاوانەکەی ئایەتەکانی** (٢٧-٣٧)
- **هۆکارەکانی سزادانی تاوانباران ئایەتەکانی**(٣٨-٥٣)
- **ڕاستی قورئان ئایەتەکانی**(٥٤-٥٦)
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا:** ٧٤
- **زنجیرەی دابەزین:** ٤
- **ژمارەی ئایەت :** ٥٦
- **ژمارەی وشە:** ٢٥٥
- **ژمارەی پیتەکان:** ١٠١٥
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا:** ٥٧٥
- **ژمارەی لاپەڕەکانی:** ٥٧٥-٥٧٧
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)):** ٢٩

- **ژمارەی حیزب:** ٥٨
- **هۆکاری دابەزینی سورەت :** بریتیە لەوەی کە دوای ئەوەی پەیامبەر ماوەی یەک مانگ لە ئەشکەوتی حەرادا ماوەتەوە و ئیدی کاتی تەواوبوونی ماوەکەی بوە،دابەزیوەتە خوارەوە کە بگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی لەناو شاری مەکەدا،وەک پەیامبەر دەیگێڕێتەوە،لەناو دۆڵەکەدا دەنگێک بانگی کردم یا محەمەد،یا محەمەد، منیش سەیری ئەملاوئەولای خۆم و پێش و پاشی خۆمم کرد کەسم نەدی،دواتر دەنگەکە بانگی کردمەوە و سەرم هەڵبڕی بینیم کە جوبرائیلە و لەسەر کورسیەک لەهەوادا دانیشتوە،ئیدی لەرز و ترسێکی گەورەم لێنیشت و گەڕامەوە بۆ ماڵەوە و بە خەدیجەم وت دامپۆشێت،ئەویش داپۆشیم و ئاویان پیاکردم و دواتر خوای گەورە ئەو سورەتەی دابەزاند ((**يا ايها المدثر**)).

((٧٥))

سورة القيامة

((سورەتی ڕۆژی دوایی))

- ناوی سورەت: القيامة
- بابەتی سورەتەکە:
- سەلماندنی ڕووداني زیندووبونەوە ئایەتەکانی (١-١٥)
- سووربوونی پەیامبەر لە سەر پاراستنی وەحی ئایەتەکانی (١٦-١٩)
- بارودۆخی خەڵکی لەڕۆژی دوایداوسەلماندنی زیندووبونەوە ئایەتەکانی (٢٠-٤٠)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٧٥
- زنجیرەی دابەزین: ٣١
- ژمارەی ئایەت : ٤٠
- ژمارەی وشە: ١٦٤
- ژمارەی پیتەکان: ٦٦٤
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٧٧
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٧٧-٥٧٨
- مەکی یان مەدەنی: مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٢٩
- ژمارەی حیزب: ٥٨
- هۆکاری دابەزینی سورەت : لێرەدا هۆکاری دابەزینی چەند ئایەتێك لەم سورەتە ئاشکرادەکەین:

بۆ هۆکاری دابەزینی ئایەتی ((ایحسب الانسان ان یترك سدی))،دوو گێڕانەوە هەیە،

که دەڵێن لەسەر عودەی کوڕی ڕەبیعە و هەندێکیش دەڵێن لەسەر ئەبو جەهل دابەزیوە،کە مەبەستەکەی هەردووکیان ئەوەیە: کە ئەو دووانە جارێکیان پرسیاریان لە پایەمبەر کردوە کە وەصفی ڕۆژی دواییان بۆ بکات ،ئەویش وەصفی بۆ کردوون،لەوەڵامدا وتویانە خۆمان بەچاوی خۆمان بیبینین بڕواناکەین وەک تۆ دەڵێیت کە خودا لەو دونیا مرۆڤەکان زیندووەکاتەوە بۆ لێپرسینەوە،جاتوخوا ئەوە ڕاستە کە خودا بتوانێت ئەو ئیسک و پروسکە ڕزیوە و بلاوبۆوە جارێکی تر زیندووبکاتەوە بۆ لێپرسینەوە.ئیدی ئەو ئایەتە دابەزیە خوارەوە وەک وەڵامێک بۆ گومانی ئەو دوو پیاوە.

- هۆکاری دابەزینی ئایەتی ((**لا تحرك به لسانك لتعجل به**))،ئەوەیە کاتێک پەیامبەر وەحی بۆ دەهات لەگەڵ دابەزینی ئایەتەکانی قورئاندا زمانی دەجوڵاندا وەک بڵێی بیڵێتەوە بۆ ئەوەی لەبەری بکات،خودای گەورە ئایەتەکەی دابەزاند و پێی ڕاگەیاند کە لەکاتی دابەزینی ئایەتەکاندا بێدەنگ بێت و تەنها گوێی لێبگرێت.
- هۆکاری دابەزینی ئایەتی ((**اولى لك فاولى ـ ثم اولى لك فاولى**))، ئەبوجەهل کۆمەڵێک لە قورەیشیەکانی کۆکردەوە و پێی وتن((دایکتان سنگتان بۆ بکوتێت،کوڕی ئەبی کەبشە کە مەبەست لێی پەیامبەر بوو دەڵێت پاسەوانانی جەهەنەم ١٩ کەسن،ئێوەش بەهێز و ئازان،ئایا هەر ١٠ کەسێکتان ناتوانێت کە هێرش بکاتە سەر یەکێک لەو پاسەوانانە و نەیانهێڵێت یان بیانکوژێت))، سەدی دەڵێت،ئەبو ئەسوەدی کوڕی کیلدەی جەمحی دەڵێت : ئەو ١٩ پاسەوانەتان بۆ دەترسێنم،من بەشانی ڕاستم١٠کەس لەفریشتەکان وەلادەنێم وبەشانی چەپیشم ٩ فریشتەکەی ترتان بۆ وەلادەنێم و ئێوەش بڕۆنە ناو بەهەشتەوە، ئەو وتەیە بە گاڵتە جاڕیەوە دەوت)). ئیدی خوای گەورە ئەو ئایەتەی نارد بۆ پەیامبەر بۆئەوەی وەلامی ئەبوجەهلی پێبداتەوە و ئیدی ئایەتەکانی دواتریش هەر لەسەر ئەو نەزمە هاتونەتە خوارەوە ،وەک ئیبن عەباس دەیگێڕێتەوە.

((٧٦))

سورة الإنسان

((سورەتی مرۆڤ))

- **ناوی سورەت: الانسان**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **دروستکردنی مرۆڤ وهیدایەتدانی بۆیەکێك لەدوو ڕێگاکە ئایەتەکانی** (١-٣)
- **سزادانی کافران ونیعمەتی چاکەکاران لەڕۆژی دوایدا ئایەتەکانی** (٤-٢٢)
- **ڕێنمایی بۆ پەیامبە و بڕواداران ئایەتەکانی** (٢٣-٣١)
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا:** ٧٦
- **زنجیرەی دابەزین:** ٩٨
- **ژمارەی ئایەت :** ٣١
- **ژمارەی وشە:** ٢٤٣
- **ژمارەی پیتەکان:** ١٠٦٥
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا:** ٥٧٨
- **ژمارەی لاپەڕەکانی:** ٥٧٨-٥٨٠
- **مەکی یان مەدەنی: مەدەنی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)):** ٢٩
- **ژمارەی حیزب:** ٥٨
- **هۆکاری دابەزینی سورەت :** زانایان وایبۆدەچن کە هۆکاری دابەزینی ئەم سورەتە بەیەکەوە نیە،بەڵکو هۆکاری چەند ئایەتێکی دیارە وەك:

- ئایەتی ((**ویطعمون الطعام علی حبه مسکینا و یتیما و اسیرا**))،ئەوەیە کە شەوێك ئیمامی عەلی بەکرێ ئیشی ئاودانی دارخورمای گرت بەرامبەر بە بڕێك جۆ بۆئەوەی بیکاتە خواردن بۆ مالّ و منداڵەکانی،ئەوەبوو کە ڕۆژ بۆوە و بڕە جۆکەی برد بۆ هاڕێن و کردیە ئارد بۆئەوەی بیکەنە نان،بەشێکی کردە نان و لەکاتی ئامادەبونیدا هەژارێك لەدەرگای داو داوای یارمەتی کرد و ئەوانیش نانەکەیان پێدا،بەشی دووەمیشی بەهەمان شێوە بە هەتیوێك و بەشی سێهەمیشیدا بە بەندێکی کافران.ئیدی ئەو ئایەتە هاتە خوارەوە.
- ئایەتی ((**واذا رایت ثم رایت نعیما و ملکا کبیرا**))، ئیبن مونذیر لە عەکرەمەوە دەگێڕێتەوە،ڕۆژێك عومەری کوڕی خەتاب دەچێتە لای پەیامبەر و دەبینێت پەیامبەر لەسەر حەسیرێك پاڵکەوتوە و شوێنی حەسیرەکە بەلەشیەوە دیارە، عومەریش دەستدەکات بەگریان و پەیامبەریش پێی دەڵێ بۆ دەگری، ئەویش دەڵێت کاتێك بیر لە مولّك و سەروەت و سامانی کیسرای فارس و پاشای حەبەشە دەکەمەوە و تۆش دەبینم گریانم دێت.پەیامبەریش دەڵێت ئەوان دونیایان هەیە و ئێمەش ڕۆژی دوایی.
- ئایەتی ((**فاصبر لحکم ربك ولا تطع منهم اثما او کفورا**))،ئیبن مونزیر لە قەتادەوە دەگێڕێتەوە کە ئەبو جەهل ڕۆژێك وتی ئەگەر موحەمەدم ئەدی کە نوێژی دەکرد ئەوا دەستم دەخستە قوڕقوڕاگەیەوە)) و ئیدی خوادی گەورە ئەو ئایەتەی نارده خوارەوە.

((٧٧))

سورة ٱلْمُرسَلَاتِ

((سورەتی ڕەشەبای بەردەوام))

- **ناوی سورەت:** ٱلْمُرسَلَاتِ
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **هەستانی ڕۆژی دوایی و ناخۆشیەکانی ئایەتەکانی**(١-١٥)
- **ترساندنی کافران بە لەناوبردنیان و توانای خودا ئایەتەکانی**(١٦-٢٨)
- **ئاگادارکردنەوەی کافران لەناخۆشیەکانی ڕۆژی دوایی ئایەتەکانی** (٢٩-٤٠)
- **پاداشتی باوەڕداران و سزای درۆزنان ئایەتەکانی** (٤١-٥٠)
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا:** ٧٧
- **زنجیرەی دابەزین:** ٣٣
- **ژمارەی ئایەت :** ٥٠
- **ژمارەی وشە:** ١٨١
- **ژمارەی پیتەکان:** ٨١٥
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا:** ٥٨٠
- **ژمارەی لاپەڕەکانی:** ٥٨٠-٥٨١
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)):** ٢٩
- **ژمارەی حیزب:** ٥٨
- **هۆکاری دابەزینی سورەت :**هۆکارێکی دیاریکراونیە بۆدابەزینی ئەم سورەتە، بەڵام وەک عەبدوڵای کوڕی مەسعود دەیگێڕێتەوە کاتێک لەگەڵ پەیامبەر لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوەڵان لە ئەشکەوتێک لە مینا دانیشتبووین،ئەم سورەتە هاتە خوارەوە.

((٧٨))

سورة النبأ

((سورەتی هەوالْ))

- **ناوی سورەت: النبأ**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **سەلماندنی زیندووبوونەوە ئایەتەکانی (١-٥)**
- **لە سیماکانی توانای خودا و نیعمەتەکانی ئایەتەکانی(٦-١٦)**
- **هەستانی پۆژی دوایی وناخۆشیەکانی وسزادان ئایەتەکانی(١٧-٤٠)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٧٨**
- **زنجیرەی دابەزین: ٨٠**
- **ژمارەی ئایەت : ٤٠**
- **ژمارەی وشە: ١٧٣**
- **ژمارەی پیتەکان: ٧٦٦**
- **ژمارەی لاپەرە لە قورئاندا: ٥٨٢**
- **ژمارەی لاپەرەکانی: ٥٨٢-٥٨٣**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٣٠**
- **ژمارەی حیزب: ٥٩**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : بریتیە لەوەی کە کافران زۆر پرسیاریان لە پەیامبەر دەکرد دەربارەی زیندووبونەوەی دوای مردن و لەو میانەیەدا خودای گەورە ئەو ئایەتانەی نارد خوارەوە وەک وەلأمێك بۆیان، تیایدا پۆلێنکردنی خەڵکی تیادایە کە هەیانە بڕوایان بە زیندووبونەوە نیە،هەشیانە گومانی لەو**

کارە هەیە،هەشیانە بەهەموو شێوەیەک دووریدەخاتەوە لە ڕوودان و هەبوونی، سورەتەکەس بە هەواڵدان دەربارەی هەواڵێکی گەورە دەستپێدەکات کە ڕۆژی دواییە وسەلماندنی زیندوبونەوە لە ڕۆژی دوایدا وەک وەلاّمێک بۆ پرسیارەکانی کافران.

((٧٩))

سورة النازعات

((سورەتی ڕاکێشان ،دەرهێنانی ڕۆح))

- **ناوی سورەت:** **النازعات** ((بەمانای فریشتەی ڕۆحکێشان دێت))
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **ناخۆشیەکانی ڕۆژی دوایی ئایەتەکانی**(١-١٤) و(٣٤-٤٦)
- **چیرۆکی موسا و فیرعەون ئایەتەکانی** (١٥-٢٦)
- **لە سیماکانی توانای خودا ئایەتەکانی** (٢٧-٣٣)
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا:** ٧٩
- **زنجیرەی دابەزین:** ٨١
- **ژمارەی ئایەت :** ٤٦
- **ژمارەی وشە:** ١٧٩
- **ژمارەی پیتەکان:** ٧٦٢
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا:** ٥٨٣
- **ژمارەی لاپەڕەکانی:** ٥٨٣-٥٨٤
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)):** ٣٠
- **ژمارەی حیزب:** ٥٩

هۆکاری دابەزینی سورەت : کتێبی ڕاڤەکاران و زانستی قورئانی پیرۆز هیچ هۆکارێکیان تیادا نیە دەربارەی دابەزینی ئەم سورەتە،وەک ئیبن عەتیە دەگێڕێتەوە: کە پەیامبەر زۆر باسی ڕۆژی دوایی دەکرد و باسی لە ناخۆشی و تەنگانەکانی دەکرد،لەبەرئەوە قوڕەیشیەکانیش زۆر پرسیاریان لەبارەیەوە لێدەکرد وەک کاتی ڕوودانی ڕۆژی دوایی وەک گاڵتەجاڕی،لەبەر ئەوە ئایەتی : ((**یسألونك عن الساعة ایان مرساها**)).دابەزیە خوارەوە.

((٨٠))

سورة عبس

((سورەتی ڕووگرژکردن و پشتتێکردن))

- ناوی سورەت: عبس
- بابەتی سورەتەکە:
- ڕەخنەگرتن لەپەیامبەر دەربارەی کوڕی ئوم مەکتوم ئایەتەکانی(١-١٠)
- ئەرکی قورئان ئایەتەکانی(١١-١٦)
- نیعمەتەکانی خودا بۆ بەندەکانی ئایەتەکانی (١٧-٣٢)
- ناخۆشی و پاداشتەکانی ڕۆژی دوایی ئایەتەکانی (٣٣-٤٢)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٨٠
- زنجیرەی دابەزین: ٢٤
- ژمارەی ئایەت : ٤٢
- ژمارەی وشە: ١٣٣
- ژمارەی پیتەکان: ٥٣٨
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٨٥
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٨٥-٥٨٥
- مەکی یان مەدەنی: مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٣٠
- ژمارەی حیزب: ٥٩
- هۆکاری دابەزینی سورەت : ئیبن ئوم مەکتوم هاتە لای پەیامبەر و داوای لێکرد کە هەندێك قورئانی بۆ بخوێنێت و هەندێك کاوباری دینی فێر بکات،بەلأم پەیامبەر ڕووی لێوەرگێڕا و ڕووی لێگرژکرد بەهۆی ئەوەی کە هەندێك لە گەورە پیاوانی قوڕەیشی لەلابوو کە بانگەوازی ئیسلامبوونی بۆ دەکردن،وەکو

ئومەیەی کوڕی خەڵەف و ئەبی جەهل و شەیبە و عوتبەی کوڕانی ڕەبیعە، لەبەرئەوەی پەیامبەر زۆر سووربوو لەسەر ئیسلابوونی ئەو کەسانە وەک گەورەپیاوانی مەکە چونکە دەیزانی دوای ئەوان زۆر کەسی تر دێنە ناو ئیسلامەوە. ئیدی ئەو سورەتە دابەزی و ڕەخنە و گلەییەکی نەرمی تیادابوو لە پەیامبەر بەهۆی ڕوو وەرگێڕانی لە ئیبن ئوم مەکتوم. چونکە کوێر و هەژار بوو، وە ڕووکردنە دەوڵەمەند و گەورە پیاوان و بەهێزەکان،ئەمەش ڕەنگە ببوایەتە دڵشکاندنی هەژار و بێدەسەلاتەکان.

((٨١))

سورة التكوير

((سورەتی پێچانەوە))

- **ناوی سورەت: التكوير(پێچانەوەی خۆر لە ڕۆژی دوایدا))**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **ناخۆشیەکانی ڕۆژی دوایی ئایەتەکانی (١-١٤)**
- **سوێندخواردن لەسەر ڕاستی پەیامبەر وهەقیقەتی قورئان ئایەتەکانی (١٥-٢٩)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٨١**
- **زنجیرەی دابەزین: ٧**
- **ژمارەی ئایەت : ٢٩**
- **ژمارەی وشە: ١٠٤**
- **ژمارەی پیتەکان: ٤٢٥**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٨٦**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٨٦-٥٨٦**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٣٠**
- **ژمارەی حیزب: ٥٩**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : هۆکاری دابەزینی هەموو سورەتەکە نیە،بەڵکو تەنها هۆکاری دابەزینی ئایەتی کۆتایی دیارە: ((وما تشأون الا ان يشاء الله رب العالمين))،کە پێش ئەم ئایەتە،ئایەتی ٢٨ دابەزیوە : ((لِمَن شَاءَ مِنكُمْ أَن يَسْتَقِيمَ))،ئەبو جەهل وتویەتی ئەوە لەگەڵ ئێمەیەتی ،ئەگەر بمانەوێت دەچینە سەر ڕێگای ڕاست ئەگەر نەشمانەوێت ناچین. ئیدی خودای گەورە ئەو ئایەتەی دابەزاند وەک وەڵامێك بۆ ئەبوجەهل.**

((٨٢))

سورة الإنفطار

((سورەتی شەقبوون))

- **ناوی سورەت: الانفطار**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **ناخۆشیەکانی ڕۆژی دوایی ئایەتەکانی (١-٥)**
- **سەرزەنشتکردنی مرۆڤ بەهۆی لەبیرکردنی گەورەیی خوداوە ئایەتەکانی (٦-١٢)**
- **نیعمەتی چاکەکاران و جەهەنەمی خراپەکاران ئایەتەکانی(١٣-١٩)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٨٢**
- **زنجیرەی دابەزین: ٨٢**
- **ژمارەی ئایەت : ١٩**
- **ژمارەی وشە: ٨٠**
- **ژمارەی پیتەکان: ٣٢٦**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٨٧**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٨٧-٥٨٧**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٣٠**
- **ژمارەی حیزب: ٥٩**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : ڕاڤەکارانی قورئان وایبۆدەچن کە درۆ هەڵبەستنی دروستکراوەکان بۆ خودای دروستکەریان و بڕوانەکردنیان پێی و وێکچوونیان بۆ خودا لەگەڵ مرۆڤدا کە دروستی کردوون،تەنانەت بێ**

گیانەکانیشی والێکردوە کە زۆر غیرەیان لەسەر تاکوتەنهایی خودا پەیداکردوە و بە ئاستێك کە ئاسمانەکان و زەوی و شاخەکان وەك خودا هەوالّ دەدات ویستویانە کە درزببەن وشەق ببن وبڕوخێن بۆ لەناوبردنی گومڕا و بێباوەڕەکان، بەلاّم خودای بەخشندە و میهرەبان هەموویانی ڕاگرتوە تا مۆڵەتیان پێدەدات،وەك بەزەییەك بە خەڵکدا و تا کەون ئاوەدان بکەنەوە و خودایان لە بیر بێت،بۆئەوەی لای هەردوو دونیا هیچ بەڵگەیەك نەبێت لە ڕۆژی زیندووکردنەوەی گەورەدا،بۆئەوەی هیچ کەسیشیان نەڵێت کە خودا پەلەی لێکردین دوای ئەوەی یەکجار گومڕا و هەڵگەڕایەوە لە خودای گەورە.

((٨٣))

سورة المطففين

((سورەتی ساختەکاری لە کێشان))

- **ناوی سورەت: المطففين**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **هەڕەشە لەو کەسانە کە لە کێشاندا فێڵ دەکەن بە سزای پۆژی دوایی ئایەتەکانی(١-٦)**
- **پاداشتی هاوەلانی پاست و چەپ ئایەتەکانی (٧-١٥)**
- **سوێندخواردن بەپوودانی پۆژی دوایی وچارەنوسی خەڵکی ئایەتەکانی (١٦-٢٥)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٨٣**
- **زنجیرەی دابەزین: ٨٦**
- **ژمارەی ئایەت : ٣٦**
- **ژمارەی وشە: ١٦٩**
- **ژمارەی پیتەکان: ٧٤٠**
- **ژمارەی لا پەڕە لە قورئاندا: ٥٨٧**
- **ژمارەی لا پەڕەکانی: ٥٨٧-٥٨٩**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٣٠**
- **ژمارەی حیزب: ٥٩**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : کاتێك پەیامبەر چووە شاری مەدینە، فرۆشیاران تەرازوەکانیان سوك دەکێشا،ئیدی ئەو سورەتە هاتە خوارەوە و دواتر هەقی خۆیان دەدا لە تەرازوو کێشاندا.**

((٨٤))

سورة الانشقاق

((سورەتی دابەشبوون))

- **ناوی سورەت: الانشقاق**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **ناخۆشیەکانی ڕۆژی دوایی ئایەتەکانی** (١-٦)
- **پاداشتی هاوەلانی ڕاست و چەپ ئایەتەکانی** (٧-١٥)
- **سوێندخواردن بەڕوودانی ڕۆژی دوایی وچارەنوسی خەڵکی ئایەتەکانی** (١٦-٢٥)
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا:** ٨٤
- **زنجیرەی دابەزین:** ٨٣
- **ژمارەی ئایەت :** ٢٥
- **ژمارەی وشە:** ١٠٧
- **ژمارەی پیتەکان:** ٤٣٦
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا:** ٥٨٩
- **ژمارەی لاپەڕەکانی:** ٥٨٩-٥٨٩
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)):** ٣٠
- **ژمارەی حیزب:** ٥٩
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : لە کتێبەکانی هەریەکە لە واحدی و سیوتیدا کە هەردووکیان گرنگی زۆریان بە هۆکاری هاتنەخوارەوەی سورەت و ئایەتەکان داوە، هیچ هۆکارێکیان دیارینەکردوە بۆ دابەزینی ئەم سورەتە،ئەمەش کارێکی**

ئاساییە چونکە زۆرێك لە سورەتەکان هۆکاری دابەزینیان نیە و زۆرێك لە سورەت و ئایەتەکان بۆ هەندێك مەبەست و ئامانج دابەزیون بەبێ بوونی پەیوەندیان بەهەڵوێستێك کەپێویست بەدابەزینیان بکات،لەو سورەتەدا هۆکاری دابەزینەکەی بەڕوونی دیارە کە بۆ ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردنی مەترسیەکانی ڕۆژی دوایی دابەزیوە بۆئەوەی مسوڵمان زانیاری دەربارەیان هەبێت بە ترس و تۆقاندنەکانیان و بۆ ئەوەی هەوڵی زۆربدات بۆ ئەنجامدانی کاری چاکە و ڕزگاربوونی لەو ڕۆژە سەختەدا.

((٨٥))

سورة البروج

((سورەتی قولەکان،کۆشکەکان))

- ناوی سورەت: البروج
- بابەتی سورەتەکە:
- هاوەڵانی ئوخدود ئایەتەکانی(١-٩)
- بەڵێنی سزادان بەو کەسانەی کە بڕواداران دەسوتێنن ئایەتەکانی(١٠-١١)
- هەڕەشەکردن لە کافران بە توانای خودا ئایەتەکانی(١٢-١٦)
- چیرۆکی لەناوبردنی فیرعەون و سەمود ئایەتەکانی (١٧-٢٠)
- پێگەی قورئان ئایەتەکانی (٢١-٢٢)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٨٥
- زنجیرەی دابەزین: ٢٧
- ژمارەی ئایەت : ٢٢
- ژمارەی وشە: ١٠٩
- ژمارەی پیتەکان: ٤٥٩
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٩٠
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٩٠-٥٩٠
- مەکی یان مەدەنی: مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٣٠
- ژمارەی حیزب: ٥٩

هۆکاری دابەزینی سورەت : بریتیە لەوەی کە خودای گەورە بۆ دڵخۆشکردنی

پەیامبەر و هاوەڵانی ئەم سورەتەی دابەزاندوە دوای ئەوەی کە لەلایەن قورەیشیەکانەوە ئێش و ئازاری زۆریان پێگەیشتوە لەمیانەی ڕووبەڕووبونەوەی ئەوەی کەقورەیشیەکان کردویانە وەکو حاڵی هەموو نەتەوەکانی ڕابووردوو وایە کە دژی بەرنامە و بانگەوازی خودای گەورە بوون.

- هەروەکو چۆن خودای گەورە نموونەی ((هاوەڵانی چاڵ / خەندەق)) لە یەمەن دەگێڕێتەوە کە چۆن ڕووبەڕوی ئێش و ئازاربونەوە لەسەر دین و بیروباوەڕەکەیان.کەپاشای حەمیری کە نازناوی تنواسی یەهودی بوە و ناویشی زەرعەی کوڕی تەبانی ئەسعەدی حەمیری بوە،لەگەڵ سەربازەکانی بەرەو هاوڵاتیانی خۆی ڕۆیشت کە بڕوایان بە مەسیحیەت هێنابوو و کە ژمارەیان ٢٠ هەزار کەس دەبوون،داوای لێکردن و پێیوتن کە لەنێوان وازهێنان لە دینەکەیان و کوشتنیان بە ئاگر هەڵبژێرن.ئەوانیش سەبریان لەسەر دینەکەیان گرت و مانەوە ،ئیدی پاشا و سەربازەکانی چاڵی گەورەیان بۆ هەڵکەندن و ئاگریان تیادا کردنەوە و هەموانیان هەڵدانە ناو ئاگرەکەوە و سووتاندیانن.

((٨٦))

سورة الطارق

((سورەتی ئەستێرەی دەرکەتوو، پرشنگدار))

- ناوی سورەت: الطارق
- بابەتی سورەتەکە:
- سەلماندنی زیدووبونەوە و پاراستن لە فریشتە ئایەتەکانی(١-١٠)
- سوێندخواردن لەسەر ڕاستی قوئان ئایەتەکانی(١١-١٤)
- هەڕەشە لە کافران ئایەتەکانی(١٥-١٧)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٨٦
- زنجیرەی دابەزین: ٣٦
- ژمارەی ئایەت : ١٧
- ژمارەی وشە: ٦١
- ژمارەی پیتەکان: ٢٤٩
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٩١
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٩١-٥٩١
- مەکی یان مەدەنی: مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٣٠
- ژمارەی حیزب: ٦٠
- هۆکاری دابەزینی سورەت : ئایەتەکانی سەرەتای سورەتەکە لەسەر مامی پەیامبەر ئەبوتالیب هاتۆتە خوارەوە،لەکاتێکدا ئەبوتالیب دەچێت بۆ مالّی پەیامبەر و ئەویش ڕێزیلێدەگرێت و نان و ماستی بۆ دادەنێت کە بیخوات، لەوکاتەی کە ئەبوتالیب نان دەخوات ئەستێرەیەك گڕدەگرێت و ئەوەش ئەبو

تالیب دەترسێنێت و سەریسوڕدەمێنێت لێی و دەڵێت ئەوە چییە؟پەیامبەریش دەڵێت ئەوە ئەستێرەیەکە و فڕێدراوە،یەکێکە لە نیشانەی دەسەلاتەکانی خودا.ئیدی ئەو ئایەتانە هاتونەتە خوارەوە.

- هۆکاری دابەزینی ئایەتی ((**فلینظر الانسان مم خلق**))، دەربارەی ئەبی الاشد کوڕی کلدە الجحەمی هاتۆتە خوارەوە،ئەو کافر بوو و لەسەر پێست دادەنیشت، بەقوڕەیشیەکانی دەوت هەرکەسێك من دووربخاتەوە لێی فلاّن شتی دەدەمێ ، محەمەدیش دەڵێت کە جەهەنەم [١٩] پاسەوانی هەیە و من دەتوانم [١٠] پاسەوانیان نەهێڵم و ئێوەش [٩] پاسەوانەکەی تر لەناوببەن و ئیدی خودای گەورە ئەو ئایەتەی ناردە خوارەوە.

((٨٧))

سورة الأعلى

((سورەتی بەرزترین))

- **ناوی سورەت: الاعلى** ((یەکێکە لەناوە جوانەکانی خودا کە بەمانای بەرزترین دێت و هیچ کەس و شتێك لەو بەرزتر نیە))
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **سیماکانی توانای خودا ئایتەکانی(١-٨)**
- **ڕێنمایی بۆ پەیامبەر و بڕواداران ئایەتەکانی(٩-١٩)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٨٧**
- **زنجیرەی دابەزین: ٨**
- **ژمارەی ئایەت : ١٩**
- **ژمارەی وشە: ٧٢**
- **ژمارەی پیتەکان: ٢٩٣**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٩١**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٩١-٥٩٢**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٣٠**
- **ژمارەی حیزب: ٦٠**

هۆکاری دابەزینی سورەت : کتێبەکانی ڕاڤەکاران تایبەت بە هۆکارەکانی دابەزین،هیچ هۆکارێکی تایبەتیان نەنوسیوە بۆ دابەزینی ئەم سورەتە،بەڵام هەندێك کەس،هۆکاری دابەزینی ئەم سورەتە بۆ ئەوکات دەگێڕنەوە کە پەیامبەر دوای چەندین لەهاوەڵان کە کۆچیان کردبوو بۆ شاری مەدینە،ئەویش کۆچی کرد و بەمە خەڵکی شاری مەدینە بەم کۆچ و هاتنەی پەیامبەر زۆر دڵخۆش بوون کە بە کۆچکردنی ئەوانیتر هێندە دڵخۆش نەبوون ئیدی لەو کاتەدا ئەم سورەتە دابەزیوە.

((٨٨))

سورة الغاشية

((سورەتی داپۆشەر))

- **ناوی سورەت: الغاشية** ((یەکێکە لەناوەکانی ڕۆژی دوایی))
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **ناخۆشیەکانی ڕۆژی دوایی لەسەر کافرەکان ئایەتەکانی** (١-٧)
- **نیعمەتەکانی بڕوادارانی لە بەهەشتدا ئایەتەکانی**(٨-١٦)
- **لە سیماکانی توانای خودا ئایەتەکانی**(١٧-٢٠)
- **سەلماندنی ڕوودانی ڕۆژی دوایی ئایەتەکانی** (٢١-٢٦)
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا:** ٨٨
- **زنجیرەی دابەزین:** ٦٨
- **ژمارەی ئایەت :** ٢٦
- **ژمارەی وشە:** ٩٢
- **ژمارەی پیتەکان:** ٣٧٨
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا:** ٥٩٢
- **ژمارەی لاپەڕەکانی:** ٥٩٢-٥٩٢
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)):** ٣٠
- **ژمارەی حیزب:** ٦٠
- **هۆکاری دابەزینی سورەت** : بریتیە لە زانینی ناخۆشیەکانی ڕۆژی دوایی لەسەر کافران و ئاستی ئەو سزایەی کە چاوەڕێیان دەکات.لەبەرامبەریشدا باسی ئەو نیعمەت و خۆشیانەش دەکات کە بۆ باوەڕداران دانراوە لە بەهەشتدا.لەو کاتەدا کافران سەریان سوڕما لەو وەصفکردنەی خودا بۆ بەهەشت و ئەم سورەتە دابەزیوە بۆ دەرخستنی توانای خودای گەورە لەسەر دروستکردنی کەون و ئاسمان و حوشتر و شاخەکان.

((٨٩))

سورة الفجر

((سورەتی نوێژی بەیانی))

- **ناوی سورەت: الفجر** ((بەمانای نوێژی بەیانی،یان دەستپێکی هەموو ڕۆژێکی نوێ،یان تەقینەوەی هەموو ڕۆژێکی نوێ،یان یەکەم ڕۆژی مانگی موحەڕەم کە ساڵی نوێی لێوە دەستپێدەکات))
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **سوێندخواردن بەلەناوبردنی درۆزنەکان بەپەیامبەرەکانیان ئایەتەکانی (١-١٤)**
- **سروشتی ئەو کەسانەی کە خودا لە بیر دەکەن ئایەتەکانی(١٥-٢٠)**
- **ناخۆشیەکانی ڕۆژی کۆتایی وچارەنوسی بڕواداران ئایەتەکانی(٢١-٣٠)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٨٩**
- **زنجیرەی دابەزین: ١٠**
- **ژمارەی ئایەت : ٣٠**
- **ژمارەی وشە: ١٣٧**
- **ژمارەی پیتەکان: ٥٧٣**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٩٣**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٩٣-٥٩٤**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٣٠**
- **ژمارەی حیزب: ٦٠**

• **هۆکاری دابەزینی سورەت** : هۆکارێك دیارینەکراوە بۆ دابەزینی ئەم سورەتە بە تەواوەتی،تەنها باس لە هۆکاری دابەزینی ئایەتی ((**يَا أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ**))، کراوە ،کە هەندێك دەڵێن لەسەر حەمزەی مامی پەیامبەر هاتۆتە خوارەوە کە لە شەڕی ئوحوددا شەهیدکراوە، هەندێکی تر دەڵێن لە سەر عوسمانی کوڕی عەفان هاتۆتە خوارەوە کاتێك کە بیری ڕۆمەی کڕیوە بۆ ئاوخولۆدنەوەی مسوڵمانان و وەکو خێراو لە ڕێی خودادا،هەندێکی تر دەڵێن لەسەر خوبەیبی کوڕی عودەی هاتۆتە خوارەوە کە ئەهلی مەکە لە دارياندا، هەندێکی تریش دەڵێن تایبەت بە ئەبوبەکری صدیق هاتۆتە خوارەوە، هەشە دەڵێت تایبەت بە هەموو مسوڵمانان بەگشتی هاتۆتە خوارەوە،تایبەت بەمانای وشەی ((**المطمئنة**)) دەوترێت مەبەست لێی: نەفسی بڕواداراە،دڵنیا بە ئیمان، ڕازی بە قەدەری خودا،دڵنیابوو بە بەڵێنی خودا.

((٩٠))

سورة البلد

((سورەتی شار))

- ناوی سورەت: البلد ((مەبەست لێی شاری مەککەیە))
- بابەتی سورەتەکە:
- خۆبەزلزانینی مرۆڤ بەتوانا و ماڵەکەی ئایەتەکانی (١-٧)
- نیعمەتەکانی خودا بۆ بەندکانی ئایەتەکانی(٨-١٦)
- چارەنوسی هاوەڵانی ڕاست و چەپ ئایەتەکانی (٧-٢٠)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٩٠
- زنجیرەی دابەزین: ٣٥
- ژمارەی ئایەت : ٢٠
- ژمارەی وشە: ٨٢
- ژمارەی پیتەکان: ١٦٨
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٩٤
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٩٤-٥٩٤
- مەکی یان مەدەنی: مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٣٠
- ژمارەی حیزب: ٦٠
- هۆکاری دابەزینی سورەت : هۆکارێکی دیاریکراو نیە بۆ هاتنە خوارەوەی تەواوی سورەتەکە،بەڵام هۆکاری هەندێك ئایەتی هەیە،بەشێوەیەکی گشتی سورەتەکە باس لە ((گەورەیی شاری حەرام /مەککە))دەکات،لەگەڵ پاداشتکردنی ئادەم و نەوەکانی،باس لە ناخۆشیەکانی مرۆڤ دەکات لە کاتی لەدایکبونیەوە تامردنی،ئەوەی کە لە ژیاندا دەیچێژێت لە دنیادا لە ماندبوون و سەختی،باس لە باشترین ڕێگاکان دەکات بۆ گەیشتن بەخودای گەورە.

((٩١))

سورة الشمس

((سورەتی خۆر))

- **ناوی سورەت: الشمس**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **سوێندخواردن بە سیماکانی توانای خودا ئایەتەکانی(١-١٠)**
- **چیرۆکی سەمود و حوشترەکە ئایەتەکانی(١١-١٥)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٩١**
- **زنجیرەی دابەزین: ٢٦**
- **ژمارەی ئایەت : ١٥**
- **ژمارەی وشە: ٥٤**
- **ژمارەی پیتەکان: ٢٤٩**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٩٥**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٩٥-٥٩٥**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٣٠**
- **ژمارەی حیزب: ٦٠**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : دەوترێت هۆکاری دابەزینی ئەو ئایەتانە ئەوەیە کە پیاوێك ناوی قەدار کوڕی سالف کوڕی عارم بوە و گەورە و خۆشەویستی قەومەکەی بوە و تەعەدای کردۆتە سەر حوشترێك،قەومی سەمود داوایان لە صالح پەیامبەر کردوە کە نیشانە و بەڵگەیەکی پەیامبەرێتیان پیشانبدات، ئەویش پێی وتوون:ئەو نیشانە وبەڵگەیە چیە کە دەتانەوێت:وتیان: حوشترێکی کومامان دەوێت،((کە حوشترێکی گەورە و شیری زۆرە))،جا لە**

زستاندا شیرەکەی گەرم و لە هاوینیشدا سارد بێت،صالح پەیامبەریش دەنگی لەبەردەکە کرد و بە فەرمانی خودای گەورە بەردەکە شەق بوو و حوشترەکەی لێ هاتە دەرەوە. و ئیدی ئەو ئایەتەی دابەزاند : ((هَذِهِ نَاقَةُ اللَّهِ لَكُمْ آيَةً فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِي أَرْضِ اللَّهِ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ))،صالح ئاگاداری کردنەوە کە ئەو حوشترە هی خودایە و نابێت بە خراپە دەستی بۆبەرن،بەدرۆیان خستەوە و دژی فەرمانەکەی خودا کاریان کرد و حوشترەکەیان کوشت،خوداش سزایەکی گەورەی بۆ ناردن، هەندێکی تریش دەڵێن کە خودا لە کۆتایی سورەتەکەدا هەریەکە لە ((أصحاب المشأمة وأصحاب الميمنة)) ی پێناسەکردوە.

((٩٢))

سورة الليل

((سورەتی شەو))

- ناوی سورەت: الليل
- بابەتی سورەتەکە:
- سوێندخواردن بە سیماکانی توانای خودا ئایەتەکانی(١-٧)
- دواڕۆژی بەخیلی ئایەتەکانی(٨-١١)
- دواڕۆژی درۆزنەکان بەجەهەنەم وڕزگاربونی خۆپارێزان لێی ئایەتەکانی (١٢-٢١)
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٩٢
- زنجیرەی دابەزین: ٩
- ژمارەی ئایەت : ٢١
- ژمارەی وشە: ٧١
- ژمارەی پیتەکان: ٣١٢
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٩٥
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٩٥-٥٩٦
- مەکی یان مەدەنی: مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٣٠
- ژمارەی حیزب: ٦٠
- هۆکاری دابەزینی سورەت : گەلێك ڕیوایەت و گێڕانەوە هەیە دەربارەی دابەزینی ئەم سورەتە لەنێوان ڕاست و لاواز و باشدا،دەوترێت دەربارەی پیاوێك لە ئەنصارەکان هاتۆتە خوارەوە کە ناوی ئەبو دەحداح بوە کە

دارخورمایەکی کڕیوە لە دووڕوویەك کە منالأنی هەتیوی لێ قەدەغەکردبوو کە لێی بخۆن،جا ئەبو دەحداح بەخشیە منالّە هەتیوەکان،بەلأم هەندێك لە ئەهلی زانست ئەم ڕیوایەتە بە لاواز دادەنێن,ئەوەی کە ڕاستە ئەوەیە کە دەربارەی ئەبوبەکری صدیق هاتۆتە خوارەوە کە ئیبن زوبێر دەیگێڕێتەوە،کە ئەبوبەکری صدیق [٧] بەندەی کڕیوە کە سزادەدران لە پێناو خودادا،((**وَسَيُجَنَّبُهَا الْأَتْقَى**))،بەلأم ئایەتی ((**لَا يَصْلَاهَا إِلَّا الْأَشْقَى * الَّذِي كَذَّبَ وَتَوَلَّى**)) دەربارەی ئومەیەی کوڕی خەلّەف هاتۆتە خوارەوە,ئەمەش لەلایەن ئیبن جەریری تەبەریەوە پشتڕاستکراوەتەوە و قورتوبیش دەلّێت ئەشقاکە ئومەیەیە و ئەتقاکە ئەبوبەکری صدیقە ئەم وتەیەش دەدرێتە پاڵ ئیبن عەباس.

((٩٣))

سورة الضحى

((سورەتی چێشتەنگاو))

- **ناوی سورەت: الضحى**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **جێگیرکردنی دڵ و دەروونی پەیامبەر و هەندێ ڕێنمایی**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٩٣**
- **زنجیرەی دابەزین: ١١**
- **ژمارەی ئایەت: ١١**
- **ژمارەی وشە: ٤٠**
- **ژمارەی پیتەکان: ١٦٤**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٩٦**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٩٦-٥٩٦**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٣٠**
- **ژمارەی حیزب: ٦٠**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : ئەم سورەتە لەکاتێکدا دابەزیوە کە هاتنە خوارەوەی وەحی بۆ پەیامبەر دواکەوتوە و ئیدی کافرانیش پڕۆپاگەندەی ئەوەیان دەکرد کە خوداکەی محەمەد لێی تووڕەبوە بۆیە وەحی بۆ نانێرێت، ئیدی ئەم سورەتە دابەزی بۆ بێدەنگ کردنیان و مژدەیدا بە پەیامبەریش کە خودا لێی ڕازیە،کۆمەڵێك نیعمەت و چاکەکانی خودای بۆ سەر پەیامبەر باسکردوە و ئامۆژگاری ئومەتەیش دەکات کە بەردەوامبن لەسەر کار و ڕەوشتە باشەکان.**

- لە حەدیسێکدا هاتوە: (**أَبْطَأَ جِبْرِيلُ علَى رَسولِ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عليه وَسَلَّمَ-، فَقالَ الْمُشْرِكُونَ: قدْ وُدِّعَ مُحَمَّدٌ**)،دوای ئەوە خودای گەورە ئەو ئایەتانەی دابەزاند بۆ پەیامبەر: (**وَالضُّحَى وَاللَّيْلِ إِذَا سَجَى ما وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَما قَلَى**) لەم حەدیسەوە کە جوندبی کوڕی عەبدولاّ دەیگێڕیتەوە دەڵێت :جوبرائیل فریشتەی هێنانی وەحی بۆ پەیامبەر ماوەی دووشەو یان سێ شەو دواکەوت بۆ هاتن بۆلای پەیامبەر، لەبەرئەوە پەیامبەر زۆر ترسا،ئیدی ژنێکی کافر هات بۆ لای پەیامبەر وەك دەوترێت کە دایکی جەمیلی ژنی ئەبو جەهل بوە و وتویەتی:ئەی موحەمەد داواکارم کە شەیتانەکەت وازیلێهێنابیت,ئیدی ئەم سورەتە دابەزیوەتە خوارەوە بۆ سەر پەیامبەر.

((٩٤))

سورة الشرح

((سورەتی سنگ فراوان))

- ناوی سورەت: الشرح ((بەمانای سنگ پرووناککردنەوە دێت،کە فراوانبوون و گەورە دەگرێتەوە کە ئاڕاستەی پەیامبەر کراوە و تیایدا مژدەی خۆشی و سەرکەوتنی دەداتێ دوای هەموو ناخۆشی و سەختیەك))
- بابەتی سورەتەکە:
- پێگەی پەیامبەر لەلای خودا
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٩٤
- زنجیرەی دابەزین: ١٢
- ژمارەی ئایەت : ٨
- ژمارەی وشە: ٢٧
- ژمارەی پیتەکان: ١٠٢
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٩٦
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٩٦-٥٩٦
- مەکی یان مەدەنی: مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٣٠
- ژمارەی حیزب: ٦٠
- هۆکاری دابەزینی سورەت:دابەزینی ئەم سورەتە بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە:
- ڕەخنەگرتن و تانەدانی کافران لە پەیامبەر و هاوەلانی بەوەی کە هەژارو دەستکورت و ژیانیان سەختە،ئیدی ئەو سورەتە دابەزی بۆ ئەوەی دڵیانخۆش بکات و مژدەیان بداتێ کە سەختی و تەنگانە درێژە ناکێشێت،

بەدڵنیایی لەدوای هەموو ناخۆشیەك خۆشی و سەركەوتن بەدوایدا دێت.

- بیرخستنەوەی پەیامبەرە بەو نیعمەتانەی کە خودای گەورە پێیداوە،وەك ئەوەی کە خودا دڵ و دەروون و سنگی فراوانکردوە بۆ هەڵگرتنی پەیامی پەیامبەرێتی، هەروەها یارمەتی داوە لە هەڵگرتنی ئەو بار و ئەمانەتەدا، هەرئەویش ناووناوبانگی بەرزکردۆتەوە لەناو ئومەتاندا و هەرئەویش کاروباری دونیا و ڕۆژی کۆتایشی بۆ سانا و ئاسان کردوە.

((٩٥))

سورة التين

((سورەتی هە نجیر))

- **ناوی سورەت: التين**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **ڕێزگرتنی خودا بۆ مرۆڤ، وتێکچونی بەهۆی بێ باوەڕیەوە بە خودا**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا:** ٩٥
- **زنجیرەی دابەزین:** ٢٨
- **ژمارەی ئایەت :** ٨
- **ژمارەی وشە:** ٣٤
- **ژمارەی پیتەکان:** ١٥٦
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا:** ٥٩٧
- **ژمارەی لاپەڕەکانی:** ٥٩٧-٥٩٧
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)):** ٣٠
- **ژمارەی حیزب:** ٦٠
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : لە قورئاندا سورەت یان ئایەت هەیە کە هۆکاری دابەزینیان نیە،وەک ئەو ئایەتانەی کە باسی چیرۆکی نەتەوەکانی ڕابووردوو دەکات یان بارودۆخی بەهەشت و جەهەنەم دەکات،نە لە سونەت و نە لە هیچ کتێبێکی ڕاڤەدا هاتووە یان کتێبەکانی زانستی قورئاندا کە ئاماژە بدەن بە هۆکاری دابەزینی ئەم سورەتە بەتەواوەتی،بەڵام زانایان باس لە هۆکاری دابەزینی ئایەتەکانی ٤ و ٥ ئەم سورەتە دەکەن:**

- ئایەتی ژمارە ٤ : ((لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ)) ،تایبەت بە کافران دابەزیوە کە ئینکاریان لە زیندووبونەوە دەکرد،ئەمەش ئیمامی قورتوبی لە ڕاڤەکەیدا نوسیویەتی، وڕایەکی تریش هەیە کە ئەم ئایەتە لەسەر وەلیدی کوڕی موغیرەدا دابەزیوە یان تایبەت بە کیلدەی کوڕی ئوسەید دابەزیوە.
- ئایەتی ژمارە ٥ : ((ثم رددناه أسفل سافلين))، دەربارەی کۆمەڵێك کەس دابەزیوە کە لەسەردەمی پەیامبەردا چووبونە تەمەنەوە و عەقڵ و ژیری و توانای جەستەییان لەدەستدابوو لەبەر پیری،هاوەڵان پرسیاریان لە پەیامبەر کرد دەربارەی بارودۆخیان،ئیدی ئەو ئایەتە دابەزیە خوارەوە،بەو مانایە کە خودا عوزریان دەداتێ و جەختی کردۆتەوە کە پاداشتیان دەداتەوە لەسەر ئەو کارانەی کە کردویانە پێش پیربوون و نەمانی عەقڵیان.

((٩٦))

سورة العلق

((سورەتی خوێنی هەڵواسراو))

- **ناوی سورەت:العلق** ((شتێك هەڵواسرابێت بە شتێکی تردوە یان دەستگرتن بە شتێکەوە))
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **فەرمانکردن بە خوێندنەوە و زانست و نوسین ئایەتەکانی(١-٥)**
- **سروشتی مرۆڤ و لەبیرچوونەوەی بۆ دواڕۆژ ئایەتەکانی(٦-٨)**
- **هەڕەشەکردن لە ملهوڕەکان ئایەتەکانی (٩-١٩)**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ٩٦**
- **زنجیرەی دابەزین: ١**
- **ژمارەی ئایەت : ١٩**
- **ژمارەی وشە: ٧٢**
- **ژمارەی پیتەکان: ٢٨١**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٥٩٧**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٥٩٧-٥٩٧**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٣٠**
- **ژمارەی حیزب: ٦٠**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : ئەم سورەتە دابەزینەکەی بۆ دوو قۆناغ دابەشدەکرێت:**

قۆناغی یەکەم: ئایەتەکانی ((اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ * خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ *اقْرَأْ

وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ* الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ* عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ))،ئەمە سەرەتای دابەزاندن و هاتنی وەحی بوە،دابەزین و بەیەکگەیشتنی جوبرائیل بوە لەگەڵ پەیامبەردا بۆ یەکەم وتە و فەرموودەی خودای گەورە.کە وەك حەزرەتی عائیشە دەیگێڕێتەوە و دەڵێت ((کە سێ جار جوبرائیل بە پەیامبەر ی فەرموە بخوێنە و ئەویش وتویەتی نەخوێندەوارم و جار دوای جار بەخۆیەوە وشیوە تا ئازار بە پەیامبەر گەیشتوە و لە کۆتا جاردا ئەو ئایەتانەی بەسەردا خوێندۆتەوە)).

قۆناغی دووەم: ئایەتەکانی ((كَلَّا إِنَّ الْإِنسَانَ لَيَطْغَىٰ* أَن رَّآهُ اسْتَغْنَىٰ* إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ الرُّجْعَىٰ...))،هۆکاری دابەزینیان وەك ئیبن عەباس دەیگێڕێتەوە و دەڵێت : ((پەیامبەر نوێژی دەکرد و ئەبو جەهل هات و پێی وت چییە کەی تەواو دەبیت یان دەستهەڵدەگریت لەمە،ئەمەم لێ قەدەغە نەکردیت،دواتر پەیامبەر ڕۆیشت و سەبری گرت،دواتر ئەبوجەهل وتی ئێوە دەزانن کە لەمن زیاتر کەس نیە دژایەتی بانگەوازی محەمەد بکات لەبەرئەوەی خزم و کەسی زۆرم هەیە و ئیدی خودای گەورە وەك تەحەدایەك بۆ ئەبوجەهل، فەرمووی یا محەمەد بە ئەبوجەهل بڵێ با خزم و نزیکەکانی بانگ بکات و ئێمەش فریشتەی سزای بۆ دەنێرین ، وەك ئایەتەکانی: ((فَلْيَدْعُ نَادِيَهُ سَنَدْعُ الزَّبَانِيَةَ، قال ابن عباسٍ والله لو دعا ناديهِ لأخذتهُ زبانيةُ اللهِ)) دابەزاندە خوارەوە.

((٩٧))

سورة القدر

((سورەتی خاوەن پایەو پێگە))

- **ناوی سورەت: القدر**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **خێروبێری شەوی قەدر**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا:** ٩٧
- **زنجیرەی دابەزین:** ٢٥
- **ژمارەی ئایەت :** ٥
- **ژمارەی وشە:** ٣٠
- **ژمارەی پیتەکان:** ١١٤
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا:** ٥٩٨
- **ژمارەی لاپەڕەکانی:** ٥٩٨-٥٩٨
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)):** ٣٠
- **ژمارەی حیزب:** ٦٠
- **هۆکاری دابەزینی سورەت :** لە موجاهیدەوە دەگێڕدرێتەوە کە هۆکاری دابەزینی ئەم سورەتە بریتیە لە :کە حەدیسێکی نێردراوە،پیاوێك لە بەنی ئیسڕائیل ١٠٠٠ ساڵ چەکی هەڵگرت لە ڕێی خودای گەورەدا،جا مسوڵمانان ئەو کارەیان پێ سەیر بوو،خودای گەورە ئەو سورەتەی دابەزاند،فەرمووی کە پەرستنی خودا بە شەوی قەدردا و لە یەك شەوی پیرۆزدا خێرترە لە ١٠٠٠ مانگ کە ئەو پیاوە چەکی هەڵگرتوە لە ڕێگەی خوادا.

((٩٨))

سورة البَيِّنَة

((سورەتی بەڵگەی ڕوون))

- **ناوی سورەت: البَيِّنَة**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **ئەرکی پەیامبەر و خێری قورئان و جیاوازی ئەهلی کیتاب تیایدا ئایەتەکانی** (١-٥)
- **بەڵینی سزادان بە کافران ومژدەدانیش بەبڕواداران ئایەتەکانی** (٦-٨)
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا:** ٩٨
- **زنجیرەی دابەزین:** ١٠٠
- **ژمارەی ئایەت :** ٨
- **ژمارەی وشە:** ٩٤
- **ژمارەی پیتەکان:** ٣٩٤
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا:** ٥٩٨
- **ژمارەی لاپەڕەکانی:** ٥٩٨-٥٩٨
- **مەکی یان مەدەنی: مەدەنی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)):** ٣٠
- **ژمارەی حیزب:** ٦٠
- **هۆکاری دابەزینی سورەت :** یەهود و مەسیحیەکان دوای ئەوەی کە باوەڕیان بە کیتابەکانی خۆشیان نەما لەبەر دەستێوەردان و لادان و زیاد و کەمکردنی ناوەڕۆکەکانیان ودوورکەوتنەوەیان لە شەریعەتی خودای گەورە، ئیدی بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار زیاتر و زیاتر دوورەدەکەوتنەوە و گومڕابوون و

نەزانی و تاریکی بەسەریاندا زاڵ دەبوو.ئیدی نەوە دوای نەوە ئەم کارە ناڕاست و دروستەیان توندتر و تۆختر دەبۆوە،لەپاڵ ئەمانیشدا عەرەبی جاهلیەت بت و دار و بەردیان دەپەرست لەجیاتی خودای گەورە و بەحساب ئەمە دینی ئیبراهیم خەلیلە،هەموانیان پێکەوە بەم شێوەیە دووردەکەوتنەوە لە شەریعەتی ڕاست و دروستی خودای گەورە.تا ئەو ڕادەیەی کە یەهود ومەسیحیەکان بەم بت پەرستانەیان دەوت کە ئێوە ناڕاست و ئێمە خودا دەپەرستین و لە ئایندەشدا پەیامبەرێك لەشاری مەککە پەیدا دەبێت و ئێمە دوای دەکەوین و پشتیوانی لێدەکەین.ئەوەبوو کاتێك پەیامبەر هات و بانگەوازی یەکتاپەرستی و شەریعەتی ئیسلامی دەکرد کافرەکان دژی وەستانەوە و جەنگیان لەگەڵدا کردن.بەهەمان شێوەش یەهودی و مەسیحیەکانیش بە پێچەوانەی ڕابووردوویان کە وتیان ئێمە پاڵپشت و پشتیوانی ئەو پەیامبەرە دەکەین کەوتنە دژایەتیکردنی و وتیان جا ئەوە چیە خۆ هیچ شتێکی تازەی نەهانیوە و ئێمە هەر لەسەر دینی خۆمان دەمێنینەوە.ئیدی خودای گەورە ئەو سورەتەی دابەزاند.

((٩٩))

سورة الزلزلة

((سورەتی بوومەلەرزە))

- **ناوی سورەت:** **الزلزلة** ((لەرینەوە،جولانێکی توند و خێرا،ڕاچڵەکاندن))
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **ناخۆشیەکانی ڕۆژی دوایی و وردی لێپرسینەوە**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا:** ٩٩
- **زنجیرەی دابەزین:** ٣
- **ژمارەی ئایەت :** ٨
- **ژمارەی وشە:** ٣٦
- **ژمارەی پیتەکان:** ١٥٦
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا:** ٥٩٩
- **ژمارەی لاپەڕەکانی:** ٥٩٩-٥٩٩
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)):** ٣٠
- **ژمارەی حیزب:** ٦٠
- **هۆکاری دابەزینی سورەت :** بریتیە لە ئاگادارکردنەوەی خەڵکی لە سزای خودای گەورە لە ڕۆژی دوایدا،لەوکاتەدا خودا لێپرسینەوە لە خەڵکی دەکات لەسەر کار و کردەوەکانیان و پاداشتی شایستەیان دەداتێ، لەوکاتەدا کافران گاڵتەیان بە ڕۆژی دوایی دەکرد و دەیان وت کە ئەو ڕۆژە بوونی نیە و نایەت و ڕوونادات،خوداش ئەو سورەتەی دابەزاند،بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستی بوون و ڕوودانی ئەو ڕۆژە کە ڕۆژێکی دیار و گەورەیە و سەخت و ناخۆش و دژواریشە.

((١٠٠))

سورة العاديات

((سورەتی ئەسپی تیژڕەو، پڕمەی ئەسپ))

- **ناوی سورەت:** **العاديات** ((ئەسپێك كە لەڕێگەی خودادا دەڕوات بۆ جەنگ و لە خێرایدا هەناسەی توند دەردەكات ودەپڕمێنێت و بەهۆی لێخشانی سمەكانیەوە لەگەڵ بەرد و زەویدا گڕ و ئاگر دروست دەكات))
- **بابەتی سورەتەكە:**
- سوێندخواردن لەسەر بێمنەتی مرۆڤ بۆ نیعمەتەكانی خودا و خۆشەویستی بۆ سەروەت و سامان
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا:** ١٠٠
- **زنجیرەی دابەزین:** ١٤
- **ژمارەی ئایەت :** ١١
- **ژمارەی وشە:** ٤٠
- **ژمارەی پیتەكان:** ١٦٤
- **ژمارەی لاپەرە لە قورئاندا:** ٥٩٩
- **ژمارەی لاپەرەكانی:** ٥٩٩-٦٠٠
- **مەكی یان مەدەنی: مەكی**
- **لە چ بەشێكدایە ((جزء)):** ٣٠
- **ژمارەی حیزب:** ٦٠
- **هۆكاری دابەزینی سورەت:**وەك موجاهید دەیگێڕێتەوە:پەیامبەر سریەیەكی لە هاوەڵان نارد بۆ لای خەڵكی كینانە ،بەسەركردایەتی مونزیری كوڕی عەمروی ئەنصاری و هەواڵیان دواكەوت،دووڕووەكانیش وتیان كە هەمویان كوژراون و ئیدی بەو سورەتە خودای گەورە هەواڵی ئەوانی بە پایەمبەردا.

((١٠١))

سورة القارعة

((سورەتی بەلاّ))

- **ناوی سورەت:** القارعة ((ناوێکە لەناوەکانی پۆژی دوایی و بەمانای لێدەری زەنگی ئاگاداری پوودانی پۆژی دوایی دێت کەترس دەخاتە دڵەکانەوە، یان لێدان و لەرینەوەیەکی توند دێت))
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **ناخۆشیەکانی پۆژی دوایی و بارودۆخی خەڵکی تیایدا**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا:** ١٠١
- **زنجیرەی دابەزین:** ٣٠
- **ژمارەی ئایەت :** ١١
- **ژمارەی وشە:** ٣٦
- **ژمارەی پیتەکان:** ١٥٨
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا:** ٦٠٠
- **ژمارەی لاپەڕەکانی:** ٦٠٠-٦٠٠
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)):** ٣٠
- **ژمارەی حیزب:** ٦٠
- **هۆکاری دابەزینی سورەت :** ترسانی کافرانە لە هاتنی پۆژی دوایی و باسکردنی ناخۆشی و ترس و سەختیەکانیێتی و هاتنە دەرەوەی خەڵکی لە گۆڕ و بلاّوبونەوە و بەیەکداچونیانە وەکو پەپولەی هەڵفڕیو لە هەوادا لە ترس و دڵەڕاوکێیان.

((١٠٢))

سورة التكاثر

((سورەتی لەخۆبایبوون))

- **ناوی سورەت: التكاثر** ((لەخۆبایبوون و خۆبادان بە سەروەت و سامان و نەوەی زۆری دونیاوە))
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **درێژی هیوا و ئومێد لە دونیادا و ترساندن لە جەهەنەم**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ١٠٢**
- **زنجیرەی دابەزین: ١٦**
- **ژمارەی ئایەت : ٨**
- **ژمارەی وشە: ٢٨**
- **ژمارەی پیتەکان: ١٢٢**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٦٠٠**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٦٠٠-٦٠٠**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٣٠**
- **ژمارەی حیزب: ٦٠**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : بۆ هۆکاری دابەزینی ئەم سورەتە دوو گێڕانەوە هەیە:**
- **یەکەم:** وەك ئیبن حاتەم لە ئیبن بوڕەیدەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: ئەم سورەتە دەربارەی دوو قەبیلە لە ئەنصار هاتۆتە خوارەوە بەنی حاریسە و بەنی حەرس ، هەریەکەیان شانازیان دەکرد بەوەی کە هەیانە لە باووباپیران و کوڕ و سەروەت و سامان،ئەگەر یەکێکیان ئەو کارەی بکردایە ئەویترێش وەکو ئەوەی

دەکرد،تا کارگەیشتە ئەوەی چوونە سەر گۆڕستانەکانیان و لەوێشدا خۆیان بادەدا و شانازیان بە مردوەکانیشیانەوە دەکرد و ئاماژەیان بە گۆڕەکانیان دەکرد و بەهەمان شێوە قەبیلەکەی تریش هەمان شتی دووبارە دەکردەوە.

ئیدی خودای گەورە ئەو سورەتەی دابەزاند.و ئەو کارە ناشیرینەی لێ قەدەغەکردن و ئەو ئایەتانەش ئەو کارەیانی بە قێزەون ناوبرد و لەسەرئەوە تانە و ڕەخنەی لێدەگرتن.

- دووەم: لە عەبدولاّی کوڕی عەباسەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت :ئەم سورەتە لەسەر بەنی عەبد مەناف لە هۆزی قوڕەیش دابەزی ،لەگەڵ بەنی سەهم لە هەمان هۆز،هەریەکەیان دەستیان کرد بە شانازیکردن و خۆبادان بەسەر ئەویتردا بە خۆیان و سەروەت و کوڕەکانیانەوە،ئەویان خۆی لەویتر بەباشتر دەزانی. ئەویتریش هەمان کاری دەکردەوە.ئیدی ئەم سورەتە هاتە خوارەوە و ئەو کارە ناشیرینەی لێقەدەغەکردن و داوای لێکردن کە کارە چاکەکانیان زیادبکەن کە سوودیان لە دنیا و ڕۆژی قیامەت پێدەگەیەنێت.

((١٠٣))

سورة العصر

((سورەتی سەدە، سەردەم))

- **ناوی سورەت :العصر**((بەمانای سەردەم/چەرخ،یان سەردەمی پەیامبەرێتی، یانیش کاتژمێرێکە لە پۆژدا))
- **بابەتی سورەتەکە :**
- **بارودۆخی کافر و بڕوادار**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا : ١٠٣**
- **زنجیرەی دابەزین : ١٣**
- **ژمارەی ئایەت : ٣**
- **ژمارەی وشە : ١٤**
- **ژمارەی پیتەکان : ٧٠**
- **ژمارەی لاپەرە لە قورئاندا : ٦٠١**
- **ژمارەی لاپەرەکانی : ٦٠١-٦٠١**
- **مەکی یان مەدەنی : مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)) : ٣٠**
- **ژمارەی حیزب : ٦٠**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : ئەم سورەتە یەکێکە لەو سورەتانەی کە هۆکاری دابەزینی نیە،بەو مانایەی کە پوودواوێکی دیاریکراو پووینەداوە کە سورەتی عەصر بەهۆیەوە دابەزیبێت،ئەم سورەتە بەبێ هۆکار دابەزیوە،بەڵام هەموو مەبەستی سورەتەکە بریتیە لە خۆشویستنی ئەنجامدانی کاری چاکە و پوونکردنەوەی هەر ئەوە دەبێتە مایەی سوود و قازانج لە پۆژی دوایدا.**

((١٠٤))

سورة الهمزة

((سورەتی تانەدان،گاڵتەکردن بە خەڵکی))

- **ناوی سورەت: الهمزة** ((بەمانای گاڵتەجاڕیکردن،زوڵمکردن لە خەڵکی بە زمان و بەدەست،یان بریتیە لەهێرشکردنە سەر خەڵکی بەدەست و لێدانیان، یان ئەو کەسەی کە زیان بەخەڵکی دەگەیەنێت بە زمانی،یان بریتیە لە تانەلێدان لە خەڵکی بە توندی و بەڕەقی بەبێ هۆکارێکی ڕوون و ئاشکرا و هیچ عەیبێکیشیان تیادا نەبێت))
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **سزای بوهتانکەر و غەیبەتکەر و جنێودەر بە شەرەفی خەڵکی لە ڕۆژی دوایدا**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا:** ١٠٤
- **زنجیرەی دابەزین:** ٣٢
- **ژمارەی ئایەت :** ٩
- **ژمارەی وشە:** ٣٣
- **ژمارەی پیتەکان:** ١٣٣
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا:** ٦٠١
- **ژمارەی لاپەڕەکانی:** ٦٠١-٦٠١
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)):** ٣٠
- **ژمارەی حیزب:** ٦٠
- **هۆکاری دابەزینی سورەت :** عەتاء و کەلبی دەڵێن:ئەم سورەتە دەربارەی

ئەخنەسی کوڕی شوریق دابەزیوە،کە تانەی لەخەڵکی دەدا و غەیبەتی دەکردن و بەتایبەتیش پەیامبەر.

- موقاتیل دەڵێت:دەربارەی وەلیدی کوڕی موغیرە دابەزیوە،کە غەیبەتی پەیامبەری دەکرد لە پشتخۆیەوە و لەبەرامبەریدا تانەی لێدەدا.
- محەمەدی کوڕی ئیسحاق کە نوسەری ژیاننامەی پەیامبەرە دەڵێت:تا ئێستاش دەبیستین کە ئەو سورەتە دابەزیوە بە هەقی ئومەیەی کوڕی خەلەف.

((١٠٥))

سورة الفيل

((سورەتی فیل))

- ناوی سورەت: الفيل
- بابەتی سورەتەکە:
- چیرۆکی هاوەلأنی فیل
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ١٠٥
- زنجیرەی دابەزین: ١٩
- ژمارەی ئایەت: ٥
- ژمارەی وشە: ٢٣
- ژمارەی پیتەکان: ٩٦
- ژمارەی لاپەرە لە قورئاندا: ٦٠١
- ژمارەی لاپەرەکانی: ٦٠١-٦٠١
- مەکی یان مەدەنی: مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٣٠
- ژمارەی حیزب: ٦٠
- هۆکاری دابەزینی سورەت : مسوڵمانان بڕوایان بە ڕاڤەکاران هەیە کە لە محمدی کوڕی ئیسحاقەوە گێڕاویانەتەوە،دەڵێت : بۆ سەر پەیامبەر دابەزیوە بۆ بیرخستنەوەی هۆزی قوڕەیش کە خوای گەورە چی بەسەر هاوەلأنی فیلدا هێناوە کە هەوڵیاندا کەعبەی پیرۆز بڕوخێنن لەلایەن ئەبرەهەی حەبەشی و سوپاکەیەوە،بەهەمان شێوە بیرخستنەوەی توانای خوای گەورەی تیادایە بەسەر گومڕاو و بێباوەڕەکاندا کە قوڕەیش لەبەرامبەر ئەبرەهە و سوپاکەیدا هیچ نین کە ئێستا دژایەتی پەیامبەرەکەی محەمەد دەکەن.

((١٠٦))

سورة قريش

((سورەتی هۆزی قورەیش))

- **ناوی سورەت: قریش**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **نیعمەتەکانی خودا بۆ قورەیش و داواکردن لێیان بۆ پەرستنی**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ١٠٦**
- **زنجیرەی دابەزین: ٢٩**
- **ژمارەی ئایەت : ٤**
- **ژمارەی وشە: ١٧**
- **ژمارەی پیتەکان: ٧٣**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٦٠٢**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٦٢-٦٠٢**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٣٠**
- **ژمارەی حیزب: ٦٠**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : بریتیە لەوەی کە خودای گەورە ئەمان و سەلامەتی و پارێزراوی بەخشیوە بە هۆزی قورەیش کە گەورەترین هۆزبوە لە نیمچەدورگەی عەرەبیدا و پەیامبەریش یەکێك بوە سەر بەو هۆزە،جا خودای گەورە باسی ئەو نیعمەت و خێرو بێرە گەورانە دەکات کە بەخشیویەتی بەوان لە پاراستنیان لە ترس بەوەی کە لەپاڵ مالّی خوداوە کەعبەی پیرۆز یان لەکاتی گەشت و بازرگانیکردنیاندا بۆ شام و یەمەن لە هاوین و زستاندا کە سالاّنە دوو گەشتی بازرگانیان هەبوە و سەروەت و سامانەکانیانی پاراستون،دووهەمیشیان**

نیعمەتی پاراستنیانە لە برسێتی و نەبوون و بۆی گۆڕیون بە دەوڵەمەندی وخۆشگوزەرانی،هەربۆیە خودای گەورە داوای لێکردوون کە سوپاسگوزاری ئەو نیعمەتانەی بن،جا هەرکەسێکیان سوپاسگوزاربوە ئەوە سەرکەوتوە و ئەمانی لە دنیا و ڕۆژی دوایدا پێبەخشراوە و ئەوەشی گومڕا و هەڵگەڕاوە بووە و خۆی بەگەورە زانیوە ئەو ئەمانەت و سەلامەتیەی لەسەر هەڵگیراوە.

((١٠٧))

سورة الماعون

((سورەتی گرتنەوەی چاکە))

- **ناوی سورەت: الماعون** ((بریتیە لەهەر شتێك كە مسوڵمان یارمەتی مسوڵمانێك بدات یان بەخشینێك لە پۆشاك و خواردن ویارمەتیدان، ببێتە هۆكاری كەمكردنەوەی یان نەهێشتنی قەرز یان كەموكوڕیەك و پێداویستیەك، لە جاهیلیەتدا بریتی بوە لە سوود یان چاكەیەك،لە ئیسلامدا بریتی بووە لە زەكات و خێر)).
- **بابەتی سورەتەكە :**
- **سیفاتی نكوڵیكەر بۆ پۆژی دوایی و دووڕووەكان**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا : ١٠٧**
- **زنجیرەی دابەزین: ١٧**
- **ژمارەی ئایەت : ٧**
- **ژمارەی وشە : ٢٥**
- **ژمارەی پیتەكان: ١١٢**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا : ٦٠٢**
- **ژمارەی لاپەڕەكانی: ٦٠٢-٦٠٢**
- **مەكی یان مەدەنی : مەكی**
- **لە چ بەشێكدایە ((جزء)): ٣٠**
- **ژمارەی حیزب: ٦٠**
- **هۆكاری دابەزینی سورەت : هۆكاری دابەزینی ئایەتی یەكەم : تایبەت بە عاصی كوڕی وائلی سەهمی،یان وەلیدی كوڕی موغیرە یان ئەبو جەهل دابەزیوە،كە**

سەرپەرشتیاری هەتیوێك بوە،ڕۆژێك هەتیوەكە دێت و داوای یارمەتیەكی لێدەكات لە پارەكەی خۆی ئەویش وەلأمی ناداتەوە و دەریدەكات،دەشوترێت دەربارەی ئەبوسوفیانی كوڕی حەرب هاتۆتەخوارەوە، كە هەموو هەفتەیەك حوشترێكی سەردەبڕی و هەتیوێك هات و داوای لێكرد كە بەشێكی بداتێ ئەویش بە گۆچانەكەی دووریخستەوە.

• هۆكاری دابەزینی ئایەتی چوارهەم: دووڕووەكان كاتێك مسوڵمانیان دەدی كە نوێژیان دەكرد ئەوانیش لەگەڵیان نوێژیان دەكرد،هەستان و چوونیان بۆ نوێژكردنەكە بۆ خۆدەرخستن بوو لەبەردەم مسوڵمانانداا،ئەگەر مسوڵمانان بچونایە بۆ نوێژ ئەوانیش دەچوون ، ئەگەر نەشهاتنایە ئەوانیش نوێژەكەیان تەرك دەكرد و نەیاندەكرد، یارمەتی مسوڵمانەكانیشیان نەدەدا بە پێدانی پێداویستیەك پێیان بەشێوەیەكی كاتی و دواتر گەڕانەوەی بۆیان دوای تەواوكردنی كارەكەیان.

((١٠٨))

سورة الكوثر

((سورەتی ڕووبـاری گەورەی بەهەشت))

- **ناوی سورەت:الكوثر**((ڕووبارێکی گەورەیە لەبەهەشتدا و لە بەرزبونەوەی پەیامبەردا لەشەوی ئیسرا و میعراجدا لە بەهەشتدا پیشانی دراوە، کە هەموو ڕووبارەکانی تری لێ جیادەبێتەوە،کەنارەکانی بریتین لە گومەزی دوڕی ناوبۆش و ئالتون وزیو،قوڕەکەی بۆنی میسکی لێدێت،بەرد وچەوەکانی یاقوت و دوڕن،ئاوەکەی زۆر لە شیر سپیترە،لە هەنگوین شیرینترە و بۆنەکەشی خۆشترە لە بۆنی میسك)).
- **بابەتی سورەتەکە :**
- **چاکەی خودا لەسەر پەیامبەرەکەی**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا : ١٠٨**
- **زنجیرەی دابەزین: ١٥**
- **ژمارەی ئایەت : ٣**
- **ژمارەی وشە : ١٠**
- **ژمارەی پیتەکان: ٤٢**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا : ٦٠٢**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٦٠٢-٦٠٢**
- **مەکی یان مەدەنی : مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٣٠**
- **ژمارەی حیزب: ٦٠**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : عەبدولاّی کوڕی عەباس دەڵێت: لەجاهیلیەتدا کاتێك**

پیاوێك دەمرد و كوڕی لە پاش بەجێ نەدەما پێیان دەوت فلأنەكەس بنبڕبوە واتە وەجاخكوێر بوە،جا كاتێكیش عەبدولاّی كوڕی پەیامبەر مرد، ئەبو جەهل هاتە ناو هاوەلاّنی پەیامبەرەوە و وتی :محەمەد وەجاخكوێر بوو، واتە ئیتر كوڕی نەما،ئیدی خوای گەورە ئەو سورەتەی دابەزاند .لەلایەكی ترەوە شەمری كوڕی عەتیە دەڵێت ئەو كەسەی كە وای بە پەیامبەر وت عوقبەی كوڕی ئەبی موعیت بوو.

((١٠٩))

سورة الكافرون

((سورەتی بێ باوەڕان))

- **ناوی سورەت: الكافرون**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **زەرورەتی بێبەری بوون لە کافران و دینەکەیان**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ١٠٩**
- **زنجیرەی دابەزین: ١٨**
- **ژمارەی ئایەت : ٦**
- **ژمارەی وشە: ٢٦**
- **ژمارەی پیتەکان: ٩٥**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٦٠٣**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٦٠٣-٦٠٣**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٣٠**
- **ژمارەی حیزب: ٦٠**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : بریتیە لەوەی کە کافران هاتنە لای پەیامبەر و پێیان وت ئەوان ڕازین کە خودای گەورە بپەرستن و ئەوەشیان قبوڵە کە تۆ بانگەوازی بۆ دەکەیت،بەو مەرجەی کە تۆش بۆ ماوەیەک خوا ناڕاستەکانی ئێمە بپەرستی،ئیدی خوای گەورە ئەو سورەتەی دابەزاند و هەموو ڕێگایەکی گفتوگۆکردنی پچڕاند کە نەگاتە وەدیهێنانی ئامانجی یەکتاپەرستی خوای گەورە.**

((١١٠))

سورة النصر

((سورەتی سەرکەوتن))

- **ناوی سورەت: النصر**
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **فەتحی مەکە و ئەرکی پەیامبەر**
- **ژنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ١١٠**
- **ژنجیرەی دابەزین: ١١٤**
- **ژمارەی ئایەت : ٣**
- **ژمارەی وشە: ١٩**
- **ژمارەی پیتەکان: ٧٩**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٦٠٣**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٦٠٣-٦٠٣**
- **مەکی یان مەدەنی: مەدەنی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٣٠**
- **ژمارەی حیزب: ٦٠**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : ئەم سورەتە لە ناوەڕاستی ڕۆژانی ((تەشریق سێ ڕۆژی دوای ڕۆژی قوربانیکردنە لەجەژنی قوربانداا))دا، دابەزیوەتە خوارەوە بۆ سەر پەیامبەر لە دابەزینەکەیەوە بۆ سەری ،پەیامبەر زانیویەتی کەئیتر ئەوە ماڵئاواییە و دواتر هاتە ناوخەڵك و وتاری ماڵئاوای پێشکەشکردن، هۆکاری دابەزینیشی بریتیە لەوەی کە خودای گەورە داوا لە پەیامبەر دەکات کە تەسبیحات و ئیستیغفار بکات کاتێك کە نیشانەکانی سەرکەوتنی بینی، کە بریتیە لە چوونەناوەوەی خەڵکی بۆ ناو ئیسلام کۆمەڵ کۆمەڵ.**

((١١١))

سورة المسد

((سورەتی گوریسی بادراو))

- **ناوی سورەت: المسد** ((گوریسێك له خوری یان له موو یان له پێستی حوشتر یان تەوقێك له ئاسن))
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **سەرزەنشتکردنی ئەبولەهەب و ژنەکەی و چارەنوسیان**
- **زنجیرەی سورەت له قورئاندا: ١١١**
- **زنجیرەی دابەزین: ٦**
- **ژمارەی ئایەت : ٥**
- **ژمارەی وشە: ٢٣**
- **ژمارەی پیتەکان: ٨١**
- **ژمارەی لاپەڕە له قورئاندا: ٦٠٣**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٦٠٣-٦٠٣**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **له چ بەشێکدایە ((جزء)): ٣٠**
- **ژمارەی حیزب: ٦٠**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : وەك سزایەك و هەڕەشەیەك بۆ مامی پەیامبەر ئەبی لەهەب و ژنەکەی ئوم جەمیل دابەزی،کە چارەنوسیان جەهەنەمە له ڕۆژی دوایدا بەهۆی دوژمنایەتیان لەگەڵ پەیامبەردا.**

((١١٢))

سورة الإخلاص

((سورەتی پاکی و دڵسۆزی))

- **ناوی سورەت:الاخلاص** ((بەمانای ڕاستگۆیی بەندەکان دێت لە ڕووکردنە خودای گەورە بە بڕوا و بەکرداریش،هەروەها تەنها مەبەست بۆ خودای گەورە بێت و داواکردنی ڕەزامەندی خودا بێت دوور لە هیچ کەسی تر،کە ئەمەش بریتیە لە ڕۆح و کرۆکی کارەکان و بنەمای قبوڵکردنیشێتی لای خودا))
- **بابەتی سورەتەکە:**
- **یەکتاپەرستی خودا**
- **زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ١١٢**
- **زنجیرەی دابەزین: ٢٢**
- **ژمارەی ئایەت : ٤**
- **ژمارەی وشە: ١٥**
- **ژمارەی پیتەکان: ٤٧**
- **ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٦٠٤**
- **ژمارەی لاپەڕەکانی: ٦٠٤-٦٠٤**
- **مەکی یان مەدەنی: مەکی**
- **لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٣٠**
- **ژمارەی حیزب: ٦٠**
- **هۆکاری دابەزینی سورەت : تورمزی لە ئوبەیەوە دەگێڕێتەوە کە: کافرەکان بە پەیامبەریان وت نەسەب و ڕەچەڵەکی خودامان بۆ باسبکە،ئیدی خودای گەورە ئەو سورەتەی دابەزاند.**

((١١٣))

سورة الفلق

((سورەتی بەرەبەیان))

- ناوی سورەت:الفلق ((بەمانای دروستکەر واتا خودا دێت،یان هەرشتێك له ناوسکی شتێکی تره‌وه بێته دەرەوه،لێرەدا بەمانای هەڵهاتنی بەیانیه دوای تاریکی شەو))
- بابەتی سورەتەکە :
- پەنابردن بەخودا له شەڕ و خراپەکاری دروستکراوەکان
- زنجیرەی سورەت له قورئاندا : ١١٣
- زنجیرەی دابەزین: ٢٠
- ژمارەی ئایەت : ٥
- ژمارەی وشە : ٢٣
- ژمارەی پیتەکان: ٧١
- ژمارەی لاپەڕە له قورئاندا : ٦٠٤
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٦٠٤-٦٠٤
- مەکی یان مەدەنی : مەکی
- له چ بەشێکدایە ((جزء)): ٣٠
- ژمارەی حیزب: ٦٠
- هۆکاری دابەزینی سورەت : دوو هۆکار هەن:
- یەکەم: ڕاڤەکاران دەڵێن که هەردوو سورەتی ((مەعوزەتەین)) دابەزیون بەهۆی ئەوەی که پەیامبەر کوڕێکی خزمەتکاری جولەکەی هەبوو،جولەکەکان ڕۆژێك هاتنە لای ئەو کوڕە و داوای چەند تاڵە موویەکی قژی پەیامبەر و چەند دانێك له

شانەکەیان لێکرد و ئەویش ئەوانەی دایە لەبیدی کوڕی ئەعصەمی جولەکەوە کە جادووی لە پەیامبەر کرد، ئەم چیرۆکە بەشێوەیەك بوو کە پەیامبەر زۆر بە توندی و سەختی نەخۆش کەوت بۆ ماوەی شەش مانگ و سێ ڕۆژ زۆر هیلاك و بێتاقەت بوو،دوو فریشتە هاتنە سەردانی و یەکێکیان لای سەری و ئەویتریان لای قاچیەوە دانیشتن، ئەوەی لای قاچیەوە دانیشتبوو بەوەی لای سەریەوە وت کە جادوە،وتی جادوو چییە؟ وتی سیحر،وتی کێ سیحری لێکردوە؟ وتی لەبیدی کوڕی ئەعصەمی جولەکە، وتی جێگەی سیحرەکە لە کوێیە؟وتی لە بیری فلاّن ماڵدایە لە ژێر بەردێکدایە لە بیرێکدا کە دیوارەکانی بەبەرد هەڵنەچنراوە،ئاوەکەیان دەرکرد و بەردەکەیان بەرزکردەوە و دواتر سیحرەکەیان دەرهێنا و سووتاندیان ،دوای ئەوەی کە پەیامبەر بەیانی هەستا عەماری کوڕی یاسر کەسێکی نارد و چوونە سەر بیرەکە و بینیان ئاوەکەی وەکو ئاوی خەنە سوورە و ئاوەکەیان دەرکرد و بەردەکەیان بەرزکردەوە و سیحرەکەیان دەرهێنا و سووتاندیان و بینیان کە دەزوویەکی تیادایە کە ١١ گرێی لێدراوە،ئیدی هەردوو سورەتی((مەعوزەتەین))دابەزی ولەگەڵ خوێندنەوەی هەر ئایەتێکدا کە بە هەردووکیان لە ١١ ئایەت پێکهاتوون گرێیەك دەکرایەوە و تا هەردوو سورەتەکەیان تەواو کرد هەموو گرێکان کرانەوە.سەرەڕای ئەوەی کە چیرۆکی لەبید لەهەردوو صەحیحی موسلم و بوخاریدا هاتوە،بەڵام پەیوەندی ئەو چیرۆکە و هەردوو سورەتەکە لە کتێبەکانی سونەدا نەهاتوە.

• دووەم:یان دەوترێت کە قورەیشیەکان ئەو کەسەیان ڕاسپارد کە لەناویاندا بەناوبانگ بوو بۆئەوەی پەیامبەر بە چاوەوە بکات ((حەسودی پێببات))،ئیدی هەردوو سورەتی ((مەعوزەتەین))دابەزین بۆئەوەی خۆیان پێ بپارێزێت،بەڵام هۆکاری یەکەمیان بەناوبانگترە.

((١١٤))

سورة الناس

((سورەتی خەڵك))

- ناوی سورەت: الناس ((لێرەدا مەبەست لە مرۆڤ و جنۆکەیە))
- بابەتی سورەتەکە:
- پەنابردن بە خودا لە شەیتانەکانی مرۆڤ وجن
- زنجیرەی سورەت لە قورئاندا: ١١٤
- زنجیرەی دابەزین: ٢١
- ژمارەی ئایەت : ٦
- ژمارەی وشە: ٢٠
- ژمارەی پیتەکان: ٨٠
- ژمارەی لاپەڕە لە قورئاندا: ٦٠٤
- ژمارەی لاپەڕەکانی: ٦٠٤-٦٠٤
- مەکی یان مەدەنی: مەکی
- لە چ بەشێکدایە ((جزء)): ٣٠
- ژمارەی حیزب: ٦٠
- هۆکاری دابەزینی سورەت : هەمان هۆکاری دابەزینی سورەتی ((الفلق)).

سەرچاوەکان

١. قورئانی پیرۆز

٢. https://surahquran.com/quran

٣. https://www.islamweb.net/ar/fatwa

٤. https://www.alanba.com.kw/ar/kuwait-news/islamic-faith

٥. https://www.facebook.com

٦. https://mawdoo٣.com

٧. https://ar.wikipedia.org

٨. https://www.google.com/search?

٩. https://quransearch-f.com/?fbclid

١٠. https://www.aljazeera.net

١١. https://tartilalquran.com

١٢. https://www.yanbuweather.com

١٣. https://www.alukah.net

١٤. كشاف الإعجاز العلمي في القرآن و السنة / نبيل عبد السلام هارون/ مصر/ ١٩٩١

١٥. قورئانی بەخشەندە وپیرۆز،وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی:نجم سەنگاوی، سلێمانی،هەرێمی کوردستان–عێراق،٢٠١٥

نووسەر لەچەند دێڕێکدا

(نەوزادی موهەندیس)

- لەدایك بووی ساڵی ١٩٧٠ لەگوندی کەڵەکنی سەر بەناحیەی سەرچناری ئەو کاتەی سلێمانی .
- هەر لە منداڵیەوە لەگوندی کەڵەکن چۆتە حوجرە و خوێندنی قورئان و نامیلکە ئاینییەکانی خوێندوە لەسەر دەستی مەلاکانی گوندەکەی و کەسێکی ئیماندار و باوەڕدار و مولتەزیم بوە بە بیروباوەڕەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە بەدرێژایی تەمەنی.
- قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لەگوندی کەڵەکن ساڵی ١٩٨١و ناوەندی ساڵی١٩٨٤و دواناوەندی ساڵی ١٩٨٧ لەشاری سلێمانی وزانکۆی تەکنەلۆژی لە ساڵی ١٩٩١لەشاری بەغداد تەواوکردوە.
- لەساڵی ١٩٩٤دا ژیانی هاوسەری لەگەڵ خاتوو((ئیسراء)) پێکهێناوە و خاوەنی ٢کوڕ و ١ کچە بەناوەکانی((هێڤار و سانا و هۆزاك)).
- لە تەمەنی ٣٥ساڵیدا و لە ماوەی نێوان ١/٨ تا ٢٠٠٥/٢/٣ گەشتی حەجی ماڵی خودای بەجێهێناوە.

- دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری کیمیاوی / پسپۆڕ لە نەوت وپترۆکیمیاویاتدا لەزانکۆی تەکنەلۆژی لەبەغداد ساڵی ١٩٩٠-١٩٩١.
- لەساڵی ١٩٩١-١٩٩٢ لە ڕێکخراوەکانی WHOوCARE وFAO کاری کردوە.
- لەساڵی ١٩٩٢- ١٩٩٤ لەکارگەی چیمەنتۆی سەرچنار کاریکردوە.
- لەساڵی ١٩٩٤-١٩٩٧ جێگری بەڕێوەبەری فەرمانگەی دابەشکردنی نەوتی سلێمانی و لێپرسراوی تەکنیکی بوە.
- لەساڵی ١٩٩٧-٢٠٠٠ بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی هێزی کار بوە.
- لەساڵی ٢٠٠٠-٢٠٠٨ بەڕێوەبەری کارگەی گەچی هونەری بازیان بوە.
- لەساڵی ٢٠٠٨-٢٠١٣ بەڕێوەبەری پڕۆژەی کارگەی بەردی مەڕمەڕی ماوەت بوە.
- لەساڵی ٢٠١٣ تا ٢٠١٩ بەڕێوەبەری کارگەی جگەرەی سلێمانی بوە.
- لە ساڵی ٢٠٢٠-٢٠٢١ بەڕێوەبەری بەشی کۆنترۆڵی جۆری بووە لە کارگەی چیمەنتۆی دەلتای کەرتی تایبەت.
- لە ساڵی ٢٠٢٢- تاکو ئێستا بە ناونیشانی ئەندازیاری کیمیاوی شارەزا لە بەڕێوەبەرایەتی فرۆشتنی چیمەنتۆی سلێمانی کاردەکات.
- سەرنوسەری گۆڤاری ئەندازیارانە لەساڵی ٢٠٠٢وە.
- **لەکتێبە بلاوکراوەکانی نووسەر:-**

١. ڕیفۆرم لەم قۆناغەی ئێستای کورددا بۆ ؟ ساڵی ٢٠٠٦

٢. کوردو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانکاری گەورەو کتوپڕدا. ساڵی ٢٠٠٦

٣. کوردایەتی لەنێوان دروشم و واقیعدا .ساڵی ٢٠٠٧

٤. بیردۆزەی فەوزای دروستکەر.ساڵی ٢٠٠٧

٥.ڕێبازی سۆشیال دیموکرات و کۆمەڵگەی کوردەواری. ساڵی ٢٠٠٨
٦.کرۆنۆلۆژیای خەبات و تێکۆشانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. ساڵی ٢٠٠٨
٧. مێژووی هۆزی گەڵباخی لە سەرچاوە مێژوویییەکانەوە .ساڵی ٢٠١٢
٨. دومۆزی مەلەك تاووس / لێکۆڵینەوەیەك لە ڕەگ و ڕیشەی ئاینی دێرینی کوردی.// وەرگێڕان ساڵی ٢٠١٢
٩. خێڵ و نەتەوە لە تەرازووی دەسەلاتی سیاسی کوردیدا.ساڵی ٢٠١٢
١٠. یەکەمین سەرکێشی عەقڵ/ لێکۆڵینەوەیەك لە ئەفسانە، سوریا،ولاتی دووڕووبار.// وەرگێڕان ساڵی٢٠١٣
١١.نیو سەدە لە مێژووی کارگەی جگەرە و پوختەکردن و ترشاندنی توتن لە شاری سلێمانی.ساڵی ٢٠١٣
١٢. دەسەلاتی ئیسلامیەکان لەنێوان ترس و ئومێددا. ساڵی ٢٠١٧
١٣. جەنگی دژە تیرۆر بەرەو کوێ ؟ ساڵی ٢٠١٨
١٤.الكرد ثوار حقيقيون ام بندقية للأيجار ؟ بەزمانی عەرەبی. ساڵی ٢٠١٩
١٥. کەڵەکن گوندێکی دێرین و گەڕەکێکی نوێ لەشاری سلێمانی. ساڵی ٢٠٢٠
١٦.مێژووی گفتوگۆکانی کورد وحکومەتەکانی عێراق لە١٠٠ساڵی ڕابوردوودا (١٩٢٠-٢٠٢٠). ساڵی ٢٠٢٠
١٧.پیشەسازی چیمەنتۆ بەڕێگای وشك./ وەرگێڕان ساڵی ٢٠٢١
١٨.گرنگی ڕۆڵی کۆنترۆڵی جۆری لە کارگەکانی پیشەسازی چیمەنتۆدا/ ساڵی ٢٠٢١
١٩.کۆنکرێت،سیفاتەکانی،جۆرەکانی،پشکنینەکانی./ وەرگێڕان ساڵی ٢٠٢١
٢٠.ئەرێ شەمەندۆفێرەکەی دەوڵەتی کوردی ڕاوەستاوە یان لە پێشڕەویدایە؟ ساڵی ٢٠٢١
٢١.تاکگەرایی وەك فەلسەفەیەکی سیاسی بۆبونیاتنانی تاکێکی ئازادی

کوردی./ ساڵی ٢٠٢٢
٢٢.بیبلیۆگرافیای گۆڤاری ئەندازیاران ٢٠٠٢-٢٠٢٢/ساڵی٢٠٢٢
٢٣. ڕێبەری یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان ١٩٩٢-٢٠٢٢/ ساڵی ٢٠٢٢
٢٤. ...../٢٠٢٢
٢٥. ڕۆڵی ڕێکخراوە پیشەیی ودیموکراتیەکان لەگەشەی کۆمەڵگەی کوردەواریدا / ساڵی ٢٠٢٣
٢٦.دەروازەیەک بۆ سۆشیال دیموکراتی/بەهاکان،ئابوری کۆمەلایەتی،دەوڵەتی خۆشگوزەرانی / ٢٠٢٣
٢٧. نەوت وغازی سروشتی لەجیۆلۆجیەوە تاگەڕان وبەرهەمهێنان/ وەرگێڕان ساڵی ٢٠٢٣
٢٨. عێراق لە مس بێڵەوە بۆ مسز جەنین بلاسخارت/ ساڵی ٢٠٢٤
- خاوەنی دەیان بابەت و وتاری (سیاسی و ئابوری وئیداری و زانستیە) لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان و سایتەکانی ئینتەرنێتدا بەزمانی کوردی و عەرەبی لەساڵی ١٩٩٦وە.
- خاوەنی سەدان چاوپێکەوتنی کەناڵە جیاوازە کوردی و عەرەبیەکانە وەک چاودێری سیاسی لەساڵی ٢٠١٤وە.

****

****

******

***

*